جەلال تاڵەبانی

# بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان

## بەرگی یەکەم

بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

## پرۆژەی سەرجەم بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال

پرۆژەیەکی ئامانجدارە، لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵ ئەدات هەموو بەرهەمە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکانی سەرۆک مام جەلال کۆ بکاتەوە، لە کتێب و وتار و نامە و چاوپێکەوتنە بینراوو نەبینراوەکان، پاشان چاپکردن و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەیان. ئەمە پرۆژەیەکی کراوەیە بۆ بەشداری هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئەرشیفی خۆیاندا بەرهەمێک لەو بەرهەمانەیان پاراستووە، لەگەڵ پاراستنی مافە مەعنەوییەکانی ئەو بەڕێزانە.

ئەمە سادەترین پرۆژەی وەفادارییە بۆ درێژەپێدانی رێبازی سەرۆک مام جەلال ، رێبازێک کە رۆشنکەرەوەی فیکری و عەمەلیی رێگای خەباتە بۆ هەموو تێکۆشەرانی رێگای رزگاریی نیشتمانی و ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین.

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**
**سەرپەرشتیاری گشتیی پرۆژەکە**

پرۆژەی کۆ بەرهەم

(١٠)

جەلال تاڵەبانی

# بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان

ئامادەکردن و وەرگێڕان و پێشەکی

**سامی قادر**

**بەرگی یەکەم**

-ناوی کتێب: بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان
-نووسەر: جەلال تاڵەبانی
- ئامادەکردن و وەرگێڕان و پێشەکی: سامی قادر
- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- چاپخانە: حەمدی
- چاپ: یەکەم ـ 2024
- تیراژ: ( 2000 ) دانە
- نرخ: (5000 ) دینار
-زنجیرە: ( 560/ 69)
- ژمارەی سپاردن: (1704 ) لە ساڵی 2024 بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژەی کۆ بەرهەمی مام جەلال

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# پێڕست


| | |
|---|---|
| ناساندن - ستران عەبدوڵڵا ........................................................................ | ١١ |
| لەجیاتی پێشەکی - سامی قادر ........................................................................ | ١٤ |
| **بەشی یەکەم** | |
| - دەربارەی قەرەبووکردنەوەی جووتیارانی بیتوێن و پشدەر ........................................ | ٣٥ |
| - نامەیەک لە برادەرێکمەوە ........................................................................ | ٣٧ |
| - برا مەسیحییەکانمان ........................................................................ | ٤٠ |
| - ئەو ڕوداوانەی لە یادەوەریدا دەژێنەوە ........................................................ | ٤٣ |
| -ئەوەی یەک لە برا گەنجەکان پێی گوتم ........................................................ | ٤٧ |
| - نموونەیەکی پەروەردەی تۆرانییەت لە عێراقدا ........................................ | ٥١ |
| -ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە لە پیناویدا تێکۆشاین ........................................ | ٥٤ |
| نامەیەک و نامیلکەیەک ........................................................................ | ٥٨ |
| -یادەوەری خەبات (١) ........................................................................ | ٦١ |
| -یادەوەری خەبات (٢) ........................................................................ | ٦٥ |
| -لەگەڵ شاعیری گەورەمان لە توڕەییەکەیدا ........................................ | ٧١ |
| -کۆچبەرە پانابەرەکان ........................................................................ | ٧٤ |
| -هەزاران سڵاو، هەزاران ڕێز بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ............ | ٧٧ |
| -برا ئاشورییەکانمان ........................................................................ | ٨١ |
| -ڕیاکارەکان ........................................................................ | ٨٤ |
| -شەهید ئەمین بانی ........................................................................ | ٨٨ |
| -قسە بکە تا ........................................................................ | ٩٣ |

- کۆمەڵەیەک بۆ نووسەرانی کورد ............ ٩٦
-زللەیەکی مزر ............ ١٠٠
-لە سروشی یادەوەریەکاندا ............ ١٠٤
-لە رۆژی لە سێدارەدانی چوار شەهیدەکەدا ............ ١١٠
-بارزان فرمێسک دەڕێژێ ............ ١١٤
-بمرێ کورد و کوردستان ............ ١١٨
-وانەیەک لە (عەلیون) ەوە ............ ١٢٤
-ئێمە دەمرین بۆ ئەوەی کوردستان بژی ............ ١٢٧
-زۆیا ............ ١٣١
-جەژنی گەلێکی دۆست ............ ١٣٥
-بەرگری لە حاجی قادری کۆیی ............ ١٤٠
-کچێکی کوبایی وانەیەکی بە نرخی لە خەباتی رزگاریخوازیدا پێبەخشیم ...... ١٤٧
-لە بەری درەختی دانایی - بارزانییەکان لە وەزیفەکانیان دەربکەن ............ ١٥٢
-لە بەری درەختی دانایی - پشتیوانی تۆرانییەت دژ بە نەتەوەی کورد ............ ١٥٦
-ئەم داوەرییە بە تۆ دەسپێرم جەنابی وەزیر ............ ١٦٢
-دیسان ئەو کوردەی نەچۆتەوە سەر باوکی ............ ١٦٦
-نامەیەک بۆ پیرۆت ............ ١٧١
-ئێوە لە کوێن چێنەرانی درەختی دانایی؟ / ئەی ئێوە لە کوێن رۆشنبیرە قۆشمە سەربەخۆکان ............ ١٧٥
-کوردە نانەتەوەییەکان ............ ١٨٠
-هەرزەگۆئێمەلەهەمووکات وساتێک لەگەڵ عەرەب دژبەئیستیعمارو زایۆنیزمین . ١٨٤
-(ک. و. ر. د.) ............ ١٨٨
- ئۆزینی ئاڤانا ............ ١٩٢

- لە بارەی دادگایی کردنی نیشتمانپەروەرانی کورد لە سوریا .............. ١٩٦
- کامەران شاعیرێک لە کوردستان .............. ٢٠٠
- یادی کۆچی دوایی شاعیری شۆڕشگێڕ بێکەس .............. ٢٠٤
- ئەی ئێستا کوردە سەربەخۆکان دەڵێن چی؟ .............. ٢١١
- لە بەرلین کۆبوونەتەوە .............. ٢١٦
- ڕێگاکانی گواستنەوە ــ ڕێگای کۆیە کەرکوک .............. ٢١٩


## بەشی دووەم

## نووسینەکانی تر


- میللەتە یەکگرتووەکان .............. ٢٢٩
- نووسینی کوردی بە لاتینی .............. ٢٣٤
- پێشەکی بۆناميلکە شیعری ئاشتی .............. ٢٣٨
-پێم وایە ک. حوسامی زۆر باشی بۆ چووە .............. ٢٤٢
- ئەهمیيەتی مێژوویی کۆماری دیموکراتی کوردستان .............. ٢٤٧
- کۆمۆنەی پاریس لە بیرەوەری سەد ساڵەی دا .............. ٢٥٥
- بە ئاشتی پێکەوەژیان چۆنە؟ .............. ٢٦٥


## بیۆگرافیا


- کەمال عەبدولقادر نەشئەت جەلیزادە .............. ٢٧٥
- عەلی عەبدوڵڵا .............. ٢٧٥
- حاجی باقی .............. ٢٧٦
- عومەر دەبابە - کاکی کاکان .............. ٢٧٧
- حیسامەدین شەعب .............. ٢٧٨
- تایەر سەعید .............. ٢٧٨
- سەمەد بەنا .............. ٢٧٩
- حەمەدەمین مەعروف .............. ٢٧٩

لیستی سەرچاوەکان ٢٨٣

پاشکۆ ٢٩١

# ناساندن

لـە حـزوری نووسـین و قسـە و ئەدەبیاتـی مـام جەلالـدا پێشـەکی دوور و درێـژ بـاش نییـە. نووسـینەکان خۆیـان بەیانـن و گوتـەی خوێنـدکارەکان هـەر حاشـیەی ئیسـتدراکە لەسـەر مەتنـی مامۆسـتا گـەورەکان. بۆیـە کـورت و پوخـت لەسـەر ئـەم کتێبـە دەدوێـم.

سـاڵی ١٩٧٠ مـام جـەلال ئاماژەیەکـی نـاوازە لـە کتێبـی (بـەرەی نیشـتمانیی یەکگرتـوو) پێشـکەش دەکات کـە دەڵـێ (بـە گوتـەی لینیـن بیرۆکـەش رەنـج و زەحمەتییـە)، ئـەم ئامـاژە دوای چەنـد دەیـە لـە دەمێکـدا بیـری چـەپ و شۆڕشـگێڕی خەریـك بـوو خـۆری ئـاوا دەبێـت، دەبێتـە دروشـمێکی قـووڵ و مانـادار لـە ئەدەبیاتـی یەکێتیـدا: (رەنجدەرانـی بیـر و بـازوو). ئـەم دروشـمە خـۆی لـە خۆیـدا چیرۆکـی تێکۆشـانی سیاسـیی و فیکریـی مـام جـەلال دەگێڕێتـەوە، بـە گوێـرەی هەمـوو قۆناغەکانـی تێکۆشـان و پێچـاو پێچـی تۆبۆگرافیـای کوردسـتان و بەربەسـتەکانی خەباتـە رزگاریخوازییەکـەی.

ئـەم زنجیـرە نووسـینە کـە لێـرە کاك سـامی قـادر ئامـادەی کـردووە و وەریگێـڕاوە و لـەم کتێبـەدا، وەك بەشـی یەکـەم، پێشکەشـی خوێنەرانـی دەکات، وێسـتگەکانی سـەرەتای تێکۆشـانی ئەندێشـەیی و سیاسـیی مـام جەلالـن کـە دوایـی بـە پێـی قۆناغەکانـی ژیـان و خەبـات گەشـەیان کـرد و بوونـە خوێندنگەیەکـی مـەزن لـە نووسـین و داڕشـتن و ئاراسـتەکردنی فیکرییـدا.

بەشـی زۆری نووسـینەکان هـی کۆتایـی پەنجـاکان و سـەرەتای شەسـتەکانی

سـەدەی بیسـتەمن، هـی زەمەنێکـن هـەم خەباتـی دیموکراتی لـە عیـراق و هەمیش خەباتــی نەتەوەیــی گەلەکەمــان، لــە باشــوور، نەشــونمای دەکــرد و بەرەوپێــش دەچـوو.

نامــەوێ بڵێــم هــی ســەردەمی دیموکراســی قاســم، بەڵکــو دەڵێــم ســەردەمی نیمچەکرانــەوە دوای گۆڕانکارییەکانــی چــواردەی تەمــووزی ســاڵی ١٩٥٨. مــام جـەلال لـەم وتارانـەی بـە عەرەبـی و بـە نـاوە جیاجیاکانییـەوە نووسـیوە. هـەم وەک ڕۆژنامەنووسـێکی گەنـج و هەڵکەوتـووی کـورد و هەمیـش وەک سیاسـەتمەدارێکی شۆڕشـگێڕی نـاو بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان، مینبـەری ڕۆژنامەگـەری بـۆ گەیاندنـی بیرۆکەکانـی پارتـی و بیرۆکەکانـی خـۆی بـەکار دێنـێ کـە هەڵبەتـە ئـەو دەمـە بیـری پارتـی و بیـری مـام جەلالـی گەنـج ئاوێزانـی یەکـن و لێکجیاناکرێنـەوە. وتارەکانـی مـام جـەلال، بـە تایبەتـی ئەوانـەی (ڕۆژنامـەی خەبـات) وانـەی ڕۆژانـەی تێگەیشـتن و تێگەیاندنـی چییەتـی مەسـەلەی کـوردن. تێگەیشـتن بـۆ کـورد خـۆی و تێگەیانـدن بـۆ هاوبەشـە عەرەبـەکان، چونکـە وتـارەکان بـە عەرەبـی نووسـراون و ڕووی لـە نەتـەوەی هـاو ولاتـە کـە بـە گوێـرەی مـاددەی سـێی دەسـتووری کۆمـاری قاسـم دەبوایـە لەسـەر کاغـەز و لـە واقعیشـدا پێکەوەبیـن.

مـام لـەو زنجیـرە وتـارەدا هـەم کـورد و هـەم دەوروبەرەکـەی و هـەم بزووتنـەوە ئازادیخوازەکانـی لەگەڵمانـن، یـان نامانناسـن و هەوڵـی ناسـینیان دەدەیـن، دێنێتـە زمـان و هەڤاڵبەنـدی بایەخـی ئـەم زنجیـرە نووسـینانە هـەروا لەوەشـدایە کـە بـە گیانـی کوردسـتانی و ئینسـانی نووسـراوە و بـە گیانـی شۆڕشـگێڕیی ئـەو سـەردەمە یـار و نەیـار پۆلێـن دەکات و لـە پەنـا هـەر چەمکێکـدا گەرەکێتـی کـورد بناسـێنێ و جێیـەک بـۆ بـوون و مـاف و خەباتـی نەتەوەیـی بکاتـەوە.

وەرگێڕانــی زنجیــرە وتارەکانــی کــە بــە عەرەبــی نووســراون کۆششــی ســەرەکی هەڤـاڵ سـامی قـادرن لـەم کۆنووسـینەدا و پێموایـە باشـی وەرگێـڕاون و شـێوەی وەرگێڕانەکەشـی هـەر عەرەبـی زانیـی ئـەو دەرناخـەن، بەڵکـو مـام جەلال ناسـییەکی بـاش و چاکیشـی پێوەیـە، چونکـە نووسـین، بـە هـەر زمانێـک فـەزای بیرکردنـەوەی

خاوەنەکـەی دەردەخـەن و نووسـینی مـام جەلالیـش بـە عەرەبـی بەشـێکە لـە دونیابینـی و لـە بەکارهێنانـی زمانـی گەیاندنـی عەرەبـی بـۆ تێگەیاندنـی خوێنـەر.

نووسـینەکانی تریـش کـە بـە کوردیـن و لـە شـوێن و کاتـی جیـاواز نووسـراون (لـەم بەشـی یەکەمـدا زۆربەیـان هـی پەنجـاکان و شەسـتەکانن) تـەواوکاری ئـەدگاری ئەندێشـەی مـام جەلالـن بـۆ هەمـان مـاوەی زەمەنـی.

جـا لـە تـاو ئـارەزووی گشـتی یەکێتییـەکان بـۆ کۆکردنـەوە و سـاغکردنەوەی کـۆی بەرهەمـی فیکریـی مـام جـەلال، لـە نووسـین تـا گوتـە و گوتارەکانـی، وەک هەڤاڵێکـی یەکێتـی پێشـنیاز دەکـەم کاک سامی بـێ ئـەوەی مـاف و ئیسـتیحقاقی هەڤاڵیشـی لـێ کەمبکرێتـەوە، وەک ئەرکێکـی یەکێتیانـە بـە تەواوی خـۆی تەرخانی ئـەم پرۆژەیـە بـکات و ئێمـەش، لـە هەمـوو ئۆرگانـەکان، هەڤاڵانـە پشـتیوان و یاریـدەدەری بیـن.

دەسـتخۆش.. بـۆ خزمەتـی گەلەکەمـان هـەر لـە خزمەتـدا بێـت. دەستخۆشـی لـە بـۆردی هۆشـیاری لـە مەکتەبـی ڕاگەیانـدن و هۆشـیاری دەکـەم کـە بەشـێکی دیکـەی کەلتـوری مـام جـەلال چـاپ دەکات.

**ستران عەبدوڵڵا**

**٢٠٢٤/٣/١**

# لەجیاتی پێشەکی:
# مام جەلال و نووسین

**سامی قادر**

شاسواری ڕێی خەبات و شۆڕش و کوردایەتی، پێشمەرگە و ڕێبەر و سەرۆك، ڕوناکبیر و نووسەر و زمانزان و لێزان، مامی کۆڵنەدان و تێکۆشان، مام جەلال – ی خۆشناو لەسەر زمان و لەناو دڵان، درەوشاوە لە ئاسمانی کورد و کوردستان و هەڵکەوتوو لە ناوچەکە و جیهان. کوڕی شێخ حوسامەدینی کوڕی شێخ نورەڵلای کوڕی شێخ نووری کوڕی شێخ غەفوری تاڵەبانی یە، [1] لە بنەماڵەیەکی ئایینی دیارە، کە لەبنچینەدا ئەوان دەچنەوە سەرشێخ ئەحمەدی تاڵەبانی کوڕی مەلا مەحموودی زەنگەنە. ئەم مەلا مەحمووده ماوەیەکی زۆر لەناو زەنگەنەدا ژیاوە و کچی میر سمایل خانی زەنگەنەی هێناوە، بۆیێ زۆر لەنووسەران دەیگێڕنەوە بۆخێڵی زەنگەنەی گەرمیان، ئەگینا مەلا مەحموود کوڕی ئاغا ڕۆستەمی کوڕی ئاغا یووسفە لە نەوەی کاکە سووری بۆکانە، کە سێسەد ساڵێک لەمەوبەر بۆ تەواوکردنی خوێندن بە فەقێییەتی ڕووی کردۆتە باشوری کوردستان[2].

---

١- مام جەلال لەوەڵامی ٧٤ پرسیاردا ل١٢.

٢ – مێژووی بنەماڵەی تاڵەبانی، د.نوری تاڵەبانی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و پەراوێز نووسینی: د. محەمەد عەلی سوڵتانی، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی٢٠٢١، ل٧.

خـودی مـام جـەلال لـە گوزارشـت کـردن لـە بنەماڵەکەیـان دەڵـێ: تاڵەبانییـەکان عەشـیرەت نیـن، بەڵکـو تاڵەبانییـەکان هەمـوو لـە پیاوێـک کەوتونەتـەوە، کـە نـاوی مـەلا مەحمـوودی زەنگەنەیـە. مـەلا مەحمـوودی زەنگەنـە لـەو دێیـە، لەوتاڵەبانـە ژیـاوە، شـێخ ئەحمـەدی هینـدی هاتـووە بـۆ کوردسـتان، ئێسـتا قەبرەکـەی لـە سورداشـە، مـەلا مەحمـوودی زەنگەنـە بۆتـە خەلیفـەی ئـەو شـێخ ئەحمـەدە چـووە بـۆ بەغـدا و بـە ماڵـی ئـەودا تێپەڕیـووە دوایـی بۆتـە خەلیفـەی، کـە شـێخ ئەحمـەد وەفاتـی کـردووە، ئـەو لەشـوێنی دانیشـتووە. کوڕێکـی بـووە نـاوی لێنـاوە شـێخ ئەحمـەد. ئـەو شـێخ ئەحمـەدە بـە نـاوی ئـەوەوە ناونـراوە. ئـەو شـێخ ئەحمـەدە حـەوت کـوڕی هەبـووە، یەکێـک لەوکوڕانـە بەرەبابـی ئێمەیـە.[٣] سـەبارەت بەنـاوی مـام جـەلال خـودی خـۆی ئـەوەی سـاغکردۆتەوە و دەڵـێ: باوکـم بەنـاوی مامـە جەلالیـەوە نـاوی لێنـاوم مـام جـەلال، لـە بـەر ئـەوەی هـەر لـە منداڵییـەوە پێـم گوتـراوە مـام جـەلال، وەکـو بەعـزە کەسـێک هەیـە نـاوی بابـە شـێخە، یـان کاکـە سـوورە منیـش نـاوم مـام جەلالـە.[٤] دوای ئـەوەی دێـی کەڵکانـی دامێنـی کێـوی کۆسـرەت سـەر بـە ناحیـەی میـرزا ڕۆسـتەم، کـە ژێـر ئـاوی دەریاچـەی دوکان کەوتـووە و ئێسـتا سـەر بـە ناحیـەی خەلەکانـە، بەجـێ دەهێڵـێ و لـە شـاری کۆیـە دەگیرسـێتەوە، دەچێتـە بـەر خوێنـدن، هـەر لـەو سـاتەوە بلیمەتـی و بەهـرە و تواناکانـی دەردەکـەون و دەدرەوشـێنەوە و دەسـت دەکا بـە خوێنـدن و خوێندنـەوە و خۆپەروەردەکـردن، لەنـاو هاوتەمەنەکانـی دەردەکـەوێ و هەمیشـە لـە ڕیزی پێشـەوە و جێـی سـەرنج و مایـەی سەرسـوڕمانی مامۆسـتا و پەروەردەکارانـی دەبـێ. دەتوانین بڵێیـن لـە چلەکانـی سـەدەی ڕابـردوو سـەروبەندی شـەڕی دووەمـی جیهانـی کۆیـە جموجۆڵێکـی سیاسـیی و ڕۆشـنبیریی گەشـی گرتبـووە خـۆ، ئەڵەمانیـای نـازی

---

٣- مام جەلال لەوەلامی ٧٤ پرسیاردا، ل٣٩.

٤- مام جەلال لەوەڵامی ٧٤ پرسیاردا، ل١٣.

پەلامــاری ســۆڤیەتی دابــوو، ئینگلیــز لــە عێــراق خەریکــی هــەرای ڕەشــید عالــی گەیلانــی بــوو، بەریتانیــای کۆڵۆنیالــی لــە باشــووری ئێرانــەوە و ســوپای سۆڤیەتیش لــە باکــورەوە چوبوونــە نــاو خاکــی ئــەو وڵاتــەوە. جموجۆڵــی سیاســیی لــە نــاو کــورد چەکــەرەی کردبــوو، حزبــی هیــوا وەک نیشــتمانپەروەرانی شــاری کاری بــۆ ئــەوە کردبــوو ســوود لــە وزە و توانــای شــەڕکەرانەی بارزانییــەکان ببینــێ بــۆ بەگژاچونەوەی دەســەڵاتی پاشــایەتی لەعێــراق، هــەردوو حزبــی (شــۆڕش) و (ڕزگاری)بــە بیــری چەپڕەوانــە کەوتبوونــە چالاکــی، کۆمەڵــەی ژیانــەوەی کــورد(ژ.ک) لــە ڕۆژهــەڵات و باشــوری کوردســتان لەپێنــاو یەکخســتنی کوردســتان هەڵدەســوڕا و لەرێــی گۆڤــاری (نیشــتمان)ی ئۆرگانییــەوە هیــوای ڕزگاری وســەربەخۆیی دەبەخشــییەوە. وێــڕای هەمــوو ئەمانــە لــە کۆیــە دوو کتێبخانــە بــە ناوەکانــی کتێبخانــەی حاجــی قــادری کۆیــی و کتێبخانــەی کۆیــە ڕۆڵیــان لــە هوشــیارکردنەوە و پێگەیاندنــی خوێنــدەواران هەبــوو، دیــارە کتێبخانــەی حاجــی قــادری کۆیــی، عەلــی عەبدوڵــلا (١٩٢٢-٢٠١٧) سەرپەرشــتی دەکــرد و کەســێکی لەســەر دانابــوو بــە نــاوی ســاڵح شــەمس (١٩٢٤-١٩٧٣)، و ئەڵقــەی ڕۆشــنبیری پارتــی بــوو. هەرچــی کتێبخانــەی کۆیــە بــوو، فاتــح ڕەســوڵ (١٩٣١-٢٠٠٨) سەرپەرشــتی دەکــرد و ئەڵقــەی ڕۆشــنبیری شــیوعییەکان بــوو. ئــەم دووشــوێنە ڕوناکبیریــە هاموشــۆکەرانیان دەیانتوانــی ڕۆژنامــەکان لــەوێ بەخۆڕایــی بخوێننــەوە، بــۆ کتێبیــش، کــە کەســێک ئابوونــەی دەدا دەیتوانــی کتێــب بخوازێــت و بیخوێنیتــەوە و بیگەڕێنیتــەوە. مــام جــەلال هاموشــۆی هــەردوو کتێبخانــەی دەکــرد و دۆســتایەتی نزیکــی لەگــەل فاتــح ڕەســوڵ هەبــوو، لەپشــووی هاوینــە، کــە خوێنــدکاری کوللیــەکان دەگەڕانــەوە کۆیــێ، لێــرەدا یــەک لــەم خوێندکارانــە عومــەر مستەفا، کــە دواتــر بــە عومــەر دەبابــە ناســرا، مــام جــەلال بانگــی لای خــۆی دەکا، کــە دیــارە پێشــتر بــۆی دەرکەوتــووە هەســت و خولیــای بەرامبــەر کوردایەتــی چۆنــە. تاڵەبانــی لــە گۆڤــاری خــاک نووســیویە: هاوینــی ١٩٤٦بــوو، کاکــە دەبابــە هاتبــۆوە کۆیــە بــە ڕۆژ زۆرجــاران پێــش نیوەڕۆیــان لەگــەڵ هەڤاڵانــی خــۆی دەچوونــە کۆشــکەکەی چاخانــەی حەمــەڕەق، منیــش ئــەو هەلــەم قۆســتەوە و

هێندێجار دەچوومە ئەو چاخانەیە و لە دوورەوە تەماشای کاکە دەبابەم دەکرد و گوێم لە پێکەنینە خۆشەکەی دەبوو. وا ڕێککەوت ڕۆژێکیان لەسەر تەختێکی نزیک بەکۆڕەکانی ئەوان جێگە هەبوو لەوێ دانیشتم، خوالێخۆشبوو کاک حیسامەدین تەیبیش،[5] کە لە ناو کۆڕەکە بوو بەخێرهاتنی کردم و ئەوانی تریش هەموویان بەخێرهاتنیان کردم و کاک حیسامەدین، کە دەیزانی چەند تامەزرۆی ناسینی کاکە دەبابەم فەرمووی لێکردم بۆلای خۆیان و هەروەها خوالێخۆشبوو کاک حاجی باقی،[6] دۆست و مامۆستا و جیرانیشمان، کاکە دەبابەش، کە حیسامەدین چرپاندبووی بە گوێیدا بانگی کردم و منیش زۆر بە خۆشییەوە چوومە ناو کۆڕەکەیان. کاکە دەبابە منی بردە لای خۆی و زۆر بەمیهرەبانی و ڕووخۆشییەوە هەواڵی پرسیم ولێی پرسیم ئایا هەوەسی خوێندنەوەم هەیە و لە هیچ یەکێک لە مەکتەبەکانی کۆیە ئابوونەم؟ منیش لە وەڵاما گوتم زۆرم حەز لە خوێندنەوەیە، گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە و دیوانی چاپکراوی شاعیرانی کورد دەخوێنمەوە، لە مەکتەبەی کۆیسنجەقیش ئابوونەم، لەوەڕا تێگەیشت کە من پەیوەندیم بە شیوعییەکانی کۆیەوە هەیە.

کاک حیسامەدین مەسەلەی نەتەوەی هێنایە کایەوە، دیاربوو هەمووی بۆ تێگەیاندنی من بوو. کاکە دەبابە مەسەلەکەی وا بۆلێک دامەوە، کە هەر ئەوە نییە، بەڵکو ئەو دوو ڕەئیە چەندین شتیان بە دوادادێت وەک مافی چارەی خۆنووسین، وەک ئەوەی کورد بۆ خەباتی کوردایەتی خۆی حزبی پێشڕەوی هەبێت، یان چۆن دەوڵەتە داگیرکەرەکان کوردیان لە بۆتەی کۆمەڵی خۆیاندا تواندۆتەوە، ئەوهاش حزبەکانی عێراقچی کورد لەناو خۆیاندا حەشاربدەن و شتی تریش، هەموو ئەو قسانە زۆریان کارتێکردم.[7] دیارە دواتر عومەر دەبابە

---

٥- حیسامەدین تەیب حاجی باپیر ١٩٢٣-١٩٨٦.

٦- حاجی عەبدولباقی سالح ١٩٢٤-١٩٦٣.

٧- بڕوانە: نووسینەکانی سەرۆک مام جەلال لە گۆڤاری خاک دا، لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوبەشی خاک و کوردستانی نوێ، چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠١٩، ل٩٧-٢١.

هەندێ وێنە و نووسراوی دەداتێ، لەوانە بەیاننامەی دامەزراندنی پارتی بوو. لەم سەروبەندەش مشتومڕێکی گەرم لەناو کۆڕی خوێندەوار و ڕوناکبیران لەئارادابوو لەمەڕ ئەوەی ئاخۆ کورد بە نەتەوە دەژمێردرێ یاخود نا. ئەم مەسەلەیە، کە بیر و بۆچوونی مام جەلالی بزوواندبوو عومەر دەبابەش لەو دانیشتنە بۆی ڕوون کردبۆوە، کە بەڵێ کورد نەتەوەیە پێچەوانەی شیوعیەکان، کە لەبەر ڕۆشنایی تێزەکەی ستالین دەیانگوت کورد نەتەوە نییە. بۆیە مام جەلال بۆ یەکجاری لە ئەڵقەی ڕۆشنبیری شیوعیەکان دەردەچێت و هەرچی کتێبی خوازراوی ئەوانی لابووە بۆیان دەگەڕێنێتەوە. لە مشتومڕیدا لە گەڵیان پێداگری دەکات، کە بەڵێ کورد نەتەوەیە و مافی چارەنووسی خۆشی هەیە. لەم سۆنگەیەوە ئیتر بەلای پارتیدا دایدەشکێنێ و لەگەڵ کرانەوەی دەرگای قوتابخانە، لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا خۆی و وریا مەلا عەلی کانی مارانی، کە هەردوکیان پۆلی شەشی سەرەتایی دەبن لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی تریان بە ڕێنمایی و یارمەتی مامۆستا کەمال عەبدولقادر نەشئەت،[٨] کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری (k.p.x) دادەمەزرێنن. مام جەلال دەڵێت، کە ساڵی خوێندنی ١٩٤٦-١٩٤٧ دەستی پێکردەوە، مامۆستایەکمان بۆ وەرزش بۆ دانرابوو (مامۆستا کەمال عەبدولقادر نەشئەت) زۆر چالاک و ڕووخۆش بوو. من لە وەرزشدا تەنها لە پینگ پۆنگ باش بووم، ئەویش بەو بیانووە منی کردە لێپرسراوی مێزی پینگ پۆنگەکەکەی مەکتەب، کە هەریارییەک بە چوار فلس بوو تاکو پارە کۆبکەینەوە بۆ کڕینی کەلوپەلی وەرزش، ئەم هەلەی قۆستەوە. ڕۆژێکیان من و کاک وریای مەلا عەلی، برای دێرین و هاوکلاسی ئەوسام، بانگی کردینە ماڵی خۆی. لەوێ هانیداین تاکو کۆمەڵێکی خوێندکاران دروست بکەین بە ناوی (k.p.x) واتە کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری. ئێمەش زۆرمان پێباش بوو. پێکەوە هەموو ئەو خوێندکارانەی

---

٨- بڕوانە: ڕامانی مام، دیداری دوو دۆست، گفتوگۆی هۆمەر شێخ موس لەگەڵ مام جەلال، ٢٠١٧، ل٤٠.

پۆلی شەش و پێنجمان دواند، کە لێمان ڕادەبینی و پاشان هەموومان لە کۆشکی تەکیەی خۆمان کۆکردنەوە و سوێندمان خواردو (k.p.x) مان دانا. تومەز ئەوە بە بڕیاری پارتی بوو، ئیمەش وەک چالاکی ڕووکەشی پارتی ئەو کارەمان پێ کرابوو.[٩] ئیترمام جەلال دەبێتە چالاکترین ئەندام یان سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکە دەبێت. وێرای ئەوەی مام جەلال ئابوونە بووە لە مەکتەبەی حاجی قادر لە ڕۆژنامە ناوداره ڕۆژانەییەکەی کامل چادرچی (١٨٩٧-١٩٦٨) بە ناوی (ئەلئەهالی)، کە زمانحاڵی پارتی نیشتمانیی دیموکراتی عێراق بوو بەشدار دەبێت، جگە لەمە هەر لە کتێبخانەی حاجی قادر ڕۆژنامەکانی شەعب و وەتەن و ئیتحاد دادەنران. ڕۆژنامەی شەعب یەحیا قاسم (١٩١٣-١٩٩٠) دەریدەکرد، وەتەن، پارتی گەل دەریدەکرد، کەخاوەنەکەی عەزیز شەریف (١٩٠٤-١٩٩٠) بوو، ئیتحادیش هی ئیتحادی وەتەنی بوو، کە عەبدولفەتاح ئیبراهیم (١٩٠٢-٢٠٠٣) دەریدەکرد، دەخوێندەوە، بەمەش باشتر فێری زمانی عەرەبی دەبێ. هەر ئەو ساڵە ، واتە ساڵی١٩٤٧ مامۆستا تایەر سەعید (١٩٢١-١٩٨٩) ، مام جەلال و وریا مەلا عەلی بانگ دەکاتە لای خۆی لە ماڵەوە لە کۆتایی کانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا داوایان لێدەکا ببن بە ئەندام و فۆرمیان بۆ پڕدەکاتەوە هەرئەویش نازناوی (ئاگر)ی بۆهەڵدەبژێری، کە دواتر نووسینی بەو ئیمزایە بڵاوکردۆتەوە. ئیتر ئەو ساڵە بۆ مام جەلال دەبێتە بناغە داڕێژرانی سیاسیی، کە هەم لەپارتیدا بۆتە ئەندام و هەم لە کۆڕی خوێندن و خوێندنەوە گەشەی بە خۆی داوە و چۆتە پێشەوە و کەرەستەیەکی باشی ڕوناکبیری لا گەڵاڵە بووە و لە کۆڕی هونەری و گفتوگۆ و مشتومڕی سیاسیی پێگەیەکی دیار داگیر دەکا و تێکەڵ بە ژیانی حزبایەتی دەبێ و تیایدا پێش دەکەوێ و بەرەو پێش دەچێ. لەگەڵ بگرە و

---

٩- بڕوانە، نووسینەکانی مام جەلال لە گۆڤاری خاک دا، لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوبەشی خاک و کوردستانی نوێ، چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠١٩.

بـەردەی ژیـان، سـەرباری دوورخسـتنەوە و زینـدان و بەرچاوکـردن بەبـێ کۆڵـدان کاری ڕێکخراوەیـی و حزبـی ڕادەپەڕێنـێ و ڕۆڵـی بەرچـاو لـە ڕابەرایەتـی دەبینـێ، لـە نـاو ئـەم جەنجاڵیەشـدا قەڵـەم بـە دەسـتەوە دەگـرێ لـە ڕۆژنامـە و نووسـینی بەپێـز شـوێنی خـۆی دەگـرێ.

نووسـینەکانی لــە ڕوانگەیەکــی نەتەوەیــی چەپگــەرا بــووە، وەك گوزارشــتێك لــەو دیــد و بۆچونانــەی لــە ناخیــدا لــە پێنــاو پێــش خســتنی نەتــەوەی کــورد و بەدیهێنانــی ئــاوات و ئامانجــە دیموکراسـییەکان بـۆ ئـازاد بـوون لـە جـەور و سـتەم و نـا بەرامبـەری و چەوسـانەوە، کـە هەمـوو ژیانـی خـۆی بـۆ تەرخـان کـردووە و بـۆی تێکۆشـاوە. دەسـپێکی نووسـینی (مـام جـەلال) دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتایـی چلەکانـی سـەدەی ڕابــردوو، لــە یــادی نــەورۆزی ١٩٤٨ شــتی نووســیوە و دەڵــێ : منیــش وتارێکـم هەبـوو، ئـەوە سـێیەمین جـار بـوو کـە لـە نـەورۆزدا خوتبـەم دەخوێنـدەوە، یەکەمیــن جــار خــۆم خوتبەیەکــی کورتــم نووســیبۆوە و خوێندمــەوە، ســاڵی ١٩٤٧ یــش لێپرسـراوی پارتــی خوتبــەی بـۆ نووسـیبومەوە بـە تایبەتـی مامۆسـتا حەمەدەمیــن مەعــرووف (١٩٢٠-١٩٩٩)، هــی ســاڵی ١٩٤٨ خــۆم نووســیبومەوە و مامۆسـتا عەلـی عەبدوڵـڵا بـۆی تەسـحیح کردبـووم.[١٠] ئەمـە پێمـان دەڵـێ سـاڵی ١٩٤٨ سـێیەم نـەورۆز بـووە خوتبـەی تیـادا خوێندۆتـەوە. کەواتـە یەکـەم خوتبـەی کــە خــۆی نووســیویەوە دەکەوێتــە نــەورۆزی ١٩٤٦ ، کەواتــە یەکــەم وتــار کــە نووسـیویەتی دەکەوێتـە ئـەو سـاڵەوە. دواتـر بـە چوونـە نـاو کاری سیاسـییەوە لـە (ڕزگاری)ی ئۆرگانــی پارتــی دیموکراتــی کــورد کورتــە وتارێکــی لەژێــر نــاوی خــوازراوی (ئاگــر)دا بڵاوکردۆتــەوە. جــا لەبەرئــەوەی ژمارەکانــی ڕزگاری لەبەردەســتدا نیــن ناتوانیــن بڵێیــن ئــەم نووســینە یــان وتــارە لەســەر چــی نووســراوە، ئاخــۆ پــاش ئـەم نووسـینەش چیتـری بڵاوکردۆتـەوە یاخـود نـا . ئـەوە دەبـێ چـاوەڕێ بیـن تـا

---

١٠-گۆڤاری خاک ژمارە ١٣ ساڵی دووەم، ١٠ تەمموز١٩٩٨، ل ٧- ٨ .

ڕۆژێـك ژمارەكانـی (ڕزگاری) لـە شـوێنێك سـەر دەردەهێنـن و دەكەوێتـە بەردەست بـۆ ئـەوەی ئـەم بابەتـە بـە تـەواوی سـاغ بكرێتـەوە. شـایانی گوتنـە (ڕزگاری) هـەر بەنـاوی ڕۆژنامـە مەركەزییەكـەی حزبـی ڕزگاری كـورد بڵاوكراوەتـەوە، چونكـە دوای كۆنگـرەی دامەزراندنـی پارتـی بڕیـاردرا ئامێـر و كەرسـتەكانی چاپەمەنـی هـەردوو حزبـی ڕزگاری كـورد و شـۆڕش یەكبخرێـن بـە مەبەسـتی دەركردنـی ڕۆژنامـەی مەركـەزی پارتـی دیموكراتـی كـورد، بۆیـەش بـە نـاوی ڕزگاری هێڵرایـەوە لەبەرئەوەی ڕۆژنامەكـەی حزبـی ڕزگاری لـە ناوەنـدی تێكۆشـەران و هاوسـۆزانی گـەل وكێشـەی كـورد ناوبانگـی هەبـوو. ڕزگاری لـە ١٩٤٦/٩/٣ بـە نـاوی ئۆرگانـی پارتـی دیموكراتـی كـورد بڵاوكرایـەوە و تـا بەسـتنی كۆنگـرەی سـێی پارتـی، كـە هـەم نـاوی پارتـی گـۆڕدرا بـە پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان هـەم نـاوی ڕۆژنامەكـەش لـە ڕزگارییـەوە گـۆڕدرا بـە خەبـات.[11]

سـاڵی ١٩٤٨ هەڵبـژاردن بـۆ قوتابیـان ئەنجـام دەدرێـت، مـام جـەلال هەڵدەبژێردرێـت بـۆ كۆمیتـەی بەڕێوەبـەری یەكێتیـی قوتابیـان لـە كۆیـە و دەبێتـە نوێنـەری ناوەندییەكانـی كۆیـە، لـە یەكـەم كۆنگـرەی گشـتی قوتابیانـی عێـراق، كـە لـە١٩٤٨/٤/١٤ لـە گۆڕەپانـی (سـیباع) لـە بەغـدا بەسـترا و بـە كۆنگـرەی سـیباع نـاوی دەركـرد، هـەر لەوێـش بـۆ یەكەمجـار چـاوی بەشـاعیری گـەورەی عێـراق جەواهیـری (١٨٩٩-١٩٩٧)دەكەوێـت، كـە شـیعر دەخوێنێتـەوە لەوێـوە شـیعرەكە كاری تێـدەكا و پێـی سەرسـام دەبێـت. لـەم كۆنگرەیـەدا مـام جـەلال بـە جێگـری لیژنـەی تەنفیـزی یەكێتیـی قوتابیانـی عێـراق هەڵدەبژێردرێـت.

سـاڵی ١٩٥٠-١٩٥١ مـام جـەلال خوێنـدكاری دواناوەنـدی بـوو، لەپۆلـی چـواری ئامادەیـی لـە هەولێـر دەخوێنـێ، ئەوكاتـەش كۆمەڵـی مامۆسـتایانی لقـی هەولێـر ڕۆژنامەیەكـی ئەدەبی-ڕوناكبیـری هەفتانەیـان بەنـاوی هەولێـر دەردەكـرد، لـەم

---

١١-بروانە: رزگاری ثم خەبات، رزگار نوری شاويس، ١٩٩٨، مطبعة التربية في اقليم كوردستان.

ڕۆژنامەیـەدا دوو نووسـین بـە ئیمـزای جـەلال تاڵەبانـی دەکەوێتـە بەرچـاو، هەرچەند مـام جـەلال خـۆی لـە چاوپێکەوتنێکـدا لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نوێی سـاڵی ٢٠٠٨ لـە پەیوەنـدی بەنووسـین و بڵاوکردنـەوە دەڵـێ: (ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ پەیوەندیـم لەگـەل ڕۆژنامەگـەری و لەگـەڵ نووسـین و بڵاوکردنـەوەدا، دەبێـت بگەڕێینـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٥١، کـە ئـەو کاتـە خوێنـدکاری دواناوەنـدی بـووم ڕۆژنامەیـەک دەردەچـوو خـوا لێخۆشـبوو مامۆسـتا عیزەددیـن فەیـزی.[١٢] دەریدەکـرد، پیاوێکـی بەنـاو و ناوبانـگ و خوێنـدەواری هەولێـر بـوو، ئەوکاتـە مـن نـاو بـە ناو وتـارم تێدا دەنووسـی بێئـەوەی نـاوی خـۆم بنووسـم و هاوکاریـم دەکـرد لـە کارەکانیـدا).[١٣] ئێمـە لێـرەدا نازانییـن ئاخـۆ جگـە لـەم دوو وتـارە، کە بـە ئیمـزای جـەلال تاڵەبانـی بڵاوبوونەتەوە، هیـچ بابەتێکـی تـری بەبـێ ئـەوەی ئیمـزای خـۆی لەسـەر دابنـێ بڵاوبۆتـەوە یاخـود نـا. بەهەرحـاڵ ئـەم دوو وتـارە، کـە یەکەمیـان لەژمـارە (١٩)ی ڕۆژنامەکـە لەژێـر سـەردێری میللەتـە یەکگرتـووەکان نووسـراوە و تیایـدا بـاس لـە سـەرەتاکانی دامەزراندنـی ئـەم ڕێکخـراوە دەکات لەسـەروبەندی تـەواو بوونـی شـەڕی دووەمـی گێتـی، دەوڵەتـە سـوێندخۆرەکان بـە پێویسـتیان زانیـوە دەسـتەیەکی نێودەوڵەتـی بـۆ چەسـپاندنی ئەمـن و ئاسـایش و ڕاگرتنـی دۆسـتایەتیی لەنێوانیـان دامەزرێنـن. بەشـکان و بەزینـی فاشـیزم و کۆتـا هاتنـی شـەڕەکە ئیتـر بـە گەرمـی کاریـان بـۆ دامەزراندنـی ڕێکخراوەکـە کـردووە و لـە کۆنگـرەی سـان فرانسیسـکۆ، کەنوێنـەری

---

١٢-عیزەدین فەیـزی عەبدوڵـڵا عەبدولباقـی بەبنەچـە دەچێتـەوە سـەر زانـای ئاینیـی نـاودار مـەلا جەرجیس ئەربیللـی، سـاڵی ١٩١٧ لـە هەولێـر لـە دایـک بـووە سـاڵی ١٩٨٥ کۆچـی دوایـی کـردووە.

١٣-هەولێـر، ڕۆژنامەیەکـی ئەدەبـی ئەقافـی هەفتەییـە،١٩٥٠-١٩٥١، ئامـادەکار پارێـزەر، تاریـق جامبـاز، لـە بڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای کـوردی، ٢٠١٨) (لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـەم ، کـە ئامـادەکار لـە ناساندنی نووسـەرانی هەولێـر سـاڵی لـە دایـک بوونـی مـام جەلالـی بـە ١٩٣١ نووسـیوە و دەڵـێ، دەسـپێکی نووسـین و بڵاوکردنـەوەی لـە رۆژنامـەی هەولێـر بـووە، کـە ئەوسـا تەمەنـی ١٨سـاڵ بـووە بابەتێکـی بـە نـاوی خـۆی بـە ناونیشـانی خوێندنـی کـوردی بـە لاتینـی لـە ژمـارە ٢٤ لـە ١٩٥١/٥/٢٦ بڵاوکردۆتـەوە. کەچـی ڕاسـتییەکەی مـام جـەلال لـە دایکبووی١٩٣٣یـە، پێـش ڕۆژنامـەی هەولێـر لـە ڕۆژنامـەی ڕزگاری نووسـینی بڵاوکردۆتـەوە و هەروەها بەگوێـرەی سـاغکرنەوەی عەبدوڵـڵا زەنگەنـە مـام جـەلال دوو وتـاری لـە ڕۆژنامـەی هەولێـر بڵاوکردۆتـەوە، کـە بـە سوپاسـەوە هـەردوو بابەتەکـەی خسـتۆتە بەردەسـتم، ئورژینالەکانیـان لـە پاشـکۆ دانـراوە.

٥٠ دەوڵــەت ئامادەبــوون، ڕەزامەنــدی کۆتایــی بەدامەزراندنــی ڕێکخراوەکــە دراوە، هەروەهــا تیایــدا باســی ئامانــج و بەشــەکانی و پێکهاتــە و بەرنامەکەیــان دەکات. (بڕوانــە دەقــی وتارەکــە لــە پاشــکۆ).

وتــاری دووەمــی، کــە لــە ژمــارەی ٢٤ی هەمــان ڕۆژنامــەدا بڵاوکراوەتــەوە بــە ســەردێڕی (نووســینی کــوردی بــە لاتینی)یــە. بــاس لــەوە دەکا، کــە زمانــی کــوردی زمانێکــی زینــدوو و فــرەوان و پــڕ لــە دەســتەواژەیە ئەگەرچــی ئەوانــەی مێژوویــان چەواشــەکردووە و ناحــەزی نەتــەوەی کــوردن هــەوڵ و کۆششــیان کــردووە بــۆ لەناوبردنــی زمانــی کــوردی، بــەڵام درۆ و دەلەســەکانیان لــە پێــش لافــاوی ڕاســتییدا ڕوخــاوە. ئامــاژە بــەوەش دەکات مێژووناســانی بێگانــە نەیانتوانیــوە بیســەلمێنن، کــە زمانــی کــوردی لقێکــی زمانــی فارســی یــان عەرەبــی بێــت، بەڵکــو ســەڵماندویانە زمانــی کــوردی زمانێکــی ســەربەخۆیە، هەروەهــا ئامــاژە بــە مســتەر ســمیس و کەناچــە لوســی پــۆل مارگرێــت و مینۆرســکی و ئەمیــن زەکــی بــەگ دەکات، کــە گوتویانــە زمانــی کــوردی زمانێکــی بــە بنــج و بنــەوان و فــراوان و ســەربەخۆیە.[١٤]

دوای ئــەوەی لــە بــواری ڕێکخراوەیــی وەك نوێنــەری قوتابیانــی کۆیــە دەچێتــە بەغــدا پاشــان ســاڵی ١٩٥٣ سەرپەرشــتی یەکــەم کۆنگــرەی (ی.ق.ك) دەکات، لــەم کۆنگرەیــە بــە ســکرتێر هەڵدەبژێــردرێ و نامیلکەیــەك بــە نــاوی (بۆچــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان پێویســتە) دەنوســێ و بڵاودەکاتــەوە. نووســین و بڵاوکردنەوەی ئــەم نامیلکەیــە لــە ئەنجامــی ئــەوەوە دێــت، کــە حزبــی شــیوعی پێداگــری دەکــرد، کــە بوونــی یەکێتیــی قوتابیــان و ڕێکخــراوە پیشــەییەکانی تــر پێویســت نییــە و هەوڵێکیشــە بــۆ جیابوونــەوە.

لــە چاوپێکەوتنێکــدا مــام جــەلال دەڵــێ: یەکــەم جــار دەســتم بــە نووســین کــرد وەك پەیامنێــر بــووم بــۆ گۆڤــاری ڕزگاری کــە ئۆرگانــی پارتــی دیموکراتــی کــورد لــە عێــراق بــوو، هەواڵیکــم بڵاوکــردەوە دوایــی چەنــد شــتێکی دیکــەم....

---

١٤-بڕوانە دەقی وتارەکە لە پاشکۆ.

پرسیار: ئەو یەکەم هەواڵەت لە بیر نییە؟

مـام جـەلال: نـەوەڵا لـە بیـرم نییـە، مـن لـە کۆیـە بـووم، بـەڵام نازانـم لـە سـەر چـی بـوو بـە ڕاسـتی دوای ئـەوە کـە لـە خوێنـدکاران دەسـتمان بـە ئیـش کـرد یەکـەم شـت کـە نووسـیم ئـەو کاتـە ئێمـە دامەزراندنـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانمان کـرد لـە شـوباتی ١٩٥٣ یەکەمیـن شـت کـە نووسـینم ئـەوە بـووە، یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـۆ؟ اتحـاد طلبـە کردسـتان لمـاذا؟[١٥] دیـار بـوو وردە وردە فێربـووم بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی شـتم دەنووسـی.

پرسیار: بە چ نازناوێك؟

مـام جـەلال : جۆرەهـا نازنـاوم هەبـوو، لـە ڕزگاری بەنـاوی ئاگـر دەمنووسـی، لـە خەبـات مـاوە یـەك بـە نـاوی پیـرۆت دەمنووسـی، هەنـدێ جـار لـە گۆڤارەکانـی تـردا بـە نـاوی زانـا دەمنوسـی . بـە تایبەتـی لـە گۆڤارەکانـی کۆمەڵـەدا، زانـا ، توانـا هەروەهـا زۆرجاریـش بەنـاوی خـۆم دەمنووسـی.[١٦]

دوای دامەزراندنـی یەکێتیـی قوتابیـان، دواتـر یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان دادەمەزرێنرێـت و مـام جـەلال دەبێتـە سـکرتیری یەکێتیـی لاوان، لـەم سەروبەندەشـدا بانگەشـەی ئاشـتی و هـاوکاری نێـوان گـەلان لـە برەودابـوو، بۆیـە دەبینیـن مـام جـەلال لـە دیـداری تەمەنـدا دەڵێـت: حەمـەی ئەحمـەد تەهـا (کامەرانـی شـاعیر) کۆمەڵێـک هۆنـراوەی لـە(١٩٥٤)ەوە دانابـوو لـە سـەر ئاشـتی، مـن پێشـەکییەکم بـۆ نووسـی و بـڵاوی کـردەوە. ئـەو پێشـەکییە، کـە مـن نووسـیبوم، بـو بـە هـۆی گیروگرفتێکـی گـەورە، مـن بەزمانـی چەپـی ئەوسـەردەمە نووسـیبوم و زۆر باسـم لـە ئیمپریالسـت کردبـوو، وەک پیاوخـۆر دابوومـە قەڵـەم،

---

١٥-لەدیداری تەمەن ناوی ئەم نامیلکەیەی بەناوی بۆچی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان پێویستە، بردووە، بڕوانە دیداری تەمەن لاپەڕە (٦٥).

١٦-هەڤال مام جەلال بۆ کوردستانی نوێ و لە کوردستانی نوێ دەدوێ، لە بڵاوکراوەکانی بەشی روناکبیری مەکتەبی رێکخستن ژمارە٢٣، سلێمانی ١٩٩٩،لا١٥.

لـە سـەر ئـەو هۆنراوەیـە و پێشـەکییەکە دراینـە دادگا، حەمـەی ئەحمـەد تەهـا بـە سـاڵێک دورخسـتنەوە حوکـم درا و منیـش بەڕەڵـلا کـرام، چونکـە مـن شـاعیرەکە نەبـووم، بەڵکـو ناشـرەکە بـووم.[١٧] دوای ئـەوە مـام جـەلال بیرەوەرییەکـی ناخـۆش دێنێتـەوە یـاد، کـە پەیوەسـتە بـە پێشـەکی ئـەم کۆمەڵـە هۆنراوەیـە، بۆیـە لێـرەدا وەک خـۆی ڕایدەگـۆزم. ئەوکاتــە مــن لاوبـوم، ئەوسـەردەمە یـەک قـات جلـی زۆر چاکـم لـە محەلێـک کڕیبـوو کـە پێیـان دەگـوت خەیاتـەی شـیک، لـە زانکـۆ کچێکیشـم ئەناسـی و حەزمـان لـە یـەک کردبـوو، بەتەمـای هێنانـی بـووم، ئـەو ڕۆژە خـۆم قـۆز کردبـوو، ئـەو جلـەم لـە بـەر کردبـوو کـە لـە شـیک کڕیبـوم، لەگـەڵ کراسـێک و پێلاوێکـی نـوێ، مەوعیـدم هەبـوو لەگـەڵ ئـەو کچـەی کـە ئەمناسـی. سـەعات١١:٤٠ لـە کولیـە هاتمـە دەرێ بـۆ ئـەوەی بـڕۆم بـۆ چاوپێکەوتنەکـە. کـە هاتمـە دەرێ دوو پۆلیسـی تەحقیقاتـی جەنائـی یەخەیـان گرتـم، یەکێکیـان لەگـەڵ خۆمـان بـوو نـاوی ئەحمـەد ڕاوی بـوو، مـن ئەمزانـی پۆلیسـە، بـەلام نەمئەزانـی لـە تەحقیقاتـی جەنائـی ئیـش ئـەکات، گوتیـان فەرمـوو سواربە، تەکسیەکیان ڕاگـرت و بردیانـم بـۆ تەحقیقاتـی جەنائـی، لـە سـەر ئـەو کتێبـە دەستیان کـرد بـە تەحقیـق کـردن لـە گەڵمـدا، حـەوت ڕۆژیـان هێشـتمەوە، قاتەکەشـم هەمـووی ڕزی و دڕا.

ئــەو کاتــە، ئێســتگەی شــەمەندەفەری هەولێــر لــە دەرەوەی شــاربوو، شــاری هەولێریـش بچـوک بـوو وەک ئێسـتا نەبـوو، لـە بەرئـەوە لـە شـەمەندەفەرەکەوە بەپــێ منیــان هێنــا و دوو پۆلیســیش زنجیریــان کردبــووە دەســتم و دەســتیان کەلەپچــە کردبــووم، بــە زنجیرێکــی درێــژ ڕایــان ئەکێشــام.

بـەو شـیوەیە، منیـان لـە ئێسـتگەکەوە هێنـا بـە ناوشـەقامەکانی نـاو شـاردا، تـا سـەرا بـۆ تەوقیفخانـەی ئـەوێ، لـەوێ نـە عەرەبانەیـەک، نـە ئۆتۆمۆبیلێـک، هیچـی لێنەبـوو، ناچـار بەپـێ هێنایانـم، جـا ئـەوە قسـەیەکی خۆشـت بـۆ بگێڕمـەوە لەسـەر

١١٧-دیداری تەمەن، لاپەرە- ٨١ .

ئـەوە: دکتۆرێـک هەبـوو بـە نـاوی دکتـۆر ڕەئـوف، پیاوێکـی زۆر خۆشـبوو، دۆسـتی کاک عەونـی یوسـف بـوو، عەلـی عەبدوڵـڵاش ئەوکاتـە هاتبـووە هەولێـر، لای کاک عەونـی بـوو، ئـەو دکتـۆرە ئەچێـت باسـی منیـان بـۆ ئـەکات ئەڵێـت: کابرایەکـم دی پەتێکیـان کردبـووە دەسـتی و ڕایـان ئەکێشـا، ڕیـش و سـمێڵی تێکـەڵ بوبـوو، کاتـێ لێـی ئەروانـم دەبینـم مـام جەلالـە و دەیانبـرد بـۆ سـەرا، بـەو شـێوەیە ئـەوان زانییان کـە مـن گیـراوم. ئینجـا کـە چوومـە ئـەوێ، لەوێـش درامـە دادگا، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـە قانـون پەرەگرافێـک هەیـە پێـی دەڵێـن (دفـع بعـدم الصلاحيـة) بـە حاکمەکـەم گـوت، لـە سـەریەک مەسـەلەی جەنائـی، مـرۆڤ دووجـار دادگایـی ناکرێـت، چونکـە لـە سـەر هەمـان مەسـەلە مـن لـە بەغـدا دادگایـی کـراوم، بۆیـە نابێـت ئێسـتاش بەهەمـان شـێوە بدرێـم بـە دادگا، لەگـەڵ ئەوەشـدا حـەوت ڕۆژ بەندکـرام، بـەڵام ڕاستییەکەی هـەزار ڕەحمـەت لـە قاسـمی مـەلا ئەفەنـدی بێـت، هیمەتێکـی بۆکـردم و لـە بەندیخانـەی ئاسـایی دەریـان هێنـام و هێنامیانـە نەخۆشـخانەی بەندیخانـە، ژورێکیـان بـۆ نەخـۆش چاککردبـوو، هـەر لـەماڵیشـەوە نوێـن و پێداویسـتی و شـتیتریان بـۆ نـاردم. ئـەو زەمانـە بەندبـوون شـەرەفێکی گەورەبـوو، خەڵـک وەکـو حەجـی کردبێـت وابـوو، لـە هەمـوو لایەکـەوە ڕۆژێ جۆرەهـا خـواردن ئەهـات بـۆ ئـەو کەسانەی کـە گیرابـوون.[18] مـام جـەلال سـاڵی ١٩٥٥ واتـە لـە تەمەنـی بیسـت و دوو ساڵیدا، بـەو پێیـەی سـکرتێری یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووە، سـەرباری کاری پارتایەتـی، وەک ئەندامـی لێژنـەی ناوەنـدی حـزب، بـۆ بەشـداری لـە ڤیسـتیڤاڵی پێنجەمـی لاوانـی جیهـان، کـە ئەوسـا لـە وارشـۆی پایتەختـی پۆڵەنـدا دەگیـرا، بەمەینەتـی و هەوڵـی لێبڕاوانـەی خـۆی بـە پەنهانـی، وەک یەکێتیـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان شانبەشـانی لاوانـی دیموکراتـی عێراقـی (شـیوعییەکان) خۆیـان دەگەیننـە وارشـۆ. دواتـر دوو کـەس لـە کـۆی بەشـداربووانی ڤیسـتیڤاڵەکە داوەتـی

١٨-دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری: ئامادەکردنی، سەلاح ڕەشید، چاپی چوارەم ٢٠١٩، لاپەرە٨٣-٨٤.

چیــن دەکرێــن، کــە یەکێکیــان مــام جــەلال دەبێــت بــە نــاوی لاوانــی دیموکراتــی کوردســتان و ئەویتریشـیان لەلاوانـی دیموکراتـی عێراقـەوە. بـەم شـێوەیە مـام جـەلال بـە شـەمەندەفەر لـە وارشـۆوە بـە ناوخاکـی شـۆرەویدا دەگاتـە پەکینـی پایتەختـی چیـن، لـە پـاڵ ئـەم گەشـتەدا مـام جـەلال خولیایەکـی بـووە ئەویـش پەیوەنـدی گرتـن یـان بینینـی مـەلا مسـتەفا بـوو، کـە لـە ١٩٤٦ەوە وەک سـەرۆکی حـزب دیاریکرابـوو، بـەلاّم تـا ئـەو کاتـە هیـچ پەیوەندییەکـی نەکردبـوو بـە حزبـەوە پارتیـش هەوڵیـدەدا پەیوەنـدی لەگـەڵ بـکات، بۆیـە مـام نامەیـەک دەنووسـێ، نامەیەکـی دوور و درێـژ، وەک فەریـد ئەسەسـەرد لـە کتێبـی (ڕەهەندەکانـی بیـری سیاسـیی کـورد پـاش جەنگی دووەمـی جیهـان) باسـی دەکاو دەنووسـێ:

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئـەو دوو نامەیـە بکـرێ، کـە بەڕێـز جـەلال تاڵەبانـی بـۆ خوالێخۆشـبوو مـەلا مسـتەفا بارزانـی نـاردووە، کاتێـک کـە مـەلا مسـتەفا لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت بـووە. ئـەم دوونامەیـە یەکـەم جـار سـاڵی ١٩٨٧ لـە بەشـی سـێیەمی کتێبەکـەی بەڕێـز مەسـعود بارزانییـدا دەربـارەی بارزانـی و بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد بڵاوکرانـەوە. ئـەم دوونامەیـە بەهایەکـی مێژوویـی زۆریـان هەیـە و بـە دوو دیکۆمێنتی زۆر گرنـگ دەژمێردرێـن، ئـەم دوونامەیـە بەدەسـخەتی تاڵەبانی نووسـراون و زۆر زانیاری گرنگیـان دەربـارەی ڕەوش و پەیوەنـدی و گیروگرفتەکانـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان گرتۆتــە خــۆ، تاڵەبانــی نامــەی یەکەمــی لە٥/تشـرینی یەکەمــی/١٩٥٥ نووســیوە لەوکاتـەدا لـە پەکینـی پایتەختـی کۆمـاری گەلـی چیـن بـووە. لـەو گۆشـەنیگایەوە، کـە تاڵەبانـی ویسـتویەتی بچێتـە سـەر وردەکاری، نامەکـە شـێوەی ڕاپۆرتێکـی تێـر و تەسـەلی ٣٤ لاپەرەیـی بەخـۆوە گرتـووە، کـە تاڵەبانـی لـە پەکیـن دەسـتی بە نووسـینی کـردووە و لەمۆسـکۆ لە٨/تشـرینی یەکەمـدا کۆتایـی پێهێنـاوە.[١٩] لـە دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەممـوز و ڕوخانـی ڕژێمـی پاشـایەتی مۆڵەت بـە بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامە

---

١٩-بڕوانە: فەرید ئەسەسەرد، ڕەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ل، ١٦.

و گۆڤاری کوردی درا، ئەوکات مام جەلال پێشنیاری بۆ ئیبراهیم ئەحمەد کرد، کە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوسا بوو، کە کار بکەین بۆ دەرکردنی گۆڤارێك بەناوی (ڕزگاری)،[20] ئەوەبوو لە ۱۹۵۹ ئیمتیازی دەرکردنی گۆڤارەکە درا بە ساڵح حەیدەری و سەرۆکی نووسین و لێپرسیاری پارێزەر فوئاد جەلال و هەڵسوڕێنەری جەلال تاڵەبانی بوو، سێ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، ژمارە یەك لە ۱۰ی شوباتی ۱۹۵۹ و جووت ژمارەی (۲-۳) لە نیسانی ۱۹۵۹ بڵاوکراوەتەوە.[21] ئەم گۆڤاری (ڕزگاری)یە جیایە لە (ڕزگاری) کە لە پێشتر ئاماژەمان پێدا. ساڵی۱۹٦۰مام جەلال لە گۆشەکەیدا لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (۳۱٦) وتارێکی بە ناونیشانی ڕزگارییەوە نووسیوە، ئاماژەی بۆ ڕزگاری کردووە تیایدا هاتووە:

((لەوکاتەوەی کۆلۆنیالیست و داگیرکەران کوردیان کۆیلە و دابەش کردووە و مافەکانیان زەوتکردووە، بە چڕی هەورێکی ڕەش لە ئاسمانی کوردستانی خۆشەویست گردبۆتەوە و تاریکییەکی تەواو باڵی بەسەر کێو و دۆڵ و دەشتەکانی و بەسەر ژیانی گەلە سەربەرز و خۆڕاگرەکەیدا کێشاوە، بۆ پەردە پۆشکردنی ئەو تاوانە قێزەونانەی، کە بە شێوەیەکی دڕندانە بەرامبەر گەلێکی ئاشتیخواز و بێوەی ئەنجام دەدرێت، کە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە مرۆڤایەتی دوانەکەوتووە و لە پێشکەشکردنی هەموو شتی بەبەهاو دەگمەن بە گەلانی دۆستی دراوسێدا کەمتر خەمییان نەکردووە، بەرامبەر بە گەلێک کە تاکە تاوانەکەی ئەوەیە کە وەک کورد لە سەر خاکی کوردستان هاتوونەتە بوون، کە دەوڵەمەندە بە کانزا و نەوت و سامانی کانزایی زۆر و زەوەند، کە لە ڕوانگەی ستراتیژی و جوگرافییەوە زۆر گرنگن لێی بێبەش بووە، لە ئاسمانی کوردستاندا کە خۆری ئازادی لە هەموو لایەنەکانی کەوتبوە تاریکی و لێی ئاوا بووبوو، تاریکی کۆیلایەتی و وەبەرهێنانی دڕندانە و زەوتکردنی هەموو مافە مرۆڤایەتییەکانی تا شۆڕشی ١٤ی تەمموز

---

۲۰ -بروانە جلال طالبانی احداث ومواقف، سالار اوسی، ص ۱۹.

۲۱ -بروانە گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە، ۱۱ و۱۲، لاپەرە ۱۵۳.

هەڵگیرسا و بە بڵێسەی درەوشاوەی خۆی کوردستانی عێراقی ڕووناک کردەوە، تا ئەم تیشکە بپەڕێتەوە هەموو بەشەکانی تری کوردستان، لە ئاسمانی کوردستاندا ئەستێرەیەکی گەش پڕشنگیدا تا تیشکە زیوینییەکەی ڕێی خەبات ڕۆشن بکاتەوە بۆ کاروانی جەماوەری گەلی کورد، کە دەیان ساڵە ڕوەو ڕووناکی و ئازادی و ڕزگاری و دیموکراتیەت ڕێی گرتۆتە بەر. ئەوڕێیە پڕ مەترسیی و ترسناکەی، کە گورگی دڕندە و شێرە بە سەگ بووەکان تێیدا دەسوڕێنەوە، و دەسوڕێنەوە بۆ کوشتنی کەسانی بێوەی و دڵنیا کە ژیان لە ڕێگەیەوە هانیداون و هیوای بەرز ڕابەرایەتییان دەکات بۆ بەردەوامبوون لە گرتنەبەری ڕێگا تێیدا تەنانەت ئەگەر ژیانی خۆیان یان ئازیزترین شتیان لە پێناودا ببەخشن، ئەم ڕێگایەی کە مردن و وێرانکاری لە لایەکانیدا چاندراوە و لە پێچەکانیدا بەڵاو، لەچەق و ڕاستەڕێیدا تەلی دڕکاوی و دڕکی ژەهراوی کوشندە چێندراوە، هەمووی بۆ ئەوەی کاروانەکە، کاروانی جەماوەری کوردستان، نەگاتە ئامانج و خواستەکانی، لە ٢-٩-١٩٤٦دا، ڕزکاری دیسانەوە لە ئاسمانی کوردستاندا درەوشایەوە بۆ ئەوەی بە چراکانی ئەو تەم و مژە ئەستوورە بڕەوێنێتەوە کە کۆلۆنیالیستەکان و داگیرکەران کێشەی کوردیان پێ گەمارۆدابوو، تا بە تیشکە زیوینەکەی ڕێگاکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی بێوچان ڕووناک بکاتەوە و با هەموو کوردە بەشەرەفەکان ڕابگەیەنن کە ئەو شەوە درێژەی کە تاریکی و گوناه و تاوانە بێشومارەکانی بەسەریاندا سەپێندرا دەبێت کۆتایی بێت و بەیانی ڕزگاری دەبێت هەڵبێت.

بە نکۆڵی کردنی هەندێکیان لە ئامانجەکانی و دەرچوونیان لە ڕیزی هەڵگرانی مەشخەڵی درەوشاوەی هاوشان وەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کاریگەری نییە، بەڵکو بەردەوام بوو لە گەیاندنی پەیامەکەی و نەوەیەکی لە خەباتگێڕە شۆڕشگێڕەکان پێگەیاند و پەروەردەیکردن بە بیری ڕووناک و پرنسیپە پیرۆزەکان، کە لە جەرگەی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە واقیعی کۆمەڵەکەی، لە زەرورەتی گەشەسەندنی، لە خاک و بەردەکانی، لە سەر خەبات و خۆڕاگری و دڵسۆزی بۆ پرنسیپەکان وەستانەوەیان وەک کێوێکی مەزن ڕوو بە ڕووی ئەو زریانەی لە ڕاست

یــان لەچەپــەوە ڕوویــان تێــدەکا.

ڕزگاری بەشــدارییەکی بــە نرخــی کــرد لــە تێکشــکاندنی بیرۆکــەی شۆڤێنیســتی، کۆسـمۆپۆلیتی و کۆنەپەرسـتی، هەروەهـا لە خۆشەویسـت کردنـی بیری پێشـکەوتنخوازانە کــە لــە واقیعــی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کوردمانــەوە وەرگیــراون.

ئەمـە کورتەیـەک لـە ڕزکاری، گرنگـی و ڕۆڵـی.. بۆیـە سـەیر نەبـوو ئەوانـەی دڵسـۆزی دۆزەکـە بـوون و ئەوانـەی درێـژە بـە پەیامەکـەی دەدەن پەلـە بکـەن لـە پێشکەشـکردنی داواکارییەکــی فەرمــی بــۆ حکومەتــی نیشــتمانی تــا بــە ئاشــکرا بڵاوبکرێتــەوە لــە ســەردەمی... کۆمــاری دێموکــرات، کۆمــاری عــەرەب و کــورد، ئەوەبــوو دەســەڵاتی نیشــتیمانی ڕەزامەنــد بــوو و ژمارەکانــی یەکــەم و دووەم و ســێیەم دەرچــوو.

بــەڵام ئــەو هەڵپەرســتانەی دزەیانکردبــووە نــاو ڕیزەکانــی حیــزب شــەڕی ڕزگاریــان کــرد و تەگەرەیــان خســتە بــەردەم دەرچوونــی بــە مەبەســتی ڕێگریکــردن لــە کاریگــەری لـە سـەر جەمـاوەری کـورد، بـۆ ئـەوەی ئاسـانکاری بـۆ ئـەم گروپـە بـکات کـە گەلەکەمـان و حزبەکەمــان جەمســەرەکانیانی بــە خیانەتــی نەتەوەیــی مەحکــوم کــردووە، خیانــەت کــردن بــە گەلــی کــورد و پارتــە پێشــڕەوەکەمان، تــا بــە ســانایی لــە ناوبردنــی حیــزب و لەناوبردنــی ڕێکخــراو و لــق و کادیرەکانــی بەدیبێنــن، بــە فەرمانــی ئــەو گروپــە لادەرە ســەرەڕۆیە چەپانــەی ئامانجیــان نەهێشــتنی حزبەکەمــان بــوو بــە چــاو بەســتەکی و هەڵخەلەتاندنــی هەڵپەرســتەکان بــە پۆســت و لێبــوردن لــە ڕابــوردوە چەپەڵەکەیــان! بــە تاوانــی تێکــدان و هەڵپەرســتی و ناڕەزایەتــی و گومانــی زیاتــر لــەوە ســزا دراوە!

بــەڵام ڕزگاری دەگەڕێتــەوە و جارێکــی دیکــە وەک ئەســتێرەیەکی گەشــاوە لــە ئاسـمانی کوردسـتاندا دەدرەوشـێتەوە، خەباتگێڕانیـش بـەو پێزانیـن و ڕێـز و هانـدان و پلــە بەرزکردنــەوە پێشــوازی لێدەکــەن کــە شــایەنییەتی.

بـژی یـادی ئازیـزی ڕزگاری و سـەرکەوتن بـۆ پەیامـە مێژووییەکـەی)). (بروانـە خەبـات ژمـارە ٣١٦ لـە /١٩٦٠/٩).

سـاڵی ١٩٦١ ڕۆژنامەیـەك بەنـاوی (کوردسـتان) کـە ڕۆژنامەیەکـی سیاسـی ڕۆژانـە بـوو لـە بەغـدا هەفتانـە دەرچـووە، سـەر نووسـەرەکەی مام جـەلال بـووە، تەنیا (٥) ژمـارەی لێ

بڵاوکراوەتـەوە. ژمـارە (١) لـە ١٩٦١/٣/٤ و ژمـارە (٥)یـش لـە ١٩٦١/٤/١ بڵاوکراوەتـەوە[٢٢] .

هەرچەنـدە مـام جـەلال ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو لـە هەمـان کاتـدا ئەفسـەری یـەدەگ دەبێـت لـە کەتیبـەی چوارەمـی تانـك، بـەڵام ئـەو لـە کاری ڕۆژنامەگـەری دانابـڕێ بـە نـاوی خـوازراوی (پیـرۆت) بـەردەوام دەبێـت لـە نووسـین، لـە ڕۆژنامـەی خەبـات بـە زمانـی عەرەبـی چەندیـن وتـاری حەماسـەت ئامێـز و مێژوویـی و ئەدەبـی بەرهەمـی ئـەو قۆناغـەن. لـە بەدواداچوونـم بـۆ ژمارەکانـی ڕۆژنامـەی خەبـات[٢٣]. دەرکـەوت مـام جـەلال لـە سـەرەتا بـە ئیمـزای (پ)دواتـر (ئاگـر) و (پیـرۆت) و (جـەلال تاڵەبانـی) لـە گۆشـەی (یومیاتـی – ڕۆژانەییەکانـم) چەندیـن وتـاری بڵاوکردۆتـەوە، ئـەوە جگـە لـەوەی هەندێـک نووسـین ئیمـزای نەخراوەتـە سـەر، کـە پێمـان وایـە نووسـینی ئـەون بـە بەڵگـەی ئـەوەی هەندێـک وتـار بـێ ئیمـزا لەگۆشـەی خەباتـی گـەلان بڵاوبۆتـەوە، ئـەوەش بـە بەڵگـەی ئـەوەی پیشـتر لەگۆڤـاری ڕزگاری ژمـارە ٢-٣ وتارێکـی خـۆی بەسـەردێری[٢٤] المـارد الاسـود یسـتیقظ مـن سـباتە العمیـق) بەئیمـزای (ج ٠ط) بڵاوکردۆتـەوە. لـە پەڕەگرافێکیـدا هاتـووە (فدعنـی ایهـا القـاريء العزیـز اسـتعرض لـك فـي هـذا العـدد نضـال الکونغـو الثائـرة، ولـي معـك جولـة اخـری فـي ربـوع افریقیـا الناهضـة فـي العـدد القـادم).[٢٥] وەک دیـارە گۆڤـاری ڕزگاری ژمـارەی

---

٢٢- بڕوانـە: کوردسـتان ڕۆژنامەیەکـی سیاسـی ڕۆژانەیـە، کاری هاوبەشـی: پرۆفیسـۆر د. هیمـداد حوسـێن و نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد، چاپـی یەکـەم ٢٠١٩، چاپخانـەی پیرەمێـرد، لـە بڵاوکراوەکانـی ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ.

٢٣- کـۆی ژمارەکانـی خەبـات لەئەرشـیفی مامۆسـتا عەبدوڵـڵا زەنگەنـە کەلـە سـێ بەرگـی جوانـدا پارێـزراون، بەسوپاسـەوە خسـتیە بەردەسـتم ، کـە بێگومـان گەنجینەیەکـی پڕبایەخـە و سـەرچەم وتارەکانـی مـام جـەلال دووبـارە تایـپ کرانـەوە بەهیـوام لـە ئایندەیەکـی نزیکدا وەک کارێکـی هاوبـەش بیخەینـە بەردەسـت خوێنەرانـی خۆشەویسـت. (ئامـادەکار).

٢٤- (زەبەلاحـە ڕەشـەکە لـە خـەوی قوڵیـدا بێـدار دەبێتـەوە) بەئیمـزای (ج. ط) بڵاوکردۆتـەوە لەپەڕەگرافێکیـدا هاتـووە (خوێنـەری ئازیـز لـەم ژمارەیـەدا خەباتـی کۆنگـۆی شۆڕشـگێڕت بـۆ بـاس دەکـەم، لـە ژمارەکانـی داهاتـوودا گەشـتێکی ترمـان بـە ئەفریقـای ڕاپەڕیـودا دەبێت (ئامـادەکار).

٢٥- بڕوانـە ڕزگاری گۆڤـاری برایەتـی کـورد و عەرەبـە یانـی چـی؟! ئامادەکـردن و سـاخکردنەوە، عەبدوڵـڵا زەنگەنـە، ل ١٨٦ (ئامـادەکار).

تـری لـەدوای جـووت ژمـارەی ٢-٣ لێدەرنەچـووە، بۆیـە زۆر ڕێـی تێدەچـێ لەمـەڕ خەباتی گـەلان ڕۆژنامـەی خەبـات، کـە چەندیـن وتـاری لـەم بـارەوە تیایـە وتـاری ئەوبن، کـە بـێ ئیمـزا بڵاوکراونەتـەوە. وتارەکانـی لـە ڕۆژنامـەی خەبـات و لەگۆشـەی ڕۆژانەییەکانـم، وتارێکیـان بـە ئیمـزای ئاگـر، شـەش وتـار بـە ئیمـزای جـەلال تاڵەبانـی وەک ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی، کـە هەریەکێکیـان بەبۆنەیـەک پێشـکەش کـراون، چـوار وتاریـان بەئیمـزای (پ) وسـی و حەوتیـان بەئیمـزای پیـرۆت بڵاوکراونەتـەوە.

# بەشی یەکەم

# دەربارەی قەرەبووکردنەوەی جووتیارانی بیتوێن و پشدەر

ئەوەنـدەی لـەم ٧٢ گونـدەی لـە ناوچەکانـی بیتوێـن و مەرگـە و پشـدەر و ناودەشـت و بنـاری خەلـەکان ماونەتـەوە، کـە کەوتونەتـە بـە پیتتریـن ناوچـە لـە کوردسـتانی عێـراق و هەزارەهـا جووتیـار تیایدا نیشـتەجێبوون، ئێسـتا دوای ئەوەی دۆخەکـە ناچـاری کۆچکردنیانـی کـرد بـۆ شـارەکان، جگـە لـە ژمارەیەکیـان نەبـێ، کـە حکومەتـی کۆمـاری خانـووی بـۆ بنیاتنـان لـە هەنـدێ ناوچـەی نزیـک ئـەوێ. زۆربـەی جووتیارەکانیتـر تـا ئێسـتا سـەرگەردانانە دەخولێنـەوە بـە دوای دۆزینـەوەی زەوی کشـتوکاڵیدا، یـان کارێکـی تـر بدۆزنـەوە بـۆ ئـەوەی مـاڵ و منداڵـە کڵـۆڵ و برسـیەکانیان تێـر بکـەن. هەرچـی خـاوەن زەوییەکانـن تـا ئێسـتا قەرەبویـان لـە بـری زەویەکانییـان وەرنەگرتـووە، کـە هێنـدەی بـۆ وەبەرهێنـان بتوانـن خۆیـان پـێ بژێنـن یـان کەمێـک لـە خەرجییەکانیـان زیـاد بـکات. هـەروەک زۆرینـەی زۆری ئەمانـە مـاڵ و شـوێنی نیشـتەجێبوونیان ژێر ئاو کەوتـووە و قەرەبویـان وەرنەگرتووە. بێگومـان ئـەم بـار و دۆخـە گرفتـی چەنـد لایەنـەی دروسـت کـردووە، لەوانـە لایەنـی دابیـن کردنـی پەناگەیـەک بـۆ دەربەدەربـووەکان و نیشـتەجێ کردنیـان و دروسـت کردنـی گونـد لـە شـارەکانی نزیـک ناوچەکـە، دوای دروسـت کردنـی خانـوو بۆیـان و دواتـر دۆزینـەوەی هەلـی کار بۆیـان بـۆ ئـەوەی خۆیانـی پـێ بژیێنـن، هەروەهـا لایەنـی چاککردنـی زەوییـە دێمـی و پشـت ئـاوەکان و بەراوکردنیـان بـۆ نیشـتە جێکردنـی جووتیارانـی دەربـەدەر و پەلـە کـردن لـە تەواوکردنـی پڕۆژەکانـی ئاودێـری لـە ناوچەکـەدا و قەرەبوکردنـەوەی خێـرای زیـان لێکەوتـووان بـە هاوسـەنگی و دادپەروەرانـە. حیکمـەت لـە پەلەکـردن لـە هەمـوو ئەمانـەدا بـە خێرایـی کۆتایـی هێنانـە بـەم کێشـانە و ڕزگارکردنـی هەزارەهـا خێزانـە لـەم هەمـوو نەبوونـی و

کوێرەوەریانـەی لێـی دەکەوێتـەوە، هەروەها بـۆ ئاگادارکردنـەوەی هاولاتیانە لەوەی، کـە ژیانییـان مسـۆگەر کـراوە لـە سـەردەمی کۆمـارە خۆشـگوزەرانەکەماندا. هــەر وەک دەبـێ ڕاسـتییەکی تـر لـە بـەر چاوبگریـن، کـە ئـەم ناوچەیـە کەوتۆتـە سـەر سـنووری عێـراق – ئێـران و دەکەوێتـە بـەر پڕۆپاگەنـدەی ژاوەژاوی کۆنەپەرسـتانەی ئێرانـی و لـە ڕێیـەوە ژەهـر بڵاودەکەنـەوە بـۆ هەڵخەڵەتاندنـی سـاویلکەکان و بـە لاڕێـدا بردنیـان بـەوەی کۆمـاری عێـراق چارەنـووس و ژیانیانـی بـەلاوە مەبەسـت نییـە.

مـن لێـرەدا کـە ئـەم ڕاسـتیانەم خسـتە ڕوو، تـکا لـە بەرپرسـان دەکـەم دەسـت بەجـێ دەسـت پێشـخەری چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە بکـەن بـە دۆزینـەوەی زەوی و هەلـی کار بـۆ جووتیارانـی دەربـەدەر و قەرەبوکردنـەوەی زیـان لێکەوتـوان و دروسـت کردنـی خانـوو بـۆ ئـەو جووتیارانـەی مـاڵ و شـوێنی حەوانەوەیـان ژێـر ئـاو کەوتـووە.

**خەبات ژمارە ١٤٦ لە ١٩٦٠/١/١٦.**

# نامەیەک لە برادەرێکمەوە

نامەیەکم لە برادەرێکی دڵسۆزەوە پێگەیشت، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە بواری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا کاریکردووە، بەتایبەتی لایەنی ئەدەبی وکلتووری ئەو بزووتنەوەیە، لەوێ شوێن پێیەکی بەنرخی بەجێهێشتووە، کە ناوی لە تۆماری هەڵسوڕاوانی ئەو بوارە نەمر دەکات لە خزمەتکردنی گەل و نیشتمان. ئەم برادەرە تا ئێستاش بەردەوامە لە تێکۆشان بە شێواز و بیرکردنەوەی خۆی بێ خۆ بێلایەن کردنی یان پشتگوێ خستنی بەرژەوەندی پێشکەوتنی نەتەوەکەی. ئەو لە پیاوە ئاینپەروەرە پێشکەوتنخوازەکانە، سەرباری پەرۆشی بۆ برایەتی کورد و عەرەب، تا ماوەیەکی کەم بەر لەئێستا ئەندام بوو لە حزبێکی دیموکراسی عێراقی، کە ڕابوردوویەکی شەرافەتمەندانەی لە تێکۆشانی نیشتمانییدا هەبوو، دوور لە تۆمەتبارکردنی بە ئینفیسالی (جوداخواز) بەڵام وادیارە بێزاربووە لە بیستنی وشەی ئینفیسالی وشۆڤینزم. بیانوی برادەرە بەڕێزەکەم ئەوەیە کە ئینفیسالیەت درۆیەکی ئیستعمارییە وەک ڕۆژنامەی خەبات خۆی باسی کردووە هیچ پاساوێک نییە بۆ ئاماژە کردن پێی، لەمەڕ شۆڤینیەتیش لەناو کوردەکاندا هەروا دەڵێت، وەک پێموایە سەرباری دژایەتی کردنی ئەم چەمکانە لەم دوایانەدا بۆی نووسیوم و لۆمەم دەکات لە سەر ئەوەی خەبات هێرشی کردۆتە سەر شۆڤینیزم وئینفیسالیەت.

ئەم برادەرە ئەدیبەم زۆر باش دەزانێت، کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، بە درۆ و بوختان و ئەو تۆمەتە بێبنەمایانە تۆمەتبارکراوە، بۆیە سەرسام دەبێت کاتێک ڕۆژنامەکە بە زمانی حزبەکەی ئەم شتانە بڵاودەکاتەوە، کە بەخەیاڵی و شارراوە و دور لە واقیع دادەنرێن بە پێی بۆچوونی ئەو.

هەرچەندە من دڵنیام، کە ئینفیسالیەت درۆیەکی ئیستعمارییە و بزووتنەوەی

شۆڕشـگێڕی نیشـتمانیی لـە عێراقـدا، دەسـت بەتاڵـە لـە هەمـوو جـۆرە تەوژمێکـی ئینفیسـالی وشـۆڤینییەت. بـەڵام خسـتنە ڕووی ئـەم ڕاسـتییە - ئـەوەی خەبـات کـردی- ئەمـە بـە خزمەتێـک دادەنرێـت بـۆ هەمـوو بزووتنـەوەی نیشـتمانیی لـە عێـراق و خـودی گەلـی کوردیـش. کاتێـک خەبـات ڕاسـتیی تۆنی(نغمـة) ئیسـتعمار بـڵاو دەکاتــەوە و ســەرچاوەکەی ئاشــکرا دەکا و دەمامکــەکان لەســەر ڕووی دوژمنەکانـی گەلـی کـورد و ئەوانـەی ئـەم جـۆرە تۆمەتـە بێبایـەخ و درۆ و دەلەسـە دیموکراسـیانە دروسـت دەکـەن، هەڵدەماڵـێ، دەبێتـە فاکتـەری یارمەتـی بـۆ ئەوەی مەیدانەکـە لـە کاریگـەری ئەمانـە گەسـک بـدا و ڕابماڵـێ، کـەش و هەواکـەش لـە ژەهرەکانــی پــاک بکاتــەوە کــە مایــەی شــلوێ کردنــی پەیوەندییــە برایەتییەکانــی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عەرەبـە، کـە گومـان لـە مـەرام و ئامانجەکانـی بزووتنـەوەی دیموکراسـی نەتەوەیـی کـورد دروسـت دەکات.

بـرادەر کاتێـک ئێمـە ئـەوە بڵاودەکەینـەوە، کـە ئـەم درۆیانـە ڕەت دەکاتـەوە و مەترسـی ئـەوە نیشـان دەدەیـن ئێمـە زیاتـر خزمـەت بـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی دەکەیـن لـەوەی ڕێگـە بدەیـن لـە مێشـکی هاوڵاتیانـی سـاویلکەدا بـڵاو ببێتـەوە و هێلانـە بـکات، کاتێـک جەخت لەسـەر مەترسـی شـۆڤینییەت و زەروریەتـی بەرەنگار بوونـەوەی دەکەینـەوە مەبەسـتمان شـەڕی شـۆڤینییەتە لەنێـو خەڵکـی عەرەبـی برا لـە عێـراق لـە لایـەک و داخسـتنی هەمـوو دەروازەکانـە بـە ڕوویـدا لـە دزە کردنـی بـۆ نـاو بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد- کـە ئێسـتا تیایـدا نییـە – لەلایەکـی تـرەوە و پاککردنـەوەی مێشـکی هەندێـک لـە خوێندەوارانـی کـوردە لـە هـزری دورە پەرێـزی کۆنینـە، کـە هەڕەشـە لـە بەرژەوەندییەکانـی گەلـی کـورد، هـەروەک هەڕەشـە لـە بەرژەوەندییەکانـی گەلـی عەرەبیـش دەکات.

مەبەســتی ڕۆژنامــەی خەبــات لەمــەدا پاراســتنی بزووتنــەوەی نەتەوەیــی پێشـکەوتنخوازی کـوردە لـە قڕێـژ وکاریگەرییەکانـی ئـەم جـۆرە تەوژمانـە و پێمواییە ئێمـە ئەرکێکـی نەتەوەیـی جێبەجـێ دەکەیـن، کـە هەمـوو کوردێکـی شـەرافەتمەند بــە برادەرەکەشــمەوە نابێــت دوودڵ بــن لــە ئەنجامدانــی، هــەروەک ئەرکێکــی

نیشـتمانیی و نەتەوەییـە بـۆ هەمـوو عەرەبێکـی شـەرافەتمەند کـە بـە پەرۆشـە بـۆ برایەتـی عـەرەب وکـورد. ئـەی هـەر وانییـە بـرادەرە ئازیزەکـەم؟

**خەبات ژمارە ١٤٧ یەکشەممە ١٧/کانوونی دووەم/١٩٦٠**

# برا مەسیحییەکانمان

لـە دێـر زەمانـەوە کۆمەڵێـک لـە بـرا مەسـیحییەکانمان، لـە کلـد وئاشـور و ئەرمەن لەگـەڵ کـوردە موسـڵمانەکان ژیـاون. مێـژووی مرۆڤایەتـی شـایەتی پاکیـی لاپەڕەی پەیوەندییەکانـی نێـوان کـوردە موسـڵمانەکان و بـرا مەسـیحییەکانیان دەدات، لـە سـەردەمی کۆنـدا کاتێـک ڕەگەزپەرسـتیی کوێرانـەی ئاینـی زاڵبـوو بەسـەر دڵ و دەرونـدا، بـرا مەسـیحییەکانمان چێژیـان لـە باشـترین جـۆری پەیوەنـدی و ڕێزگرتـن لـە کوردسـتان وەرگـرت، کـوردەکان بـەردەوام بـوون لـە مامەڵـە کـردن بـە میهرەبانـی لـە گەڵیانـدا کـە کاریگـەری باشـی لـە دڵـی بـرا مەسـیحییەکان بەجێهێشـت. مێـژوو و زۆرێـک لـە ڕۆژهەڵاتناسـانی ڕووس وئینگلیـز وفەڕەنسـییەکان شـایەتیی ڕاسـتی و دروسـتی ئـەم قسـانەی سـەرەوەن.

مەسـیحییەکان چوونەتــە پــاڵ بــرا موســڵمانە کوردەکانیــان دژ بــە ســتەمی عوسـمانی و فارسـی، چەندیـن جـار لـە مەیدانـی جەنـگ و نەبەردیـدا لـە شـەڕی شـەرەف و شـکۆمەندی، لـە شـەڕی ڕزگاربـوون لـە سـتەمی دڕندانـەی داگیرکـەران، خوێنیـان تێکـەڵ بـووە.

لـە شۆڕشـی نەتەوەیـی کـورد، شۆڕشـی شـەمزینان بـە ڕێبەرایەتی خوا لێخۆشـبوو شـێخ عوبەیدوڵـڵا لەسـاڵی١٨٨١ چەکدارانـی مەسـیحی شانبەشـانی کـوردەکان دژی کۆیلایەتـی بیانـی بەشـداربوون.

بـرا مەسـیحییەکانمان ڕۆڵـی شـەرافەتمەندانەیان لـە ڕاپەڕینـە شۆڕشـگێڕییەکانی بـارزان و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران گێڕا. دوای شۆڕشـی شـکۆدار لـە عێـراق زۆربەیـان چوونـە ڕیـزی حـزب و ڕێکخـراوە دیموکراسـییەکان لـە گـەڵ هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانی عێـراق لـە خەبـات کـردن بـۆ پاراسـتنی کۆمـاری هەمیشـەییمان و بەهێـز کردنـی سـەرکردایەتیی وڵات، سـەرکردایەتیی یەکخەرەوەی عێـراق عەبدولکەریـم قاسـم.

ئێستاش کە ناوەندە گەلێرییەکان خوازیاری پرۆژەی هاوبەشی و بەشداریکردنن لە ژیانی حزبایەتیدا، ئەرکی نیشتمانی لە هەموو تێکۆشەرە بە شەرەفەکان و برا مەسیحییە دیموکراتی خوازەکان لە کوردستانی عێراق دەخوازێ لەو ڕاستییە بگەن، کە حزبەکەمان حزبی ئەوانیشە، هەروەها خوازیاری یەکسانیان و پارێزەری ماف و داکۆکیکارە لە بەدیهێنانی هەموو داواکارییە ڕەواکانیان، لەپێشەوەی هەموو ئەمانەش ڕێز گرتنە لە ڕێوڕەسمە ئاینی و نەریتە تایبەتەکانیان و زامن کردن و دڵنیا بوونە لە یەکسانی تەواویان لەگەڵ سەرجەم هاوڵاتیانی تر لە ئەرک و مافدا.

بە دەق لە مادەی شەشەمی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، کە لە لایەن تێکۆشەری ناسراو مستەفا بارزانی و هاوڕێکانیەوە دراوە بە وەزیری ناوخۆ، هاتووە و باس لە تێکۆشان دەکات بۆ بە هێز کردنی برایەتی و دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب وپێکهاتە نەتەوەییەکانی وەک ئاشوریەکان و تورکمانەکان و ئەرمەنەکان و پێکهاتە ئاینی و ڕەگەزییەکانی دیکە و بەهێزکردنی یەکێتیی نەتەوەیی لەسەر بنەمای یەکگرتویی هەموو هێزەکانیان. هەروەک لە مادەی بیست و یەکیشدا هاتووە، کە خەبات دەکا بۆ زامنکردنی مافە کلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو پێکهاتانەی لە کوردستانی عێراقدا دەژین، بە کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان و زیندوکردنەوەی کەلەپوری نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانیان و دڵنیا بوون لە یەکسانی تەواویان لەگەڵ برا کوردەکانیان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووریدا.

بەم شێوەیە حزبەکەمان، حزبی پێشەنگی خەڵکی کوردستانی عێراق، داکۆکیکارێکی دڵسۆزی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو برا مەسیحییەکانمانە، هەروەک حزبی ئەوانیشە و زۆرێکیان دەمێکە درکیان بەم ڕاستییە کردووە و لە دەوری ئاڵا شەکاوەکەی حزبەکەمان کۆبوونەتەوە، کاتێک حزبەکەمان ئەم ڕۆڵە سەربەرزانە لە ئامێز دەگرێت داوا لە هەموو تێکۆشەرە دیموکرات

و پێشـکەوتنخوازەکانی بـرا مەسـیحییەکان دەکات لـە ژێـر ئـالاّی خەبـات کـردن بـۆ پاراسـتنی کۆمـاری هەمیشـەییمان و فـراوان کردنـی دیموکراسـییەت تیایـدا و زامـن کردنـی مافـی کـورد و سـەرجەم پێکهاتـە نەتەوایەتییـەکان کۆببنـەوە، ئـالاّی خەبـات کـردن بـۆ بەهێزکردنـی برایەتـی کـورد و عـەرەب و سـەرجەم نەتەوەکانـی تـر لـە ژێـر ڕابەرایەتـی عەبدولکەریـم قاسـمی سـەرکردەی تاقانـەی وڵات

**خەبات ژمارە (١٤٨) دووشەممە ٢٥/کانوونی دووەم/١٩٦٠**

# ئەو ڕوداوانەی لە یادەوەریدا دەژێنەوە

شـەمەندەفەرەکە بـە خێرایـی ڕێـی دەکـرد، پاڵکەوتنـی شـەوێکی خەمبارانـەی پایـزی کوردسـتانی دەگێڕایـەوە و بەقورسـی نمەنمـە بـاران دادەبـاری و منیـش لـە ژوورۆچکـەی شـەمەندەفەرەکە دانیشـتبووم، بیـر کردنـەوەی جۆراوجـۆر لـە خۆشـی و مـژدە بەخـش لـە مێشـکمدا گینگڵـەی دەدا، چونکـە ئەرکـی خۆمـم لـە گەشـتێکی دوور و درێـژدا بـە جێگەیاندبـوو، کـە لـە میانەیـدا سـەردانی زۆرێـک لەوڵاتانـی کەمپـی بەهێـزی سۆسیالیسـت و وڵاتانـی ئەوروپـای ئازادبـووی ئەوسـام کردبـوو، شـارەزاییم لـە ئەزمـون و خەباتـی گـەلان پەیـدا کردبـوو. هەروەهـا لـە بیرۆکـە ناخۆشـەکان بـەوەی پێشـبینی ئـەوەم دەکـرد کـە زیندانەکانـی نـووری سـەعید ئەمجارەیـان بـۆ ماوەیەکـی زۆر میوانداریـم بـکات، کـە چەندیـن جـار لێـی دەربـاز بوبـووم دوای بەسـەربردنی حەوانـەوەم کـە هەرگیـز چەنـد مانگێـک، لـە دەسبەسـەری یـان لەچاودێـری یـان دورخرانـەوەم تێنەپەڕیـووە.

لەنـاکاو هەسـتم بـە دڵخۆشـییەک کـرد، کـە لـە حـەز و پەرۆشـییەوە سـەرچاوەیان گرتبـوو بـۆ بینینـی بـرا تێکۆشـەرەکانم و گەڕانـەوەم بـۆ باوەشـی دایکـی خۆشەویسـتمان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق. ئـەم هەسـتە منـی بـە خەیاڵـەوە بـردەوە کەرکـوک، کـە گۆڤـاری ڕزگاریـی خۆشەویسـت لـەوێ بـە نهێنـی چـاپ دەکـرا و لەنـاو دێڕەکانیـدا ڕووناکییەکـی پڕتـەوداری لـە دڵـی هـەزاران لـە ڕۆڵەکانـی گەلـی کـورد دەدرەوشـاندەوە، گەرمیـی بـاوەڕی پتـەو بـە ڕەوایـی کێشـەکەمان وحەتمییەتـی سـەرکەوتن لـە دڵ ودەرونـدا دەدرەوشـێتەوە، دەڵێـم خەیـاڵ بـۆ ئەوێـی بردمـەوە، کـە دەتوانـم چەنـد دێڕێـک لـە بـارەی گەشـتەکەم کـە ئەوکاتـە ئەنجامدانـی ڕوداوێکـی دەگمـەن و بـە نـرخ بـوو، تـا بـرا تێکۆشـەرەکانم

بـە خەباتــی گــەلان و تێکۆشــانی لاوانــی لەپێنــاو پێشــکەوتن و بەدیهێنانــی ســەرکەوتن لــە زۆربــەی بوارەکانــدا شــارەزا بکــەم.

وەلــێ مــن لەنــاو کەشــی ئــەو خەیاڵــەدا ســەرقاڵبووم لــە دەرگا دانێکــی لــە ســەرەخۆی ژوورۆچکەکــە زنجیــرەی بیرکردنەوەکانمــی پچڕانــد و دواتــر دەرگاکــەی کــردەوە و کەسێک بــوو هاتــە ژوور و بــە تورکــی سڵاوی لێکــردم بــە نائاگایــی و بــە زمانــی کــوردی وەڵامــی ســەلامەکەیم دایــەوە. خوێنــەری ئازیــز لێــت ناشــارمەوە دەم و دەســت لــەو ســاتمە وهەڵەشــەییەی کــردم پەشــیمان بوومــەوە. دەڵێــم ســاتمە چونکــە لەنــاو ژوورۆچکەیەکــی شــەمەندەفەردابووم کــە بەخاکــی کوردســتانی بــە زۆر بــە تورکیــا لکێنــراودا دەڕۆیــی و پاسپۆرتــێکی ســاختەم هەڵگرتبــوو، کــە بەهۆیــەوە توانیبــووم ســنور ببــڕم و ئــەو گەشــتەمی پــێ ئەنجــام بــدەم. بۆیــە پێویســتم بەزیاتــر لــە خــۆ شــاردنەوە هەبــوو لــە دوژمــن. دواتــر بــە دوو ڕســتەی تێکشــکاوی تورکــی بەخێــر هاتنــی کەســی هاتــووم کــرد، خەیاڵێکــی تــاڵ و دڵتەنگانــەی پەیوەســت بــە شــەرم و هەســت بــە ســوکایەتی کــردن دایگرتمــەوە. چــۆن دەبــێ نەتوانــم لــە کوردســتان بــە زمانــی کــوردی بــە خێــر هاتنــی کەسێک بکــەم، کــە لەوانەیــە ئەویــش هــەر کــورد بێــت. خوێنــەر ئــەوە دەزانێــت کــە قســە کــردن بــە کــوردی لــە کوردســتانی بــە زۆر بــە تورکیــا لکێنــراو لەلایــەن فەرمانــڕەوا تۆرانییــە دڕنــدە کێوییــەکان بــە تــاوان لــە قەڵــەم دەدرێ یــان لانــی کــەم دەبێتــە مایــەی گومــان و چاودێــری کــردن لــە لایــەن پۆلیســی تورکــەوە کــە بــۆ ئازاردانــی دڕندانــە لەســەر دەســتی فاشســتەکانی ئەڵمــان و جێنشــینە خراپــە کارەکانیــان لــە کاســەلێس و چڵــکاو خۆرانــی ئیســتعماری ئەمریکــی ڕاهێنــراون.

جارێکــی تــر خەیــاڵ بردمیەوە. لــە زەینمــدا ڕیســوایی و تاوانــە دڕندانەییەکانی تۆرانییــەکان دەرهــەق بــە کــورد و کوردســتان و خەیاڵــی دیمەنــی ســەدان گونــدم دەکــرد، کــە کڵپــەی ئاگــر، دوای کوشــتنی گەنجەکانیــان بــە بۆمبــای فرۆکــە وگوللــە تــۆپ و ڕەشاشــەکان، ژن و پیــر و پەککەوتــە و منــاڵ تیایدا دەسوتا. ئەم

دیمەنانە – مستەفا کەمالی[1] – نیرۆنی سەردەمی دەهێنایە بەر چاوم کە قاقا بەم دیمەنە ئازار بەخش و ترسناکەکان پێدەکەنی، تارمایی سێدارەکان دەهاتنە بەر چاوم و پاڵەوانانی کوردستان پێیوە هەڵواسرابوون، خەیاڵی ئەو زیندانانەم دەکرد کە هەزارانی تیادا ئاخنراوە – بەخەیاڵ – دەمبینی ڕێچکەی کاروانی ئاوارەکان پاشماوەی ئەوەی پاش تالآنی نەوەکانی هۆلاکۆ بەجێمابوو، خستبویانە کۆڵیان و بەرەو قووڵایی نیشتمانی تورک ڕادەگوێزران تا لە بۆتەی تۆرانییەکان بتوێنرێنەوە و بکرێن بە تورک.

خەریک بوو بەخەیاڵ بگەمە جەرگەی شاخەکانی ئارارات و دەرسیم و ئاگری کە برا تێکۆشەرەکانمان تیایدا چەندین ساڵ درێژەیان بە شۆڕشە خوێناویەکەیان دا و لوتکەی ئەو شاخانە بە خوێنی پاک وئاڵیان ڕەنگڕێژکرابوو، کە تاجی سووری شەرافەتمەندانەی کردە بەر، نەک هەر ئەم شاخانە و بەس بەڵکو هەموو کوردستان. خەریک بوو دەگەیشتمە ئەو شوێنە، کە دووبارە میوانەکە بە دەنگێکی نووساو بە زمانی کوردی گوتی تۆ کوردی؟ خەڵکی کوێیت؟ کەرامەتم هانیدام بڵێم بەڵێ کوردی کوردستانی عێراقم، ئایا تۆش کوردیت؟ بەڕێچکە بەستنی فرمێسک بە چاوەکانیدا وەڵامی دامەوە بەڵێ برا منیش کوردی دیاربەکری جەرگەی کوردستانی بە تورکیا لکێنراوم. ئەو شارە کوردنشینە قارەمانەی کە شەهید بوونی دەیان سەرکردە و تێکوشەری بینیوە بەبێ هیچ تاوانێک جگە لە کوردبوونیان و داواکردنی مافی گەلەکەیان وەک هەموو گەلانی تر لە ئازادی و کەرامەت و ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی و ژێر دەستەیی و زۆری لە مەڕ ستەم و چەوساندنەوە بۆ باس کردم کە دووچاریان بووە و بێبەش بوون لە سەرجەم مافە مرۆڤایەتییەکانیان.

---

١–مستەفا کەمال ئەتاتورک ١٨٨١ – ١٩٣٨ یەکەم سەرۆک کۆماری تورکیا، نازناوی گورگەبۆر وباوکی تورکانە (ئامادەکار).

پاشـان بـە حەسـرەت هەڵکێشـانەوە کەوتـەوە قسـە و گوتـی ئێمـە لـەو وێس‌تگەیـە نزیـک دەبینـەوە کـە تیایـدا دادەبـەزم، خـوا حافیزیـت لێدەکـەم و بـە متمانـە کـردن بـە شـەرەف و نیهـادت کـە هەمـوو کـورد و عـەرەب و تەنانـەت هەمـوو پیاوچـاکان لەحەقیقەتـی پەرێشـانی حاڵمـان لـە ژێـر ستەمی تۆرانییەکانیـان پێبگەینـی. هەروەهـا داوای لێکـردم سـڵاوی هەمـوو بـرا کوردانـی کوردسـتانی بـە تورکیـا لکێنـراو بگەینمـە بـرا ئازادیخوازەکانیـان. بێدەنـگ بـووم چونکـە ڕوخسـارم کـە گوزارشـتی لـە ناخـی دڵـە پـڕ لەقینەکـەم دەکـرد بەرامبـەر ئیسـتعمار و داگیـر کـەران، پێـش زمانـم کەوتبـوو بـۆ گوزارشـت کـردن. ئـەو کاتـەی هاوڕێـی گەشـتەکەم ئامـادەی ڕۆیشـتن بـوو بـە گەرمـی تەوقـەی لەگـەڵا کـردم و بـە خێرایـی تێپـەڕی.

کـە شـەمەندەفەرەکە وەسـتا دابـەزی و ڕوویکـردە ژمارەیـەک لـە خەڵـک کـە لـە پێشـوازی ئـەودا وەسـتابوون و بەیەکـەوە ڕۆیشـتن بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە نازانـم کـوێ بـوو، بـەڵام سـەرنجەکانم هـەر چاودێـری دەکـردن تـا لەچاوانـم گـوم بـوون. زمانـی حاڵـم دەیگـوت سـوێند بـە خوێنـی شـەهیدە سـەربەرزەکان بەڵێنەکـەم دەگەینمـە جێ.

هەمـوو ئـەو ڕوداوانـەم هاتـەوە یـاد کاتـێ نزیکـەی بـەر لـە هەفتەیـەک گوێبیسـتی هەواڵـی گرتنـی خوێنـدکارە کوردەکانـم لـەو ناوچەیـەی هاوڕێکەمانـی تیـادا دابـەزی کەوتـە بـەر گـوێ، چونکـە لەپـۆل دا وەڵامـی مامۆسـتاکەیانیان داوەتـەوە و پێیـان ڕاگەیانـدوە کـە ڕەگەزنامەیـان کـوردە. بەڵـێ لەبـەر ئـەوەی بـە ڕاشـکاوی حەقیقەتـی خۆیـان گوتـوە وپێیـان گوتـوە کـە کـوردن، بۆیـە دەسـەڵاتداریەتی تورکـە تۆرانییـەکان ئـەم خوێندکارانەیـان خسـتۆتە زیندانـەوە، کـە تیایاندایـە لـە تەمەنـی گـوڵ دایـە، چونکـە کـوردن.

ئـای لـەو دیموکراسـییەتە ڕۆژئاواییـەی لەسـەر تازەتریـن شـێوازی ئەمریکـی و مۆدێلـی دیگۆلـی. ئـەی وانییـە سـەرکردەکانی دنیـای ئـازاد؟

**خەبات ژمارە (١٥٣) ٢٥/کانوونی دووەم/١٩٦٠**

# ئەوەی یەک لە برا گەنجەکان پێی گوتم

لە ناکاو دەرگای ژوورەکەمی کردەوە و بە دەنگێکی نزم و لەسەرەخۆ سڵاوی کرد و هاتە ژوورەوە، ئەو کاتە من سەرقاڵی هەڵگێڕ و وەرگێڕی گۆڤارێک بووم. بە وەڵامدانەوەی سەلامەکەی بەگەرمی دڵی ئاوی نەخواردەوە بۆیە بانگی کردم تا سەرنجم بەلای خۆیدا ڕاکێشی. کاتێ لە ڕوخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکەی ڕامام، کوڵمەکانی لەشەرمان سوور هەڵگەڕان، دوای ئەوەی بینیم هیوا بڕاوی و پەژارە لە ڕوخساریدا دەڕژێن و فرمێسک لە چاوانیدا قەتیس ماوە، هەرگیز ئارامی نەدەگرت و بە دەنگێک، کە سۆز و بەزەیی بجوڵێنی پێی گوتم، فلانی تاکەی ئاوا بمێنمەوە؟ وا چەند مانگێک تێدەپەڕێ، بۆ دەرباز بوون لە دۆزەخی عەبدولناسر[1] ڕامکردووە و سنورم بڕیوە و هاتومەتە عێراقی ١٤ی تەمموز بەبێ ئەوەی چارەنووسم دیاری بکرێ لە کاتێکدا وا ساڵ تێپەڕی و خوێندنەکەمم لە دەستدا و بە هۆی سەختی ژیانەوە ئازارم چەشت. ئایا ئەمە ماف و ڕەوایە لە شتێک، کە ئەو دەیڵێت و فرمێسک لە چاوەکانییەوە دەهات و بێدەنگ بوو، دوای ئەوەی فرمێسک ڕێی بە وشەکانی گرت نەیتوانی بەردەوام بێت لە گوزارشت کردنی ئەوەی دەرونی شپرزە کردبوو. خۆم بۆ نەگیرا، بۆیە ئازار و دڵتەنگیم لەگەڵی بەشکرد، و دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوانم هاتنە خوار، پاشان دامنیشاند و داوای چایەکم بۆ کرد و دەستم کرد بە ئارام کردنەوەی و نیشاندانی ئەوەی، کە خەباتەکە سەخت و درێژە، پڕە لە زەحمەتی و کیشە ، کە بە مەترسی و برسیەتی و ناخۆشی لە هەموو

١-١٩١٨-١٩٧٠ دووەم سەرۆکی میسر (ئامادەکار).

لایەکـەوە دەورە دراوە... ئـەو لایەنانـەی، کـە لـە ڕێـگای خەباتــی شۆڕشـگێڕانەدان دژی داگیــرکاری و کۆیلایەتــی، بــە تایبــەت گەلێــک کــە مــاف و بەشــێک لــە نیشــتمانەکەیان زەوت کرابێــت و ڕۆڵەکانیــان لــە هەمــوو مافێکــی مرۆیــی و نەتەوەیـی بێبـەش کرابـن. پێـم گـوت منیـش پەنابەرێکـی وەک تـۆ بـووم، بەرگـەی سـەختی و ناخۆشـیەکانی دووره ولاتیـم گـرت و وەک تـۆ ئازار و ناخۆشـیم چەشـت، تەنهـا کەمێـک زیاتـر لـە دوو سـاڵ لەمەوبـەر پەنابـەر بـووم لـە ولاتەکـەی تـۆ لـە سـوریای دیموکـرات، کـە قـەلای ئازادیخـوازان بـوو، قسـەی پێبڕیـم و گوتـی: بـەلام تـۆ پەنابـەری سیاسـییت وەرگـرت لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا، کەمتـر لـە ڕۆژەکانـی ئـەو مانگانـەی مـن لـە عێراقـی کۆمـاری و دیموکراتـی ئـازاد دا وەک خـاوەن کار بـە فەرمانگەکانـدا دەسـوڕامەوە و تـکام لـە خەڵکانـی بـاش دەکـرد یارمەتیـم بـدەن، بـەلام بێسـوود بـوو. قسـەم پێبـڕی و لـە درێـژەی چیرۆکەکەمـدا گوتـم: بەڵـێ مـن لـە سـوریا وەک پەنابەرێکـی سیاسـیی قبـوڵ کـرام دوای دوو ڕۆژ لـە دەسـتگیرکردن و چـوار ڕۆژ لـە ژێـر چاودێـری بـە چاکـە و یارمەتـی ئـەو ئەفسـەرە دانایـەی، کـە لــە پێنــاو ســوریایەکی دیموکراتــی ســەربەخۆدا، پیلانێکــی مەترســیداری دژ بــە سـوریای دیموکـرات ئاشـکرا کـرد، بەمـەش ڕێزێکـی زۆری هـاوڕێ ئەفسـەرەکانی لـە مـەر دڵسـۆزی و ئازایـی و لەخۆبوردەیـی بەدەسـت هێنـا، هەروەهـا بـە یارمەتـی و چاکـەی هەمـوو بـرا کوردەکانـی سـوریام. بـەلام ئـەو وەلامی دامـەوە و گوتـی: کاکە مـن نامـەوێ بـە چـاوت دابدەمـەوە، کـە براکانـم و براکانـت لـە نیشـتمانپەروەرانی کـورد لـە سـوریا چیـان بـۆ کردویـت واش مەزانـە مـن لـە بەرامبـەر ئـەو کارەی ئـەوان داوای شـتێک دەکـەم، بـەلام دەمـەوێ بـە ڕاشـکاوی ئـەوەت پـێ بڵێـم، شـتێک لـە دڵمـا کڵپـەی سـەندووە و سەرسـامی کـردووم بـەوەی چـۆن دەکـرێ بـۆ چەندیـن مانـگ لـە کۆمـاری دیموکراتـی ئـازاد دا بەمشـێوەیە بمێنمـەوە؟ ئایـا ئێـوە لـە دەسـتووری کاتـی خۆتانـدا ڕاتـان نەگەیانـدووە، کـە ئامـادەن داڵـدەی پەنابەرانـی ئازادیخـواز بـدەن؟ ئـەی مەگـەر لـە ولاتـی ئێـوەش ئەفسـەری دڵسـۆز و شـەرافەتمەند نییـە؟ بـرا کوردەکانمـان لـە عێـراق ئەفسـەری قارەمانیـان تیایـە، کـە

بەشـداری شۆڕشـیان کـردووە لـە ژێر سـەرکردایەتی سـەرکردەی مـەزن عەبدولکەریم قاسـم و ئەرکەکانییـان بـە ئازایەتـی و جوامێـری جێبەجـێ کـردووە. تاوێـک بێدەنـگ بـوو چاوەڕێـی وەڵامـی منـی دەکـرد، بۆیـە داوام لێکـرد مۆڵەتـم بـدات تـا داواکـەی دەگەینمـە بـرادەران، سـەرکەوتمە قاتـی دووەمـی ئاپارتمانەکـە، کـە بـرادەران لـەوێ دانیشـتبوون و کەوتمـە گێڕانـەوەی دۆخـی ئـەم گەنجـە تێکۆشـەرە و بـۆم بـاس کـردن، کـە دوو سـاڵ زیاتـرە لـە ئاهەنگێکـی بـوک گواسـتنەوەی برایەکـی خوێنـدکاری لـە قامیشـلۆ لـە سـەر ڕێـگای گەڕانـەوەم بـۆ وڵات چـاوم پێـی کەوتـوە و ناسـیومە، کـە لەگـەڵ ژمارەیـەک خوێنـدکاری تـری کـورد کـە هەموویـان لـە هەڕەتـی لاویـدا بـوون و پڕبـوون لـە پەرۆشـی و خوێـن گەرمـی و چالاکـی و نیشـتمانپەروەری و بوێـری لەگـەڵ وشـە ئاگرینەکانییـان، کـە دەریـان دەبـڕی ئازایەتیـان لـێ دەتـکا، باسـیان لـە پێویسـتیەتی یارمەتـی دانـی عێـراق و پێویسـتیەتی یارمەتیدانـی بـرا کوردەکانییـان لـە کوردسـتانی بـە تورکیـا لکێنـراو دەکـرد و سـروودی نیشـتمانیی و شۆڕشـگێڕانەیان بـە خوێـن گەرمـی گەنجانـەوە دەچـڕی. بـۆ بـرادەران درێـژەم بـە باسـکردنی دۆخەکەیـدا ئەوانیـش پێیـان ڕاگەیانـدم ئـاگاداری بکەمـەوە داواکارییـەک پێشـکەش بـە وەزیـری ناوخـۆ بـکات لەوانەیـە بەزەیـی بـۆ گەنجیەتـی ببـزوێ و مافـی ژیانکردنـی پێبـدات لـە سـایەی کۆمـاری ١٤ ی تەممـووزی هەمیشـەیی و تەواوکردنـی خوێندنەکـەی و بڕیـاری بـۆ بـدات وەک پەنابەرێکـی سیاسـیی بژێـت بـە تایبـەت ئـەو کـە لـە سوریاوە دەربـەدەر و ڕاونـراوە بـە هـۆکاری بەرگریکردنـی لـە عێـراق و عەبدولکەریمـی تاکـە سـەرکردەی و بەگژداچوونـی ئەوانـەی ستایشـی پیلانگێڕەکانییـان دەکـرد، بۆیـە پەرۆشـەکەمان پەرۆشـییە کوردانەییەکـەی هانیـدا وتـاف بـۆ کەوتنـی پیلانگێڕەکان و ژیانـی پاڵەوانـی ڕاسـتەقینەی عێـراق عەبدولکەریـم قاسـم بکێشـێ، کـە بـووە هـۆی دەرکردنـی لـە خوێنـدن و ڕاوەدوونانـی لـە لایـەن پۆلیسـەوە..کاتێ دابەزیـم و چوومـەوە لای و داوام لێکـرد داواکارییەکـی نـوێ پێشـکەش بـکات بـە نائومێدییـەوە هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و گوتـی داواکاری چ سـوودی هەیـە؟

چەندیـن داواکاریـم پێشـکەش کـردووە هیـچ سـوودی نەبووە بـۆم بۆ پاراسـتنم لەو ئـازارە دەرونییـەی دەیچێـژم. پێمگـوت تـۆ بەخشـندەی عـەرەب و کـوردت هەیـە، ئـەو پاڵەوانـەی کـە شۆڕشـی بەرپـا کـرد بـۆ یارمەتـی دانـی سـتەملێکراوان و ڕزگار کردنـی گـەل لـە کۆیلایەتـی و ئیسـتعمار، ئـەو پاڵەوانـەی بـەردەوام ڕایگەیانـدووە، کـە عێـراق وەک پەناگەیەگـی ئازادیخـوازان دەمینێتـەوە و ڕاسـتگۆییانە وتویەتـی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ سـوریا بـە هێـزە، کـە لەوێـدا بـرای عەرەبـی ڕەسـەن و بـرا کـوردە نەجیبزادەکانمـان هـەن و ئێـوە یەکێکـن لـەوان، ئـەی ئـەوە بـەس نییـە، کـە عەبدولکەریـم قاسـمت هەبـێ؟ لـە قسـە بـۆ کردنـی بـەردەوام بـووم گوتـم: بـڕۆ لای وەزیـری ناوخـۆ و کێشـەکەتی بـۆ ڕوون بکـەرەوە، بۆیـە گومانـی تێـدا نییـە لـەو مەینەتییـەی تێیکەوتویـت ڕزگارت دەکات، بۆیـە ڕۆیشـت بـۆ پێشکەشـکردنی داواکارییەکـە و ئەرکـی ڕونکردنـەوەی کێشەکەشـی بـۆ مـن هێشـتەوە، کـە لەسـەر لاپەڕەکانـی خەبـات ڕوونـی بکەمـەوە .

**ژمارە (١٥٧) لە ١٩٦٠/١/٢٩**

# نموونەیەکی پەروەردەی تۆرانییەت لە عێراقدا

ئـەو کیژۆڵەیـەک بـوو کـە هێشـتا هەشـت بەهـاری لـە تەمـەن تێنەپەڕاندبـوو، لـە دایـک و باوکێکـی هـەژار لـە گونـدی خـۆران کـە کەوتۆتـە ناوچـەی خۆشـناوەتی لـە لیـوای هەولێـر، هاتۆتـە دنیـا. دایـک و باوکـی دوو کـوردی ڕەسـەن و پوخـت، کـە وەک زۆرینـەی زۆری خەڵکـی لادێکانـی کوردسـتانی عێـراق، تەنهـا زمانـی کـوردی دەزانـن، کـە شـتێکیان دەربـارەی تۆرانییـەت یـان تورکیـا، جگـە لـە سـتەم و تاوانـکاری کـە دار و دەسـتەی باڵادەسـت لـە تورکیـا دەرهـەق بـە کـورد ئەنجامیـان داوە و زیاتـر لـەو چیرۆکـە کۆنانـەی لـە مـەڕ ژیانـی سـەخت و تاڵـی بـاوک و باپیرانیـان لـە ژێرسـتەمی عوسـمانییەکان بـەولاوە نەبیسـتوە. ئـەوەی وشـەی تورکیـا یـان تـورک لـە یادەوەریانـدا دەیوروژێنـێ، نەهامەتـی و قـات و قـڕی و برسـیەتی سـەفەر بەرلکـە[1].

دایـک و باوکـی پیـرۆز هـەژار و سـتەم لێکـراو بـوون و نەیاندەتوانـی بەرگـەی برسـیەتی نادادپەروەریـی دەرەبەگـەکان بگـرن، بۆیـە گوندەکەیـان بەجێهێشـت و ناچاربـوون پیـرۆز لـە ماڵـی فەرمانبەرێـک دانێـن، کـە ئەویـش سـپاردیە ماڵـی کەسـێکی دەسـت ڕۆیشـتوو لـە کەرکـوک لەوانـەی بـە بنەچـە کـوردن، بـەڵام ئـەم خێزانـە نکۆڵیـان دەکـرد لـەوەی کـە کـوردن و کەوتبوونـە ژێـر کاریگـەری بیـری تۆرانییەتـی نوقـم بـووی کۆنەپەرسـتی و شـۆڤینییەت و دەمارگیریـی قێزەونـی کوێرانـە. ئـەو خێزانـە – بەبنەچـە کـوردەی – نکۆڵیـان لـە نەتەوەکەیـان دەکـرد،

---

١-واتـە نەفیـر عـام، محەمـەد رەشـاد، سوڵتانی عوسـمانی سـاڵی ١٩١٤ فەرمانێکی دەرکرد تیایدا هەمـوو لـە دایـک بووانـی نێـوان ١٨٩٦-١٨٨٢ لـە سـەر زەمینـی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە موسـڵمان و نـا موسـڵمان داواکـراون بچنـە خزمەتـی سـەربازی زۆرەملێیـی (ئامـادەکار).

ئیمـڕۆ بـە کۆڵەگـە و پاڵپشـتێکی پتـەوی تۆرانییـەت دەژمێردرێـن، کـە خـاوەن خەسـڵەتێکی فاشسـتانە و دژ بـە کـورد و عـەرەب و کۆمـاری عێراقـە و لـە هەوڵـی داماڵینـی کوردسـتانی عێراقـن لـە کۆمـارە هەمیشـەییەکەمان بـۆ ئـەوەی بیخەنـە سـەر تورکیـای نیشـتمانیی جوڵانـەوەی تۆرانییەتـی دایـک.

خێزانەکـە دەسـتیان بـە بەخێوکـردن و پەروەردەکردنـی ئەو منداڵە کـوردە تۆرانییە کـرد هاوشـێوەی کوڕەکانـی خۆیـان بەئەنـدازەی ئـەوەی مێشـکی وەریدەگـرێ فێـری بنەماکانـی تۆرانییەتیـان کـرد تـا وایلێهـات – ئـەو راسـتییەش دەگوتـرێ – مناڵێکـی پـەرۆش بـۆ تۆرانییـەت و مێشـک ئـاودراو بەهەنـدێ لـە بیرۆکەکانـی _ زیاتـر لـەوەی تەمەنـی دەرفەتـی قـوڵ بوونـەوەی تیـادا دەدا – ئـەو دان بەوەدانانـێ کـە نەتەوەیـەک هەبـێ بگاتـە ئاسـتی تۆرانییـەت، تۆرانییـەت لـە دیـد و تێڕوانینی ئـەودا باشـترینی نەتەوەکانـە لەسـەر گـۆی زەویـدا، بـەڵام عـەرەب ئـەوە پیـس و شـەڕانگێزن، کوردیـش بـە هیـچ شـێوەیەک لـە سـەر ڕووی زەوی بوونیـان نییـە، چونکـە ئـەوان تورکـن و لـە چیاکانـدا دەژیـان بۆیـە زمانەکەیـان گـۆڕا و بـوو بـە زمانـی کـوردی، وەک ئـەوان بـە درۆ و بوختـان بـە دەسیسـەی عەرەبەکانـی دوژمنایەتـی تـورک دەکـەن دەیڵێـن و دەرسـی ئـەم تورکـە شـاخاویانەیان داداوە، کـە بڵێـن ئێمـە کوردیـن و تـورک نییـن.

گوێـم بـۆ قسـەکانی ئـەم کچـە بچکۆڵەیـە ڕادێرابـوو کـە توتـی ئاسـا، بـەڵام بـە دڵنیایـی و پەرۆشـییەوە، دووبـارەی دەکـردەوە و سـووربوو لەسـەر ڕاسـتی و دروسـتی ئـەوەی دەیڵێـت و مشـتومڕی لەگـەڵ ئـەو کەسـایەتییە کۆمارییـە گەورەیـەدا دەکـرد، کـە ئـەو خەریکـی نۆکەرایەتـی کردنـی بـوو. سـەرم سـوڕمابوو لـەکاری ئـەو منداڵـەی کـە لەسـەر دەسـتی هەڵگرانـی بیرۆکـەی تۆرانییـەت بـەم ڕوحیەتـە پـەروەردە کـراوە.

دەسـتم کـرد بـە مشـتومڕکردن لەسـەر بیرۆکەکانـی ئـەم کچـە، کـە هـەر لـە سـەرەتاوە ڕەتـی دەکـردەوە بـاوەڕ بـەوە بـکات مـن تۆرانیبـم، بەبـێ هیـچ هۆکارێک جگـە لـەوەی کـە هاتـووم بۆماڵـی ئـەو کەسـەی ئـەو نۆکەرایەتیـان دەکات، کـە

تۆرانییـەکان ناتوانـن سـەردانی بکـەن، هـۆکاری ئەمـەش ئەوەیـە، کە ئەو سـەرکردە عەبدولکەریـم قاسـمی خۆشـدەوێت. ئـەم کچـە تەنیـا بـە پێـوەری تۆرانییـەکان دڵسـۆزی مـرۆڤ و میهرەبانـی و نیشـتمانپەروەرییەکەی پێوانـە دەکات. ئەگـەر بیـەوێ چاکـە و میهرەبانـی مـرۆڤ بزانێـت ئـەوە لەپێشـەوە لێـی دەپرسێ ئاخـۆ عەبدولکەریـم قاسـمی خۆشـدەوێت؟ ئەگـەر وەڵامەکـەی بـە ئەرێنـی بـوو، ئـەوە دەزانێـت مرۆڤێکـی خـراپ و شـەڕانگێزە چونکـە (باجیبەکـەی) یـان دایکـە فـلان وای فێرکـردووە، کـە تەنهـا پیـاوە خراپەکانـن زەعیمیـان خۆشـدەوێت، بـەڵام پیـاوە باشـەکان تورکیـا و جـەلال بایـار[٢] و باوکـی هـەرە گـەورە مسـتەفا کەمـال – یـان خۆشـدەوێت.

بـەم شـێوەیە ئـەم منداڵـە بەخێوکـرا و گـەورە کـرا کـە چارەنـووس فڕێیدایـە ماڵـی یەکێـک لـە تۆرانییـە توندڕەوەکان و بـەم بیرۆکـە تاریـک و ڕەشـانە مێشـکە بچوکەکـەی پڕکرابـوو، ئەمـە نموونـەی پـەروەردەی تۆرانییەتـە لە عێراقـی کۆماریدا، بـەم شـێوەیە چەتـە تۆرانییـەکان بـۆ خراپـەکاری دەسـت لـە زەوی دەکوتـن و بـەم شـێوەیە پاکییەتـی مێشـکی ئـەو هەرزەکارانـەی بـە هـەر شـێوەیەک پەیوەنـدی بـەو بەرەڵایانـەوە بکـەن ژەهـراوی دەکـەن.

**خەبات ژمارە ١٥٨ لە ١٩٦٠/١/٣١**

---

٢-مەحمـوود جەلالەدیـن بایـار ١٨٨٣ – ١٩٨٦ سـێیەم سـەرۆک کۆمـاری تورکیـا لـە مـاوەی ١٩٥٠ – ١٩٦٠ (ئامـادەکار).

# ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە لە پێناویدا تێکۆشاین

ئـەم ڕۆژەی کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە ئاشـکرا دەرکـەوت، بـە ڕۆژێکـی گـەش و پڕشـنگدار دادەنرێ، ڕۆژێکـە هەموومـان چاوەڕێمـان دەکـرد تێدەکۆشـاین و جەمـاوەری خەڵکـی کوردسـتان بـێ چـاو پۆشـیکردن خەباتیـان بـۆ دەکـرد لـە پێنـاو ئـەوەی پێـی بگەیـن و چاومـان پێـی بکەوێـت.

ئـەم ڕۆژە پڕشـکۆیە ئاواتـی مـن بـوو، لـەو ڕۆژەوەی کـە چوومـە نـاو حزبـەوە لـە سـاڵی ١٩٤٦ ئـەو کاتـە کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان لـە مەهابـاد لـە ئارادابـوو ڕۆژنامــەی کوردســتانی زمانحاڵیــم دەخوێنــدەوە، هەروەهــا ڕۆژنامــەی نهێنــی ڕزگاریـم دەخوێنـدەوە، کـە بـە دڵسـۆزییەوە بەرگـری لـە مافەکانـی خەڵـک دەکـرد و ڕێـگای ڕۆشـن دەکـرد بـۆ ئـەوەی خەڵکـی خەباتێکـی پاڵەوانانـە و شۆڕشـگێڕانە لـە دژی ئیسـتعمار و بەکرێگیراوەکانـی بکـەن و بـۆ ئـەوەی مافەکانـی خەڵـک لـە داگیرکـەران بسـەننەوە.

دەڵێــم گەیشــتنم بــەو ڕۆژە ئاواتــی مــن و ســەدان هــەزار لــە جەمــاوەری کرێـکاران و جووتیـاران و کاسـبکار و خوێنـدکاران و ڕۆشـنبیران و سـەرجەم خەڵکـە بەشـەرەفەکە بـوو، بـەو پێیـەی هەنگاوێکـی گـەورە و خاڵـی وەرچەرخـان بـوو لـە خەباتــی ژێــر زەمینییــەوە بــۆ خەباتــی ئاشــکرا.

مــن نهێنییــەک لــە ئێــوەی خوێنــەری خۆشەویســت ناشــارمەوە کاتێــک دەڵێــم ئەگەرچــی بــاوەڕی تــەواوم بــە ســەرکەوتنی گــەل بەســەر دوژمنەکانییــدا و حەتمیەتیــی کەوتنــی ئیســتعمار و بەکرێگیراوانــی هەبــوو، هــەر ئــەو بــاوەڕە پتـەوەش بـوو، مـاوەی چـواردە سـاڵی ڕابـردوو لـە حزبـە شـکۆدارەکەماندا خەباتـم کـرد، بـەڵام هەرگیـز ئەوەنـدە بـە خێرایـی خەیاڵـی کەوتنـی ئیسـتعمار و هاوپەیمان و هـاوکار و پیلانگێڕییەکانیـم نەدەکـرد بـەو شـێوەیەی لـە بەرەبەیانـی ڕۆژی ١٤ی

تەمموز کەوت، بە فەزڵی شۆڕشی شکۆداری عێراق، کە لە لایەن سەرکردەی پاڵەوان عەبدولکەریم قاسمەوە ڕەنگڕێژ کرابوو و تەقیەوە. تەنانەت خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە کەوتنی ئەو و بەکرێگیراوەکانی پێویستی بە شۆڕشێکی خوێناوی هەیە، کە خوێنی زۆری تیادا دەڕژێ، خوێنی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق، خوێنی کوڕانی کوردستان لە لوتکەی شاخە سەر کەشەکان و پێدەشتەکاندا، خوێنی ڕۆڵەکانی گەلی عەرەبی خانەدان لە دەشت و دۆڵەکانیدا.

بەڵام شۆڕشی سوپا و خەڵک و شۆڕشی سەرکردە جوامێرەکە، ئەم ڕۆژە شکۆدارەی نزیک کردەوە و ئەو خوێنە پاکەی پاراست کە باجی ئازادی سەپاندبووی بە سەر خەڵکی تێکۆشەردا، کەواتە هەزار سوپاس بۆ سەرکردە و بۆ ئەو شۆڕشەی دەسەڵاتی داگیرکاری شاهانەی کۆنە پەرستی تەفر و توناکرد. کاتێک ئەم دێڕانە دەنووسم ئەو ڕۆژانەم بیر دێتەوە کە هەموومان لە چەوساندنەوە و تۆقاندن و توند و تیژییەی لەسەر دەستی فەرمانڕەواکانی سەردەمی بەسەر چوو و کاسەلێسانی ئەفسەرانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری لەو کاتەدا دەمان چەشت.

ئەو ڕۆژانەم بیر دێتەوە، کە حزبەکەمان و ئەندامانی جارێک بە شیوعی و جارێکی تر بە ئینفیساڵی تۆمەتبار دەکران، زۆربەی جارەکانیش بە شیوعی و ئینفیساڵی بە یەکەوە تۆمەتبار دەکران. نارەزایەتی یەک لە فەرمانڕەواکانی بەغدام بیر دێتەوە، سەرباری کۆنەپەرستی و گوێڕایەلی بۆ پۆلیس، بە یەکێک لە شایەدەکانی گوتبوو، چۆن دەتوانرێ سازان لە نێوان ئینفیساڵی و شیوعی بە یەکەوە بکرێت.

ئەو ڕۆژانەم بیرە، کە ئێمە بە دەستی لێکۆڵەرەوەکان و پۆلیسی (بەهجەت ئەلعەتییە) و (نایل حاجی عیسا) جۆرەها تۆقاندن و ئەشکەنجە و سوکایەتیمان پێدەکرا بەبێ هیچ هۆکارێک جگە لەوەی کە ئێمە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین، کە ئیمڕۆ لە ڕۆژنامەی خەبات بە ئاشکرا باسی دەکەم.

لە ڕاستیدا ئەم ڕۆژە شکۆدار و مێژووییە، چۆن نا، کە درێژکراوەی ڕۆژی

چـوارده‌ی ته‌ممـووزه‌، هه‌روه‌هـا درێژكـراوه‌ی ئـه‌و ڕۆژانه‌یـه‌ كـه‌ تیایـدا خه‌ڵكـی عێـراق، كرێـكاران، جووتیـاران، كاسـبكاران، خوێنـدكاران، وهه‌مـوو چیـن و توێـژه‌ نیشـتمانییه‌ دڵسـۆزه‌كان تێده‌كۆشـان وقوربانییـان ده‌دا بـۆ به‌دیهێنانـی ئامانجه‌كانـی. به‌ڕاسـتی درێژكردنـه‌وه‌ی ئـه‌و ڕۆژانه‌یـه‌، كـه‌ سـه‌ركرده‌یه‌كی دڵسـۆز شـه‌و و ڕۆژ و هه‌مـوو خوله‌كێـك پلانـی داڕشـتووه‌ بـۆ ڕوخاندنـی ئـه‌و حكومه‌تـه‌ی جگـه‌ لـه‌ مه‌ینه‌تـی وڕیسـوایی بـۆ خه‌ڵكـی عێـراق هیچیتـری به‌رهـه‌م نه‌هێنـاوه‌. ئه‌مـه‌ ڕۆژێكـی پڕشـنگدار و ڕووناكـه‌، كـه‌ تیایـدا لاپه‌ره‌یه‌كـی نـوێ لـه‌ مێـژووی گه‌لـی كـورد ده‌سـت پێـده‌كات، كـه‌ پـڕه‌ لـه‌ پاڵه‌وانیه‌تـی و شـكۆ و قوربانیـدان، ئـه‌م ڕۆژه‌ خاڵـی وه‌رچه‌رخانـه‌ لـه‌ خه‌باتـی گه‌لـی كـورد لـه‌ نهێنییـه‌وه‌ بـۆ خه‌باتـی ئاشـكرا، لـه‌ ژێرزه‌مینیـی و ژێرزه‌مینه‌كانـه‌وه‌ بـۆ ئاشـكرایی و كاركردنـی ده‌سـت لـه‌ نـاو ده‌سـت له‌گـه‌ڵ حكومه‌تێكـی نیشـتمانیی دڵسـۆز، كـه‌ بـاوه‌ڕی بـه‌ بنه‌ماكانـی دیموكراسـییه‌ت و مافـه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كانـی گه‌لـی كـورد هه‌یـه‌، كـه‌ خوێنـی ڕۆڵه‌كانیـان له‌گـه‌ڵ گه‌لـی عه‌ره‌بـدا ڕشـتووه‌ لـه‌ خه‌باتـی هاوبه‌شـیاندا دژ بـه‌ ئیسـتعماری دوژمنـی هاوبه‌شـیان. دوای ئـه‌وه‌ی ئێمـه‌ بـه‌ وریـا و بـه‌ ئاگابوویـن بـۆ خۆپاراسـتن لـه‌ چـاوی پیاوانـی وه‌زاره‌تـی ناوخـۆ و لـه‌ چـاوی خیانه‌تكارانـی وه‌ك (نـووری سـه‌عید قـه‌زاز) و (عومـه‌ر عه‌لـی) و ئه‌وانـی دیكـه‌، ئێسـتاش بـه‌ ئاشـكرا كارده‌كه‌یـن ئـه‌وه‌ی لـه‌ ده‌رونیشـمان دایـه‌ لـه‌ سـه‌ر ڕووی لاپه‌ڕه‌كانـی خه‌بـات ده‌ینووسـین. وه‌زاره‌تـی ناوخـۆش لـه‌ سـه‌رده‌می كۆمـاره‌ به‌شـه‌وقه‌كه‌مان هاوكاریمـان ده‌كات له‌سـه‌رویانه‌وه‌ (ئه‌حمـه‌د محه‌مـه‌د یه‌حیـا)، كـه‌ ڕه‌زامه‌نـدی نوانـد بـه‌ ده‌ركه‌وتنـی حزبه‌كه‌مـان بـۆ نـاو جه‌مـاوه‌ر بـه‌ كـردار و چالاكییـه‌ جه‌ماوه‌رییه‌كانـی.

بۆیـه‌ ئـه‌م ڕۆژه‌ شـایه‌نی ئه‌وه‌یـه‌ كـه‌ مـرۆڤ به‌ڵێنـی پاراسـتنی كۆمـاری عێـراق لـه‌ ژێـر سـه‌ركردایه‌تی سـه‌ركرده‌ عه‌بدولكه‌ریـم قاسـم نـوێ بكاتـه‌وه‌ و خه‌باتـی دژ بـه‌ ئیسـتعمار و پیلانه‌كانـی چڕتـر بكاتـه‌وه‌ لـه‌دژی ئه‌وانـه‌ی كـه‌ ئـاره‌زووی بـه‌ تـالان بردنـی خێـر و بێـری وڵاته‌كه‌مـان ده‌كـه‌ن و برایه‌تـی كـورد و عـه‌ره‌ب بكه‌یـن بـه‌و تاشـه‌ بـه‌رده‌ به‌هێـزه‌ی كـه‌ پیلانگێـڕی و پیلانه‌كانـی له‌سـه‌ر تێكده‌شـێ و وردوخاش

دەبێ، بۆ پتەوکردنی ڕێبازی دیموکراسی کۆمارەکەمان و بەرەو پێش بردنی ڕوە و داهاتوویەکی باشتر بۆ ژیانێکی ئازاد وشکۆدار بۆ گەلی عێراق. خوێنەرانی خۆشەویست داوای لێبوردنتان لێدەکەم، دەمتوانی هەموو یادەوەرییەکانی ڕابردوو و ڕامانەکانی داهاتووتان بخەمە بەردەم، بەلاّم بەر لەوەی ئەم دێڕانە تەواو بکەم، دڵنیاتان دەکەمەوە کە من لەشادی و دڵخۆشییەکی گەورە دام، نەک تەنها بۆ دەرکەوتنی حزبمان بە ئاشکرا، بەڵکو بۆ دەرکەوتنی حزبە نیشتمانییەکانی دیکەش، دوای ئەوەی ئەم حزبانە بۆ چەندین ساڵ لە دژی ئیستعمار و کۆنەپەرستان تێکۆشانیان کرد لە پایدا بە دەستی پیاوانی فەرمانڕەوای لە ناوچوو دوچاری تۆقاندن وچەوسانەوە بوبوون.

**خەبات ژمارە ١٦٧ چوارشەممە ١٠ی شوباتی ١٩٦٠**

# نامەیەک ونامیلکەیەک

لــە نێــوان ئــەو بابەتانــەی ئــەو هەفتەیــەی ڕۆژنامــەی تیــادا دەرنەچــوو، دوو شــت لەوانیتــر زیاتــر ســەرنجیان ڕاکێشــام. یەکەمیــان نامیلکەیەکــی شــیعری تورکــی بــوو، نموونــەی شــیعری شــاعیرانی نوێخــوازی تورکــی، کــە ڕێبــازە ئەدەبییــە جۆراوجۆرەکانــی گرتبوەخــۆ. دووەمیشــیان نامەیــەک بــوو لــە تورکیــاوە.

کۆمەڵــە شــیعرەکە لــە فەرمانگــەی پاشــکۆیەتی ڕۆژنامەوانــی تورکــی لــە بەغــداوە نێردرابــوو، نامەکــەش لەلایــەن خوێنەرێکــی ڕۆژنامــەی خەبات لــە تورکیــاوە هاتبوو، ئــەو کەســەی ناردبــووی پارێــزی ئــەوەی کردبــوو، کــە ئیمــزای خــۆی نەخاتــە ســەر و لەڕێــی پۆســتەوە نەینێــری بۆیــە بــە درەنگــەوە گەیشــتبوو. بەلانــی کەمــەوە لەدیدی مــن، ئــەوەی نامەکــە و نامیلکەکــە لێــک نزیــک دەکاتــەوە، تەنیــا ئــەوە نییــە کــە نامەکــە لــە ســەرچاوە و شــوێنی چەپکــە شــیعرەکانەوە هاتــووە و بــەس، بەڵکــو پەیوەندییەکــە لــە نێوانیــان زۆرتــر و بــە هێزتــرە، نامەکــە وردەکاری ئــەو هەڵمەتــی ڕاوەدونــان و گرتنــەی گرتۆتەخــۆ، کــە بــەم دواییانــە لــە تورکیــا بەڕێــوە چــووە، هەروەهــا نــاوی زۆرێــک لــە وانــەی دەســەڵاتدارانی تــورک لــە مــاوەی دوو مانگــی ڕابــردوو فڕاندویانــن و خســتویانەتە زیندانــە ســەربازیە تۆقێنەرەکــەی ئەســتەمبووڵ بەبــێ ئــەوەی کەســێک، تەنانــەت کــەس و کار و خێزانەکانیشــیان هیــچ دەربــارەی چارەنووســیان بزانــن. نووســەر بــاس لــەوە دەکا زیندانیکردنــی ئــەم کەسانە بەهــۆی بەشــداری کردنیــان نەبــووە لــە هیــچ چالاکیەکــی دژ بــە کۆمــاری تورکیا و ســەرباری پشــکنینی ورد بۆیــان، هیــچ شــتێک لایــان وەک بەڵگەنامــە نەدۆزراوەتــەوە تــا بکرێــت بــە بیانویــەک بــۆ ســەلماندنی تۆمەتــی جیاجیــا لــە دژیــان.

جەخــت لــەوە دەکاتــەوە کــە هــۆکاری ئاشــکرا و نهێنــی گرتنەکەیــان ئەوەیــە کــە کــوردن و شۆڕشــی چــواردەی هەمیشــەیی لــە عێراقــدا هیوایەکــی لــە دڵ و

دەرونیانـدا ژیاندۆتـەوە، کـە دەسـەڵاتدارانی تورکیـاش پەنـد لـە ڕوداوەکانـی عێـراق وەربگـرن و بێنـەوە هـۆش خۆیـان لـە ڕەفتـارە زۆردارانەکەیـان بەرامبـەر بـە کـورد و دان بــە بوونیــان دابنێــن و واز لــە ئەفســانەی – تورکــی شــاخاوی – بهێنــن و ڕێگەیـان بـدەن زمانـی نەتەوایەتیـی خۆیـان بـەکار بهێنـن، کـە یاسـاکانی مافـی مـرۆڤ بـۆ سـەرجەم مرۆڤایەتـی دانـی پیانـاوە. نووسـەری نامەکـە بـەوە کۆتایـی پێدەهێنـێ کـە دەڵـێ: هیواکانیـان لـە بەرەنجامـی ئـەم گرتنانـەی دوایـی هەرەسـی هێنـا، دووبـارە جەختیـان لەسـەر ئـەوە کـردەوە کـە ڕزگاری گـەلان تەنیا بـە زاڵبوون بەســەر ئیســتعمار و بەکرێگیــراوە کۆنەپەرســتەکان دێتــە دی و بێهودەییــە کــە گەلێـک ئاواتـی چاکـە لەسـەر دەسـتی کەسـێک بخوازێـت کـە هـاوکار و پشـتیوانی داگیرکەرانـە بەسـەر گەلەکەیـدا.

بـەڵام کۆمەڵـە شـیعرەکە، کـە وەک چەپکێکـی بچکۆڵەیـە لـە باخچەیەکـی پـڕ لـە –گـوڵ و ڕەیحـان – شـیعری وای گرتۆتەخـۆ نیشـتمانپەروەری و پەرۆشـی تیـادا دەدرەوشــێتەوە. لەوانــە چامــەی شــاعیری گــەورەی نیشــتمان (نامیــق کەمــاڵ) کەتیایـدا دەڵێـت:

نائومێد مەبن لەوەی ئێمە شەڕی ئازادی دەکەین و
کێڵگەکەی بە ترسناکییەکانی ئاگر کڵپەی سەندووە
ئاخۆ پاڵەوانێکی بەخشندە مەیدانی شانازی چۆڵ دەکا
بۆئەوەی تاقە گیانێک ڕزگاری بێت
پەتی جەللادی بکوژ....گوریسی سفت کە گیان دەکێشێ
هەزارجار لە زنجیری دیلی پەسندترە.

وە چامـەی شـاعیر (محەمـەد ئەمیـن) بـە ناونیشـانی – لێمگـەڕێ هـاوار بکـەم – تیایـدا دەڵێـت:

بۆ ئەوە لە دایک بووم تا تۆڵە بۆ ستەملێکراو بکەمەوە
لەوانەیە ئاگر پژێن دابمرکێ بەڵام ئاگری دەرون خامۆش نابێت.

هەروەهـا شـیعرەکەی (محەمـەد عاکیـف)، کـە لـە سـروودی ئـازادی وەرگیـراوە

و بەمـە دەسـت پێـدەکا:

من لە ئەزەلەوە بە ئازادی ژیاوم و هەر بە ئازادی دەژیم

ئەو گەمژەیە پێیوایە کۆت دەخاتە دەستەکانم؟ سەرم سوڕماوە؟

پـاش بـەراورد کردنـی ئـەم لێوەرگرتنانـەی لـە نامەکـەی لـە تورکیـاوە هاتبـوو بەو لێوەرگرتنانـەی لـە کۆمەڵـە شـیعرە تورکیەکـەوە هاتبـوو، بیرۆکـەی زۆر تێکچـڕژاو و پرسـیاری جۆراوجـۆری لێـک دوور بـە ئەندێشـەمدا هـات، ئاخـۆ ئـەم شـیعرانە بڵاوکردنەوەیـان لـە تورکیـا قەدەغـە نییـە و ئایـا خەڵکـی بەڕاسـتی گوتـەی نامیـق کەمـاڵ دەخوێننـەوە کـە دەڵـێ:

گەورەی سوک و ڕیسواکانن کە پشتی ستەمکار دەگرن

باوەڕ بەوە ناکەم....ئەی چۆن پشتی ستەمکار دەگرن!

ئایـا فەرمانڕەوایـان ئـەوە دەخوێننـەوە، کـە لـە کۆتایـی چامـەی (سـەری وشـتر) ی (تۆفیـق فیکـرەت) دا هاتـووە:

بەم شێوەیە ئەو سەرانەی دادپەروەری جێبەجێ ناکەن

ڕۆژێک دێت سەریان دەپەڕێت.

ئایـا بڵاوکردنـەوەی ئـەم چەپکـە شـیعرانەی پـڕن لـە شـیعری نیشـتمانپەروەری و ئـازادی پەیوەنـدی بـەو چەوسـاندنەوە خەسـت و خۆڵـەوە هەبێـت کـە بـەم دواییانـە کـوردەکان لـە تورکیـا دوچـاری بـوون. ئێمـە ئاواتەخـوازی ئەوەبوویـن، کـە لـە بـرا کوردەکانمـان لـە تورکیـا نامەمـان بـە دەسـت بگەیشـتبا جەختیـان لـەوە کردبوایـەوە کـە ئێمـە لـەم شـیعرانەدا دەیانخوێنینـەوە.

بۆ ئەوان و گەلی تورکی جوامێر فەڕ و بەختەوەری دەخوازین.

**خەبات ژمارە (١٧٣) پێنج شەممە ٢٥/شوبات/١٩٦٠**

# یادەوەری خەبات
# (١)

خەبات[1] ڕۆژنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانە، کە نەرمی بەرامبەر ئیستعمار و دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی نانوێنی، ڕۆژنامەی خەباتی سەختی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردە، کە دەیان ساڵە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی لە ژیانێکی ئازاد و شیاودا وەک هەموو نەتەوەکانی گۆی زەوی بەڕێوەی دەبا.

خەبات ڕۆژنامەی جەماوەری زەحمەتکێشی کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم ڕەنجدەرانە و هەڵگری ئالای تێکۆشانە ڕەواکەیانە دژ بە ئیستعمار و داگیرکاری.

خوێنەرانی ئازیز، خەباتی ئازیزمان زادەی ئیمڕۆی ڕۆژی ١٤ی تەمموز، کە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئاخاوتن و دەرکردنی ڕۆژنامەیە نییە وەک دەیزانن. ڕۆژنامەی خەبات لە سەختترینی ئەو ڕۆژانە چاوی هەڵێناوە، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی پیایدا ڕەت بووە، لە سەر وەختی ڕۆژگاری حوکمی عورفی و تیرۆری سەعیدی چاوی هەڵێنا تا شوێن پێی ڕۆژنامەی ڕزگاری دڵبەندمان بگرێتەوە، کە دەیان ساڵ هەڵگری ئالای تێکۆشانی شەرافەتمەندانە بوو بەو پێیەی ڕۆژنامەی پێشڕەوی دیموکراتیانەی گەلی کورد بوو، بە گوێنەدان بە هەموو ئەو سەختی و گرفت و قوربانیانەی دۆخی ڕەش و

---

١-ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە بووە، خاوەنی ئیمتیاز و سەرۆکی نووسین ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر بووە، ژمارە یەکی لە ١٩٥٩/٤/٤دا بڵاوکراوەتەوە، دوا ژمارەی ٤٦٢ لە ١٩٦١/٣/٢٨ بڵاوکراوەتەوە (ئامادەکار).

ترسـناک و تونـدی ئـەو دەمـە دەیخواسـت دووچـاری بوبـوو.

ئـاوا خەبـات دەرکـەوت تـا بەردەوامـی بـدا بـە هەڵگرتنـی ئـاڵای خەبـات و بـەرز کردنـەوەی مەشـخەڵی ئـازادی بـۆ ڕۆشـن کردنـەوەی ڕێـگای خەباتـی هەمەجـۆرە بـۆ زۆرینـەی کۆمەڵانـی خەڵـک تـا حوکمـی مەلەکـی هاشـیمی و پەیمانی بەغـدا[٢] و پیلانــە ترسـناکەکانیان ڕیسـوا بـکات و هوشـیاری لـە ڕیزەکانـی جەمـاوەردا بلاوبکاتـەوە و ئەوانـەی لـە خـەوی غەفڵەتـدان بێـدار بکاتـەوە و گەشـە بـە برایەتـی کـورد و عـەرەب بـدات و یەکێتیـی هاوخەباتـی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی سـەرەکی کـورد و عـەرەب پتـەو بـکات بـەو پێیـەی ئـەو تاشـە بەردەیـە، کـە پیلانەکانـی ئیسـتعمار و پـڕۆژە تاوانکاریەکانییـان لـە سـەریدا وردوخـاش دەبـێ.

دۆخـی دەرکردنـی خەبـات سـەخت و ترسـناک بـوو، توانـای حـزب ئەوکاتـە کـەم و لاواز بـوو، ژمـارەی یەکەمـی بـە ئامێـری ڕۆنیـۆ دەرچوێنـدرا، کـە چەندیـن وتـاری گرتبووەخـۆ و تیایـدا حوکمـی سـەر بـە ئیسـتعماری ڕیسـوا دەکـرد و لـە خەڵکـی دەخواسـت هێزەکانییـان یەکخـەن بـۆ بەرەیەکـی یەکگرتـووی نیشـتمانیی دژ بـە ئیسـتعمار و پەیمانـی بەغـدا و پشـتیوانی گەلـی کـورد بـۆ خەباتـی گەلانـی عـەرەب و هـاوکاری توندوتـۆڵ لەگەڵیـان، بـە تایبـەت گەلـی میسـر، کـە دووچـاری دەسـت درێـژی سـێ قۆڵـی ببـۆوە، دەربـڕی. پاشـان (خەباتـی کوردسـتان[٣] بـەدوای یەکـدا بڵاوکرایـەوە بـۆ ئـەوەی پەیامەکـەی، کـە پەیامـی حـزب و گـەل بگەینێـت. خێـراش خوێنـەران ئامبـازی خوێندنـەوەی خەباتـی کوردسـتان بـوون، بـە شـێوەیەک، کـە یـەک ژمـارەی دەیـان دەسـتی دەکـرد. بـە جـۆرێ وتـار و دەنـگ و بـاس و ڕوداوی

---

٢-پەیمانێکی سـەربازیی پێنـج قۆڵـی بـوو، سـاڵی ١٩٥٥ لـە نێـوان ویلایەتـە یەکگرتـوەکان و عێـراق و تورکیـا و ئێـران و پاکسـتان بەسـتراوە و تـا سـاڵی ١٩٧٩ بـەردەوام بـووە، بـارەگای سـەرەکی لـە ئەنقـەرە بـوو، شـوێنی کارکردنـی ئەوروپـا و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـوو، عێـراق بـە شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ لـەم پەیمانـە کشـایەوە و لـە شـوێنیدا (سـەنتۆ) دامـەزرا. (ئامـادەکار).

٣-ئۆرگانـی پارتـی دیموکراتـی یەکگرتـووی کوردسـتان ــ عێـراق، ژمـارە ١ی لەئـاداری ١٩٥٧ دەرچـووە، شـوێنی دەرچـوون کەرکـووک (ئامـادەکار).

جۆراوجـۆر لـە شـوێنی جیاجیـای کوردسـتانەوە دەگەیشـتنە بـەر دەسـتی دەسـتەی نووسـەران و کارمەندانـی – وەک ئـەوەی یـەک پـۆل بـن – لـە سـەریان کەڵەکـە دەبـوو، تیایـدا ڕاسـپاردەی ژنێکـی بارزانیـم دێتـەوە یـاد، کـە بـەر لـە مردنـی ڕایسـپاردبوو ڕێگـە بـەو ژمـارە کەمـەی (خەڵکـی گوندەکـەی) نـادات، کەشـەرەفی بەشـداریکردنیان لەشۆڕشـی نەتـەوەی کـورد بـە سـەرکردایەتی مسـتەفا بارزانـی نەبـووە، بەشـداری بەڕێکردنـی تەرمەکـەی بکـەن. کاتـێ کۆچیشـی کـرد کەسـە نزیکەکانـی ڕاسـپاردەکەیان جێبەجـێ کـرد و یـەک لـەم ناپاکانـە خـۆی گەیانـدە نزیکتریـن بنکـەی پۆلیـس و هۆشـداری ئـەوەی پێـدان، کە بـە فڕۆکە چـەک و چۆڵ بـۆ بارزانییـەکان هاتـووە، کـە سـەرلە نـوێ خۆیـان سـاز دەدەن بـۆ هەڵگیرسـاندنی شـۆڕش. کاتـێ هەواڵەکـە بـە بەڕێوەبـەری پۆلیـس گەیشـت بروسـکەی بـۆ بەغـدا نـارد داوای فریاکەوتـن و پشـتیوانی لـێ دەکـردن. ئـەم هەواڵـە سـەرباری سـادەییەکەی مایـەی دڵخۆشـییەکی زۆر بـوو بـۆ ئێمـەی نووسـەران و کارمەندانـی (خەبـات) کـە ئـەو کاتـە، کاتـێ هەواڵەکەمـان تایـپ دەکـرد زۆر پێکەنیـن و چەندیـن جـار خوێندمانـەوە ئەگـەر چـی خۆشـمان دامـان ڕشـتبوو. هـەر وەک مایـەی هیـواو ئـاوات بـوو لـە دەرونمـان و ئـەوەی بـۆ دەردەخسـتین، کـە بـاوەڕی کـچ و کوڕانـی گەلەکەمـان و ڕژدیانـی لـە سـەر بـەر دەوام بـوون لـە تێکۆشـان دەردەخسـت، و بەڵگـەی ڕێـزو پەسـندی گەلەکەمـان بـوو بـۆ شۆڕشـەکەمان و ڕۆڵـە جەنگاوەرەکانـی، هەروەهـا بەڵگەیـەک بـوو بـۆ شـپرزەیی و ترسـی دەسـەڵاتی کۆنەپەرسـت لـە تورەیـی گـەل، کـە شۆڕشـی چـواردەی تەممـووز تەقاندییـەوە و مەلەکیەتـی کۆنەپەرسـتی لەناوچـووی لەناوبـرد و ڕووخانـد.

هەواڵێـک لـە یادەوەریمـدا چەسـپیووە، هەواڵـی شـەڕ فرۆشـتنی مامۆسـتایەکی شـۆڤینی زانکۆیـە بـە کچێکـی کـورد و سـوکایەتی پێکردنیەتـی لەبـەر هیـچ نـا جگـە لـەوەی ناوەکـەی کـوردی بـووە، ئـەم کەسـە کـە لەسـەر زانکـۆ دەژمێـردرێ گاڵتـەی بـەم وشـە کوردییـە ئازیـزە کـردووە و بێڕێـزی بەرامبـەر کچـە کوردەکـە کـردووە و بەگـژ نەتـەوەی کـورد داچویتـەوە بەهـۆی ئـەم نـاوە جوانـەی کچـە کوردەکـەوە.

بیرمـە خەبـات بەڵێنـی بـەم کچـەی کوردسـتاندا کـە تۆڵـەی بـە خەبـات کـردن دژ بـە ئیسـتعمار و سیاسـەتیی چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی و حوکمـی کۆنەپەرسـتی بـۆ بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی گەلـی کـورد هەمـوو مافـە نەتەوەییەکانـی بـە دەسـت بهێنێـت، لەوانـە مافـی بوونـی زانکـۆی کوردسـتان، کـە تیایـدا زمانـی شـیرینی کـوردی بخوێنـدرێ و نـاوە کوردییـە جوانەکان پیـرۆزی و بەهایـان لای خەڵکەکەیان هەبـێ.

خەبـات توێژینەوەکانـی بـە بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و ڕووداوەکان سـنوردار نەکـرد، بەڵکـو شـیکردنەوەی بـۆ بـارو دۆخەکـە دەکـرد و چارەسـەری کێشـەکانی نیشـان دەدا و ڕێـگای تێکۆشـانی ڕۆشـن دەکـردەوە، ئەوەنـدە بەسـە بـۆ خەبـات، کـە شـانازی بـەوەوە بـکات کـە بـەردەوام دەبێـت لەسـەر هەمـان پەیـام بەبـێ ئـەوەی تۆزقاڵێـک لـە ڕێـگای خەباتـی خـۆی لابـدات، کـە بەشۆڕشـی ئازادیخـوازی گەلەکەمـان داهێنـراو بـە خوێنـی شـەهیدانی بێتاوانـی کوردسـتان ڕونـاک کرایەوە.

**خەبات ژمارە ٢٠٩، ١٩٦٠/٥/٤**

# یادەوەری خەبات
# (٢)

بەبۆنەی تێپەڕینی ساڵێک بەسەر دەرچوونی خەبات بە شێوەی ئاشکرا

کاتژمێـر شەشـی ئێـوارەی تێپەڕانـد، بەبـێ ئـەوەی هاوڕێکـەم بگەڕێتـەوە، کـە ڕاهاتبـوو لـە ئـەم کاتـەی هەمـوو ڕۆژێکـدا دەرگای ژێرزەمینەکـە بکاتـەوە، کـە خەباتـی تیـادا چـاپ دەکـرا. لەپـای دواکەوتنـی گومـان دای لەسـەرم و چەندیـن بیرۆکـە لـە مـەڕ چارەنووسـی بـە خەیاڵـدا گوزەریـان کـرد، ئـەو شـارە شۆڕشـگێڕەی بـە نهێنـی خەباتـی تیـادا چـاپ دەکـرا، بـە تێکۆشـان و پاڵەوانیەتـی و بەردەوامیەتیـی ناسـرابوو، کـە خەشـم و قینەبەرایەتـی چینـی حوکمڕانـی دوابـڕاو دەسـتەی داگیرکەرەکانـی بـۆ هێنـا و داخـی دڵـی خۆیـان پێرشـت و سـیخوڕەکانیان لـە هەمـوو لایەکـەوە بڵاوکـردەوە بـۆ شـوێن پێهەڵگرتنـی تێکۆشـەرانی و دەسـگیر کردنیـان بـە بەدەسـت هێنانـی کەمتریـن گومـان لەڕەفتاریـان.

بڕیـار وابـوو هاوڕێکـەم لـەم ڕۆژەدا بگەڕێتـەوە لەگـەڵ خۆیـدا هەنـدێ نامـە و بەڵگەنامـەی نهێنـی بـە حوکمـی یاسـای سـەردەمی دوابـڕاوم، بـۆ بهێنـێ. ئـەم گومـان و خەیاڵـە ناسـۆراویانەی لەمـەڕ هاوڕێکـەم، برسـیەتیی و کەشـەنگی و هیلاکـی و شـێی ژێرزەمیـن و بۆنـی بێـزراوی خاشـاکیی کەڵەکەبـووی، بیـر بردمەوە. هەڵسـامەوە تـا لـە درزی دەرگاکـە لانیکـەم دۆخـی کەشـەکە ببینـم، فانۆسـەکەم خامـۆش کـرد، کـە سـەرچاوەی ڕووناکـی ژێرزەمینـە قوڕیـن و تاریکەکەبـوو، تـا ڕۆشـنایی لـە دەرچـەی دەرگاکـەوە دەرنەچێـت و لـە دەرگاکـە نزیـک کەوتمـەوە. بـەڵام نەبـە بینیـن و نـە هەسـتم بەجوڵـەی پێیـەک کـرد کـە دەریبخـا و هاتنـەوەی برادەرەکـەم بگەینـێ. گەڕامـەوە شـوێنەکەی خـۆم تـا بەسـتەی ژمارەکانـی خەبـات

ڕێکبخـەم، کـە چـاوەڕوان بـووم دابـەش کارەکـەی، (شـۆڕش) ی تێکۆشـەری شۆڕشـگێڕی جەربـەزە، کـە گوێـی بـە مەترسـی و تەنـگ و چەڵەمـە نـەدەدا لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی دابەشـکردنی خەبـات و ناردنـی بـۆ هەمـوو لایەکـی ولآت. هەروەها بڕیاربـوو ئەویـش لـە مـاوەی نێـوان شـەش و نیـو بـۆ حەوتـی ئێـوارە، کاتـێ تاریکی باڵـی ڕەشـی بەسـەر گەڕەکەکەمانـدا دەکێشـێ و خەڵکـی دەگەڕێنـەوە ماڵەکانیـان، بێتـن.

یـەک لـە ژمارەکانـی خەباتـم هەڵگێـڕو وەرگێـڕ دەکـرد، لـە دوا لاپەڕەیـدا چـاوم چـووە سـەر دوو هـەواڵ. یەکێکیـان دەربـارەی بەشـداریکردنی وەفدێـک بـوو لـەو کۆنگـرەی لـە ئەسـینا بـۆ نەیارانـی ئیسـتعمار، لەسـەر بانگهێشـتی بـەرەی دژایەتیکردنـی ئیسـتعمار لـە یۆنـان بەسـترا، کـە وەفدەکـە چالاکـی جێـی سـوپاس و بەرچـاوی بـۆ ڕاڤەکردنـی ڕاسـتیی خەباتـی گەلـی کـورد لـە پێنـاو ڕزگاری و دیموکراسـیدا و هەڵوێسـتە هاوکاریانەییەکـەی لەگـەڵ گەلـی عەرەبـی برایـدا لـە خەبـات دژ بـە ئیسـتعمار و کۆنەپەرسـتی و زایونیـزم و دەرخسـتنی پشـتیوانی گەلـی کـورد بـۆ خەباتـی گەلـی یۆنـان و قوبڕسـی تێکۆشـەرگەیاندبوو. هەوڵەکانـی وەفدەکە بـە سـەرکەوتوویی تاجـی نرایـە سـەر لـە ئەرکەکەیـدا. تەزوێکـی شـادمانی بـە جەسـتەمدا هـات، وەلـێ هەناسـەیەکی قوڵـم هەڵکێشـا لـە بـەر ئـەوەی نەمتوانـی بەشـداری وەفدەکـە بکـەم سـەرباری ئـەوەی - لـە کوردسـتانەوە – بـە شـێوەیەکی فەرمـی لەلایـەن سـەرۆکی کۆنگـرە بانگهێشـت کرابـووم، لـە ڕێـی کـورد و کوردسـتان و کێشـەی برایەتـی نێـوان گەلانـی خەباتگێـڕ، لەپێنـاو مافـی چارەنووسـیان و لـە پێنـاو ئاشـتی و دیموکراسـیەت، لـە شـکۆی ئـەم تەلاشـە ڕوح سـووکە بێبـەش بـووم.

هەواڵـی دووەمیـش، سـەرچاوەکەی ڕۆژنامەیەکـی چەپـڕەوی بەریتانـی بـوو، دەربـارەی چوونـی وەفدێکـی کـورد بـوو بـە مەبەسـتی نوێنەرایەتـی کردنـی گەلـی کـورد بـۆ قاهیـرە بـۆ بەشـداری کـردن لـە یەکەمیـن کۆنگـرەی هـاوکاری گەلانـی ئاسـیا و ئەفریقـا و دەربڕینـی ئیـرادەی کـورد بـۆ درێـژەدان بـە خەبـات دژ بـە

ئیستعمار و کۆنەپەرستی و ڕێکردن لەگەڵ کاروانی گەلان، کە ڕوەو ڕووناکی و ئازادی و بەختەوەری ڕێیان گرتۆتەبەر.

ڕۆژنامە چەپڕەوە بەریتانیەکە، لەگەڵ دەربڕینی سۆز و پشتیوانی کێشەی گەلی کورد، چەردەیەکی زۆر کورتی لە بارەی پیلانی ئیستعماری بەریتانی و هاوپەیمانەکانی دەربارەی گەلی کورد و دابەشکردنی کوردستانی نیشتمانی و لێسەندنی سەرجەم مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی هێناوەتەوە، بە ئاماژەدان بە ڕۆڵی نەوت و سامانی کانزایی و گرنگی پێگەی ستراتیژی کوردستان لەمەدا، هێندێک شتم دەربارەی ئەم وەفدە دەزانی بە سەرۆکایەتی خەباتگێڕی کۆڵنەدەری کورد زەبیحی[1] یەک لە سەرکردەکانی (حزبی دیموکراتی کوردستان) لە بەرە بەیانی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی دیموکرات لە مەهاباد.

لەگەڵ دووبارە خوێندنەوەی ئەم دوو هەواڵە، گوێبیستی دەنگێک بووم (لەگوێچکەما ناسکتر بوو لە مۆزیک و سێمفۆنیا) دەنگی کرانەوەی کلۆمی قەفدار، کە خرابووە سەر دەرگای ژێرزەمینەکە، کە بۆ سەر لێتێکدانی دراوسێیە بازەلەییەکان، کە ژێر زەمینەکە جگە لە کەلوپەلی بەجێماوی ناسیاوێک، کە بە ئەمانەت تیای داناوە هیچی تری تیا نییە.

کاتێ هاوڕێکەم هاتە ناو ژێر زەمینەکە، بە تێڕوانینێکی پڕ لە هاوسۆزی و بەزەیی بەرامبەرم سەرنجی خستە سەرم، داخ و پەژارە بە ڕوخسارییەوە دەرکەوت وەک ئەوەی بیەوێت داوای لێبوردنم لێ بکات لە هەموو ئەو دواکەوتنانەی و مانەوەم بە هۆی دواکەوتنی زیاتری لە ئاسایی لێڕاهاتنی بۆ هاتنی بۆ ژێر زەمینەکە، ئەو سەختییەی درک دەکرد، کە مرۆڤێک لە شەشی بەیانییەوە تا

---

١- عەبدولڕەحمان زەبیحی ١٩١٨ لە مەهاباد لە دایک بووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک سەرپەرشتی گۆڤاری نیشتمان – ی ئۆرگانی کۆمەڵەی کردووە، ساڵی ١٩٨٠ حکومەتی عێراق گرتی لەو کاتەوە بێ سەرو شوێنی کردووە. (ئامادەکار).

شەشــی ئێــوارە تێــدا بمینێتــەوە. پاشــان هۆکارەکــەی پێگوتــم، گوتــی: مامۆســتا شــۆڕش ڕاســپاردەیەکی لای بــرای تێکۆشــەر (م) بــۆ جێهێشــتبووم تــا لــە شــوێنێک بچمــە لای. تەنانــەت گوتــی ســبەی کاتژمێــر پێنجــی بەیانــی دێــت، دواتــر نامەکــەی دایــە دەســتم، کــە چــاوم کەوتــە ســەر نامەکــە زانیــم دەســخەتی مامۆســتا زەبیحییە، کــە ماوەیــەک بــوو دەنگوباســی لــەو ماوەیــەی چووبــووە قاهیــرە لێــم بڕابــوو.

تووڕەییەکــەم بیرچــۆوە و هەســتم کــرد شــادی و دڵخۆشــی تەنیویانــم، بــە پەلــە نامەکــەم کــردەوە، لــە چرکــە ســاتی یەکەمــدا بینیــم دەســخەتەکە ناناســم، کاتــێ بــاش ســەرنجم لــە ئیمزاکەیــدا خەریــک بــوو بــاڵ بگــرم و دڵــم کرایــەوە و ڕوخســارم گــۆڕا، کــە پێشــتر هیلاکــی و ماندووبوونــی پێــوە دیاربــوو مــژدە و شــادمانی لێم ســەر ڕێژبــوون، چــۆن نــا، نامەکــە لــە یــەک لــەو تێکۆشــەرانەی لای ئێمــە و گەلەکەمــان ئازیــزە، لەوانــەی ژیانــی خۆیــان لــە پێنــاو مافــە نەتەوەیــی و دیموکراســییەکانی گەلەکەیــان خســتۆتە سەردەســت، لەوانــەی هەمــوو پلــە و پایــە و ئەوخۆشــیانەی لێیــەوە دێــن خســتۆتە ژێــر پــێ و لــە پێنــاو گەلەکەیــان بــە کڵۆڵــی و کولەمەرگــی ڕازیبــوون. ئەوانــەی ژیــان بــە هەمــوو شــکۆ و جوانییەکانیــەوە، جگــە لــە جەوهــەرە پیــرۆزە ڕاســتەقینەکەی بــەو پێیــەی خەباتــی شــکۆمەندانە بــۆ ڕزگاری گــەل و بەختــەوەر کردنــی ڕۆڵــە ڕاســت و دروســتەکانیان و ئــازادی و کەرامەتــی نیشــتمانی دایــک ڕاڤــە دەکــەن، لەگــەڵ پشــت گــوی خســتن و گاڵتــە کــردن بــەو چەمکــە خۆپەرســتییە بێمانایانــەی، کــە پێیــان وایــە ژیــان کارکردنــە – بەناچێزەیــی بێــت یــا بەخراپــی – بــۆ کۆکردنــەوەی پــارە و پــول و پاراســتنی ئاینــدە و بــوون بــە خاوەنــی ئۆتۆمبێــل و بیناکردنــی ئاپارتمــان تــا گــەر بــە کەللەســەری هــەزار و ڕەنجدەرانــی هــاو ڕەگەزیشــیان بێــت.

ژیـــان لای تێکۆشـــەران، لای هەرکەســێکی بەنامــووس، لای هـــەر خـــاوەن ویژدانێــک، بریتــی نییــە لــە دوور کەوتنــەوە لەگــەڵ و خۆخســتنە باوەشــی دوژمنــان و چەوســێنەران بــۆ بەدەســت هێنانــی پــارە و پولــی حــەڕام و ژیــان بــە ئارامــی بــا ویژدانیــش ئاســوودە نەبێــت – ئەگــەر ویــژدان مابێــت – خــواردن و خواردنــەوەی

زۆری پـەژارە و هەسـتکردن بـە شـەرمەزاری ئەگـەر کەرامـەت و نیشـتمان پـەروەری هیـچ بەهایەکـی مابێـت.

ئــەوەی نامەکــەی نــاردووە یــەک لــەو پاڵەوانانەیــە، کــە چەکــی بــۆ شۆڕشــی نەتەوەیـی کـورد کردۆتـە شـان وسـینگی خۆیـان داوەتـە بـەر ڕەشـاش و بۆمبەکانـی دوژمــن، ئــەو ئازیزەمــان مامۆســتا (م . ح )ە.

دەستم کرد بە خوێندنەوەی نامەکە، کە تیایدا هاتبوو:

برای زێدە ئازیزم کاکە.......

هەمیشە و بەردەوام لە بەختەوەری دابن

ئاواتــە خــوازم کــە بــاش و ســەلامەت بیــت لەگــەڵ هەمــوو برایــان، نامــەی ١٩٥٨/٢/١١ تــان پێمگەیشــت و زۆر دڵخۆشــی کــردم، بــە تایبــەت کاتــێ بــە هەمــوو خۆشـیەوە هەواڵـی سـەلامەتیتانمان زانـی، لـەم دۆخـە سـەختەی، کـە بـە سـەگ بووەکانـی هێزەکانـی ئیسـتعمار و کلکەکانیـان، سەرشـێتانە و بـێ پـەروا خراپەکاری لــە ولاتەکەمــان بلاودەکەنــەوە. وێــڕای ئــەوەی نامەکەتــان بــە ڕاشــکاوی دۆخــی هاوڕێیانـی تـر بـاس دەکا، بـەلام قسـە دڵخۆشـکەرەکەتان دەریدەخـا کـەوا ئەوانیش باشــن ئــەو ڕاســتییەش هەموومــان دڵخــۆش دەکا لــەم دۆخــە هەســتیارەدا. ئــەوەی ئێمــە بــە پێویســتی دەزانیــن بــۆ ئێــوە وریایــی و خــۆ پارێــزی و خۆپاراســتنی ئێــوەی ســەرکردەیە لــە پەلامــاری دڕندانــەی ســەگە هارەکانــی ئیســتعمار ئەنجامــی دەدەن، کــە دڵنیایــن ئەمــە دوا جەولەیانــە وەک ئــەوەی دەیانــەوێ، چونکــە چارەنووســی ڕەشــیان بــە ڕوونــی دیــارە بــە شــوێن براکانیــان دادەچــن لــە ولاتانــی تــر، کــە گەلەکانیـــان ڕزگاربـــوون و دەمێکـــە بڕیاریـــان لـــە چارەنووســـی ڕەشـــیان داوە. براکــەم لــە نامەکەتــدا باســت لــەوە کــردووە جەمــاوەری نیشــتمان هوشــیاریان لــە زیــاد بــوون دایــە بەڕاســتی ئەمــە مژدەیەکــی دڵخۆشــکەر و دیاردەیەکــی پیــرۆزە. ئەگەرچـی سروشـتییە کـە هوشـیاری هەنـگاوی یەکەمـە لـە چارەنووسـی خەبـات، دواتــر ڕێکخســتنی بەدوادادێــت هەنــگاوی ســێیەمیش بریتییــە لــە چالاکیــە ڕاسـتەوخۆکانی ئـەو کـردەوە نیشـتمانیانەی کـە بەبـێ هەنـگاوی یەکـەم و دووەم

سـوودی نابـێ.

سـەبارەت بەخۆشـم هیـچ گۆڕانکاریـەک لـە دۆخـی خۆمـدا نابینـم شـایانی بـاس بێـت هیـوام دووبـارە دەکەمـەوە کـە لـە نامـەی داهاتـوودا دەربـارەی تەندروسـتی و سـەلامەتی سـەرجەم هاوڕێیانمـان بـۆ بنووسـن. سـڵاوی برایانەمـان بـۆ هـەر هەمـوو برایـان.

هەربژین بۆ خزمەتی گەلی کورد

١٩٥٨/٣/٢٢ (م.ح).

ئـەوە ئـەم نامەیـە بـوو کـە بـۆم هاتبـوو لـە لایـەن تێکۆشـەرێکی ناسـراو، کـە پەنابـەر بـوو لـە وڵاتێکـی سۆشیالسـتی دۆسـت لـە ڕێـگای سـوریاوە، کـە ئـەو کاتـە قـەڵای ئـازادی بـوو لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـەر لـەوەی لافـاوی تـرس وتۆقانـدن و دیکتاتۆریـەت دایبپۆشـێ. بـەڵام لەبـەر چەنـد هۆیـەک بڵاونەکرایـەوە سـەرباری ئـەوەی ئـەوکات ڕەزامەنـدی هەبـوو بـۆ بڵاوکردنـەوەی لـە خەباتـی کوردسـتان دا.

**خەبات ژمارە ٢١١ لە٦/مایس/١٩٦٠).**

# کۆچبەرە پەنابەرەکان

ئەحمەد - ناوی خوازراوی برادەرێکی ئازیزە - خووی بەوەوە گرتبوو هەمیشە گاڵتەم لەگەڵدا بکات، ئەو ڕوداو و بەسەر هاتانەی دەیگێڕایەوە بخاتە بۆتەی گاڵتەیەکی خۆش و ناسک، کە گیانی شادی و دڵخۆشی بگرێتەخۆ بە شێوەیەک کاریگەری قسەکانی یان ڕوداوە ناخۆشەکان شیرین بن بە بیستنی و قبوڵ کراوبن لەدڵاندا.

سەبارەت بەخۆم زۆر دڵخۆش دەبووم کاتێ بە وریاییەوە گوێ لە پۆڵینکردن و توانجەکانی دەگرم، تەنانەت بۆ قسە ڕەقەکانیشی لەسەرە من، بەهۆی پەیوەندی هاوڕێیەتی کۆن و بە هێزی نێوانمان پڕ بەدەم پێدەکەنم. هەروەها ڕاهاتووم بە ڕووبەڕووبوونەوەی توانجەکانی، بە هەوڵدان بۆ لاسایی کردنەوەی لە پۆڵین کردنی ئەو و وەڵام دانەوەی بە جۆرێک بە گوێرەی ئەو بنەما یاساییە ناسراوەی، چاو بە چاو و ددان بە ددان. بە دەگمەن لەو شێوازە دەردەچم و بە دەگمەنیش مشت و مڕەکان لە مەڕ بابەتە کەسیەکانمان یان ڕوداوە ئاساییە ڕۆژانەییەکانی تێدەپەڕن توندی بە خۆوە دەبینن. بەڵام ئەمجارە من ڕووم گرژ کرد و نیشانەی جدیەت و دڵتەنگیم بە تووڕەییەوە لە ڕوخسارمدا نیشاندا، کاتێک چەند ڕۆژێک لە مەوبەر باسی ئەو کۆچبەرانەی کرد کە پەنایان بردۆتە بەر ماڵەکەی، کە وەک ئەو دەیڵێ ئارەزویان بەرز کردنەوەی دروشمی ئێمە دەگەڕێینەوە بەبێ ئەوەی گوێ بە گەورەیی ئەو مەترسیانە بدەن، کە ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە.

کاتێ هاوڕێیەکەم سەرنجی لێگرتم و تێبڕوانیم، گرژینەوەیەکیشی پێوە دیاربوو، کە بەو دۆخەوە منی بینی گوتی باشە خۆ ئێمە تەنها دەمانەوێت

لەگــەڵ بــرا عەرەبەکانمــان هەمــوو کارەســات و نەهامەتییــەکان بــەش بکەیــن، تەنانــەت لــە بوونــی پەنابــەری کــوردی دەربەدەرکــراو و لەشــوێنی خــۆی هەڵقەنــدراو وەک بــرا عەرەبەکانییــان لــە فەڵەســتین. بــەڵام مــن بەرپەرچیــم دایــەوە و گوتــم: ئــەم پەنابــەرە ئاوارانــەی هاتوونەتــە ماڵەکــەت کــوردی دەربەدەرنیــن بــە نموونــە لــە کوردســتانی ئازیزیــان، کــە بــە ئێــران یــان تورکیــا لکێنــراوە لــە ســەر دەســتی حوکمڕانــە کۆنەپەرســتەکان. بەڵکــو منداڵــی خوشــکی بچوکتــن، لــە ترســی زۆرداری چەتــە تونــدڕەوە تاوانبــارەکان لەگــەڵ باوانیــان پەنایــان هێناوەتــە ماڵەکەتــان. ئەمــەش نــەک لەبــەر خەتایــەک کــە کردویانــە یــان تاوانێــک ئەنجامیــان داوە، جگــە لــە کــورد بوونیــان، وەک مــن و تــۆش دەزانیــن ئەوانــە دوورن لــە سیاســەت و شــیوعیەت بــە قــەد دووری زەوی لــە ئاســمان. ئەمانــە منداڵــی بچوکــن ،کــە ناتوانــن پیلانــەکان ســەرکوت بکــەن و ڕیســوایان بکــەن، بێگومــان جگــە لــەوەی لــە دایــک و باوکیانــەوە ناســراون کــە ڕەوشــت بــاش و بەسروشــت ئارامــن، بــێ لــەو ڕاســتییەی کــە ئــەوان خاوەنــی ماڵــە چۆلکراوەکــەی خۆیانــن، کــە تــا ئێســتا بــۆ چەندیــن ســاڵە لــە ئەعزەمییــە نیشــتەجێن و لــەم ماوەیــەدا تێیــدا ژیــاون و باشــترین پەیوەندییــان لەگــەڵ دراوســێکاندا هەیــە و تاکــە تاوانیــان ئەوەیــە کــە بــە کــوردی خوڵقــاون بۆیــە ڕۆژانــە ســوکایەتییان پێدەکرێــت و لــە ماڵەکانیــان ئــاوارە دەکرێن. شــتی نامۆ و ســەیر ئەوەیــە، کــە ئەوانــەی تاوانــی ئاوارەکردنــی ئــەم خێزانــە بــە منــداڵ و ژنەکانیانــەوە ئەنجــام دەدەن بــە گۆشــت و خوێــن زایونیســت نیــن – هەرچەنــدە وا دەردەکەوێــت کــە ئــەوان برایانــن لــە تــاوان و دەمارگیــری کوێرانــەی شــۆفینیەت - ئــەوەی بــە ســەریان دێــت لــە پایتەختــی ١٤ی تەممــووز، دان. پایتەختــی کۆمــاری عــەرەب و کــورد، پایتەختــی عێراقــی نیشــتمانیی هاوبــەش لــە نێــوان کــورد و عــەرەب.

چــۆن دەکــرێ لــە ڕودانــی ئەمــەدا بڵێیــن قەینــا؟ چــۆن دەکــرێ لــەم ســوکایەتی پیکردنــە ترســناکە بێدەنــگ بیــن؟ چــۆن! هاوڕێکــەم، کــە بینــی گــەرم بــووم قســەی پێبڕیــم وگوتــی: بەڵــێ ئەوانیــش لــە ســەر ڕاکــەی تــۆن و ســوورن لەســەر ئــەوەی بگەڕێنــەوە ســەر ماڵەکــەی خۆیــان بــە تایبەتــی لەبــەر ئــەوەی توانایــان نییــە،

کـە بتوانـن خانوێکـی تـر بـە کـرێ بگـرن بۆیـە منداڵەکانیـان دروشـمی – ئێمـە دەگەڕێینـەوە –ی گۆرانـی فەیـروز دەڵێنـەوە، ئێمـە ڕۆژێـک دەگەڕێینـەوە بـۆ یافـا سـەرەرای هەڕەشـە و گوڕەشـەکان. وەلاّمیـم دایـەوە تـۆ بـۆ بێدەنگیـت؟ ئـەی باوانیـان؟ بۆسـەردانی فەرمانگـە تایبەتمەندییـەکان ناکـەن بـۆ گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی پێویسـت بـۆ ڕێگـری کـردن؟ و زامـن کردنـی ئـەم خێزانـە کۆچبـەرە پەنابـەرە. ئـەو وەلاّمـی دامـەوە، کـە ئێمـە نامانەوێـت کێشـەکەیان ئاڵۆزتـر بکەیـن، بەڵکـو دەمانەوێـت بـە خۆشـی چارەسـەری بکەیـن و باوکـی منداڵـەکان دەیەوێـت بـە تـکا و پاڕانـەوە، بـە گفـت وگـۆی ئاشـتیانە و دۆسـتانە چارەسـەری بـکات، چونکە پێچەوانـەی ئەمانـە ناتوانـن بژیـن مەگەرشـەو و ڕۆژ لـە ژێـر چاودێـری پۆلیـس و سـوپا، کـە ئەمـەش لـەڕووی کردارەکییـەوە مەحاڵـە.

لـە یەکـەم هەلـدا پێموابـوو کەقسـەکانی ڕاسـتیان تێدایـە، بـەلاّم دوای لـێ قووڵبوونـەوەم بـۆم دەرکـەوت تەنانـەت ئەگـەر ئـەو هـەوڵ و کۆششـانەی دەدرێـن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکەیان بـە ئاشـتی یـان بەڕێـگای گفتـو گـۆ و پاڕانـەوە سـەرکەوتووش بێـت ، کێشـەی خێزانـە کـوردەکان لـە هەندێـک ناوچـەی بەغـدا، کـە لـە لایـەن دەسـتەی بەدکارانـەوە هێرشـیان دەکرێتـە سـەر، ئەگـەر حکومەتـی نیشـتمانیی سنورێک دانەنـێ بۆیـان و ڕێوشـوێنێک نەگرێتـە بـەر بـۆ کۆتایـی هێنـان بـەو هێرشـانە و ئەگـەر بەتونـدی چاکـی لێنـەکا بـەلادا و زەبر بـەکار نەهێنـی بەرامبەر ئەوانـەی ئەمـن و ئاسـایش دەشـێوێنن، ئەگـەر ئـەو چەتـە بەکرێگیراوانـە تەمـێ خـواردوو نـەکا، کـە هەوڵـی چاندنی تـۆوی دوبەرەکـی و ناکۆکـی لەنێـوان هاولاّتیاندا دەچێنـن و ڕەگەزپەرسـتی دەبوژێننـەوە بـۆ تێکدانـی یەکریـزی ڕاسـتەقینەی عێـراق لـە خزمـەت ئیسـتعماری چاوچنۆکـدا، کێشـە سـەرەکیەکە هـەر دەمینێتـەوە.

**ژمارە ٢١٥ لە ١٢/ مایس /١٩٦٠**

# لەگەڵ شاعیری گەورەمان لە توڕەییەکەیدا

شاعیری گەورەی کوردستان، هەژاری تیکۆشەری توڕە، لەم ڕۆژانەدا کاتێ لەگەڵ یەکێک لە برا تێکۆشەرەکانم لە دوکانە بچوکەکەی سەردانیم کرد، بینیم زۆر ناڕەحەتە بەهۆی کەڵەکە بوونی ئەو کتێبەی کە دوای هەوڵێکی زۆر و چەندین ساڵ ماندوبوون، لە زاری کرمانجییەوە کردویەتی بە سۆرانی. ئەم کتێبە – مەم وزین – کە یەکێکە لە بەهادارترین کتێبەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەروەها کتێبێکە پڕ لە خۆشەویستی بۆ نیشتمان و نەتەوەی کورد، بە جوانی کوردستان و چیا و دۆڵەکانی هەڵگوتن و ڕەوشتی کچانی کوردستان و خستنە ڕووی داب و نەریت، کە لە کوردستان پەیڕەویان لێوە دەکرێ. هەروەها شکۆدارکردنی پاڵەوانیەتی کورد و بەخشندەیی و جوامێری و گەورەییان، ئەم کتێبە بۆ هەموو کوردێکی ڕێزدار و ڕۆشنبیر پێویستە. ئەم کتێبە کە بڵاوکردنەوە و گواستنەوەی بە بەشداریەکی بەهادار دەژمێردرێ لە خزمەتی ئەدەبی کوردی و مەسەلەی یەکخستنی زارەکانی کوردی. خوێنەری ئازیز لێتی ناشارمەوە، کە سەرسام بووم بە توڕەیی شاعیری مەزنمان سەرم سوڕما کاتێک زانیم کێن ئەوانەی قین و پەشمیانی لێهەڵگرتووە. چونکە وەک زانراوە شاعیری شکۆدارمان بەوەوە ناسراوە، کە زۆر کەم توڕە دەبێت و بەشێوەیەکی لۆژیکیانە ڕوداوەکان ڕوون دەکاتەوە و توانایەکی گەورە و کەوڵێکی ناسراوی هەیە لە بەرگە گرتنی کارەسات و ناخۆشیدا. زەردەخەنە و گیانی شادمانی لە سەخترین و مەترسیدارترین کاتەکاندا لێی جیانابنەوە.

شاعیرەکەمان بەم شێوەیە لە ژیان گەیشتووە، کە ڕاست و ڕەوان هەیە. ئەو پێی وایە، کە ژیان بریتیە لە خەبات کردن لە پێناوی گەل و نیشتماندا و کوردستانی زۆر خۆشدەوێت، تەنانەت خۆشەویستیەکەی بۆ کوردستان بە عیشقی سۆفیەکان

دەشـوبهێنی. زۆر بـاش بیرمـە، لـە شـەوێکی پایزیـدا پێـی گوتـم، کـە لـە ماڵەکـەی خۆیـدا سـەردانیم کـرد لـە گوندێکـی کوردەکانـی بـە سـوریا لکێنـراو، بـە دەسـت تەنگـی و گیروگرفتـەوە دەینالاند، کـە ئەمـەش بـاری سـەر شـانی هـەر مرۆڤێـک قـورس دەکات چجـای ئـەوەی شـاعیرێکی هەسـت ناسـک بیـت و بـاری تەندروسـتی تـەواو نەبێـت بـە تایبـەت، کـە تـازە لـە گەشـتی ئەوروپایـدا، کە بـە مەرامـی بەشداریکردنی لە ڤیسـتیڤاڵی لاوان و خوێنـدکاران لـە مۆسـکۆ گەڕابـۆوە، بـەلام لـە لایـەن هەندێـک لایەنـی سـوریایی و عێراقـی ڕێگـری لێکـرا لـە بەدیهێنانـی خواسـتەکەی لـە سـەفەرەکەیدا دووچـاری برسـیەتی ڕاکشـانی سەرشـەقامەکان و بێبـەش بـوون و ئیفلاسـی بـووە، کـە هەرگیـز ئەمـە نابێتـە مایـەی شـەرەفمەندی بـۆ ئـەو کەسانەی ڕێگریـان لێکـرد لـە گەیشـتن بـە ڤیسـتیڤاڵەکە.

شـاعیرمان لـە کاتـی ئاخاوتنـدا: لەکاتێکـدا ئێمـە باسـی کێشـە و ئاڵۆزییەکانـی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردمـان دەکـرد، دەربـارەی ئاسـتی خۆشەویسـتی بـۆ کوردسـتان، بەهەڵـە ئەمـە لەلایـەن هەندێکیانـەوە لێکدەدرایـەوە، کـە کوردسـتانی خۆشـدەوێ و ژیانـی خـۆی و منداڵەکانـی بـۆی دەکاتـە قوربانـی، لەمەشـدا هێـز نییـە بتوانـی ڕێگـری لێبـکات. پاشـان پێکەنـی و گوتـی: لێیانگـەڕێ بـا خۆشەویسـتیم بـۆ کوردسـتانی نیشـتمانم بـە خۆشەویسـتی سۆفیەکان بـەراورد بکـەن، ئـەی چاکتـر نییـە کەسـێک ولاتەکـەی خـۆش بوێـت و قوربانـی بـۆ بـدات، بـە نموونـە لـە خۆشەویسـتی ژنێـک و مـردن لـە پێناویـدا؟

خۆێنـەری ڕێـزدارم بـەم شـێوەیە دەبینـم هـاوڕان لەگەڵـم ئەگـەر بزانـن ئەوانـەی قیـن و پەشـمی لێهەڵگرتـوون ڕۆڵـەی کوردسـتانی ئازیزمانـن، ئـەو کوردسـتانەی شـاعیرەکەمان هەرگیـز لـە پێبەخشـینی هەمـوو شـتە بـە بەهـاو دەگمەنـەکان لێـی درێغـی نەکـردووە. شـاعیری ئێمـە لـە خەباتـی درێژخایەنـی نیشـتمانیدا، ڕووبـەڕووی دەربـەدەری و نەبوونـی و نەخۆشـی بۆتـەوە، کـە وەسـف کردنـی بـە چەندیـن بەرگـی کتێـب تـەواو نابێـت.

شـاعیری ئێمـە بـە ئارامـی لەسـەر کەوڵـی خـۆی بـە گیانـی شـادمانییەوە بەرگـەی

هەمـوو ئەمانـەی گـرت و ڕێگـەی نـەدا نائومێـدی و زەبوونـی بچێتـە نـاو دڵـی گـەورەی پـڕ لـە خۆشەویسـتی کـورد و کوردسـتان و نەیویسـت خـۆی بداتـە دەسـت چارەنـووس، چونکـە نەیویسـت بـۆ یـەک چرکـەش دەسـت بـەرداری فیـز و شـکۆمەندی و ڕێزگرتنـی خـۆی و ڕەوشـت بەرزییەکـەی بێـت.

کاتــێ لەنــاو نوێنــی مــەرگ دابــوو، ئــەو تەنهــا یارمەتــی دارایــی لــە حــزب و ئەندامانیــەوە وەرگـرت. کاتێکیـش توانـی کار بـکات ئیشـی جۆراوجـۆری دەکـرد هـەر لەکارکـردن لـە چێشـتخانە و بەردەسـتی و وێنەگـری، بـۆ دابیـن کردنـی ژیانـی مەمـرە و مـەژی لـە جیاتـی دەسـت پانکردنـەوە لـە هیـچ کەسـێک یـان قبوڵکردنـی یارمەتـی لـە هیــچ کەسـێک.

شـاعیری شۆڕشـگێڕی کوردسـتانم لـە هەلومەرجـی جۆراوجـۆر و نالەبـار و ناخۆشـدا وابینیـوە، کـە هەمیشـە و هـەردەم گەشـبین بـووە، لـە چاوەکانیـدا بـە ئارامییـەوە متمانـە بـە ڕەوایـی کێشـەی گەلەکـەی و سـەرکەوتنی حەتمـی بـە سـەر ئیسـتعمار و چەوسـێنەراندا دەدرەوشـایەوە. ئایـا مافـی خـۆم نییـە لـە توڕەبوونەکـەی سەرسـام بـم؟ بـەڵام مـن دواتـر بینیـم توڕەبوونەکـەی حـەق و ڕەوایـە، کەواتـە چـۆن خوێنـەری کـورد شـەرم دایناگـرێ؟ لـە کاتێکـدا هەندێـک لـە مانـە دوودڵ نیـن لـە خەرجکردنـی چەندیـن دینـار لەسـەر مێـزی شـەراب خواردنـەوە لـە چەنـد سـەعاتێکدا؟ چـۆن خوێنـەری کـورد شـەرم لەخـۆی ناکاتـەوە کاتێـک درک بـەوە دەکا شـاعیری گەورەمـان پـارە لـە دەمـی منداڵەکانـی دەگرێتـەوە و قـەرز دەکات بـۆ چاپکردنـی کتێبێـک، کـە لـە ئامـادە سـازی بـۆ چـاپ کاتـی زۆری خـۆی پێبەخشـیوە و چەندیـن شـەو لـە میانەیـدا بـۆی بێـدار بـووە؟ بـەڵام ڕازی نییـە یـەک دانـە بکڕێـت. بـە ڕاسـتی شـاعیری گەورەمـان مافـدارە لـە توڕەبوونـە ڕەواکەیـدا.

ئامۆژگاریـم بـۆ خوێنـەران ئەوەیـە، کـە پەلـە بکـەن بـۆ کڕینـی دانەیـەک بـۆ ئـەوەی لـە ماوەیەکـی کورتـدا هیـچ دانەیـەک لـە کتێبەکـە لای شـاعیر نەهێڵنـەوە.

**ژمارە ٢١٦ لە١٤ / مایس / ١٩٦٠**

# هەزاران سڵاو، هەزاران ڕێز بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

لەو شوقە بچوکەی، کە لە پاشنیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا لەگەڵ دکتۆر دانیشتین ( ڕێگەم بدەن بە دکتۆر ناوی بەرم، بە دانپیانانم بە ڕۆشنبیریە فراوانەکەی و تێگەیشتنی قوڵی بۆ کێشەی کورد و کوردستان) ئەم دکتۆرە تێکۆشەرە کوردە، کە تۆرانییە تاوانکارەکان لە کوردستانی نیشتمانی، کە بە تورکیاوە لکێنراوە، ئاوارەیان کردووە، پارچە پەخشانێکی خۆی بۆ خوێندمەوە، کە پێشتر لە یەکێک لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوی کردبووەوە، تیایدا وێنای ئەو نەبەردییەی دەکرد، کە لەنێوان هێزە داگیرکەرەکانی تورک و تێکۆشەرانی کورد، کە هاتبوون شارۆچکەکەیان ئازاد بکەن بە ئاڵای سێ ڕەنگەوە، کە بەسەر سەری سوارە بوێرەکانیاندا دەشەکایەوە.

دکتۆری ئازیزمان - دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێین - لە پەسنی پاڵەوانییەتی کورد و خۆشەویستیان بۆ وڵاتەکەیان و کۆڵنەدانیان لە تێکۆشان داهێنەر بوو. هەروەها لە خستنە ڕووی دڕندایەتی و هۆڤییەتی تۆرانییەکان و بەکار هێنانی ئەو پەڕی دڕندەیی لە سەر بڕین و کوشتنی پیاو و منداڵ و هەڵدڕینی سکی ژنانی دوگیان.

جادووی وشەکان و مانا و ڕستە سەر سورهێنەرەکانی ناخی هەژاندم، حەز و سوتانمی بۆ نیشتمانی خۆشەویست چڕ کردەوە، کە دوور بوو لە بەر ئەوەی لە شارێکی دوور لەودا بووین، پەرۆشیم بۆ گەڕانەوە بۆ مەیدانی خەبات بۆ بەشدای کردنم لەگەڵ براکانم و ئەندامانی حزب و لایەنگرانی دیکە لە ژێر ئاڵا

هەمیشە شەکاوەکەیدا. دواتر دەستە واژە ئاگرینەکانی دکتۆرمان، کە پارچە پەخشانەکەی پێ تەواو کرد بە گیانمدا گوزەریان کرد، تەنانەت هەستم بە ڕاچڵەکاندنێک هاوشێوەی ڕاچڵەکاندنی تەزوی کارەبا کرد، دوو دڵۆپە فرمێسک لە چاوەکانم هاتنە خوار. زانا بەمە هەستی کرد زۆر کاریگەری خستۆتە سەرم و لە ناخەوە هەژاندوومی، ئیتر باسی حەتمیەت و پێویستییەتی قوربانیدانی گەورە و بەرگە گرتنی ئاوارەیی و دەربەدەری لەپای خەباتی نیشتمانیی، هەروەها زیندویەتی نەتەوەی کوردی نەبەزی بۆ کردم، کە بەردەوامە لە خەباتی ڕەوایدا بەو پاڵەوانیەتییەی پێی سپێردراوە بۆ ئازادکردنی نیشتمانەکەی و دەستخستنەوەی مافەکانی لە ژێر چنگاڵی داگیرکەران. لە کاتێکدا من بۆ چوونی خۆم لە هاوڕابوون لە گەڵ ڕاکانی ئەو و زەروورەتی چڕکردنەوەی خەباتی نیشتمانییانەی کورد و پێویستییەتی پەلە کردن لە دابینکردنی هاوکاری بۆ تێکۆشەرانی کورد لە کوردستانی بە تورکیا لکێنراو دەخستە ڕوو بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانیان، قسە و باسەکان بردمانیەوە ناو باسی ڕۆڵ و گرنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بە تەواوەتی لە ئەوروپا.

کاتێ دکتۆر زانا دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی مێژووی کۆمەڵە، زەنگی دەرگا لێدرا، بۆیە هەستام و دەرگام کردەوە. لەبەردەممدا برای هەرە ئازیز کەمال فوئادم[1] بینی، هاتە ژوورەوە و لەتەک دکتۆردا دانیشت، کە درێژەی بەباسەکەیدا و گووتی: ئەم کۆمەڵەیە لە ئەوروپا دامەزراوە و بەشداری لە ڤیستیڤالی لاوان و خوێندکاران لە بۆدابێست کردووە، نوێنەرێک لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی خوێندکاران ئامادەبوو، کە لە سۆفیا بەسترا بە نوێنەرایەتی کوردستان. نوێنەرانی بەشداربووی ڤیستیڤاڵەکە، بەناوی نوێنەری لاوانی کوردستان بەشدارییان لە پێشکەشکردنی وتار و موحازەرە دەربارەی کورد و کوردستان کرد.

---

١- ١٩٣٣-٢٠١٤ (ئامادەکار).

کۆمەڵــە لــە میانــەی تەمەنــی کورتیــدا (لــە خولــی یەکەمــدا) خزمەتگــوزاری زۆریــان بــە گەلــی کــورد و مەســەلەی برایەتــی لــە ســەر بنەمــای ڕاســت و دروســت لەگــەل گەلانــی تــر، بــە تایبــەت گەلانــی عــەرەب و فــارس و تــورک پێشــکەش کــردووە. پاشــان دکتــۆر باســی لــە هەنــدێ کۆســمۆپۆلیتە[٢] کوردەکانــی لــە لایــەن بێگانــەوە هانــدراون کــرد بــۆ بینینــی ڕۆڵــی تێکدەرانــە، کەبــووە هــۆی وەســتانی چالاکــی کۆمەڵەکــە.

پاشــان ڕوونــی کــردەوە، کــە چــۆن ئەو و هەنــدێ لــە برایانی تــر هەوڵــی بوژاندنەوە و ژیاندنەوەیــان داوە، بــەڵام هەندێکیــان هــەر ســووربوون لــە ســەر ئــەوەی کۆمەڵــە لــە بەراییــدا بکــەن بــە لێژنەیەکــی کلتــووری. لێــرەدا هاوڕێمــان کەمــال فوئــاد هاتــە نــاو باســەکەوە و ڕوونــی کــردەوە، کــە پێویســتە بکرێتــە کۆمەڵــەی خوێندکارانــی کــورد، ئــەم ڕاستیەشــی دەرخســت بــە لێکدانــەوە و پێویســتییەوە، بەڵێنــی دا تێبکۆشــێ لەگــەڵ برایانــی تریــدا کاتــێ دەگەڕێتــەوە ئەوروپــا کار بــۆ ئەمــە بکــەن.

ئێســتا ڕۆلەکانــی کوردســتان بەڵێنەکــەی خۆیــان بەدیهێنــا، لــە ســەرووبانەوە ســەرۆکی کۆمەڵــە، ئازیزمــان عیســمەت شــەریف، ماوەیەکیشــە تیایــدا ســەرکەوتووبووینە لــە چەســپاندنی کۆمەڵــە لەســەر بنەمــا دروســتەکانی.

گرنگــی کۆمەڵــە و خزمەتگوزارییــە گەورەکانــی بــۆ کــورد و کوردســتان بــە بەرچاوەوەیــە لــە بــەردەم گەلــی کــورد و هەمــوو گەلانــی ئەوروپــا. ئێســتا کۆمەڵــە گەشــەی کــردووە و پێگەییــوە و گــەورە بــووە و پەلــی هاویشــتووە و لــە چەندیــن وڵاتــی ئەوروپــا لقــی کردۆتــەوە. چالاکیەکانــی زۆر و جۆراوجــۆر بــووە، کــە دڵــی هەمــوو کوردێکــی شــەرافەتمەندی بــۆ خۆشەویســتی کۆمەڵــە و ســووربوون لەســەر پێشــکەوتن و ســەرکەوتنی ســەر ڕێژکــردووە.

---

٢-بۆچوونێکی سیاسیی فەلسەفییە بڕوای بە سنوری جوگرافیا نییە هەموو زەوی بە یەک پارچە سەیر دەکات، و هەموو شوێنێ بە هی خۆی دەزانێ (ئامادەکار).

مـن لـەو بـاوەڕە دام هـەر کوردێـک بەشـداری لـە تێکۆشـانی کۆمەڵـەدا کردبێـت ڕێزێکـی زۆری لـە لایـەن گەلـی کـورد بـە دەسـت هێنـاوە، هـەروەک دڵنیـام ئێسـتا ئەندامەکانـی بەردەوامـی بـە تێکۆشـان دەدەن بـۆ سـەرکەوتن و دەسـکەوتی زیاتـر لـە خزمەتـی کـورد و کوردسـتان و کۆمـاری عـەرەب و کـورد، کۆمـاری ١٤ی تەممـووز، کـە سـەرکردەی کـورد و عـەرەب عەبدولکەریـم قاسـم ڕابەرایەتـی دەکات.

ڕێـز و پێزانینـی تێکۆشـەرانی کـورد بـۆ ئـەم کۆمەڵـە تێکۆشـەر و خۆشەویسـتە، هـەزاران هـەزار پێزانیـن و هـەزاران سـڵاوی بۆنـدار بـە بـۆن و بەرامـەی پاڵەوانیەتـی شۆڕشـگێڕە قارەمانەکانـی کوردسـتان و جەمـاوەرە نەبەزەکـەی لـە ترۆپـک و دامێنـی شـاخەکان، لـە ترۆپکـی شـاخەکانی شـەمزینان و بـارزان و دیاربەکـر و دەرسـیم و ئاگـری و پیرەمەگـرون و قـەرەداغ، لـە مـەزاری گەلەکەمـان لە گۆڕسـتانی پشـتکێوی داشـا مەجیـد لـە مەهابـاد و گونـدی بـارزان و گردی سـەیوان لە سلێمانی و دەشـتی هەولێـر و قـەڵای ئامێـدی. بـۆ ئـەم کۆمەڵـە کوردییـە، کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد و ئەندامانـی، ئـەو شـانازییە بـۆ کۆمەڵـە بەسـە کـە نیشـانەیەکی لـە دڵـی کـوردا هەیـە و نـاوی بـە پیتـی ڕووناکـی لـە دڵـی کوردسـتاندا نووسـراوە و درەوشـاوەترین لاپـەڕەی لـە مێـژوودا هەیـە.

**ژمارە ٢١٨ لە١٩٦٠/٥/١٦**

# برا ئاشوریەکانمان

وەک کردبوومان بە نەریت لە زۆربەی ئێوارەکانی دیمەشق، ڕۆژانی پەنا بردنمان بۆی، ئەو ڕۆژانەی ئەوێ قەلاّی ئازادی و پەناگەی ئازادیخوازان بوو، ئێمە هەرسێکمان، - یان سێ کەسە شادمان و دەم بە خەندە گیرفان بەتاڵەکان لە سەر گوزارشتی یەک لە خراپەکاران – هەژاری شاعیری گەورەی کوردستان و تێکۆشەری نەبەز زەبیحی و من. بەرەو ئەو ماڵە بەڕێکەوتین، ئەو ماڵەی پەناگە و شوێنی حەوانەوەمان بوو، یان – ماڵی کوردان – بە گوزارشتی تێکۆشەری پێشکەوتنخوازی عەرەبی عێراقی کە پشتیوان بوو بۆ کورد و کێشە ڕەواکەی. بەردەوامیمان بەڕێ ڕۆیشتنماندا لە شەقام و کۆلانەکانی دیمەشق بە پیادەیی، بۆ دەست گرتن بە خەرجییەکانمان و زیاتر کات بە دەستەوەبوون بۆ گاڵتە و قسەی خۆش و گفتوگۆ دەربارەی زمان و بنەچەی وشەکان و فەلسەفاندن لە کاروبار و خەفەت و دڵگیریەکانی لە مەڕ تانەدان لەوەی بەهۆی هاتنی ئۆتۆمبێل یان کڕینی شتێک یان بە هۆی هیلاکییەوە لە دوانەکەی تر دادەبڕا، جا هەرکەسێک بوایە.

هەرکە چووینە ژوورەوە، خاوەن ماڵ بەڕووی گەش و زەردەخەنەوە، کە پێی ناسراوە پێشوازی کردین – ئەو ئەو مامۆستایەیە، کە چاکەی زۆری بەسەر ئێمە و هەر کوردێکی نیشتمان پەروەرەوە هەیە کە سەردانی دیمەشقی کردبێت – پاشان ڕایگەیاند کە مژدەیەکی خۆشی پێیە بۆمان سەرەتا پێمان وابوو، بەستەیەکە لە پەیامی حەمەدۆک[1] و هاوڕێکانی یان پارەی نێردراوە یان هەواڵێکی خۆش.

---

١–ناوێکی نهێنی بووە بۆ مەلا مستەفا، تێکۆشەران لە نێوان خۆیاندا بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی نەیاران و دوژمنان نەتوانن زیانییان پێبگەینن، مام جەلال لە لاپەڕە ٢١٥ بەرگی یەکەمی دیداری تەمەن دەڵێت: مەلا مستەفا گاڵتە و گەپی پێخۆش بوو، وەختی خۆی ئێمە لە ناو خۆماندا ناومان نابوو حەمەدۆک، خۆشی ئەیزانی ئێمە پێی ئەڵێین حەمەدۆک (ئامادەکار).

شـادمانیمان چەنـدە مـەزن بـوو کاتێـک پێیڕاگەیاندیـن، کـە مامۆسـتایەک لـە بـرا ئاشـورییەکانمان، کـە بـەوە ناسـراوە کـە بـە تەنـگ کێشـەی کـورد و کوردسـتان و خەباتەکەیەتـی لـە بەیروتـەوە هاتـووە ئێسـتا لـە جێـگادا خەوتـووە بـۆ ئـەوەی کەمێـک پشـوو بـە جەسـتە لاوازەکـەی بـدات بـۆ ئـەوەی دواتـر دەسـت بـە چالاکـی بـکات لـە گەڵمانـدا گفتوگـۆ بکەیـن لەسـەر ئـەو بابەتانـەی، کـە هەمیشـە و هـەردەم بابەتـی سـەرەکی ئێمـە بـووە لـەم ماڵـە کوردییـە کۆنـەدا، مەبەسـتمان کێشـەی گەلـی کـوردە، کێشـەی خەبـات دژ بـە ئیسـتعمار و پـڕۆژە جەنگییـە ئیسـتعمارییەکان و لـە پێنـاو ئاشـتی و ئـازادی و دیموکراسـیدا.

ئێمـە لـە کوچکـی ئاگـر گەرمتربوویـن، لـە پەرۆشـی بینیـن و وتوویـژ کـردن لەگـەڵ ئـەم مامۆسـتا ئاشـورییە کـە چەندەهـا کتێبـی دەربـارەی خەباتـی کوردسـتان نووسـیووە و دەربـارەی ئـەو نادادپەروەرییانـەی، کـە لـە لایـەن زۆردار و داگیـر کەرانـی تۆرانیـی و حکومەتـە کۆنەپەرسـتەکان بەسـەریان هێنـراوە، لـە بەرەنجامـی بیسـتنی قسـەکانی ئێمـە بێـدار بـووەوە وهـەر بـە جلـی خـەوەوە هاتـە ژووری میوانـان و ئێمـەش زۆر بـە گەرمـی بـە تەوقـە کـردن و ماچکردنـی و جوانتریـن دەسـتەواژە پێشـوازیمان لێکـرد.

پاشـان ئـەو کاسـێتەی گۆرانـی بەسـەر کـورد و کوردسـتان دا هەڵدەگـوت و خۆشەویسـت بـوو لـەدڵ و دەرونمـان هەڵگێڕایـەوە. مامۆسـتای ئاشـوری دانیشـتنەکەمانی بـە قسـەکردن لەسـەر برایەتـی کـورد و ئاشـورییەکان دەسـت پێکـرد، باسـی لـە پەیوەنـدی تونـد و تۆڵـە جـۆر بـە جـۆرەکان کـرد کـە بـە یەکیانـەوە گرێـدەدا و ڕوونـی کـردەوە، کەچارەنووسـی ئاشـورییەکان بـە چارەنووسـی بـرا کوردەکانیانـەوە بەسـتراوەتەوە بۆیـە کێشـەکەیان تەنیـا بـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بـە چارەسـەرێکی عادیلانـە، چارەسـەر دەبێـت. زۆری لـە بـارەی یەکێتیـی بەرژەوەنـدی هەسـتەکانیان و زەروورەتـی پتەوکردنـی خەباتـی هاوبەشـیان باسـکرد. پاشـان مامۆسـتا زەبیحـی کـە ئـەو کاتـە سـەرقاڵی نامەیـەک بـوو لـە سـەر کـورد و کێشـەکانیان، هەنـدێ لایەنـی مێژوویـی لـە هەمـوو ئەمانـە ڕوون کـردەوە، باسـی

لـەوە کـرد لەسـەر خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان و لـە پێنـاو گەلـە نەجیـب زادەکـەی، خوێنـی کـورد و ئاشـورییەکان چەندیـن جـار لـە خەباتـی هاوبەشـیاندا دژ بـە ئیسـتعمار و داگیرکـەران و گروپـە کۆنەپەرسـتەکان ڕژاوە و تێکـەڵ بـووە، لـە پێنـاو مافەکانـی کوردسـتانی نیشـتمان و بەدیهێنانـی ژیانێکـی ئـازاد و ڕێـز لێگیـراو بـۆ هەمـووان.

شـاعیری گـەورەی کـورد هاتـە نـاو قسـان و گووتـی: ئەگـەر ڕوداوێـک هاتـە پێـش و گروپێکـی دیاریکـراو هەوڵیانـدا دەسـت درێـژی بکـەن لـە هـەردوو لاوە پیـاو چـاکان بەرپەرچیـان دەدەنـەوە و هەوڵەکـەش ڕووبـەڕووی ناڕەزایەتـی تونـد دەبێتـەوە.

ئـەم یادەوەرییـە بـە مێشـکمدا گـوزەری کـرد و ئـەو هەواڵـە ناخۆشـە هەژاندمـی، کـە هەنـدێ لـە چەتـە دەرەبەگەکانـی تاوانبـار لەوانـەی هەڵگـری میدالیـای عەبدولئیـلا و ئیسـتعمارن و لەسـەر کـورد ئەژمـار دەکرێـن، کـە لـە ڕاسـتییدا کـورد دەسـتی لەمانـە شوشـتووە، دەسـت درێژیـان کردۆتـە سـەر هەنـدێ لـە بـرا ئاشـوریەکانمان لـە گوندەکانـی بادینـان و هەنـدێ پیـر و منالیـان لێکوشـتوون، کـە شـەپۆلێکی تونـدی ناڕەزایـی لای کوردانـی بادینـان وروژانـدووە و لـە ئاکـرێ و ئامێدی و دهـۆک هەڵسـاون بـە بەرزکردنـەوەی سـکاڵای ناڕەزایەتـی و پەسـند نەکردنـی ئـەم تاوانـە و پشـتیوانی کردنـی بـرا ئاشـوریەکانییان و تیایـدا داوایـان کـردووە دەسـەڵاتی نیشـتمانی سـەخترین سـزا بەسـەر تاوانبارانـدا بسـەپێنن.

ئاساییە کـورد بـۆ بـرا ئاشـوریەکانی ئـازار بچێـژی و هەسـت بـە مەینەتییەکانییـان بـکات بۆیـان خەمبـار بـن، چـۆن نـا، کـە پارتـی پێشـڕەوی شـکۆداریان لەڕیزەکانیـدا باشـترین تێکۆشـەری کـورد و ئاشـوری لـە خـۆ دەگرێـت، پارتـی دیموکراتی کوردسـتان فێـری کـردوون و ڕایهێنـاون لـە سـەر برایەتـی کـورد و ئاشـوری و لـە بەرنامەیـدا هاتـووە، خەبـات بـۆ بـە دەسـتهێنانی هەمـوو مـاف و داواکارییـە ڕەواکانـی بـرا ئاشـورییە ئازیزەکانمـان دیاریکـراوە.

**خەبات ژمارە ٢١٩ لە١٩٦٠/٥/١٧**

# ڕیاکارەکان

بانگخـوازە درۆزنەکانـی نیشـتمانپەروەری – کـە نیشـتمانپەروەری لێیـان بێبەرییـە – کاتێـک تێچـووی نیشـتمانپەروەری تەنیـا دووبـارە کردنـەوەی دەسـتەواژەی زایەڵـەدار و وشـەی زرینگـەدار دەردەکەوێـت بـۆ گـەزاف و خۆهەڵکێشـان لـە قوڵایـی دەروونـە نەخـۆش و ناچێزەکانـەوە، کـە هەسـت بـە کەموکوڕییـە زۆرەکانیـان دەکـەن، بـەڵام پەرۆشـن بـۆ خـۆ دەرخسـتن لـە نێـو هاوتەمەنەکانییـان، وەک پاڵەوانێکـی بـە جـەرگ، کـە ناشـگونجێت بـەراورد بکرێـن لەگـەڵ ئەوانـەی گیـان و چارەنـووس و مـاڵ و منـداڵ و خۆشەویسـتانییان و داهاتوویـان و دەسـکەوتە زۆرەکانیانییـان خستە پێچـی قـەدەر و بوێرانـە لـە بەرامبـەر زەبـر و زەنـگ و ئاوارەبـوون و ئەشـکەنجە و برسـییەتی و سـوکایەتی پێکـردن و ڕیسـواکردن و...هیتـر خۆیـان گـرت لەخەباتـدا و شـتە بەهـادار و دەگمەنەکانیـان بـەلاوە نـا بێئـەوەی خۆیـان بچەمێنـن بەرامبـەر شـەڕی شـەرەف و شـکۆمەندی، بەرگـەی هەمووجـۆرە کارەسـات و ناخۆشـیەکیان گرت بێئـەوەی حەزبزووێنـەکان هەڵیانخەڵەتێنـێ، کـە لیـک بەدەمـی سـوک و ڕیسـواکان و ژیـان پەرسـتان دادێنـێ، تەنانـەت ئەگـەر بـە ژیانـی کۆیلایەتـی و ڕیسـوایی و ملکەچـی دوژمنـە زۆردارەکانیـش بێـت. لـەم دۆخانـەدا و لەدۆخـی فـراوان بوونـی بزووتنـەوە و تێکۆشـانی ئاشـکرادا، ئـەم گروپانـە بـە دەوری حـزب و ڕێکخـراوە نیشـتمانییەکاندا دەخولێنـەوە، هـەروەک چـۆن کۆمەڵێـک مێـش بـە دەوری شـیرینییەکاندا دەخولێنـەوە. ئـەم هەڵپەرسـتانە خەریکـن و دەیانەوێـت تەنهـا بگەنـە ڕیزەکانـی پێشـەوە و هیچیتـر. دەنگیـان بـەرز دەکەنـەوە بـە ڕەخنـە و پەڵـپ گرتـن لـە تێکۆشـەرە جەربـەزە و خۆگـرەکان بەڕێـگای جۆراوجـۆر، بـە ڕێـگای هەڵبەسـتنی درۆ و گەورەکردنـی کەمـو کوڕیەکانییـان _ دیـارە بزووتنـەوەی نیشـتمانیش بـێ کەموکـوڕی نییـە – و قەبەکردنـی هەڵەکانییـان – بێگومـان ئـەوەی کار بـکا هەڵـە

دەکا – ئەمەش بۆ ئەوەی خۆیان بە بەرگی تێکۆشەری تازە و ئازا نیشان بدەن، کە بێبەش کراون یان ڕێگریان لێکراوە لە شەرەفی بەشداری کردن. بۆ ئەوەی تواناکانیان دەرنەکەوێت بۆ باڵکێشان بەسەر سەرکردە کۆنەکان، کە بۆ یەک تاقە ڕۆژیش خەباتیان جێنەهێشتووە و بە خوێنی جگەر و گوشراوەی دڵ و مێشکیان بزووتنەوەی نیشتمانییان ئاوداوە و بەرژەوەندی خۆیان فەرامۆش کردووە و خستویانەتە ژێر پێی لە پێناو سەرکەوتنی بزووتنەوەی نیشتمانیی.

لە ڕاستییدا ئەم دەرفەتخوازانەی دەیانەوێ بازرگانی بە نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی و پێشکەوتنخوازییەوە بکەن و وەک دەرفەتێک بەکاری بهێنن بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و پارە لەسەر حیسابی وان، دوودڵ نین لە فرۆشتنی نیشتمانەکەیان بە ئیستعمار وداگیرکەر و کۆنەپەرستان و چەوسێنەران لە بەرامبەر بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان، گرنگ نییە چەندە ناچیزە و قێزەونیش بێت. ئەم جۆرە میکرۆبانە کە هەندێک جار بزووتنەوەی نیشتمانی تووشی دەبێت کاتێک پاسەوانییەکی کەمتر لە سنوور و کەوشەنەکان هەیە و تەمبەڵی و بێئاگایی و کەمتەرخەمی دزە دەکاتە ڕیزەکانییان و وریایی و بێئاگایی لە دەرفەتخوازەکان کەم دەبێتەوە، ئەم جۆرە کەسانە هەرگیز بەرگەی ناخۆشییەکان ناگرن و بەزوویی دەبنە ستوونی پێنجەم و سیخوڕی بەسەر تێکۆشەرە جەربەزەکاندا دەکەن و بە خەنجەری ژەهراوی لە پشتی بزووتنەوەکەیان دەدەن و بە ڕیز (تابور)ێک لە زۆڵی سوک و چرووک (دەگەڕێنەوە سەرئەو کەساسییەی گیانیان دەپوکێنێتەوە) ناوبانگی بزووتنەوەکە و تێکۆشەرەکان بە ڕواڵەتێکی لاواز و شەرمنانە لە بەردەم جەماوەری ساویلکە و جیهان، دەزڕێنن. هەر ئەوانەن وەک شاعیر دەڵێ:[1]

١-ئەم چامەیە هی شاعیری ناوداری عێراقی محەمەد مەهدی ئەلجەواهیریە ١٨٩٩-١٩٩٧، بۆ هاشم ئەلوتری گوتراوە و بەهۆیەوە زیندانی کراوە (ئامادەکار).

متنمرين ينصبون صدورهم مثل السباع ضراوة وتكالبا
حتى اذا جدت وغى وتضرمت نارا تلف أباعدا و أقاربا
لزموا جحورهم وطار حليمهم ذعرآ، وبدلت الاسود أرانبا

مەترسی ئەم بانگخوازانە تەنها بەم قسانەی سەرەوە سنووردار نییە، بەڵکو لەوە زیاتر دەڕوات بۆ گەندەڵی ڕەوشت و شێواندنی تایبەتمەندییەکانی ئەو تێکۆشەرە چاکە نوێیانەی کەم ئەزموونن لە خەبات و هەروەها تێوەگلاندنیانە لە درۆ و فرتوفێڵەکانی دەرفەتخوازان. هەر وەک ئەم بانگخواز و ڕیاکارانە کالاکانیان بە پەنهانی دەگوازنەوە ناو بزووتنەوەی نیشتمانیی و کالاکانیشیان بریتییە لە چەمکەکانی دەرفەتخوازی و گۆشەگیری و شکستخواردویی، کە بە دەمامکی ڕەنگاوڕەنگ ڕوپۆش کراون.

بێ لەمە ئەم بانگخوازانە لەناو بزووتنەوەکەدا هێلانە دەکەن و ژەهریان بلاودەکەنەوە و دەستەگەری تێکدەرانە دروست دەکەن و تۆوی جیابوونەوە و دابەش بوون دەچێنن. بەم شێوەیە دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەکە.

مەترسی ئەمانە سنووری کۆمەڵە نیشتمانییەکان تێدەپەڕێنێ کە هەموو نیشتمانییەکان پێیەوە تێوە دەگلێن، چونکە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چەمکەکانی ئەو کەسانە دەبنە مایەی دابەشبوونی ڕێزی نیشتمانیی و چڕبوونەوەی جیاوازی و ناکۆکیەکانی نێوان لایەنە نیشتمانییەکان. بەلام هیچ گومانێک لەوەدا نییە ئەم ڕیاکارانە زوو یان درەنگ ئاشکرا دەبن و ڕاستییەکانییان دەردەکەوێت، چونکە هیچ شتێک تکایان بۆ ناکات لە بەردەم جەماوەر بەوپێیەی خیانەتکارن بەرامبەر کێشەکەیان و تێکدەری بزووتنەوە شۆڕشگێڕی، یان نیشتمانیی، یان نەتەوەییەکەیەن.

تا هوشیاری زانستی و دروست بلاوببێتەوە و شێوازی ڕاست لە خەباتدا تەشەنە بکات و چەکی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن بە شێوە زانستی و

کردارەکیەکەی بەکاربهێندرێت، هەر کاتێ ڕێکخستن و دیسپلین بەهێز بکرێت و ڕەچاوی بنەماکانی ڕێکخستن بکرێت، بنەماکانی ناوەندییەتی و دیموکراسی و زنجیرەی سەرکردایەتی و دیموکراسییەتی ئاراستە کراو لەناو حزب جێبەجێ بکرێت، ئەوەندە مەترسی ئەمانە کەم دەبێتەوە و ئاشکراکردن و ڕیسواکردن و دەرکردنیان بە خێرایی سانا دەبێت.

**ژمارە ٢٢٢ لە٢٠/ مایس/١٩٦٠**

# شەهید ئەمین بانی

تاریکـی باڵـی ڕەشـی کێشـابوو بەسـەر زیندانـە ترسـناکەکان، کـە نەوەکانـی هۆلاکـۆی دڕنـدە بنیاتیـان نابـوو، بـۆ ئـەوەی بیکـەن بـە گۆڕسـتانی ئازادیخوازانی گەلـی کـورد و بانگخوازانـی مـاف و ئـازادی لـە ڕۆڵـەی ئـەو نەتەوانـەی گیـرۆدە بـوون بـە حوکمڕانـی تۆرانییـە سـتەمکارەکان. زیندانـەکان لێوانلێـو بـوون لـە سـەدان نیشـتمانپەروەری کـورد، کـە بـێ هیـچ گوناهێـک تێـی ترنجێنرابـوون جگـە لـە کوردبوونیـان، کـە بەگەورەتریـن تـاوان لەدیـدی هاوپەیمانانـی هیتلـەر – لەدوێنێـی نزیـک – و ئایزنهـاوەری جێنشـینی – لەکاتـی ئێسـتادا – دادەنـرا.

زیندانــەکان بــۆن کــڕوزی برژانــدن و ئوتوکردنــی جەســتەی مرۆڤــە تێکۆشـەرەکانی لـێ بـەرز دەبویـەوە، کـە دووچـاری سـەختترین ئەشـکەنجەدانی فاشیسـتانە دەکرانـەوە بـە ئامـرازی ئەشـکەنجەدانی ئەمریکـی، کـە بـۆ تورکیـا لـە نـاو ئـەو یارمەتییـە زۆرانـەی سـتەمکارانی دراو و قۆرخـکاران لـە ویلایەتـە یەکگرتــوەکان بــۆ فەرمانــڕەوا کۆیلەکانــی تورکیــا، نێردرابــوون.

جەندرمـە تورکـەکان بـە هاتووچـۆ کـردن بـە نـاو ڕاڕەوەکـەدا پەنجـەی خۆیـان دەشــکاندەوە و خــەم وحەســرەتیان لــە بــە فیڕۆچوونــی ئــەو هەمــوو کاتــە هەڵدەکێشــا کــە نواندویانــە، بەبــێ ئــەوەی هیــچ دانپیانانێــک وەک پێیــان وابــوو، بــە دەســت بێنــن، یاخــود لــە (نکۆڵــی کردنــی گیــراوەکان بەزەبوونــی و سەرشـۆڕکردن لـە نەتەوەکەیـان) لەپـڕ فەرمانـدەی جەندرمـە پێشـیان کـەوت، کـە چەنـد ڕۆژێـک بـوو لـە ئەمریـکا گەڕابـۆوە و خولـی ئەفسـەرانی تایبەتمەنـد بــە شــێوازی ئەشــکەنجەدان و بەدەســتهێنانی دانپیانانەکانــی تــەواو کردبــوو،

بەسەر کاسەلێسانی مەندریس[1] و بایار[2] دا قیژانی و گووتی: بەلای خواتان لێدات چۆن ئەم تورکە شاخاوییە کێویانەتان بە زیندویەتی هێشتۆتەوە کە نکۆڵی لە تورکایەتی هەمیشەیی خۆیان دەکەن و هاوکاری حکومەتانی بیانی دەکەن لە پیلانگێڕان بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت. ئەمانە دەیانەوێ (ئەفسانەی کوردستان) بژێننەوە، کە ئێمە لە ژێر داروپەردووی سەدان گوند و دەیان شاردا، کە هێزەکانی تورکیای نەبەزمان سوتاندوویانن لە هەڵمەت بردنیان بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشەکانی کورد و لەناو دەریایەک خوێنی ئەوانەی بانگەشەیان بۆ دەکرد لە گۆڕمان ناوە. دوای ئەوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەک بە شمشێر لە ناومان بردن، بوێری ئەوەیان ماوە ئەم ئەفسانەیە زیندووبکەنەوە، دوای ئەوەی چل ساڵ هەوڵماندا، بۆئەوەی بخەینە مێشکی ئەوان و مێشکی منداڵەکانییان بە شێوەی جۆراوجۆر، بە شێوەی ئاشتی و سەربازی هەوڵماندا بۆ ڕیشەکێش کردنی ئەم ئەفسانە پڕوپووچە لە مێشک و دەرونیان؟ وەرن کوڕە ئازاکانی نەوەی هۆلاکۆ و ئەتاتورک ئێوە کە باوک و باپیرانتان لەوە ڕاهاتوون، کە سەدان هەزار لە باوک و باپیرانی ئەم خۆپەرستە فشەکەرانە، ئەوانەی بە ئێوە پێدەکەنن و تەحەددای هێزی دەوڵەتە بە هێزەکەمان، دەوڵەتی توران، بەهێزترین و گەورەترین وڵاتی دونیا دەکەن، وەرن با دەرسێکی وایان دابدەین بیانگێڕینەوە سەر زەینی ئەوەی چی بەسەر باوک و باپیرانیان هاتووە، بەڵکو ئەمە هۆش بێنێتەوە سەریان.

کاتێ فەرماندەی جەندرمە کۆتایی بە قسە پڕ لە حەماسەتەکەی هێنا (بە هەنگاوە ساختەکانی تاووس لێی سەرسام دەبوو) وەک شاعیر دەڵێ.

---

١-عەلی عەدنان ئەرتەکین ١٨٩٩ — ١٩٦١ سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە ماوەی نێوان ١٩٥٠ تا١٩٦٠) (ئامادەکار).

٢- (مەحموود جەلالەدین١٨٨٣ — ١٩٨٦ سەرۆک کۆماری تورکیا لە ماوەی نێوان ١٩٥٠ تا ١٩٦٠ (ئامادەکار).

بـەرەو دەرگای زیندانەکـە چـووە پێـش و فەرمانـی کـرد کلۆمە ئەسـتورەکانی دەرگا بکەنـەوە، لـە پڕێـکا چـووە ژوورەوە، گوێـی لـە دەنگـی یەکێـک لـە برینـدارەکان بـوو، کـە لەسـەر حەسـیرێک ڕاکشـابوو گۆرانـی دەگـوت، بەمـە زۆر توڕەبـوو پەلاماریـدا و لەقەیەکـی دا لـە سـەری و قیژانـدی ئـەم گۆرانییـە چییـە تاوانبـاری فشـەکەر؟ دوای ئـەو هەمـوو تێهەڵـدان و ئەشـکەنجە و لێدانـە زۆرەت بـە زمانـی کێوییەکانـی شـاخ گۆرانـی دەڵێـی؟ ماناکەیـم پێبڵـێ ئەگینـا سـەرت پـان دەکەمـەوە و پارچـە پارچـەت دەکـەم، بریندارەکـە، کـە لەسـەرەمەرگا بـوو بەهـۆی ئـەوەی بـە دڕندانەتریـن شـێوە ئـازار بـەر جەسـتەی کەوتبـوو زەردەخەنەیـەک گرتـی، ئـەو هێشـتا لـە هەڕەتـی هـەرزەکاری و تەمەنـی گوڵدابـوو، ڕوداوەکانـی ڕۆژگار نەیخاراندبـوو، لـەم دۆخـە سـەختانە ڕانەهاتبـوو. ئەمیـن بانـی ئازیـز و نازنـدەی باوانـی و خێزانەکـەی بـوو، نیشـانەکانی ژیـری و پیاوەتـی لـە زووکـەوە پێـوەی دیاربـوو، پاشـان جێـی ڕێـز و پێزانینـی هاوتەمەنەکانـی بـوو، لەبـەر ئـەوەی دڵسـۆزی و سـەر ڕاسـتی و ڕەفتارجوانـی پـەروەردەی زۆر و خۆشەویسـتی بـۆ براکانی و پابەندبوونـی بـە نیشـتمان و تێکۆشـان لـە پێنـاوی گەلـی کـوردی شـەرەفمەند لێـی دەکەوتبـوو.

ئەفسـەرە تورکـە لووتبەرزەکـە زۆر توڕەبـوو داوای لـە جەندرمەکانـی کـرد ڕاییکێشـنە ژووری ئەشـکەنجەدان، کـە بەتـەک ژووری زیندانەکـەوە بـوو، تـا وانەیەکـی نایـاب بێـژی فێربـکات. کاتێـک ئەمیـن خرایە ئـەم شـوێنە و ئامێرەکانی ئەشـکەنجەدانی ئەمریکـی لـە بەرچـاوە خەواڵوەکانـی بـوون کـە چەندیـن شـەو بـوو چێـژی خەویـان نەکردبـوو. ئەفسـەرەکە داواکارییەکـەی دووبـارە کـردەوە و داوای لێکـرد گۆرانییەکـەی بـۆ بـکات بـە تورکـی بـۆ ئـەوەی لێـی تێبـگات و هەوڵـی هەڵخەڵەتاندنـی دەدا ئەگـەر ئـەوە بـکات و پەشـیمانی خـۆی دەرببـڕێ ئەسـتۆ پاکـی خـۆی لـەم ئەفسـانەیە، ئەفسـانەی کوردسـتان و دڵسـۆزی خـۆی بـۆ تۆرانییـەت و شـانازییەکانی ڕابگەینـێ ئـەوە لێـی دەبـورێ، بەڵکو دەشـیگەڕێنێتەوە کۆلیـژ و ئامێـزی خوێندنەکـەی کـە ئایندەیەکـی پـڕ لـە خەنـدە چاوەنواریەتـی بـۆ

ئـەوەی ببێـت بـە پارێزەرێکـی بـە ناوبانـگ و ئـەرک ببینـێ بـۆ ژیـان، کـە ئامێـزی بـۆ پێشـوازی لێکردنـی کردۆتـەوە. بـە پێچەوانـەی ئەمـەوە گومانـی تێـدا نییـە کـە دەسـت بەجـێ مـردن بەشـیەتی.

کاتـێ لە قسـەکانی بووەوە کوڕە ڕاسـت و دروسـتەکەی کوردسـتان و تێکۆشـەری ئـازا وەک شـێرێکی بریـنداری خەڵتانـی خوێـن لێـی ڕاپـەڕی و بەڕوویـدا نەڕانـدی و گووتــی: جەلــلادە دڵ ڕەقــەکان مــن دەزانــم چارەنووســم بــە دەســت ئێــوەوە مەرگـە، مـن چـاک ئـەوە دەزانـم بـەلاّم مردنـم لـە پێنـاو کوردسـتان و ئازادییەکـەی لاپەسـندترە لـە ژیـان بـە ژێـر دەسـتی حوکمـی گەورەکانتـان. مـن بڕیـارم داوە ژیانــی خــۆم ببەخشــمە کوردســتان، بەڵــێ مــن دەزانــم ئێــوە دەتوانــن بمکــوژن، بــەلاّم ناتوانــن و دەستەوەســتانن لــە کوشــتنی گەلــی کــورد، ئێــوە ئەگــەر خوێنــی مـن و ڕۆڵەکانـی نەتەوەکەمتـان ڕشـت ئـەوا ئاگـر لـە پـوش و پـەلاّش بـەردەدەن، ئاگـری گـرداری نیشـتمانی کـورد. لێـرەدا لێکۆڵـەر و جەندرمـەکان ئارامیـان لێبـڕاو داڕژانـە سـەری بـە شـولاق و ئامێـرو قۆنداغـەی تفەنگەکانییـان، دەسـتبەرداری نەبـوون تـا بـووە لاشـەیەکی بـێ گیـان. بـەم شـێوەیە شـەهیدێکی تریـان خسـتە ڕیـزی شـەهیدە نەمـر و پاڵەوانەکانـی کوردسـتان.

خوێنــەری ئازیــز لەوانەیــە حــەز بکەیــت ئــەو گۆرانییــە بزانیــت، کــە لــە دەمــی شـەهیدی ئازیزمـان ئەمیـن بانـی، خوێنـدکاری کـورد لـە کۆلیـژی یاسـا، بیسـتراوە. لەوانەیـە وا خەیـاڵ بکەیـت بەختـی خـۆی لاواندۆتـەوە، یـان گۆرانـی بـۆ کیـژی خەونەکانـی گوتبـێ یـان گۆرانییەکـی خەمنـاک بووبـێ. بـرا زیندانییـەکان ئەوانەی لـە هەمـان زینـدان بـوون لـە گەڵیـدا گوێیـان لێبـووە کـە سـرودی (ئـەی ڕەقیـب) ی دەگـووت.

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان
لاوی کورد هەڵسایە سەرپێ وەک دلێر
سا بەخوێن نەخشی ئەکا تاجی ژیان

بەڵــێ ئــەو هەواڵــەی دزەی کــردووە لــەو زیندانانــەی کــە تێیــدا ســەدان نیشـتمانپەروەری کـورد چاوەڕێـی ئەشـکەنجەی تامردنـن لەسـەر دەسـتی چڵـکاو خۆرانــی بایــار و مەندریــس.

بــا تێکۆشــین بــۆ بەدیهێنانــی ئــەو پەیامــەی ئەمیــن و هــەزاران شــەهیدی تـر بـەر لـەو ژیانـی خۆیـان بەخـت کـرد لـە پێناویـدا، پەیامـی ڕزگاری کوردسـتان و بەدیهاتنــی تــەواوی ئامانجەکانــی، بــۆ تێکۆشــان بــۆ ڕزگارکردنــی ســەدان نیشـتمانپەروەری کـوردی زیندانـی کـراو لـە تورکیـا و لـە مـەرگ و لـە لەناوچـوون. بــۆ تێکۆشــان و خەبــات، ئــەی هاوڵاتیانــی خۆشەویســت.

**ژمارە ٢٢٥ لە ٢٤/ مایس/١٩٦٠**

# قسە بکە تا.........

هاوڕێـی دێرینـم ئەبـو چـالاک، پیاوێکـی سـەر ڕاسـت، بـە نەرمـی و ڕەفتـار و ڕەوشـتە باشـەکانی ناسـراوە. وێـرای بەشـداریکردنی لـە بزووتنـەوەی نیشـتمانیی دژ بـە ئیسـتعمارو ڕووبەڕووبوونـەوەی، لەگـەڵ هاولاتیانـی دیکـەی کـورد لـە ڕۆڵەکانـی شـارۆچکە ئازیزەکـەم، دەڵێـم ئـەو خـۆی بـە دوور گرتبـوو لـە (حزبایەتـی کردنـی تەسـک) و میانـڕەو لـە بیـرو بۆچوونەکانیـدا، یـان وەک دەگوترێـت ئـەو دووربـوو لـە تونـدڕەوی جا بـە لای ڕاست بوایـە یـان لای چـەپ. ئـەم هاوڕێیـەم نـە شـیوعی بـوو نـە ئاژاوەگێـڕ، و نـە لەلاوانـی دیموکراتیـی و هیتـر لـەو ڕێکخراوانـەی چەتـە ڕەشـەکان دژایەتییـان دەکـرد، کـە دژایەتـی ئیسـرائیل و زایونیـزم و ئیسـتعمار و کلکەکانیـان بیربردبـووەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا میانڕەوییەکـەی و ڕقوکینـەی لـە تونـدڕەوی و ئەدەبەکـەی هەمـوو ئەوانـە ڕێیـان نەگـرت لـەوەی ڕووبـەڕووی زۆرتریـن سـوکایەتی و جنێـو پێـدان ببێتـەوە لـەو کاتـەی بـە بـەردەم گروپێکـی ناچێـزەی ئـەم چەتانـە ڕەت دەبـوو، کـە دەیانەوێـت لاسـایی ڕۆڵـی گەنجانـی هیتلـەری یـان پرۆسـییەکان بکەنـەوە یـان بەلایەنـی کەمـەوە ڕۆڵـی ئەندامانـی چەتەکانـی کانگسـتەری ئەمریکـی (ئەمریـکای خۆشەویسـت) بکەنـەوە، لای ئـەم چەتانـە نـەک لەبـەر ئـەوەی پشـتیوانی لـە فەڕەنسا دەکات لـە شـەڕی چەپەڵـی دژ بـە گەلـی پاڵەوانـی جەزائیـر، یـان لـە بـەر ئـەوەی یارمەتـی ئیسـتعماری بەریتانیـا دەدات لـە کوشـتنی خەڵکانـی ئازادیخـوازی یەمـەن و عومـان و هەروەهـا یارمەتـی چەتـە زایۆنییـەکان دەدات بـۆ بەردەوامیـدان بـە داگیرکردنـی خاکـی عـەرەب لـە فەڵەسـتین، بەڵکـو لەبـەر ئـەوە ئەمریکایان خۆشـدەوێ چونکـە بـە گوێـرەی دەربڕینەکانیـان دوژمنایەتـی یەکێتیـی سـۆڤیەت یـان ڕووسـیا دەکـەن، ئـەو ڕووسـیایەی بەرژەوندییەکانـی خـۆی لـە سیسـتەمی سۆشیالیسـتی خۆی

و داهاتووی سەدان ملیۆن کەسی لە کەمپی سۆشیالیستیی ڕووبەڕووی مەترسی لە ناوچوون و بۆمببارانی ئەتۆمی کردەوە. چونکە دەیویست ڕێگری لە هێرشی دژ بەمیسری عەرەبی و تەنانەت سەرکردەی عەرەبایەتی و بنکەکانی بکات. لە چاوی ئەم بەدکارانە ڕووسیا، کە پشتیوانی عەرەبەکانی دەکرد لە کێشەکانییان لە سوریا و لوبنان و لە ئوردن و عێراق و جەزائیر و مەڕاکش و تونس و سۆدان و لە عومان و یەمەن و هیتر لە خاکی عەرەب لە زەریاوە بۆ کەنداو.

هۆکاری تووشبوونی ئەم هاوڕێیەم لەگەڵ ئامۆزایەکی، کە ئەویش بە ئەدەب و ڕەوشت بەرزی و نیشتمانپەروەری ناسراوە. دەڵێم تاکە هۆکار، کە تووشی ئەم سوکایەتیی و جنێوپێدانە بوونەتەوە ئەوەیە کە ئەمانە بەرگی کوردیان پۆشیوە و بوێری ئەوەیان تێدابووە لەناو جەرگەی بەغدا! بەغدای پایتەختی کۆماری عەرەب و کورد، بەغدای لانەی عەبدولکەریم قاسم پیاسەیان کردووە. دوێنێ قسەیان بۆ کردم دەربارەی ئەم سوکایەتییە ناشیرنەی پێیان کراوە، کە لەلایەن ئەو بەدکارە زۆڵانەی هەتیوەکانی خەلیل کنە و بەعسی نەتەوەیی و فازیل جەمالی[1]، ئەوانەی خۆیان پێ پاڵەوانی چاو نەترسی نەتەوەییین، نەفرەتیان لێکردوون لەگەڵ ئەوانیشا هەروەها نەفرەتیان لە هەموو گەلی کورد و باوک و باپیرانیان و ئەوانەی هێناویانیەتییە عێراقی خاکی عەرەب، کاتێکیش نەیان ویستووە خۆیان بێننە ئاستی ئەم بەدکارانە، گوێیان لێبووە کەسێکیان گوتویەتی قسە بکە تا........... .

خوێنەرەکان پێتان وانەبێت تەنها ئەم ڕوداوەیە، ئەمە نموونەیەکی سادەیە لەوەی بە سەر زۆرێک لە کوردەکاندا ڕوودەدات – لە موسل و بەغدا و هەموو بنکەیەک لە بنکەکانی عروبە! ئەم چەتە تاوانبارانە، کە ڕێنوێنی لە ئینجیلی هیتلەر و فاشیزمی عەرەبایەتی وەردەگرن کەوا نکۆڵی کردنە لە کۆماری عێراق و بەرژەوەندییەکانی و بەردی بناغەی برایەتی هەمیشەیی کورد و عەرەب – بە کوێرایی چاویان کەوتونەتە شوێن سیاسەتی نکۆڵی کردنی بوونی نەتەوەی کورد

١-محەمەد فازل جەمالی ١٩٠٣ – ١٩٧٧ (ئامادەکار).

و خاکــی کوردســتان، کــە لــە ئێســتادا دابەشــکراوە، جگــە لــە کوردســتانی عێــراق، کــە بەهــۆی شۆڕشــی چــواردەی تەممــووز بــە ڕێبەرایەتــی کەریمــی عــەرەب و کــورد ڕزگار بــووە - کــوردەکان پێویســتە لەنــاو ببرێــن چونکــە بەشــداریان لــە کوژاندنــەوەی (هەڵگەڕانــەوەی شــەواف) کــردووە و لەبەرئــەوەی دژایەتــی پیلانگێڕییەکانی ئیســتعمار و کۆنەپەرســتی دەکــەن.

ئەگــەر ئــەم چەتانــە ئیمــڕۆ لــە ترســی توڕەیــی گەلــی عــەرەب و کــورد و لەترســی دەســەڵاتی نیشــتمانیی ناتوانــن مــەودای تاوانــە قێزەونەکانیــان لــە دژی گەلــی کــورد فراوانتــر بکــەن، ئــەوە ڕق و کینــە ڕەشــەکەیان لەدڵــدا هەڵدەگــرن بــەو ئاواتــەی ڕۆژێــک بۆیــان بلــوێ کــورد بهــاڕن و لــە بۆتــەی نەتــەوەی عەرەبــدا بیانتوێننــەوە. ئەگەرچــی ئەمــە دژە لەگــەڵ نەریتــی عــەرەب، بــەڵام ئــەم چەتانــە پەیــڕەوی لێدەکــەن و تەنانــەت شــەبەنگێکی خەونــە بێبایەخەکەیــان نابینــن، وســەریش ناکــەون لــە بەدیهێنانــی ئــەوەی دەیانەوێــت لــە کاتــی ئێســتادا، کەبریتییــە لــە بڵاوکردنــەوەی دوبەرەکــی لــە نێــوان ڕۆڵەکانــی گــەل و پشــت شــکاندنی برایەتــی و خەباتــی هاوبــەش لــە نێــوان کــورد و عــەرەب. هەروەهــا لــە ئامانجــی دووریشــیان ،کــە ســڕینەوەی نەتــەوەی کــوردە، کــە بــە بــەرزی دەمێنێتــەوە وەک کێــوە سەرکەشــەکانی کوردســتان، چونکــە تێکۆشــەر و ئازادیخوازانــی کوردســتان و دۆســت و بــرا ئازادیخــوازە عــەرەب و نەتەوەکانــی دیکــە دەیپارێــزن.

نەتــەوەی کــورد ڕاســتییەکی مێژوویــە و دروســتکراوی هیــچ کەســێک یــان بەرهەمــی خەباتــی گروپێکــی دیاریکــراو نییــە. کوردســتان واقعێکــە و لــە ئەزەلــەوە شــوێنی کــورد بــووە و هــەر بــۆ کوردیــش دەمێنێتــەوە. ئیتــر بــا ســەری پوچیــان بــدەن لــە شــاخەکان بــا جارێکــی دیکــەش بەختــی خراپییــان تاقــی بکەنــەوە بــە دڵنیاییــەوە خۆیــان و گەورەکانییــان تەمێکردنیــان لەودیــوی ســنورەکان دەچننــەوە.

**ژمارە ٢٣٤ لە ٩/ حوزەیران/١٩٦٠**

# کۆمەڵەیەک بۆ نووسەرانی کورد

کۆمەڵـەی نووسـەرانی کـورد بیرۆکەیەکـی جوامێرانەیـە، کـە ماوەیەکـی زۆرە دەور و خولـی هـۆش و بیـری ئەدیبانـی کوردسـتان لە نووسـەر و شـاعیران دەدات، بـەڵام گۆڤـاری ڕۆژی نوێـی[1] دڵمەنـد، کـە بۆشـاییەکی گـەورەی لـە بـواری ڕۆژنامەگـەری کوردیـدا پـڕ کـردوە و بـە دەرکەوتنـی بـەم شـێوە سەرسـوڕهێنەرە پێشـەنگایەتی بەسـەر گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردییەکانـی دیکـەدا لـە دەرخسـتنی بیرۆکەکـە و بڵاوکردنـەوەی بۆچوونەکانـی نووسـەرانی کـورد لـەم بارەیـەوە هەبـوو، بـەم شـێوەیە شـایانی ستایشـی هەمـوو ئەدیبانـی کـورد و هەمـوو نیشـتمانپەروەرانی کوردبـوو.

گومانـی تێدانییـە دامەزراندنـی کۆمەڵـەی نووسـەرانی کـورد بەشـداریەکی زۆر دەکات لـە یەکخسـتنی خەڵکەکەیـان و یەکخسـتنی تێکۆشـانیان و هەماهەنگـی کردنـی هەوڵەکانیـان لـە خزمـەت کردنـی ئەدەبیاتـی کـورد و بـەم شـێوەیە بـە گەلـی کـورد لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان. بۆیـە نووسـەرانی کـورد، ئـەم کۆمەڵەیـە دادەمەزرێنـن و دواتـر دەست دەکـەن بـە جێبەجێکردنـی کار و کـردەوە و ئەرکـە نەتەوەییەکانیـان لـە بـواری ئـەدەب . کوردسـتانی عێـراق، کـە بووەتـە جـێ سـەرنجی هەمـوو نیشـتمانپەروەرانی کـورد، دوای ئـەوەی شۆڕشـی چواردەی تەممـووز بـە ڕابەرایەتـی سـەرکردە کاکـە کەریـم قاسـم ئـازادی کـرد لـە ئیسـتعمار

---

١-گۆڤارێکـی مانگانـەی ئەدەبـی، سیاسـیی، کۆمەڵایەتـی بـووە خـاوەن و لێپرسـراوی پارێـزەر جەمـال شـاڵی و سـکرتێری نووسـینی کامـەران موکـری بـووە، لـە مـاوەی نێـوان ١٩٦٠ تـا١٩٦١ لـە سـلێمانی ١٨ ژمـارەی لـێ بڵاوکراوەتـەوە، دەسـتەی نووسـەران بریتـی بـوون لـە محـرەم محەمـەد ئەمیـن، ئیحسـان عەبدولکەریـم، کەریـم زەنـد، عەبدوڵـڵا ڕەزا ئـەژدەر (ئامـادەکار).

و چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی، کە تێکۆشەرە پێشڕەو و دیموکراسخوازەکان لە ژێر ئالاّی حزبی پێشڕەوی کوردستان گرتیانە ئەستۆ. بەڵێ ئەنجامدانی هەموو ئەمانە لە لایەن نووسەرانی کوردستانی عێراق بە کارێک دەژمێردرێ، کە گرنگیەکی بایەخداری هەیە لە مەیدانی ئەدەبیاتی کوردیدا، کە ئیستعمار تەگەرەی خستبووە بەردەم گەشەکردن و پێشکەوتنی سروشتی و ئاسایی خۆی، وەک بەشێک لە سیاسەتە ستەمکارانە گشتییەکەی ، کە کۆیلە کردن و پارچە پارچەکردنی کوردستان و سەپاندنی سیاسەتیی چەوساندنەوەی ئیستعماری و نەتەوەیی نەخوازراو بوو بە سەر گەلە سەربەرزەکەیدا. ئەم سیاسەتە تاوانکارییەی ئامانجی فەوتاندنی نەتەوەی کورد و لە ناوبردنی تەواوی قەوارە نەتەوەییەکەی بوو، کە هەر کاتێک بۆی لوا.

ئەو نووسەرانەی کە پەیوەست بوون بە کوردستانی ئازیزیانەوە و لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە شکۆدارەکەیدا بەردەوام بوون، مەرامە گلاّوەکانی داگیرکەرانیان تێپەڕاند و لە کیسیاندان، بەوەی لە بواری خۆیاندا شیعر بە تایبەتی و پەخشان بە گشتییان پێشکەش بە گەلی کورد کرد، کە بەشدارییەکی بە نرخیان کرد لە بوژاندنەوەی گیانی نیشتمانپەروەری لە دڵی رۆڵەکانیاندا و ئاشکراکردن و ڕیسواکردنی تاوانەکانی ئیستعمار و داگیرکەران و لە هاندانی جەماوەری؛ کوردستان بۆ تێکۆشان.

سرووده شۆڕشگێڕیەکان و هۆنراوە نیشتمانییەکان و پەخشانی نووسەرانی دیاری کوردستان لە وێنەی ئەحمەدی خانی[٢] و حاجی قادری کۆیی[٣]

---

٢-ئەحمەد کوڕی ئەلیاس کوڕی ڕۆستەم١٦٥٠-١٧٠٧ نازناوی خانی لە هۆزی خانیان وەرگرتووە، کە بەشێکی زۆری ئەم هۆزە لە ناوچەی بۆتان بوون بەڵام بنەماڵەی خانی لە بایەزید نیشتەجێبوون (ئامادەکار).

٣-حاجی قادر ١٨١٦ — ١٨٩٧ کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا ساڵح کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە، لە مانگی حاجییان لە دایک بووە بۆیە پێی گوتراوە حاجی، لە گوندی گۆڕقەرەج خوارووی ڕۆژئاوای کۆیە هاتۆتە دونیا لە ئەستەمبوول کۆچی دوایی کردووە، بەڵام گۆڕەکەی دیار نییە (ئامادەکار).

و بێکەس(٤) و بلە(٥) و هەژار(٦) و جگەرخوێن(٧) و پیرەمێرد(٨) و گۆران(٩) و کامەران(١٠) و دەیانی تریان بوونە وێردی دڵی پڕ لە خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان و ڕۆحی شانازی نەوە خۆڕاگرەکانی کاوە.

بەم شێوەیە نووسەرانی کورد ڕۆڵێکی شەڕافەتمەندانەیان گێڕا لەم خەباتە پاڵەوانییەی کە خەڵکی کوردستان بۆی تێکۆشان و تا ئێستاش بۆی تێدەکۆشن لە پێناو ئاشتی و ئازادی و دیموکراسییەتدا، یارمەتی گەلەکەمانیان دا بۆ درککردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکان و بەردەوام بوون لە گرتنە بەری ڕێگای ڕاست و شۆڕشگێڕانە و جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن و بە هێزکردنی پەیوەندی خەباتی هاوبەش لەگەل گەلانی عەرەب و فارس و ئازەر و تورک دژ بە دوژمنی هاوبەش.

بۆیە نووسەرانی کورد شایستەی خۆشەویستی و ڕێزگرتنی گەلەکەیان و لەئامێزگرتنیانە. دامەزراندنی کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لەم بارودۆخەدا گرنگیەکی دیکەی هەیە، ئەویش بەشداری کردنی نووسەرانە لە پەرەپێدانی ئەدەبیاتی کوردی و بەدواداچوونیان بۆ گەشاندنەوە و پێشکەوتنی بۆ گەیشتن بە ئاستی

---

٤-فایەق کوڕی عەبدوڵڵا بەگ کوڕی حەمەی کوڕی ئەلیاس قۆجەیە ١٩٠٥-١٩٤٨ لە گوندی سیتەک هاتۆتە دونیا لە گردی سەیوان بە خاک سپێردراوە. (ئامادەکار).

٥-ئیبراهیم ئەحمەد کوڕی فەتاح لە ١٩١٤ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیا ولەساڵی ٢٠٠٠ لەبەریتانیا کۆچی دوایی کردووە تەرمەکەی هێنراوەتەوە کوردستان لە سلێمانی لە گردی سەلیم بەگ بە خاک سپێردراوە. (ئامادەکار).

٦-هەژار ١٩٢٠-١٩٩١ عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی لە گوندی شەرەفکەندی سەر بە شاری مەهاباد لە دایک بووە دوای کۆچی دوایی لە مەهاباد نێژراوە. (ئامادەکار).

٧-جگەر خوێن ١٩٠٣-١٩٨٤ شێخمووس کوڕی حەسەن کوڕی محەمەد کوڕی مەحموود لە گوندی حەسار نزیک ماردین لە دایک بووە، دوای کۆچی دوایی لە قامیشلۆ نێژراوە. (ئامادەکار).

٨-پیرەمێرد ١٨٦٧-١٩٥٠ تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی هەمزە ئاغای مەسرەفە لەسلێمانی لە دایک بووە. (ئامادەکار).

٩- گۆران کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی سلێمان بەگ کوڕی عەبدوڵڵا بەگ، لە ١٩٠٣ لە هەڵەبجە لە دایک بووە، لە ١٩٦٢ کۆچی دوایی کردووە. (ئامادەکار).

١٠-کامەران موکری ١٩٢٩-١٩٨٦ محەمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی تەها ناسراو بە کامەران موکری، لەسلێمانی لە دایک بووە و هەر لە سلێمانیش لە گردی سەیوان بە خاک سپێردراوە (ئامادەکار).

ئەدەبی بەرزی نەتەوە شارستانییە پێشکەوتوەکان و بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپوری دێرینەی. ئەم کۆمەڵەیە هەروەها ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە بەرزکردنەوەی دەنگی گەلی کورد لە نێو نووسەرانی جیهان و لە کۆڕەکانیاندا، لە پێشکەش کردنی چەپکە گوڵی ئەدەبی کوردی بۆ نەتەوەکانی جیهان و گواستنەوەی کاریگەرییە پێشکەوتوەکان لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی خۆشەویستی کوردییان.

ئەم جۆرە کۆمەڵەیە زۆر پێویستە بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی ئەدەبیاتی کوردی، بۆیە بێگومان پشتیوانی و هاوکاری هەموو کوردە بەڕێزەکان وەردەگرێت و ئێمە هیوایەکی گەورەمان هەیە، کە یارمەتی حکومەتی نیشتمانیمان و کۆماری هەمیشەییمان، کۆماری عەرەب و کورد و هەروەها یارمەتی تایبەتی سەرکردەی عەرەب و کورد وەربگرێت.

خۆزیا دەخوازین ئەم کۆمەڵەیە بەزوویی بێتە ئارا و نووسەرەکانمان دەسکەوتی نوێ بخەنە سەر دەسکەوتە نەمرەکانییان.

**ژمارە ٢٣٢ لە ١/حوزەیران/ ١٩٦٠**

# زللەیەکی مزر

قوتابییــە بچکۆڵــەکان، کــە لــە تەمەنــی گوڵــی ســەوزدابوون لــە ســەر کورســییە دارینــەکان دانیشــتبوون بــە وریاییــەوە گوێیــان لــە مامۆســتای مێــژوو گرتبــوو، کــە بارودۆخــی نەتــەوە نامۆکانــی بــۆ ڕاڤــە دەکــردن. دەرەوەی پۆڵەکــە زۆر ســارد بــوو، بەفــر ڕێــگا و کۆڵانەکانــی ئــەم شــارە کوردییــە خۆڕاگــرەی داپۆشــیبوو، شــاری...، کــە یەکێــک بــوو لــەم شــارانەی بــە تورکیــا لکێنرابــوو، کــە دوچــاری وێرانکــردن و بۆردومــان و کۆکــوژی کرابــوون لــە ســەر دەســتی نــەوەی (هۆلاکــۆ) تۆرانییــە فاشیســتەکان.

مامۆســتاکە دەســتی کــرد بــە ڕاڤــە کردنــی پرۆگرامــی دیاریکــراو، کــە قســە کــردن بــوو لــە ســەر مێــژووی یۆنــان. هەوڵــی دەدا بابەتەکــە لــە مێشــکی قوتابییــە بچکۆڵــەکان نزیــک بکاتــەوە کــە کەمێــک لــە تورکــی دەگەیشــتن، زمانــی تورکیــش تاقــە زمانــی دانپیانــراوە و ناکــرێ بــە زمانــی تــر بدوێــن چونکــە قەدەغەیــە تەنانــەت بوونیشــی نییــە بەپێــی فەرمانــی دەســەڵاتدارە ســتەمکارەکان.

لەنــاو قوتابییــە بچکۆڵــە کوردەکانــدا قوتابییەکــی بــە ڕەوشــت، کــە لــە قوتابخانــە لــە نــاو هــاوڕێ و مامۆســتاکانییدا بــە زیرەکــی و چالاکــی ناســرابوو بۆیــە مایــەی بایەخپێــدان و پێزانینــی مامۆســتاکانی بــوو لەناویشــیاندا ئــەم مامۆســتایەی مێــژوو، ئــەم قوتابییــە زرنــگ و نایابــە هەمــوو وانەکانــی بــە باشــی وەردەگــرت و ڕوونکردنەوەی دەربــارەی خاڵــە نــا ڕۆشــنەکان و ئــەو پرســیارانەی بــە مێشــکی دادەهاتــن دەپرســی، هــەر ئەمــەش بــوو وایکردبــوو مامۆســتاکان گرنگــی بــە خــۆی و پرســیارەکانی بــدەن و هــەوڵ بــدەن ئــەوەی لــە مێشــکی ئــەم قوتابییــە زیرەکــە ناڕۆشــنە ڕوونبکەنــەوە، کــە لــە وانــەکان و کۆڵنــەدان و زیرەکییــدا هاوڕێکانــی تێپەڕاندبــوو بێئــەوەی سســتی و بێــزاری نیشــان بــدات.

بەڵام ئەمجارە بارودۆخەکە باش نەبوو، بۆ ئەم وانەیە کە زۆرتر دەربارەی ئەوانە بوو، کە لە وڵاتێکی شاخاوی دەژین و زمانی قسەکردنیان تورکی نییە و یۆنانییە، ئەم قوتابییە پرسیارێکی هەبوو کە لە مێشکیدا بەرجەستە نەبوبوو بۆیە دەستی بەرز کردەوە دوای ئەوەی مامۆستاکە ڕاڤەکەی تەواو کرد و داوای لە قوتابییەکان کرد، کە پرسیار بکەن ئەگەر پرسیارێکیان هەبێت. مامۆستاکە وەک نەریتی هەمیشەیی لە قوتابییە نازندەکە هاتە پێش و بە زەردەخەنە و هاندان، بۆیە قوتابییەکە هەستا و گوتی: مامۆستا بەڕێزەکەم پرسیارێک لەمێشکمدا گینگڵە دەدا تۆش بارو دۆخی ئەو خەڵکە دوورەمان بۆ ڕاڤە دەکەیت، کە بە زمانێکی غەیری تورکی قسە دەکەن. کەواتە بۆچی ئێمە فێری بارودۆخی خەڵکانی تر ناکەیت کە ئەوانیش بە تورکی قسە ناکەن، مەبەستم ئەم نەتەوەیەیە کە لەم شارە و دەورووبەری دەژین، کە خەڵکەکەی بە زمانی کوردی قسە دەکەن؟ بۆ مێژووی کەسوکارە کوردەکانمان ناخوێنین؟ ئەم قوتابییە بچووکە - ئەوسا – تەمەنی لە دەساڵان تێپەڕی نەکردبوو، بەبێ هیچ مەبەست و مەرامێک پرسیارەکەی کرد، بەڵکو بە هەموو سادەیی و زمان پاراوییەکەی سروشتی خۆی بە ڕەوانی پرسیارەکەی ئاڕاستەی مامۆستاکەی کرد، بێئەوەی درک بە مەترسی ئەم پرسیارە بکات و ئەو شوێنەوارە خراپەی بە سەر دەروونی مامۆستا بەڕێزەکەی جێدەهێڵی. ئەگەرچی ئەم قوتابییە بێ درێغی کردن ڕەنجی دەدا و زۆرترین وزە و توانای بۆ ڕەزامەندی و خۆ خۆشەویست کردن دەنواند وەک هەموو قوتابییە پێشکەوتوەکان، کە ئارەزووی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی مامۆستایان دەکەن.

کەواتە وەڵامی مامۆستا بۆ پرسیارەکەی چیبوو؟ وەڵامەکەی تێسرەواندنی زللەیەکی مزربوو. بەگوێرەی قسەکانی ئەم قوتابییە، کە ئێستا گەورە بووە و بۆتە نیشتمانپەروەرێکی دەربەدەر لە کوردستانی ئازیز و ماوەیەک لە مەوبەر دەستی بە فێربوونی زمانی عەرەبی کردووە، زللەکە ئەو وەڵامە بوو، کە لە لایەن مامۆستای مێژووەوە بۆ پرسیاری ئەم قوتابییە زیرەک و نازندەی خۆشەویست بوو لای ئەو.

هاوڕێ ئازیزەکەم کاک ....... زللەیەکی مزری بە پێکەنینەوە گوتەوە، کەچەند

ڕۆژێـک لەمەوبـەر لـە دەمەقاڵییـەک، کـە خـۆی شـایەتحاڵ بـوو بیسـتبوویەوە، پاشـان چەمکەکـەی ڕوونکـردەوە کاتێـک لـە ماناکـەی گەیشـت، زللـە مزەکـەی بیرکەوتـەوە، کـە بـەر لەدەیـان سـاڵ لـە مامۆسـتا بەڕێزەکـەی تێیسـرەوێندرا بـوو.

خوێنـەری ئازیـز لێتـی ناشـارمەوە سەرسـام بـووم بـە بەهێزیـی یـادەوەری هـاوڕێ کوردەکـەم، کـە لـە خۆشەویسـتترین شـوێنی کوردسـتانی خۆشەویسـتمانەوە هاتـووە، لەکوردسـتانی ڕاپەڕینەکانـی دیاربەکـر و دەرسـیم و ئاگـری و بتلیسـی شۆڕشـگێڕ، لـە نیشـتمانی شـەهیدان شـێخ سـەعید[1] و شـێخ عەبدولقـادر[2] و دکتـۆر فوئـاد[3] و خالیـد جبڕانلـی[4] و کەمـال فـەوزی[5]و هـەزاران نەمـری تـر، کـە لەسـەرە مـەرگا ئاواتـی سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە سـەر زاریـان دووبـارە دەبوویـەوە بەپێـی وەسـفی جەواهیـر لال نەهـرۆی[6] مـەزن.

هـۆکاری سەرسـوڕمانم بـۆ هیچـی ڕوداوەکەبـوو، کـە گومانـم وابـوو پێویسـت بـە بیرهێنانـەوە نـاکات گـەر بـەراوردی بکەیـن بـە پێـوەری شـاڵاوەکانی کۆمەلکـوژی و سـوتاندن و وێرانکردنـی گونـد و شـارەکان، ئـەو شـاڵاوانەی بوونـە مایـەی کوشـتنی دەیـان هـەزار کـورد و دەربەدەرکردنـی سـەدان هەزاریـان، کـە کەمالییـەکان بەهۆیـەوە هەوڵیـان دەدا ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا بـە شارسـتانی بکـەن و بەسـەر ئـەو خەیاڵـە

---

١-شـێخ سـەعیدی پیـران ١٨٦٥-١٩٢٥ شـێخ سـەعید کـوڕی شـێخ عەلـی لـە پاڵـو لـە دایـک بـووە سـاڵی ١٩٢٥ لـە دیاربەکـر لـە سـێدارە دراوە. (ئامـادەکار).

٢-عەبدولقـادر ١٨٥١ — ١٩٢٥ شـێخ عەبدولقـادر شـەمزینی کـوڕی شـێخ عوبیدوڵـڵای نەهرییـە بـە بیانـوی ئـەوەی بەشـداری لـە شۆڕشـدا کـردووە لـە سـێدارە دراوە. (ئامـادەکار).

٣-دکتۆرفوئـاد پاشـا ١٨٦٧ — ١٩٢٥ پزیشـک و پیـاوی سیاسـیی، یەکێـک لـە دامەزرێنەرانـی کۆمەڵـەی هێڤـی١٩١٣ و ئەندامـی جەمعیەتـی تەعالـی کوردسـتان، لـە دیاربەکـر لـە١٩٢٥ لـە سـێدارە دراوە. (ئامـادەکار).

٤-خالدجبڕانلـی ١٨٨٠ — ١٩٢٥ خالیـد جوبـران بـەگ یەکێـک بـوو لـە دامەزرێنەرانـی کۆمیتـەی کوردسـتان بەشـداری لـە شۆڕشـی ١٩٢٥ دا کـردووە وهـەر لـەو سـاڵەش لـە بتلیـس لـە سـێدارە دراوە. (ئامـادەکار).

٥-کەمـال فـەوزی نـاوی تـەواوی کەمـال ڕەشـید لـە ١٨٩١ لـە قـەزای هیـزان لـە بتلیـس لـە دایـک بـووە، سـاڵی ١٩٢٥ لـە سـێدارە دراوە. (ئامـادەکار).

٦-نەهرۆ ١٨٨٩-١٩٦٤ یەکێک بوو لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە هیندستان، (ئامادەکار).

بۆژۆکەرەدا زاڵبن، خەیاڵی کوردستانی ئازاد و بەختەوەر، ئەو خەیاڵەی مێشکی ئەوانەی تەنییوە بە ناوی کوردایەتییەوە. بە گوێرەی ئەوان ئەمە ئەو شتەیە، کە ئەوان دەترسێنێت و تارماییەکەی بە درکاندنی خەونەکانیان هەڵدەتەکێنێ. چونکە ئەمانە ژیانی خۆیان کردۆتە قوربانی گەلەکەیان و گیانیان خستۆتە سەر دەست و ڕێی مەرگیان بۆ ئەم ڕێگا پڕشکۆیە گرتۆتە بەر، ڕێگای ڕزگاری کوردستان. دەڵێم ڕێی مەرگیان گرتۆتە بەر، کە وایان لێدەکا تا هەتایێ بە نەمری لە دڵی میللەتەکەیان بژین.

کاتێ ئەم برا کوردەم سەرسوڕمانی بەڕوخسارمەوە بەدیکرد هۆکارەکەی لێپرسیم، کە بۆ ئەو و تۆی خوێنەر ڕوونم کردەوە. پێی گووتم پیرۆت ئەزانی بۆ تێسرەواندنی ئەم زللە مزرەم دێتەوە یاد، پێمگووت لەوانەیە ئەمە بۆ بە هێزی یادەوەریت بگەڕێتەوە. قسەکەی پێبڕیم و گووتی: هەرگیز، بەڵکو لەبەر یەک هۆکارە کە بریتییە لەوەی وایلێکردم کە لەم ڕۆژەوە تێبگەم من کوردم و نەتەوەکەم زوڵم لێکراوە، کەسانێک هەن ڕێ لەوە دەگرن ڕۆڵەکانی مێژووی خۆیان بخوێنن. ئەو ڕۆژە کە گەڕامەوە ماڵ ڕوداوەکەم بۆ باوکی ڕەحمەتیم گێڕایەوە، بۆیە باوکم دۆخی نەتەوەکەمی لەژێر حوکمڕانی تورکەکان بۆ ڕاڤە کردم، ئەم زللە هەمیشەییە لە زەینمدا وانەیەکی فێرکردم جیاواز لەوەی مامۆستاکەم چاوەنواڕی دەکرد، کە ئەوەیە هەمیشە نەتەوەکەم و مەزلومیەتیەکەی و ڕەوایی و زەرورەتی تێکۆشان بۆ ڕزگار کردنیم بیردەخاتەوە. ئەمەی پێگووتم و چاوەکانی فرمێسکیان تێزا بە ڕامان لە ئاسۆی دوور خەیاڵ بردییەوە و ئەندێشەش گەیاندیە ئەوەی، کە پێویستە خەبات بە توندوتۆڵی دەستی پێوە بگیرێت و پێداگری بکرێت لە پێناو ئەوەی قوتابییە کوردەکان مێژووی نەتەوەکەیان بە زمانی خۆیان لە نیشتمانێکی ئازاد و بەختەوەردا بخوێنن.

**ژمارە ٢٣٦ لە١٠/حوزەیران /١٩٦٠**

# لە سروشی یادەوەرییەکاندا

لە ژوورە بچکۆڵە سادەکەی پێشوازی ماڵی هاوڕێی تێکۆشەرمان ئەبو ڕزگار دانیشتبووم زۆر بە گرنگییەوە گوێم بۆ قسەکانی ئەو تێکۆشەرە کوردەی لە کوردستانی بەزۆر بە ئێران لکێنراوەوە هاتبوو ڕاگرتبوو، کە دەربارەی پەلامارە دڕندانەکەی ئەم دواییەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی شا، کە دەستیان سوور بوو بە خوێنی ئازادیخوازانی ئێران بە فارس و کورد و ئازەر و عەرەبەوە دەکرد. میوانی ئازیز بە درێژی شێوازەکانی تۆقاندن و ئەشکەنجەدان و ترساندنی بۆ باس دەکردم، کە لەم پەلامارەدا بەکارهێنرابوو، قسەی لەسەر هونەر نواندنی دار و دەستەی شا لە ئەشکەنجەدان و دڵڕەقیان و دڕندایەتییان، دەکرد. باسی ئەو فارسەی بۆ کردم، کە شێوازەکانی ئەشکەنجەدان و لێدان و فەلاقە کردن نەیانتوایبوو مۆڕاڵی تێکبشکێنن و بە خۆڕاگرییەوە گاڵتەی بە جەللادەکان دەکرد لەو کاتەی بە زنجیر بەسترابۆوە بە ناوی جێبەجێکردنی بڕیاری عیدام کردنی گوللەبارانیان کرد ئەو سروودە شۆڕشگێڕیەکانی دەچڕی. ئەم شەهیدە پاڵەوانە لەگەڵ هاوڕێیانی تری لە ئەفسەرە شەرافەتمەندەکانی سوپای ئێران گیانییان سپارد، کە نەیان ویست ملکەچی دەست و پێوەندەکانی شای خائین و تاوانبار ببن، سروودەکانی سەرکەوتنیان بۆ گەلانی ئێران و ئاشتی جیهان و دیموکراسییەت دەوت. کەمێکی لە پاڵەوانیەتی شەهیدانی ئازەربایجان بۆ گێڕامەوە، کە چوونە سەر پەتی سێدارە و هورایان بۆ ڕووخانی ئیستعمار و دار و دەستەی فەرمانڕەوا، کە بەفرمانی ئەو دەجولانەوە، بە ژیانی گەلانی ئێران و سروودی (یەشا یەشا ئازەربایجان) بژی بژی ئازەربایجان دەگوتەوە. بە هەناسە هەڵکێشانەوە لە پەنجەرەکەی بەرامبەر بنکەی پۆلیسی

ناوەنـدی ڕوانـی، دوای ئـەوەی بـە شـێوەیەکی بێئاگایانـە پەردەکانـی لابـرد، کـە ڕوناکـی ژوورەکـەی شـاردبۆوە چونکـە ئێمـە خۆمـان لـە چـاوی پۆلیسـەکانی سـەعید شـاردبوەوە، ئـەو کوردێکـی نیشـتمان پـەروەری دەرەوەی عێراقـە، منیـش کوردێکـم لـە عێـراق بـەڵام لـە لایـەن دەسـەڵاتداری خیانەتـکارەوە داواکـراو و ڕاونـراوم، پاشـان ئەبـو ڕزگاری خانەخوێمـان بـە تێڕوانینێکـی مانـادار لێیڕوانـی، تێکۆشـەرە کوردەکـە گرژییـەوە کـە لـە مەهابـادی پاڵەوانیەتییـەوە هاتبـوو، شـاری پاڵەوانییەتـی و قوربانیـدان، پایتەختـی کۆمـاری کوردسـتانی دیموکراسـی، کـە مـاوەی سـاڵێک ژیـا، شـاری شـەهیدان و سـەرکردەکانی کۆمـاری کوردسـتان و تێکۆشـەرانی.

درێـژەی بـە قسـەکانیدا و گوتـی: بێگومـان بیسـتوتانە چۆنچۆنـی سـمکۆی[1] نیشـتمانپەروەری ناسـراوی کوردیـان بـە غـەدر ونامـەردی لـە ناوبـرد. هەروەهـا گوتـی گومانـی تیانییـە دەزانـن چـۆن قـازی محەمـەد[2] و براکانیـان خنکانـد، بەڵـێ کۆمەڵـی فەرمانـڕەوای ئێـران خاوەنـی پڕاکتیزەکردنـی فڕانـدن و کوشـتنی تێکۆشـەرانن و ئەمانـە توندتریـن دەسـتەی کۆنەپەرسـتی بەسـەگ بـوو و توندوتیـژی و دڕندایەتیـن لـە ڕەفتارکـردن لەگـەڵ نیشـتمانپەروەران. دواتـر پێکەنـی ئێسـتا ئەمانـە هەڕەشـە لەئێمـەی خەباتگێڕانـی کـورد دەکـەن لەکوردسـتان (لێـرەدا پێیگوتـم تـکات لێدەکـەم بـە وەسـفەکەی خـۆت بیڵـێ، گوتـم مەبەسـتت کوردسـتانی داگیرکـراوی بـە زۆر بـە ئێـران لکێنـراوە، بـە سـەر لەقانـدن ئامـاژەی ڕەزامەنـدی نوانـد و بـەردەوام بـوو لەسـەر قسـەکانی) ئـەوان بەڵێنـی ئـەوە دەدەن کـە پارچـە پارچەمـان بکـەن، تەنانـەت ئەگـەر زەویـش لێکبتـرازێ و بچینـە ژێرییـەوە هـەر دەمانکـوژن، وەلـێ ئـەم جەللادانـە نایانـەوێ

١-ئیسماعیل ئاغای شکاک ١٨٧٧-١٩٣٠ (ئامادەکار).

٢-محەمەد میرزا عەلی١٩٠٠-١٩٤٧ یەکەم سەرۆک کۆماری کورد لە مەهاباد (ئامادەکار).

لـەوە تێبگـەن، کـە ئێمـە ئازادیخـوازی کوردسـتان و نـەوەی کاوە و سـەلاحەددین و شـێخ عوبەیدوڵـلا[٣] و شـێخ عەبدولسـەلام[٤] و برایانـی دکتـۆر فوئـاد و کەمـال فـەوزی و قودسـی[٥]و خەیروڵـلا[٦] وهەزارانـی تریـن لەپێنـاو گەلەکەمـان لەمـردن ناترسـین، بەڵکـو خۆمـان لـە پێنـاو ئـازادی کوردسـتانی ئازیزمـان ڕووەو مـەرگ هەنـگاو دەنێیـن. لێـرەدا وەسـتا و کاغەزێکـی لـە گیرفـان دەرهێنـا و تیایـدا پارچـە پەخشـانێکی نـاوازەی مامۆسـتای تێکۆشـەر ئیبراهیـم ئەحمـەدی خوێنـدەوە، کـە بەسـەر دێـڕی (بـەرەو ڕوناکـی) ناسـراوە و تیایـدا دەڵـێ:

لە ناو جەرگەی تاریکییەوە، دەست بە کەلەپچە و تەوق لەمل و زنجیر لە پێ

لـە کانـگای نەزانـی و هـەژاری و دیلییـەوە، کەوتومەتـە ڕێ، هاتـووم ئـەڕۆم بـەرەو ڕوناکـی

پشـتم داڕزاوی جەزرەبـەی قەمچییـە، ناوچەوانـم تفـی پیادێتـە خـوارەوە، پێـم شـەلی دارکارییـە

فرمێسک لە چاوما قەتیس ماوە، پێستم بەسەر ئێسکما وشک بۆتەوە

بەڵام بە دڵێکی وەک پۆڵاوە ڕێم گرتۆتە بەر ئەڕۆم بەرەو ڕوناکی

ماندووم و ڕێگاکەم دوورە، برسیم و دوژمنەکانم تێرن، ڕووتم و ئەوان پۆشتەن

بێهێزم و ئەوان بە دەسەڵاتن، من دەست و پێ بەستراو و ئەوان بەڕەڵان

لەگەڵ ئەوەشا بە ویستێکی نەگۆڕ و گیانێکی نەبەز و زاتێکی مەردانەوە

ئەڕۆم بەرەو ڕوناکی

ئەزانم، زۆر چاک ئەزانم چ ڕێیەکی سەختم لەبەرە

ئەزانم، زۆر چاک ئەزانم چ دەرد و ئازار و ئەرکێکم لەسەرە

---

٣-عوبەیدوڵڵا کوڕی سەید تەها کوڕی شێخ ئەحمەد شەهابەدین نەهرییە ١٨٣١-١٩٠٠ (ئامادەکار).

٤-عەبدولسەلام محەمەد عەبدولسەلام١٨٨٧-١٩١٤ (ئامادەکار).

٥-قودسـی نـاوی تـەواوی محەمـەد مەحمـوود ئەفەنـدی ڕەسـام کـوڕی محەمـەد حەنیفـە ١٩٢١- ١٩٤٧ (ئامـادەکار).

٦-خەیروڵڵا ١٩١٢-١٩٤٧ (ئامادەکار).

ئەزانم چەند دوژمنی زۆردار و خوێن خۆر ڕێم لێ ئەگرن

بـەڵام نـە سـەختی ڕێـگا، نـە سـامی تاریکـی بێپایانـی دەور و پشـتم، نـە زۆری و زۆرداری دوژمـن ئەوەنـدەی تـۆزێ کار ناکەنـە دڵـم، سـەرێکە و هێناومـە و نایگێڕمـەوە ئـەڕۆم بـە بـێ تـرس بـەرەو ڕوناکی...ئەزانـم دوژمنەکانـم چ بلیمەتێکـن لـە ئـازاردان و کوشـتن

هەرگیـز ئـەو داخانـەم لـە پێـش چـاوە، کـە بـە ناوچەوانـی بـاب و باپیرمیانـەوە نـاوە.

ئەزانم چ شەیتانێکیان لێدەرچووە لە ویژدان مراندن و گیان کوشتنا

بــەڵام لــە هەمــوو داخــێ لای مــن بــە ناســۆرتر داخــی دڵــم و لــە هەمــوو بەندیخانەکانـی ئـەوان تاریکتـر پـڕ ئازارتـر ژیانـی ئێسـتەی خۆمـە، بۆیـە هێـز نییـە بموەسـتێنی، دەسـەڵات نییـە لامـدا لـەڕێ، ڕۆیـوم وئـەڕۆم بـەرەو ڕوناکـی.

ئەزانم ڕەنگە نەشگەمە ئامانج، ڕەنگە لە یەکەم قۆناغا بکوژرێم

زۆر ڕێی تێئەچێ لە ڕێگا بمرم

بـەڵام بمـرم بـەرەو ڕوناکـی بـڕۆم، لـە هـەزاران ژیانـی نـاو تاریکـی چاکتـرە، بۆیـە هـەر ئـەڕۆم بـەرەو ڕوناکـی.

ئەمـەی گـوت و نەختـێ وەسـتا لـە میانـەی ئـەم ماوەیـەدا مـن کۆتـا پارچـەی نـاوازە نەمرەکـەی مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەدم بـۆ تـەواو کـرد:

نا، نا، من هەر خۆم نیم، بە تەنیا نەکەوتومە ڕێ، هەزاران هەزار هەژارانین

هەمـوو کەرامەتـی پلیشـاوەمان هەسـتاوەتەوە، پشـتی چـەرم بـە دار فڕێدراومـان هاتۆتـەوە سـوێ، ئابـڕووی تکێنراومـان ئەنەڕێنـێ بـە سـەرماندا، هەقـی هـەزار سـاڵ خوراومـان تێمـان ئەخوڕێـت، وجدانـی نوێنراومـان ڕاسـت بۆتـەوە، گیانـی مرێنراومـان ژیاوەتـەوە.

هەرچی زۆری لێمان کراوە، لە باوک و باپیرمان کراوە

هەرچـی دەرد و ئازارێـک لـە دیلـی و نەزانـی و هەژاریمـان دیـووە بوەتـە هێـزی دڵ و گیـان و ورەمـان. هەمـوو بـە جارێـک ئەمجـارە، هەمـوو بـە جارێـک ئەڕۆیـن بـەرەو

ڕوناکـی.

بـەرەو ڕوناکـی ئەڕۆیـن، وە بێگومـان بـە کوێرایی چاوی هەمـوو دوژمنان و سـەرەڕای هەموو سـەختی و توشـی و مەترسـی تاریکی ڕێوبـان، گەیوینـێ و ئەیگەینێ[٧].

لێـرەدا هەموومـان تاوێـک بێدەنـگ بوویـن ... هـاوڕێ ئازیزەکەمـان بـە وتـە بـە نرخەکـەی کـە تـا ئێسـتاش لـە زەینمـدا چەسـپیوە، کۆتایـی پێهێنـا. دەشـێ ئێمـەی تێکۆشـەرانی کـورد بمرین...دەسگیر بکرێـم و بـە عیـدام حوکم بدرێـم و دواتـر بکوژرێم، لەوانەیـە تـۆ بـە دەسـتی دوژمنـان لەنـاو ببرێـی و لەوانەشـە ئەبـوڕزگار دەسـگیر بکـرێ و لـە زینداندا گۆڕبکـرێ. لەوانەیـە هـەزاران لـە ڕۆڵەکانـی گەلەکەمـان، کـە بەخشـندەن لـە بەخشـینی قوربانییـەکان لـە کوشـتارگەی ئـازادی و مافـە ڕەواکانـی لەنـاو ببرێـن، بـەڵام گەلەکەمـان هـەر بـە زیندویـی دەمینێتـەوە و سـەرکەوتن بـە دەسـت دێنـێ و ئیسـتعمار و داگیرکـەران لـە کوردسـتانی نیشـتمانییدا وەدەردەنـێ و ژیانـی ئـازاد و بەختەوەرانـە بنیـات دەنـێ. بـەڵام ئێمـە بـا ببینـە قوربانـی گەلەکەمـان و کێشـە ڕەواکـەی، ژیـان خـۆی لەخۆیـدا بریتییـە لـە تێکۆشـان بـۆ گـەل و قوربانیـدان لـە پێناویـدا.

ئـەوە هەندێـک لـەو شـتانە بـوو، کـە لـە نێـوان مـن و یەکێـک لـە چـوار بـرا کوردەکەمـان بەڕێـوە چـوو، کـە لـە لایـەن دادگایەکـی بیابانـی ئێرانـەوە سـزای لـە سـێدارەدانییان بـە سـەر سـەپێنرا. کاتێـک نـووری سـەعید و فەیسـەڵ و عەبدولئیـلا و جەمـال و بایـار و مەندەریـس و ئەوانـەی لـە گەڵیانابـوون جـرت و فرتیـان بـوو وەک ئـەوەی ڕۆژهـەڵات کێڵگەیـەک بیـت بـۆ ئـەوان، لـە کاتێکـدا گەلانـی ڕۆژهـەڵات لـە تاریکـی حوکمڕانـی ئەمانـە و هاوشـێوەکانیان لـە خیانەتـکارە بـەڕەڵاکان دەژیـان. بەڵام ئیمـڕۆ عێـراق ئـازادە، نـووری سـەعید و فەیسـەڵ و عەبدولئیـلای فڕێداوەتـە زبڵدانـی مێـژووەوە، بایـار و مەندەریـس و دەسـت و پێوەندەکانییـان لەقوڵایـی تاریکـی زینـدان

---

٧-بۆدەقی ئەم پەخشانە بڕوانە گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە — ٥-ساڵی ٦ مایس ١٩٤٥ (ئامادەکار).

چاوەڕوانــی چارەنووســی شــیاوی خۆیانــن ... لــە ســەر داروپــەردووی پەیماننامــەی بەغــدا ئــاڵای دیموکراســیەت و ئــازادی بڵنــد دەبــێ، قەڵایــەک کــە کــورد و عــەرەب خاوەنییــن ئەویــش کۆمــاری چــواردەی تەممــووزە لــە وەزارەتــی بەرگریــدا پاڵەوانــی چــواردەی تەممــووز ســەرکردەی کــورد و عــەرەب عەبدولکەریــم قاســم دانیشــتووە و گەلەکەشــمان زۆرێــک لــە مافەکانــی بــە دەســتهێناوە.

ئەگــەر نیشــتمانپەروەرانی کــورد لــە ناویانــدا هاوڕێکەمــان بــە کــۆت و زنجیــرەوە چاوەڕوانــی جێبەجێکردنــی حوکمــی مردنــە، ئــەوە گەلــی عێــراق بــە عــەرەب و کوردیەوە شانبەشــانی هەمــوو گەلانــی ئازادیخــواز لــە جیهانــدا چاودیــری ژیانیانــن و تێدەکۆشــن بــۆ ڕزگار کردنیــان. گەلەکەمــان بــە یارمەتــی گەلانــی جیهــان خەبــات چڕتــر دەکاتــەوە بــۆ ڕزگارکردنــی ئــەم پاڵەوانانــەی هاوڕێکەمــان بــە بــاوەڕە پتەوەکــەی وەک ســەرکردەیەکی ســەرکەوتوو لەناویانــدا دەردەکــەوێ، وەک ئــەوەی زنجیرەکانــی مەچەکــی کلیلــی ئایندەیەکــی خۆشــگوزەران و گەشــاوە بێــت بــۆ گەلەکــەی. لــە ژوورەکــەی خۆمــەوە، ئەوشــوێنەی، کــە ئێســتا بــارەگای پارتــی دیموکراتــی کوردســتانە و بــە ئاشــکرا تیایــدا دەنووســم، کــە ئــەو کاتــە ئــەو ڕۆژە بــوو لەگــەڵ ئێمــە بوویــت ئــەی بــرای مــەرگ بەســەردا ســەپێنراو، ماڵێکــی بچــوک بــوو ، کەســەردانیت کردیــن، ئیمــڕۆ ئازادیــن و خەبــات بــە ئاشــکرا و ئــازادی دەردەچوێندرێــت، لەڕێــی شــەپۆڵە کاریگەرەکانــەوە، لەڕێــی ئــەو شــنەبایەی بەیانــی و ئێــوارە بەســەر کوردســتاندا هەڵــدەکات سڵاوێکی دڵسۆزانەی برایەتــی بــە بــۆن و بەرامــەی پاڵەوانیەتــی و خوێنــی شــەهیدانی گەلەکەمانــت بــۆ دەنێــرم.

**ژمارە ٢٤٢ لە١٧/٦/١٩٦٠**

# لە ڕۆژی لە سێدارەدانی چوار شەهیدەکەدا

زەنگی تەواوبوونی وانە لێیدا، نیازی کۆکردنەوەی پەرتوکەکانی قوتابخانە بووم، بۆ ئەوەی بگەڕیمەوە ماڵ، کە ڕۆژێکی پڕ لە شەکەتیم لە قوتابخانە بەسەر بردبوو، لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەوە، ڕۆژی ١٩٦٠/٦/١٩ هەستم بە بێزاری و هەراسانی دەکرد بێئەوەی هۆکارەکەی بزانم. هێشتا نەگەیشتبومە ئاستانەی دەرگای دەرەوە یەک لە بەردەستەکان بانگی کردم و ڕایگرتم، داوای لێکردم سەردانی مامۆستا(ت . س)[1] بکەم، کە لەپێش هەیوانی ژووری مامۆستایان وەستابوو دەیەویست بمبینێ. مامۆستا (ت . س) مامۆستایەکی زیرەک و بە دڵسۆزی و ڕەوشت بەرزی و جوامێری و لێهاتویی ناسراوە، سەرباری ئەوەش ئەو ڕێکخەرم بوو، شانازی بردنە ناو حزبی پێبەخشیم، بۆیە لەو کاتەوە تا ئێستاش ڕێز و پێزانینم هەیە بۆی.

کە گەیشتمە پێش هەیوانی ژوورەکە بینیم دڵتەنگ و غەمبارە و پێیگوتم: هەواڵی بە سوێمان لە بارەی چوار ئەفسەرەکە پێگەیشتووە؟ فرمانی بە پەلەشمان بە دەستەوەیە کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەین و بەشداری لە دابەشکردنی بەیاننامەی حزب بکەین، کە بەم بۆنەوە دەرچووە، خۆمان ئامادە بکەین بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی جەماوەری، کە حزب سبەی ڕێکی دەخا بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە سەر ئەم تاوانە قێزەونە دەرهەق بە گەلی کورد. بۆیە وا پێویست دەکا لە ماڵەوەمان ئامادەبیت و باشتر وایە، کە گەڕایتەوە بێیت تا لەکاتی نانی نیوەڕۆ لەوێبیت. بە ڕاکردن چوومەوە ماڵ، تەنانەت لە ڕێگادا بەرپێی خۆم نەدەبینی

---

١-تایەر سەعید ١٩٢١ — ١٩٨٩ (ئامادەکار).

چونکـە ئـەم هەواڵـە زۆر ئـازاری دام، هـەر لـە دەرگاوە پەرتوکەکانـم فڕێدایـە مـاڵ و بـە پەلـە گەڕامـەوە یەکڕاسـت ڕوم لـە ماڵـی مامۆسـتا (ت. س) کـرد، نزیکـەی لەگـەڵ ئـەو گەیشـتینە دەرگاکەیـان، چونکـە ئـەو، کـە دەیویسـت بچێتـە ژوورەوە لـە دوورەوە چـاوی بـە مـن کـەوت وەسـتا. پاشـان چوومـە ژوورە بچکۆڵەکـەی پێشـوازییان.

دوای تاوێـک مامۆسـتا(ت. س) بڵاوکراوەکانـی لـە حەشـارگە نهێنییەکـەی دەرهێنـا و بەسـتەیەکی بچوکـی پێـدام، کـە بریتـی بـوو لـە بەیاننامـەی حـزب بـە بۆنـەی ئـەو تاوانـە قێزەونـەی دەسـتەی فەرمانـڕەوا دەرهـەق بـە گەلەکەمـان ئەنجامیدابـوو و تیایدا داوای لـە جەمـاوەری کوردسـتان دەکـرد بێـزاری و تورەیـی خۆیـان بـە ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندانێکی هێمنانــە گوزارشــت لێبکــەن و تیایــدا دروشــمەکانی(نەمری و ســەربەرزی بــۆ شــەهیدانی کوردســتان) و(بــژی کوردســتان و بمــرێ دوژمنانــی) و (ڕوخــێ حکومەتــی جەبــری[٢] خائیــن و ســێدارە و تۆقانــدن) ئەمانــە و چەنــد دروشــمێکی نیشــتمانی تــر، بگوترێنــەوە. لەنــاو بەســتەکەدا دەقــی وەســیەتنامەی شــەهیدان و قســەکانیان بــەر لــە ســەرکەوتنە ســەر قەنــارە نووســرابوون.

دوای ئــەوەی مامۆســتا و ڕێکخــەرم دەقــی ئــەم بەیاننامانــەی بــۆ خوێندمــەوە تێیگەیانـدم حزبمـان سـبەینێ خۆپیشـاندانێکی جەمـاوەری ڕێکدەخـات و ڕایسـپاردم، کـە ژمارەیـەک لـەو قوتابیانـەی ئەندامـن لـە کۆمەڵـەی کۆمەڵایەتـی نهێنـی قوتابیـان ئامـادە بکـەم، کـە خـۆم دامەزراندبـوو هەروەهـا پێشـنیار و ڕێنمایـی لـە مامۆسـتا (ک)[٣] کـە ئێسـتا ئەندامـی لێژنـەی ناوچـەی حزبـە لـە یەکێـک لـە شـارەکان، وەربگـرم.

درکـم بـە هەسـتێکی نوێکـرد، هەسـتی کەسـێک، کـە بەکارێکـی گرنـگ و نـوێ

---

٢-سالح جەبر ١٨٩٦-١٩٥٧ یەکەم کەسە لە شیعەکانی عێراق پۆستی سەرۆک وەزیرانی پێ سپێردرابێت (ئامادەکار).

٣- کەمال عەبدولقادر نەشئەت مامۆستای مام جەلال بووە، ڕێنمایی و داوای لێکردوە بۆ دامەزراندنی k p x و دواتر هەر ئەم مامۆستایە مام جەلالی بردۆتە ڕیزی پارتییەوە.. (ئامادەکار).

هەڵدەستێ لـە ژیانیـدا، دڵخـۆش بـووم بـەوەی دەرفەتـی گەورەیـی و شـکۆی بـە بەشـداریکردنم لـە خۆپیشـاندان و وتنـەوەی سـروودە شۆڕشـگێڕیەکانم پێـدەدا، لـە سـەرویانەوە بـە تایبـەت ناڕەزایـی دەربڕیـن لـە سـەر عیـدام کردنـی چـوار شـەهیدەکەمان، کـە وێنەکەیانـم لای خـۆم پاراسـتبوو و شـەو و ڕۆژ گۆرانیـم بـە سـەر قارەمانیەتـی ئەوانـدا دەگـوت.

هەمـوو جەمـاوەری کوردسـتان لـە کـەف و کوڵـی قینـدا بـوون بەرامبـەر جەللادەکانـی شـەهیدە لاوەکانمـان، کـە چوونـە سـەرپەتی قەنـارە و هورایـان بـۆ مردنـی ئیسـتعمار و نۆکەرانیـان و ژیـان بـۆ گەلـی کـورد و ئـازادی بـۆ کوردسـتان، دەکێشـا. شـارەکەم زۆرتـر لـە ژێـر کاریگـەری ئـەم دۆخـە دابـوون چونکـە چەندیـن یـادگاری گـەورەی لـە دڵ و دەرونیـدا هەڵگرتبـوو بـۆ دوو لـە شـەهیدەکان، کـە مسـتەفا[٤] و خەیروڵـلا[٥] بـوون، کـە خەڵکـی شـار لـە نزیکـەوە و بـە چاکـی دەیانیناسـی.

لـە ڕوخسـاری خەڵکەکەدا پەسـتی و پـەژارە و کارتێکرانـی زۆرم تێبینی دەکـرد و جەماوەری شـارەکەم و ڕۆشـنبیرانی بـە ئاشـکرا نەفرەتیـان دادەبارانـدە سـەر جەلـلاد و داگیرکـەران و بێزاریەکـەش گشـتی بـوو هەمـوو چیـن و توێژەکانـی گرتبـۆوە، تەنانـەت یـەک لـە بازرگانـە نیشـتمانپەروەرەکان دوودڵ نەبـوو لـە گەیاندنـی هەواڵـی خۆپیشـاندان و وێنەیـەک لـە بەیاننامەکانـی بـۆ یـەک لـەو ئاغایـە ناسـراوانەی نۆکـەری میـری خوێندبـۆوە، ئەویـش ئـەم دەرفەتـەی قۆسـتەوە بـۆ خـۆ نزیـک کردنـەوە لـە حکومـەت و قایمقـام، بـە پەلەپـروزێ هەواڵـی ئامادەباشـی بـۆ خۆپیشـاندانی هێمنانـە بـە سـەرکردایەتی پارتـی گەیانـدە قایمقـام، بـە گەیشـتنی ئـەم هەواڵـە حکومـەت ڕێوشـوێنی تونـدی گرتەبـەر و پۆلیسـی بـە چەکـەوە ئامادەکـرد بـۆ سـەرکوتکرنی خۆپیشـاندان بەمـەش دۆخێکـی زۆر مەترسـیدارییان دروسـتکرد، کـە بـە هۆیـەوە خۆپیشـاندان دواخـرا و بڕیـاردرا بـۆ گوزارشـت کـردن لـە ناڕەزایـی و توڕەیـی شـێوازیتر پەیـڕەو بکـرێ، بـەلام مـن ئـاگاداری ئـەم هەواڵـە نەبـووم، هەواڵـی دواخسـتنی

---

٤-مستەفا خۆشناو ١٩١٢-١٩٤٧/٦/١٩ (ئامادەکار).

٥-خەیروڵلا عەبدولکەریم ئەفەندی کوڕی عەبدوڵلا ئاغای گورجی زادە ١٩١٢ — ١٩٤٧/٦/١٩ (ئامادەکار).

خۆپیشـاندان تـا سـەعاتی درەنگانـی شـەو، لەبـەر ئـەوەی مـن ئامادەباشـی خۆمـم تـەواو کردبـوو بـۆ بەدیهێنانـی ئەرکەکـەم ژمارەیەکـی بـاش لـە قوتابیانـی ئەنـدام لـە کۆمەڵەکەمانـم ئامـادە کردبـوو بـۆ وتنـەوەی سـروودەکان.

خوێنــەری بەڕێــز لێتــی ناشــارمەوە مــن لــەم بڕیــارە توڕەبــووم چونکــە وەک گەنجێکــی پــەرۆش خوازیــاری جێبەجێکردنــی فەرمانــی حــزب بــووم تەنانــەت ئەگــەر جێبەجێکردنــی شــەهید بوونــی هەندێــک لــە ئێمەمانانیــش بێــت.

حــزب بــە بڵاوکردنــەوەی پەخشــنامەکان بــە شــێوەیەکی فــراوان قەرەبــووی خۆپیشـاندانەکەی کـردەوە و خەڵکـی فێرکـرد، کـە سەرەخۆشـی لـە یەکتـر بکـەن و داواکاری ناڕەزایەتـی ڕێکبخـەن. هەروەهـا چالاکیەکـی بەرچـاوی ئەنجامـدا، کەبـووە مایـەی جـۆش ســەندنی خەڵــک و گەشــاندنەوەی ئاگــری ڕق و توڕەیــی لــە دڵ و دەرونــی جەمــاوەر لــە حکومــەت و ســەرانی داگیرکــەران.

هەواڵـی عیـدام کردنەکـە لـە نـاو هەمـوو خەڵکیـدا بڵاوبویـەوە و بەشـێوەیەک کاریتێکردن، کـە هەمـوو ماڵێـک پرسـەبار بێـت و هەمـوو سـەرۆک خێزانێـک لـە ماڵەکـەی خۆیـدا پرسـە و سەرەخۆشـی و فاتیحـا خوێندنـی ئەنجامـدا، شـارە خەفەتبارەکـە بووبـوو بـە کۆڕێکـی گـەورەی پرسـە و سەرەخۆشـی.

بـۆ ڕۆژی دواتـر، کـە گەڕامـەوە قوتابخانـە بینیـم خـەم بـە ڕوخسـاری بـرا قوتابیەکانـی هـەردوو پۆلـی پێنـج و شەشـەوە دیـارە، کـە درکیـان بـە گەورەیـی ئـەو زیانـە دەکـرد بـەر گەلەکەمــان و بزووتنــەوە نیشــتمانییەکەی کەوتبــوو. ئیمــەی ئەندامانــی لیژنــەی بــالای کۆمەڵـە ڕۆشـنبیرییەکە بڕیـاری قەدەغەکردنـی پێکەنینمانـدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و دەرخسـتنی خــەم وپــەژارە بــە ڕاشــکاوی و ڕاڤەکردنــی هۆکارەکــەی و سەرەخۆشــی لــە یەکتــر کــردن.

شـارە ئازیزەکـەم نارەزایـی تونـدی دژ بـە حکومـەت بـە عیدامکردنـی ڕۆڵـە سـەربەرزەکانی کوردسـتان و شـکۆمەندی خـۆی بـۆ شـەهیدانی گـەل و نیشـتمان دەربـڕی و لـە دڵـی هەموو دڵسـۆزێکی گەلەکەمـان نەمـری کـردن.

**٢٤٤ لە١٩٦٠/٦/٢٠**

# بارزان فرمێسک دەڕێژێ

بــارزان کارگــەی پیــاوە ئازاکانــە، کــە ســەریان بــۆ هیــچ زۆردار و ســتەمکارێک نەچەماندۆتــەوە.

بــارزان ســەرچاوەی ئــەو پاڵەوانیەتییانەیــە، کــە شــاخە ســەرکەش و تەپۆڵکەکانــی بــە خوێنــی گــەش و پــاک تاجــی ســووری ناوەتــە ســەر و بــۆن و بەرامــەی خــۆش بڵاودەکاتــەوە، وەک هێمایــەک بــۆ ئــازادی و ســەربەخۆیی.

بــارزان خاکــی خــاوەن ڕابــوردووی ڕوون و شــانازی نەتەوایەتیــی و مرۆڤایەتــی، کــە گەلــی کوردســتان دەیــان ســاڵە پێــی شــانازە و لــە نێــو گەلانــدا پێــوەی دەنــازێ.

بــارزان نیشــتمانی شــکۆمەندی و نیشــتمانپەروەری بــە خۆنازیــن و شــانازی و جوامێــری و پیاوەتــی.

بــارزان ئــەو قەڵایــەی ڕوناکــی ئــازادی و شۆڕشــگێڕی و گیانــی بەرەنــگاری تیایــدا دەدرەوشــێتەوە.

بارزان خۆڕاگری و گیانفیدایی و بەخشندەیی و جوامێری.

بارزان ئاگردانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد و مەشخەڵە درەوشاوەکەی.

بــارزان بەخشــەری گیــان و خوێــن، قوربانــی بەخــش و گۆڕەپانــی ڕزگاری نیشــتمانیی لەســتەم و گەندەڵــی و تــاوان، کــە شــەڕیان لەگــەڵ داگیرکــەران و کلکــە کۆنــە پەرســتەکانیان کــرد بــە بوێرییەکــی نائاســایی و بەئارامــی و دانبەخــۆ داگرتنــی سەرسوڕهێنەر، گاڵتەیــان بــە فڕۆکــە و تۆپــەکان دەکــرد لــە کاتێکــدا ئاگریــان بەســەر خەڵکــە پاڵەوانەکــەی دادەبارانــد و بــە بۆمبــاکان بۆردوومانــی گونــد و ماڵەکانیانــی دەکــرد.

بــارزان کــە شــەڕکەرەکان بەرەنــگاری مــەرگ و ســێدارە و گوللــە دەبوونــەوە، بــە پێکەنینــەوە مەرگیــان هەڵدەبــژارد لــە پێنــاو شــکۆی نیشــتمان و ژیانــی خەڵــک و بەختیــاری کــوڕ و کچەکانیــان.

بــارزان ولاَتــی شــێخ عەبدولســەلام، کــە چــووە بــەر پەتــی ســێدارەی تورکــە عوسـمانییەکان هـاواری کـرد نەفـرەت لـەو ولاَتـەی خەیاڵـی ئـەوە دەکات، کـە دەتوانێ بـە کوشـتنی مـن نەتـەوەی کـورد و کوڕەکانـی بـارزان لەنـاو ببـات.

بارزانـی شـێخ ئەحمـەدی[1] مـەزن، کـە گیانـی خـۆی لـە پێنـاو خەڵـک و خـودا و نیشـتماندا بەخشـی.

بارزانـی مـەلا مسـتەفای[2] پاڵەوانـی شۆڕشـگێڕ، کـە ناوبانگـی هەمـوو لایەکـی گرتۆتـەوە و بۆتـە هێمـای پاڵەوانیەتـی و قوربانیـدان و نیشـتمانپەروەری ڕاسـتەقینە.

بارزانـی کوردسـتان، کـە باشـترینی ڕۆڵەکانـی کـردە قوربانـی، ئیتـر کوردسـتان گرتییـە ئامێـز، ئامێزێکـی بـە سـۆزی دایکانـە بـۆ کیـژە سـەربەرزە بـە وەفاکـەی.

بــارزان ئــەو شــوێنەی منــداڵان لــە بچوکییــەوە لەســەر خۆشەویســتی چاکــە و مرۆڤایەتــی و پیاوەتــی و گەورەیــی و پاڵەوانیەتــی گــەورە دەکرێــن، لــەوێ لــە ســەر خۆشەویسـتی مـەرگ لـە پێنـاو ژیانێکـی ئـازاد و ڕێکوپێکـدا، هاوسـەرگیری لـە گـەڵ شـۆڕش دەکـەن. دڵخۆشـن بـە بەدەسـتهێنانی شـەرەفی شـەهید بـوون لـە پێنـاوی نیشـتمان. ئەگـەر یەکێکیـان لـە شـەڕێ شـەڕافەتمەندانەی نیشـتمانیدا شـەهید ببـێ لـە جیاتـی پرسـە گرتـن و سەرەخۆشـی ئاهەنگـی بـۆ ئەنجـام دەدەن.

بارزانـی ئازیـز ئیمـڕۆ بـە گەرمـی فرمێسـک دەڕێژێـت (لەوانەیـە یەکەمجـار بێـت

---

١-ئەحمەد کوڕی عەبدولسەلام بارزانی ناسراو بە خودان ١٨٩٦-١٩٦٩ (ئامادەکار).

٢-مستەفا محەمەد عەبدولسەلام بارزانی ١٩٠٣-١٩٧٩ (ئامادەکار).

٣-شـێخ سـادق شـێخ بابـۆ لـە سـاڵی ١٩٢٨ لـە دایـک بـووە، بەشـداری کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد کـردووە، دوای تێکچوونـی کۆمـار بەناچـاری گەڕاوەتـەوە باشـووری کوردسـتان و لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە نێردراوەتـەوە گرتوخانـەی بەسـرە. لـە ٢٣ی حوزەیرانـی ١٩٦٠ بـەڕوداوی وەرگەڕانـی ئۆتۆمبێـل گیانـی سـپاردووە (ئامـادەکار).

بـەو ئـازار و سـوتان و ناسـۆریەوە بـۆ کۆچـی دوایـی کـوڕە سـەر ڕاسـت و چەڵەنـگ و ئازیزەکـەی کوردسـتان شـێخ سـادق[٣] بابـۆ بارزانـی بێـت) بەڵـێ هەمـوو ڕۆڵەکانـی و دانیشـتوانەکەی زۆر بـە گەرمـی فرمێسـکیان دەڕشـت، پیـاو و ژن و منداڵەکانـم بینـی فرمێسـکیان دەڕشـت. سـەدان جووتیـاری ئـازای بارزانیـم بینـی لەوانـەی تەختـی پاشـایەتییان هەژانـد و بینـای زۆردارانیـان تێکشـکاند و نـاو بەرەکانـی هێزەکانـی ئێـران و تورکیایـان شـەقکرد، وەک چـۆن چەقـۆ خەیـار شـەق دەکا. بینیـم ئەمانـە شـیوەن دەکـەن بـۆ سـادقی پاڵەوانـی نەمریـان و کاتێـک لـە چیاکانـی دەوروبـەری بـارزان بـۆ نـاو گونـد شـۆردەبوونەوە لێـم بیسـتن بـە لاواندنـەوە دەیانگـوت: (جەنـگاوەران خۆیـان سـازداوە و چاوەڕێـی فەرمانن....جەنـگاوەران سـەنگەریان گرتـووە و چاوەڕوانـی فەرمانـن، ئـەو فەرمانـدە پێشـەنگە کێیـە چـووە مەیدانـی جەنـگ و تیایـدا بـە تاجـی ئاگـر بەسـەرەوە لێـی دەرچوو.دەیانـەوێ سادق پێشـەنگیان بێـت لـە نەبـەردی بەرگـری لـە نیشـتمان و شـەرەف و ئـازادی) ئـەم شـیعرانەیان بـە دەنگێکـی خەفـەت ئامێـز و خـەم گەیێـن و کاریگـەر دەگوتـەوە، کـە لـە شـاخە بـەرز و سەرکەشـەکان دەنگیـان دەدایـەوە، لـق و پۆپـی دارەکان بەبایـە سـازگارەکە دەچەمانـەوە وەک ئـەوەی سـەردانەواندنیان ئامـاژە بێـت بـە ڕەزامەنـد بوونیـان بـە ناوەرۆکـی لاواندنەوەکـە. ئـەوان ئـەو سـروودانەیان دەگـوت، کـە شـانازی کـردن بـوو بـە سـادق و پاڵەوانیەتییەکانـی و پەسـنی قارەمانییەتـی سـەرکەوتنەکانی دەکـرد لـە نەبەردییـە شۆڕشـگێڕیەکانی ئەنجامـی دابـوون، ژنـە بارزانییـەکان پەسـنی سـادق و ڕەوشـتە جوانەکانـی و خۆشەویسـتی بـۆ چاکـە و پیاوەتـی دەکـرد.

ئەمـە ئـەم دیمەنـە دڵتەنگـی و خەمۆکیـە بـوو، کەمـن لەبـارزان لەکاتـی ناشـتنی سـادقدا بینیـم، کـە هـەزاران بارزانـی و نیشـتمانپەروەی کـورد لـە هەمـوو لایەکـی کوردسـتانەوە بـۆ بـە گۆڕسـپاردن و ناشـتنی سـادقی ئازیـزی لەدەسـت چوویـان هاتبـوون.

بـەم شـێوەیە بـارزان فرمێسـکی بـۆ لـە دەسـت چـووی لاو و شۆڕشـگێڕ سـادق بابـۆ بارزانـی ڕشـت. بـەڵام دەزانـی بۆچـی هێنـدە بـە گەرمـی فرمێسـک ڕژێنـرا؟

بـارزان بـەم گەرمیـەوە فرمێسـک دەڕێـژێ چونکـە زۆر چـاک سـادق و بەهای سـادق و ئـەوەی لێـی چـاوەڕوان دەکـرا، دەزانـی. چونکـە دەیویسـت سـادق لـە کـۆڕی خەباتـی شۆڕشـگێڕانەی نیشـتماندا یـان لـە گۆڕەپانـی بەگژداچوونـەوەی سـتەم و زۆرداری بمرێـت نـەک ئـەم گەنجـە درەوشـاوە و زیـرەک و هوشـیارە لـە ڕوداوی وەرگەڕانـی ئۆتۆمۆبێلـدا بمرێـت، ئەمـە ئـەو شـتەیە کـە یەکێـک لـە بارزانییـە بـە تەمەنـەکان بـۆی ڕوونکردمـەوە، کـە خـۆی لـە گـەڵ چەندیـن ڕاپەڕینـی شۆڕشـگێڕانەدا بەشـداربووە بەرامبـەر داگیرکـەران و چەوسـێنەران و بەشـداری لـە بـە خـاک سـپاردنی دەیـان شـەهیدی سـەربەرز کـردووە. بـەڵام ئـەوەی ئەمجـارە بینیویەتـی لـە بـە خـاک سـپاردنی سـادقدا هەرگیـز پێشـتر نەیبینیـوە، لەمـەش زیاتـر ئـەم پیـرە بارزانییـە شـتێکی نوێـی بینیـوە، هەزارەهـا کـوردی لـە هەمـوو ناوچـە جیاوازەکانـی کوردسـتانەوە بینیـوە هاتوونەتـە سـەر گـۆڕی سـادق و ئامـادەی کـۆڕی پرسـەکەی دەبـن، کـە بـۆ ڕۆحـی پاکـی گیـراوە، وەک ئـەو دەیڵـێ ئـەم دیاردەیـە مـژدە بەخشـی یەکێتیـی کـوردان دەگەینـێ.

بـەرەو نەمـری لـە دڵـی هەمـوو کوردێکـی شـەریف ئـەی سـادقی لـە دەسـت چوومـان.

**ژمارە ٢٥٠ لە٢٩/ حوزەیرانی/١٩٦٠**

# بمرێ کورد و کوردستان

بمـــرێ کـــورد و کوردســـتان، ڕســـتەیەکە لـــە ســـێ وشـــەی ڕەســـەنی کـــوردی داڕێـــژراوە، کـــە دوو وشـــەیان خۆشەویســـتن لەســـەر دەرونـــی هەمـــوو کوردێکـــی بـــە شـــەرەف، وشـــەی کـــورد هێمایـــە بـــۆ نەتـــەوەی کـــوردی دلێـــر وخـــاوەن نەریتـــی مرۆڤایەتـــی شـــکۆدار لـــە خۆشەویســـتی بـــۆ چاکـــە، بـــۆ خۆشەویســـتی گەلانـــی جیهان، وخۆشەویســـتی ئـــازادی و ڕزگاری و دیموکراســـییەت، لـــە خۆشەویســـتی ئـــازادی بـــۆ هەمـــووان ڕق و بەرەنگاربوونـــەوەی ئیســـتعمار و کویلایەتـــی و دەســـت درێـــژی بـــە هەمـــوو شـــێوازە ئاشـــتی و شۆڕشـــگێڕیەکانییەوە. ئـــەم نەتـــەوە شـــکۆدارەی کـــورد، کـــە لـــە جیهانـــی ئیســـلامیدا بەشـــداری گـــەورەی لـــە دەوڵەمەندکردنـــی ئـــەدەب و زمـــان و شارســـتانییەتدا کـــردووە و زۆری بەخشـــیوە لـــەم پێنـــاوەدا، کـــە ســـەرتاپای مێژووەکـــەی خالییـــە لـــە دەســـت درێـــژی کردنـــی بـــۆ ســـەر گەلێکـــی تـــر یـــان ستەمی لـــە یەکێکیتـــر کردبێـــت یاخـــود تاوانێکـــی دەرهـــەق بـــە مرۆڤایەتـــی ئەنجـــام دابێـــت. بـــە پێچەوانـــەوە چەندیـــن جـــار خوێنـــی گەشـــی ڕۆڵەکانـــی لـــە مەیدانـــی ئـــازادی گەلانـــی عـــەرەب و تـــورک و فـــارس و ئـــازەردا بەخشـــیوە، نەتەوەیەکـــە وەک مێـــژوو شـــاهێدی دەدا ویســـتی بـــۆ خەڵکـــی تـــر زیاتـــرە لـــەوەی بـــۆ خـــۆی بێـــت.

وشـــەی کوردســـتانی خۆشەویســـت، کوردســـتانی جـــوان بـــە شـــاخە سەرکەشـــەکان و پێدەشـــتە ســـەوز و گردۆڵکـــە بۆندارەکانـــی بـــە پاڵەوانییەتـــی و شـــکۆمەندی و دۆڵـــە ڕازاوەکانـــی بـــە بـــاغ و داروبـــاری چـــڕ و باخچـــەی جوان. (کوردســـتان وڵاتـــی شـــەیدایی و جوانـــی دەرون کەڵکەڵـــەی شـــیعر و خەیـــاڵ کۆدەکاتـــەوە، شـــیو و گردۆڵکـــەی تیـــادا بـــڵاوە، کـــە دیمەنەکانـــی خـــەم و پـــەژارە لادەبـــەن .... کێـــوی بـــەرز دەوری داوە

لوتکەکانــی بەفــر دایدەپۆشــێ و تیایــدا کەڵەکــە دەبــێ وەک ئــەوەی شــەرەقۆچ لەگــەڵ ئاســۆدا بــکا، چەندیــن ئەســتێڵ و ڕوبــار و چــەم ئاوڕێــژی دەکــەن لــە خوڕەیانــدا گوێبیســتی گفتــو گــۆ و ڕازوگلەیــی دەبیــت، دەرون تیایــدا ئــازار و ئەشــکەنجەی دڵــداری و شــەیدایی کەڵکەڵــە دەکات، لــە لێــواری ڕوبــارەکان هــەر لــە ســەروچاوەکەیەوە تــا ڕێژگەکــەی داری بــەڕو ومــازوو و بــاوی و گوێــز شــان لەشــانی یــەک دەســوون. لــەم دیمەنەیــدا ئــەو ڕازانــە دەردەخــا کــە گێتــار دەیناڵێنــێ ئاوازەکــەی لــە بەرزایــی شــاخ و نێــوان دۆڵــەکان دەبیســترێت، کــە شــوانەکان دەنگــی لێهەڵدەبــڕن لــە بەرزایــی و نزماییــەکان دەنــگ دەداتــەوە و هــەزاران ڕانــە مــەڕ و بــزن دەبینــی و گوێبیســتی دەنگــی ئــەو بەردانــە دەبــی، کــە لەژێــر ســمیان دەردەچێــت و ڕێــگای خۆیــان لــە قەدپاڵــی شــاخەکان کردۆتــەوە). هــەروەک ڕۆژنامــە نووســێکی هۆڵەنــدی وەســفی کــردووە.

هــەردوو وشــە زوڵملێکراوەکــەی کــورد و کوردســتان، ســتەمی ئیســتعمار و بــۆ ناوەرۆکەکــەی واتــە گەلــی کــورد و کوردســتانی نیشــتمانی، کــە کۆیلــە کــراون لــە لایــەن ئیســتعمار و داگیرکەرانــەوە و دابەشــیان کــردووە و مافەکانیان زەوتکــردوون و خێروبێریــان تــالان کــردووە. تــا هەڵگیرســانی شۆڕشــی چــواردەی تەممــووز، کــە بەشــێکی ئــازاد بــووە و بەشــە خۆشەویســتەکانی تــر لــە ژێــر کۆنتڕۆڵــی ئیســتعمار و کۆنەپەرســتان بــە هــۆی ســەرکوتکردنی نەتەوەییــەوە ئــازار دەچێــژن. بەڵــێ وشــەکانی کــورد و کوردســتانی ســتەملێکراو بەگــژ ستەمکارە دڕنــدە دڵڕەقــەکان دادەچنــەوە، ئەگــەر چــی ســتەمی لەمــە ناشــیرینتر و ترسناکتریشــیان بــە ســەر بهێنــن. هەروەهــا گــرەو لەگــەڵ ســەرجەم گەلانــی ستەملێکراو دەکــەن، کــە بــاس لــە ستەمێک بکــەن زیاتــر بێــت لــەوەی بەســەر کــورد و کوردســتان هاتــووە.

هــەردوو وشــەی کــورد و کوردســتان، کــە ســۆز و پشــتیوانی لــە هەمــوو خێرخــواکان و دڵ و دەرونــی پیــاو باشــان لــە ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوای زەمینــەوە، لــەو کاتــەی گوێبیســتی بارودۆخیــان دەبــن بــۆ خۆیــان ڕادەکێشــن. کــە دوو

وشـەی پیـرۆزن لای نزیکـەی ١٢ ملیـۆن کـورد[١]، کـە وشـەی بمـرێ کەوتۆتـە پێشـیان بـە هۆیـەوە بۆتـە ڕسـتەیەکی مانـا بەخـش. بـەم شـێوەیە و بـەم هەمـوو سـاویلکەییەوە بمـرێ کـورد و کوردسـتان؟ ڕسـتەیەکە لەسـەر زمانـی بوونەوەرانێـک، کـە پێیـان دەگوترێـت مـەردووم ... بـەڵام ئەمانـە لـە تۆرانییـە فاشسـتەکان نیـن، کەزاتـی ئـەوە ناکـەن بـە ئاشـکرایی دەریببـڕن وێـرای هەوڵەکانیـان بـۆ جێبەجێکردنـی، بـە کوشـتن و دەربەدەرکـردن و زیندانیکردنـی بـە کۆمـەڵ، بەڵکـو دیارتریـن ڕسـتە، کەلێیـان بیسـتراوە لەسـەر زاری حاکمـی دادگای سـەربازییەوە بیسـتراوە، کە سـاڵی ١٩٢٥ بە شـێخ سـەعید و دکتۆر فوئاد و هاوەڵەکانـی گـوت: (لەبـەر ئـەوەی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ دەخـوازن، دەبـێ باجەکـەی لەسـەر پەتـی سـێدارە بـدەن). ئـەم زارانـەی ئـەم ڕسـتەیە دووپاتـە دەکەنـەوە فارسـی کۆنەپەرسـت یـان عەرەبـی شـۆڤینی یـان ئیسـتعماری نقـووم بـووی نـاو تـاوان و تۆقانـدن و زۆرداری دڕندانـە نییـن، بەڵکـو ڕسـتەی بمـرێ کـورد و کوردسـتان لەسـەر زاری کەسـانێک دووپاتـە دەکرێتـەوە، کـە لـە سـەر خـودی نەتـەوەی کـورد دەژمێردرێـن، خاوەنەکانیـان لـە دایـک و باوکێکـی کـورد لـە دایـک بـوون، لـە سـەر خاکـی کوردسـتان بەخێوکـراون و لـە بەروبومەکەیـان خـواردووە و لـە ئـاو و هـەوا سـازگارەکەیان خواردۆتـەوە و هەڵمژیـووە. ئەمانـە کـە دەچنـەوە سـەر نەتـەوەی کـورد کرێگرتـەی ڕاسـتەوخۆی تۆرانییەتـی فاشـی و پەهلـەوی کۆنەپەرسـت و داگیرکـەران نییـن، بەڵکـو ئەمانـە بەرهەڵسـتکارانی ڕسـتەکە بـەوە تۆمەتباردەکـەن، کـە ئەمانـە کرێگرتـەی ئیسـتعمارن وەرگـری دۆلاری ئەمریکـی و خزمەتـکاری دەرەبەگـە کۆنەپەرسـتەکانن. لەمـەش زیاتـر پێیـان وایـە بـەم ڕەفتارەیـان پشـتیوانی ئەرکێکـی مرۆیـی و نێونەتەوەیـی

---

١-ئـەم ژمارەیـە بـۆ شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوو دەگەڕێتـەوە بـە پێـی بۆچوونـی ئێسـتا ژمـارەی کـورد چـوار بەرانبـەری ئـەم ژمارەیـە زیاتـرە (ئامـادەکار).

دەکـەن و خزمەتـی پێشـکەوتن و کۆمـاری عێـراق و بزووتنـەوەی پرۆلیتاریـای عێـراق و جیهـان دەکـەن.

ئەمانـە لەسـەر بیرکردنەوەیـەک پەروەردەبـوون یـان پەروەردەکـراون، کـە لایان ئاسـانترە بڵێـن (بـا بمـرێ کـورد و کوردسـتان) – عەقڵیەتێکی کۆسـمۆپۆلیتیانەی پیسـی خیانەتکارانـە – بـەم شـێوەیە ئەوانـەی ئـەم ڕسـتەیە دەڵێنـەوە نقـووم بـوون لەنـاو تـاوان و خیانەتـدا، لەسـەر خاکـی کوردسـتان و هەروەهـا لـە سـەر خێروبێرەکـەی دەژیـن، بـە کەڵەگاییـەوە سـنگ دەردەپەڕێنـن لـە گۆڕەپانـی نیشـاندان و خۆدەرخسـتن، وەک ئـەوەی ئەوانبـن شۆڕشـی چـواردەی تەمموزییـان بەرپـا کردبـێ یـان ئەفریقایـان ڕزگار کردبـێ یاخـود کۆمـاری گەلـی چینیـان بنیـاد نابـێ. بەڵـێ لەسـەر کـورد دەژمێردرێـن تـا ئێسـتاش زینـدوون و دەژیـن.

مـن تەحـەددای هـەر کەسـێک دەکـەم، کـە بوێرێـت ڕێگە بـدات شـەبەنگێکی نـەرم دەربـارەی ڕاسـتی ئـەم قسـانەی پێشـووم بـۆ چاودێرانـی بخاتـە ڕوو. مـن تەحـەددا دەکـەم هەرکەسـێک بـاوەڕ نـاکات بـا بچێتـە هەڵەبجـە و پرسـیار بـکات دەربـارەی ئەوانـەی خەنجەریـان بـەڕووی لاوانـی کـورد هەڵکێشـاوە و قیژاندوویانـە بەسـەریاندا (بڵـێ مـن کوردسـتانیم تـا بتکـوژم سـەگ کـوڕی سـەگ) یـان ئەوانـەی سـەری لاوانـی کوردیـان شـکاندووە و جەسـتەیان زامـدار کـردوون چونکـە ڕەتیـان کردۆتـەوە هوتـاف بـە ڕووخانـی کـورد و کوردسـتان بکێشـن یـان نکۆڵـی لـە کـورد بوونیـان بکـەن. بـا بچینـە شـاری حاجـی قـادری شـاعیری شۆڕشـگێڕی نەتـەوەی کـورد پرسـیار لـە بەڕێوەبـەری یـەک لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکان بـکات، کـە پیاوێکـی سـەر ڕاسـت و نیشـتمانپەروەرە و سـەر بـە هیـچ حزبێـک نییـە و هەمـووان بـە بێلایەنـی دەزانـن و پرسـیار لـەم مامۆسـتا بێلایەنـە نیشـتمانپەروەر و براکانـی بـکات دوای سـوێند دانیـان دەربـارەی ئەوانـەی لێـی بیسـتوون کـە وتوویانـە بابمـرێ کـورد و کوردسـتان، یـان گاڵتـە کـردن بـە کوردسـتان و ناوبردنـی بـە گورگسـتان واتـە وڵاتـی گـورگان.

من تەحەددایان دەکەم ... بابچنە ڕواندز شاری پاشا کۆرەی بە ناوبانگ و ناسراو بە خەباتی نیشتمانییانەی و لەو ژنە چاکە بپرسن، کە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لە ساڵیادی شەهیدانی ١٩ی حوزەیران[٢] هاواری دەکرد و دەیووت: بمرێ کورد و کوردستان.

بەڵێ تەحەددایان دەکەم...بەڵکو تکایان لێدەکەم، دەڵێم تکایان لێدەکەم چونکە بە ڕژدییەوە پێموایە زۆر مەترسیدار و ترسناکە مرۆڤ باوەڕ بکات، کە کوردێک هوتاف بکێشێ یان بوێری ئەوە بکات هوتاف بۆ مردنی کورد و کوردستان بکێشێ. چونکە ئەمە خیانەتە و هیچ خیانەتی تری بەدوادا نایەت و تاوانێکە و هەموو تاوانەکان تێدەپەڕێنێ، ناشیرینییەکە هەموو ناشیرینییەکان لە ئاستیدا شەرمەزارن. بۆیە بۆتە ئەرک بەسەر هەموو کوردێکی شکۆمەند دژایەتی ئەم بیرە ترسناکە بکات، دژایەتی کردنێک لە توندیدا کەمتر نەبێ لە دژایەتیکردنی تۆرانییەتی تاوانبار و بیرۆکەی ئیستعمار و پەهلەویەتی تاوانکار. بانگهێشتی ئەو کۆمەڵانە دەکەم، کە ئەم تاوانانە بە ناوی ئەوان یان لە ژێر ئالای ئەواندا ئەنجام دەدرێت بە توندی و بە ڕاشکاوی ناڕەزایی بە ئاشکرا دەرببڕن و ڕیزەکانیان لەم خیانەتکارە تاوانبارانە پاک بکەنەوە، کە لە خۆبایی بوون و ڕقیان گەیوەتە ڕادەیەک هوتاف بە مردنی گەل و نیشتمانەکەیان بکێشن.

بە ڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێم، کە ناتوانم وشەیەک لە ناو وشەکاندا بدۆزمەوە کە وەسفی تاوان یان خیانەت یان نکۆڵی کردن لە نیشتمان بێت و بتوانێ بە وردی وەسفی ئەمانە بکات لەبەرئەوەی ئەم وشانەی لەم بوارەدا هەن ناتەواون و ناتوانن گوزارشت لەمانە بکات یان ڕاستیەکانیان بە وردی بخاتە ڕوو...ئەمانە لە خائینان خائینترن، لە تاوانباران تاوانبارترن،

---

٢-خەیروڵڵا وقودسی و عێزەت وخۆشناو (ئامادەکار).

لــە خوێڕیــان خوێڕیتــرن، زیاتــرن لــە بەکرێگراوانــی ئیســتعمار و تۆرانییــەت و ناشــیرنترن لــە فاشســت و شــۆڤینیەکان و کۆســمۆپۆلیتییەکان.

**٢٥١ لە ٢٩/ حوزەیران/١٩٦٠**

# وانەیەک لە (عەلیون)ەوە

بێئەوەی پێشتر یەکتر بناسین، گەنجێکی ڕەش پێست لێم هاتە پێشەوە و بە گەرمی دەستی خستە ناو دەستم و لێی پرسیم سەر بە چ نەتەوەیەکم، بۆم دەرکەوت جلوبەرگە ڕازاوە نەتەوەییەکەم سەرنجی ڕاکێشاوە، بە تایبەت لە هەموو ژیانییدا یەکەم جارە ئەم جلوبەرگە ببینێ (هەروەک دواتر پێیگوتم) وەڵامم دایەوە (من کوردم لە کوردستانی عێراق) بە ئەدەبەوە داوای لێبوردنی لێکردم بەوەی هیچ شتێک دەربارەی کورد و کوردستان نازانێ....لایدامە لایەک تا ڕێڕەوی باڵەخانەکە نەگرین، کە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهانی بە درێژایی ڕۆژانی ڤیستیڤاڵ لە وارشۆ کردبوویانە بارەگای خۆیان. داوای لێکردم زانیاری زیاتری پێبدەم لە سەر کورد و کوردستان. بە شێوەیەکی کورت ئەوەی پێویست بوو بۆم باسکرد، دوای ئەوە بەڵێنمان بە یەکتردا لە دانیشتنێکی دوور و درێژدا بەیەک بگەینەوە، پاشان بەڵێنی ئەوەی پێدام، کە پشتیوانی لە کێشە ڕەواکەمان بکات، کێشەی یەکگرتنی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهانی. ئەو کێشەییەی من لە پێناویدا سەردانی باڵەخانەی یەکێتییەکەم کردبوو، ئینجا ناسنامەی کەسیەتی خۆی پێدام، کە ناو و پێگەکەی دەردەخست، زانیم ناوی (عەلیون)ە و نوێنەرایەتیی لاوانی سینیگال دەکات لە یەکێتیی لاوانی جیهانی بەو پێیەی ئەندامی لێژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی جیهانییە...لە کاتی دیاریکراودا سەردانی (عەلیون)ی هاوڕێمم کرد بۆچوونی خۆمان لەمەڕ زەرورەتی بوونی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و زەروریەتی بە یەکەوە گرێدانی خەباتەکەی بە خەباتی لاوانی جیهان لە

ڕێـی یەکێتیـی جیهانییـەوە. بـە دور و درێـژی پاسـاوی ئەمـەم بـۆ ڕوون کـردەوە بینیـم لێـم تێـدەگات، ئەمـە زۆر دڵخۆشـی کـردم و بەڵێنـی هاوکاریشـی پێـدام.

لـە ڕۆژی یەکەمـی بەسـتنی کۆنگـرەی یەکێتـی جیهانـی، کـە بـە سـیفەتی چاودێـری لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان بەشـدار بـووم لـە چوارچێـوەی وەفـدی عێراقـدا. بینیـم (عەلیـون)ی هاوڕێـم، کـە لـە سـینیگالی داگیرکـراوی فەڕەنسـەوە هاتبـوو، کـە ولاتەکـەی چەنـد ڕۆژێکـە ئـازاد بـووە و لەگـەڵ سۆدانی فەڕەنسا یەکیـان گرتـووە بـۆ پێکهێنانـی یەکێتیـی مالـی، کـە بینیـم (عەلیـون) بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو سـەرۆکایەتی دانیشـتنەکە دەکات. زۆر دڵخـۆش بـووم، کـە بینیـم هاوڕێیـە پشـتیوانەکەم لـەم پێگەیەدایـە.

لـە کاتـی پشـوودانددا (عەلیـون) بـە ژمارەیـەک نوێنـەری ئەفریقـای ڕەشـی ناسـاندم و داخوازیەکەمیانـی بـۆ ڕاڤـە کـردن و داوای لێکـردن پشـتیوانیم بکـەن، ئەوانیـش بەڵێنـی خێریانـدا.

لـە ڕۆژی دووەمـی کۆنگـرەدا پـاش هەوڵدانمـان، لـە پشـت پـەردەوە تەگـەرە خرایـە بـەردەم پێشـکەش کردنـی داواکاری یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ کۆنگـرە، جارێکـی تـر بـە شـێوازی پێچاوپێـچ دەرفەتەکەمـان لـە کیـس درا. گەڕامـەوە لای هاوڕێـی ئازیـزم (عەلیـون)ی نوێنـەری سـەنیگال و یەکێـک لـە ئەندامانـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی کۆنگـرە و گلەیـی ئـەوەم لێکـرد کەچـی ڕویـداوە، ئـەو هێمنـی کردمـەوە و دەسـتی گرتـم و بردمیـە ژوورێـک، کـە لەگـەڵ هاوڕییەکـی تیایـدا دادەنیشـتن، ئـەو ئامۆژگارییـە بـە نرخانـەی پێـدام، کـە تـا ئێسـتاش لـە زەینمـدا ماوەتـەوە: (دانپیانانـی لاوانـی جیهـان بـە ڕێکخـراوی لاوانـی کوردسـتان بـە پلـەی یەکـەم وەسـتاوەتە سـەر تێکۆشـان و تواناتـان لـە سـەلماندنی بوونـی خۆتـان و سـەپاندنی ڕێزگرتنـی خەباتەکەتـان و مافەکانتـان بـە سـەر ئەوانـی تـردا ئەمـەش بـە خۆڕاگـری لـە گۆڕەپـان و ڕێکخسـتنی زۆرتریـن ژمـارەی لاوەکانتـان و بـەردەوام بـوون لـە خەبـات بـە پێـی سیاسـەتێکی نیشـتمانیی ڕاسـت و پێشـکەوتنخواز، تەنیـا دوای ئەمـە

دەتوانـن پشـتیوانی لاوانـی جیهـان بـە دەسـت بێنـن بـۆ خەباتەکەتـان و داننـان بەڕێکخراوەکەتـان) ئەمـەو زیاتـر لەمەشـی پێگوتـم و ڕاڤـەی خەباتـی خۆیانـی بـۆ کـردم لـە سـینیگال و چـۆن گەلەکـەی بەردەوامـی بـە تێکۆشـان دەدات لـە پێنـاو ڕزگاری نیشـتمانیی و دیموکراسـیەتدا. ئێسـتا کاتـێ ئـەم وانـە نایـاب بێژییـەی (عەلیـون) بـە لاوانـی کوردسـتان دەگەینـم نیشـتمانەکەی ئـازاد و سـەربەخۆیە دوای ئـەوەی بەرهەمـی خەباتـی (عەلیـون) و براکانـی و گەلەکـەی هاتۆتـە بـەر، ئەمـەش بـە هەلێـک دەزانـم لـە سـەر ڕووپـەڕی ڕۆژنامـەی خەبـات گەرمتریـن سـڵاو و جوانتریـن پیرۆزبایـی لـە دڵـەوە دەنێـرم بـۆ (عەلیـون) و گەلـی (عەلیـون) و براکانـی و هیـوای سـەرکەوتنی زیاتریـان بـۆ دەخـوازم.

**ژماره ٢٥٢ له ٣٠/ حوزەیران/ ١٩٦٠**

# ئێمە دەمرین بۆ ئەوەی کوردستان بژی

ڕۆژگار پێچـی خـۆی تەواوکـرد و سـەمەرەکان هەڵگەڕانـەوە، سـەمەرەکانی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی تـورکان کـە مسـتەفا کەمـال دژ بـە ئیسـتعمار و داگیرکەرانـی بیانـی سـەرکردایەتی کـرد، لـە بزووتنەوەیـەک، کـە خەباتـی لەپێنـاو ئازادیـدا دەکـرد وەرگـۆڕدرا بـۆ بزووتنەوەیـەک دژ بـە ئـازادی، ئـازادی سـەندنەوە لـە نەتەوەیـەک بـە هەمـوو توانـای خۆیـان بەشـدارییان لـە شـۆڕش و سـەرجەم ئـەو نەبەردییـە دڕندانەییـەدا شانبەشـانی تورکەکانـدا کـرد و هەزارەهـا قوربانـی و شـەهیدیان لـەم جەنگـە ترسـناکەدا بەخشـی. بـەڵام ئـەم نەتـەوە بەخشـندەیە بـەری ڕەنـج و فیداکارییەکەیـان نەچنییـەوە جگـە لـە یـەک شـت نەبـێ ئەویش ئـازادی بـە تـورک بـوون بـوو.

ئـازادی دەسـبەرداربوون لـە نەتـەوەی کـورد، کـە بـاوک و باپیرانیـان شـانازی پیـوە دەکەن..ئـازادی نکۆڵـی کـردن لـە سـەروەری نەتەوەیـی و نیشـتمانیی و مرۆڤایەتـی. ئـازادی تواندنەوەیـان تـا بنـە تورکـی شـاخاوی. بـەڵام ئـەم پاڵەوانانـەی لـە پێنـاوی ئـازادی تورکیـا ژیانـی خۆیـان خسـتە سەردەسـت بـە هیـوای ئـەوەی گەلـی کـورد دوای ئـەم ئازادییـە بـە ئـازادی بژیـن و ڕێـز لـە خۆشـگوزەرانییان بگیـرێ و گۆڕانییـان بەسـەر کوردسـتاندا هەڵـدەدا و دروشـمی ئێمـە دەمریـن بـۆ ئـەوەی کوردسـتان بـژی دەگوتـەوە. خیانەتـی سـەرکردەکانی بزووتنـەوەی کەمالیسـتی بـۆ ئـازادی و پاشـگەز بوونەوەیـان لـەو بەڵێنانـەی بـە کوردیـان دابـوو، نائومیـدی نەکـردن. کاتێـک شـۆڕشـی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە ١٩٢٥ لـە کوردسـتانی بـە زۆر بـە تورکیـا لکێنـراو هەڵگیرسـا، پاڵەوانەکانـی هاواریـان دەکـرد دەمریـن بـۆ ئـەوەی کوردسـتان بـژی، وەلێ بـە داخەوە شـۆڕش

لـە بەدیهێنانـی ئامەنجەکانـی شکسـتی هێنـا لـە بـەر چەنـد هۆکارێـک – جگـە لـە نەبوونـی ڕێکخسـتنێکی هوشـیاری پێشـڕەو – هەزاران لـە نیشـتمانپەروەرانی کـورد بەندکـران و سـەدان هەزاریـان لـێ ئـاوارە و دەربەدەرکـران، دوای ئـەوەی هەزارانیــان لــە ڕووبەڕووبوونــەوەدا شــەهید بــوون و لــە هەڵمەتــی ســوتاندنی گونـد و سـک درینـی ژنـان و بۆردومـان کردنـی خەڵکـی بێدیفاعـی نـا ئاسـودە لەســەرما و برســییەتی لەســەر دەســتی نەوەکانــی هۆلاکــۆ. بــەڵام دروشــمە نەمرەکــەی دەمریــن بــۆ ئــەوەی کوردســتان بــژی بــەردەوام لــە نــاو کێــو و دۆڵەکانــی کوردســتان و چواردیــواری ئــەوەی بــە دادگاکانــی ســەربەخۆیی ناسـرابوون دەنگـی دەدایـەوە، کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە سـەرکردەکانی شۆڕشـەکەی تیادابــوو و حوکمــی عیدامــی بەســەر زیاتــر لــە ١٥٠ کــەس دابــڕی. کاتــێ ئــەم فەرمانــە ســتەمکارییە جێبەجــێ دەکــرا لــە بــەردەم پەتــی قەنــارەدا دروشــمی دەمریـن بـۆ ئـەوەی کوردسـتان بـژی گوێـی ئاسـمانی کـەڕ دەکـرد. بـەر لەمـەش لـە کاتێکـدا دادگا پـڕ بـوو لـە نیشـتمانپەروەرانی کـورد ئەوانـەی سـپاردەی ئـەوێ کرابــوون، تۆمەتــە هەمیشەییەکەشــیان تۆمەتبــار کردنیــان بــوو بــە خەبــات کردن بــۆ ئــازادی کوردســتان، کــە لــە ســەر زاری داواکاری گشــتی ســەربازی دووبــارە دەبوویــەوە. یەکێــک لەنیشــتمان پەروەرانــی کــورد بــە نۆێنەرایەتــی هەموویــان وەڵامــی دەدایــەوە، کــە شــەهیدی نەمــر دکتــۆر فوئــاد بــوو کاتێــک دەیگــووت (ئێمــە بــە شــادمانییەوە مــردن قبــوڵ دەکەیــن بــۆ ئــەوەی کوردســتان بــژی، ئێمــە دەمریــن بــەڵام کوردســتان بــە کوێرایــی چــاوی دوژمنــان و داگیرکــەران دەژیــت، ئێــوەش ئــەی فەرمانــڕەوا و جەلــلادەکان تەنیــا دەتوانــن ئێمــە بکــوژن بـــەڵام لـــە کوشـــتنی گەلـــی کـــورد و لەناوبردنـــی دەستەوەســـانن). ئیتـــر لـــەم ڕۆژەوەوە دروشــمی ئیمــە دەمریــن بــۆ ئــەوەی کوردســتان بــژی بۆتــە وێــردی سـەر زمانـی تێکۆشـەران و شـەهیدانی کوردسـتان، لـە شۆڕشـدا کاتـێ سـەر شـاخ و گردۆڵکــەکان دەکــەون، یــان دەچنــە بــەر پەتــی ســێدارە، کــە دوژمنــان بۆیــان هەڵخســتوون وەک چــۆن هەڵــۆ ئاســمان تەیــدەکا ئــاوا لــە نێــوان هــاڕەی فرۆکــە

ولـورەی تـۆپ و قرمژنـی گوللـەی تفەنگ و ڕەشاشـەکان دروشـمی ئیمـە دەمرین بـۆ ئـەوەی کوردسـتان بـژی بـەرز دەبێتـەوە و نـەوە دوای نـەوە دەیڵێنـەوە. لـەو سـەردەمەدا هیـچ مافێکـی دانپێدانـراو بـۆ کـوردەکان نەبـوو، بـەڵام وانەیـەک هەبـوو، وانـەی هەمـوو ئەوانـەی بوونـە قوربانـی و دەسـتەواژەی ئێمـە دەمریـن بـۆ ئـەوەی کوردسـتان بـژی دەلەرییـەوە، هەروەهـا هەمـوو ئەوانـەش کـە لـە شـەڕی شـەرەف و کەرامەتـی نیشـتمانیدا پەیڕەویـان لـە خەبـات و قوربانیدانـدا دەکـرد.

دەرکەوتـووە کـردە و کۆشـەی ئـەم وانـە بەنرخە ژیـان و چورتم و کارەسـاتەکانی ڕاڤـە دەکات و بڕیـار بـۆ تێکۆشـەر و جەمـاوەر دەدا، کردوکۆشـی ئـەم وانەیـە ئەوەیـە، هـەر گەلێـک لـە گەلانـی دنیـا لـە خەباتـی ڕزگاریـادا پێویسـتە بـە پلـەی یەکـەم پشـت بـە هێـز و توانـای خـۆی ببەسـتێ، جـا دوای سـەلماندنی بوونـی خـۆی و بوونـی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی و بەرزکردنـەوەی ئامانجـە ڕەواکانـی، ڕێـز و هاوسـۆزی خەڵکـی ئازادیخـواز و دیموکـراس لـە گەڵیشـیدا دیاریکرنـی چارەنـووس وەردەگرێـت. هەروەهـا پێویسـتە هەمـوو گەلێـک لەژێـر سـەرکردایەتییەکی پێشـڕەودا خەبـات بـکات، کـە لـە واقیعـە مادییەکـەی هەڵقولابـێ وەک وەلامـدەرەوەی زەروورەتـی مێژوویـی، بـۆ ڕابەرایەتـی کردنـی خەباتـی ڕزگاریخـوازی لـە تـەک گەلانـی دراوسـێدا بـۆ ئـەوەی مافەکانـی هەلـی ڕزگاربـوون بـە فیـڕۆ نـەدات.

لـە تورکیـا ئەزمونێکـی زۆر بـە سـوود هەیـە بـۆ گەلـی کـورد، کـە سـەرکردایەتی خـۆی بـە مسـتەفا کەمـال و چینێکـی چەوسـێنەری بیانـی سـپارد بـە بـێ هیـچ قەیـد و شـەرتێک، ئەوەبـوو ئەتاتـورک و دەسـت و پێوەندەکانـی نکۆڵیـان لـە مافـە نەتەوەیـی و دیموکراتییەکانـی کـرد و چاکەیـان بـە هەڵمەتـی تۆقانـدن و ڕەشـە کـوژی و ئاوارەکـردن و لەنـاو بـردن دایـەوە. ئەگـەر گەلـی کـورد خاوەنـی پێشـڕەوێکی هوشـیار و لێـزان بوایـە لـە ڕێکخسـتنی تێکۆشـان، هەماهەنگـی هەوڵـی هەمـوو ڕۆڵـە دڵسـۆزەکانی بکردایـە بـۆ ڕابەرایەتـی کردنـی بزووتنـەوە

ڕزگاریخوازەکەی لە بەر ڕۆشنایی تیورێکی زانستیانەی پێشکەوتنخواز، ئەگەر گەلی کورد پێشڕەوێکی ببوایە و بیزانیایە چۆن خەباتەکەی لەگەڵ خەباتی گەلی تورک یەکدەخا بەبێ ئەوەی ئامانجی ستراتیژی و نزیکەکانی لە بیر بکا، ئەوە هەرگیز چارەنووسی بزووتنەوەکەی بەو ئەنجامە نەدەگەیشت، کە دواتر پێی گەیشت. کوردەکان زۆر درەنگ درکیان بەم وانەیە کرد بەبێ ئەوەی بە چاکی خواست و پێداویستی سەرکەوتن لە جەنگی ڕزگاریی نیشتمانیدا تێبگات و بەبێ ئەوەی درک بەو ڕاستییە بکات، کە شۆڕش وەک بزاوتێکی کۆمەڵایەتی هەل و مەرج و زەمینە و زەمانی خۆی هەیە، سەرکردەکان درکیان بەوە نەکرد، کە هەر تەنیا پەرۆشی و دڵگەرمی و دڵسۆزی و ئامادەباشی بۆ قوربانیدان، بەتەنیا بەس نییە بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن بە سەر دوژمنێکی پڕچەکی دڕندەدا.

ئازادیخوازانی کورد هاتنە گۆڕەپانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە لە ژێر ئالآیەک، کە لێی نووسرابوو دەمرین بۆ ئەوەی کوردستان بژی....بەڵام ئەم چەکە فیکری و دەروونییە بە تەنیا نەیدەتوانی سەری مارەکە پان بکاتەوە.... مارەکانی دەستدرێژی و خیانەتی ناوخۆ و هەڵپەرستی. لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا تێکۆشەرانی کوردستان قوڵتر و چاکتر درکیان بە ناوەرۆک و تێگە و دروشمی دەمرین بۆ ئەوەی کوردستان بژی، چونکە ئیمڕۆ دەزانن چۆن بمرن بۆ ئەوەی کوردستان ژیانێکی شایستە بەخۆی بژێت.

تێکۆشەرە ئازاکانی گەلەکەمان بەردەوام ئەم دروشمە شکۆدارە بەرز ڕادەگرن، دروشمی دەمرین بۆ ئەوەی کوردستان بژی. چونکە ژیان لای ئەوان بریتییە لە مردن لە پێناو گەل و نیشتمان و خەباتێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل لە تێکۆشان و خۆڕاگری و قوربانیدان لە جەنگی شەرافەتمەندانەی نیشتمانیدا.

**ژمارە ٢٥٦ لە ٥/ تەمووز/ ١٩٦٠**

# زۆیا

بە خێرایی بە شەقامی ڕەشید دا دەڕۆیشتم تا بگەمە پاس، چاوم لەسەر تابلۆیەکی گەورە گیرسایەوە، کە بەسەر دەرگای سینەماوە هەڵواسرابوو، بە خەتێکی گەورە بە ڕەنگی سوور لێی نووسرابوو (زۆیا)[1] لە بەرامبەریا وەستام تێڕامابووم بیرم چووەوە، کە دەمەوێ بە پەلە بگەمە پاسەکە. لە خەیاڵدانمدا چیرۆکی بەرزی پاڵەوانییەتی و گیان بەخشین و قوربانیدان لە پێناو ئازادی وشکۆی گەل و نیشتماندا کێشرا، پاڵەوانییەتی و نیشتمانپەروەری گیانبەخشینی (زۆیا)ی کچە جوانەکەی سۆڤیەت، یادەوەریم گێڕامیەوە تەمموزی هاوینی ١٩٥٧ ئەو ڕۆژەی ئێمەی لاوانی کوردستان لەهەموو لایەکی کوردستانەوە، کە لە مۆسکۆ بووین خۆمان ئامادە دەکرد بۆ بەشداری لە ڤیستیڤاڵی لاوان و خوێندکارانی جیهان. ڕۆژی خۆئامادە کردنمان بوو بۆ چوونە بارەگای ڕێکخراوی ژنانی سۆڤیەتی دژ بە فاشیزم بۆ پێشکەش کردنی دیاری کوردستان بۆ دایکی زۆیا هەروەها پێشکەش کردنی دیاری ژنانی دیموکراسی کوردستان بە ژنانی سۆڤیەت.

لە سپێدەی ئەم ڕۆژەدا لە بەردەم بارەگای وەفدی عێراق کۆبوینەوە. بەر لەوەی بکەوینە ڕێ، یەک، لە ژنانی کوردستان گوتی: پێویستە شتێک دەربارەی زۆیا و پاڵەوانیەتییەکەی بزانین. منیش بە کورتی بۆم باسکرد، زۆیا کچێکی جوانکیلەی سۆڤیەتی لە هەڕەتی لاوی و تەمەنی گوڵی گەشاوە،

---

١-زۆیا کسمۆدیمیانسکایا، وەک نیشتمانپەروەرێک لە جەنگی جیهانی دووەم بە پەرەشوت خۆی هەڵدابووە پشت نازییەکان، ئەوانیش گرتیان ئیعدامیان کرد. بەو کارە وەک قارەمانی ڕزگاری نیشتمانیی لە سۆڤیەتدا ناوی دەرکرد (ئامادەکار).

ئەوسا لـە قوتابخانـەی ئامادەیـی بـوو، کـە زانـی دەسـتدرێژی نازییـەکان پێشـێلی سـەروەری خاکـی سـۆڤیەتی کـردووە و مەترسـییەکان خەریکـە دەگاتـە خـودی مۆسـکۆ، مۆسـکۆ ئـەو شـارە جوانـەی، کـە سـۆڤیتییەکان شـانازی پێـوە دەکـەن بـە هەمـوو شـتە بـە بەهـاو دەگمەنـەکان خۆیانـی بـۆ دەکەنـە قوربانـی، هێمـای ڕژێـم و دەوڵەتـە سۆسیالسـتەکەیانە و کاریگـەری زۆری بـە سـەر دڵ و دەرونیانـەوە هەیـە. زۆیـا خوازیـاری ئـەوە بـوو بـە کردارەکـی بەشـداری جەنـگ بـکات بۆیـە بـە خۆبەخشـی چـووە ڕیـزی جەنـگاوەران، کاتـێ تەمەنـی بـوو بـە بیسـت سـاڵان چـووە گۆڕەپانـی جەنـگ تـا لەگـەڵ خوشـک و بـرا جەنـگاوەرەکان دژ بـە دوژمـن بجەنگێـت. دوای ئـەوەی ئەرکەکانـی بـە جـێ گەیانـد لـە ژمارەیـەک ئەرکـی ترسـناک، کـە پێـی سـپێردرابوو. لـە کۆتایـی بەدیلـی کەوتە دەسـت هێـزە نازییەکان، کـە بـە شـێوەیەکی زۆر دڕندانـە و بـە شـێوازی فاشیسـتانە ئەشـکەنجەیاندا بـۆ ئـەوەی دان بـە شـوێنی بـراکان و گروپەکـەی دابنـێ، ئـەو بـە سـەربەرزییەوە ئـەم داوایانەیانـی ڕەت کـردەوە و لەسەرەمەرگیشـدا بـە هوتافـی بـژی نیشـتمان...مەرگ بـۆ فاشسـتەکان، سـەرکەوتن بـۆ یەکێتیـی سـۆڤیەت و بـەرەی دیموکراسـی، گیانـی بەخشـی.

ماوەیـەک دوای مردنـی، سـەرۆکایەتی بـاڵای سـۆڤیەت میدالیـای قارەمانیەتـی و میدالیـای لینینـی پێبەخشـی وەک ڕیـز لێنانێـک بەرامبـەر قارەمانییەتـی و جەنگیـن و خۆڕاگـری بەرامبـەر بـە دوژمنانـی و دڵسـۆزییەکەی، کـە بێسـنوور بـوو بـۆ گەلـی سـۆڤیەت. ئـا بەمجـۆرە زۆیـای جـوان، کـە گیانـی بەخشـی لـە پێنـاو گـەل و نیشـتمان و مردنـی شـەرافەتمەندانەی پـێ باشـتر بـوو لـە ژیانـی ژێـر دەسـتەیی. زۆیـا بـوو بـە هێمـای پاڵەوانییەتـی و قوربانیـدان لـە نێـو کـچ و کوڕانـی لاوی یەکێتیـی سـۆڤیەتی. دەوڵـەت پەیکەرێکـی بـۆ لـە مۆسـکۆ دانـا و پێشـانگایەکی بچکۆڵـەی بـۆ تەرخـان کـرد بـۆ پیشـاندانی ژیـان و نەریـت و ڕەوشـت و تێکۆشـانی. قسـەکانم دەربـارەی زۆیـا بـە ڕسـتەیەک کۆتایـی پێهێنـا، کـە تـا ئێسـتاش بیـرم مـاوە کـە گوتـم: ئاواتـە خـوازم زۆیـا ببێتـە هێمـای پاڵەوانییەتـی و قوربانیـدان لای

ژنانی کوردستانیش. ئەو ژنەی، کە یەکەمجار لێی پرسیبووم وەڵامی دامەوە و گوتی: هەموو ژنێکی کوردستان دەبێتە زۆیای کوردستان هەر کاتێک زەنگی کاتژمێرەکە لێبدات. دوای ئەمە کاروانەکەمان بەرەو بنکەی ژنانی سۆڤیەت بەڕێکەوت، دوای بڕینی شەقامە فراوانەکانی مۆسکۆ پێی گەیشتین و لەڕێگا ئێمە سروودە نیشتمانییە کوردییەکانمان دەگوت. کاتێ لە ئۆتۆمۆبیلەکان دابەزین پێشوازییەکی گەرممان لێکرا ئینجا سەرکەوتینە قاتی دووەمی ئاپارتمانەکە، کە لەوێدا هەندێ لە ژنانی بەرپرس لە ڕێکخراوی ژنانی سۆڤیەتی دژ بەفاشیزم چاوەڕێمان بوون چوینە هۆڵێکەوە مێزێکی گەورە لە ناوەڕاستی دانرابوو هەموومان لە دەوری مێزەکە دانیشتین، پاش تاوێک ژنێکی بالآبەرز بە قژێکی خاوەبووی سپییەوە هاتە لامان، ئێمە هەموومان وەک ڕێزگرتنێک لە بەری هەڵساین، کاتێ یەکێک لە ژنەکان گوتی ئەمە دایکی زۆیایە بە چەپڵەوە پێشوازیمان لێکرد، پاشان دەستی خستە ناو دەستی یەکە بە یەکەمان و لە پێشەوە دانیشت.

پەیوەندییە دۆستانیەکەمان بە وتەی بەخێر هاتن لە لایەن جێگری سەرۆکی ژنانی سۆڤیەت دەستی پێکرد، پاشان ژنێکی کورد لە جیاتی ژنانی کوردستان و وەفدی لاوان وتەیەکی پێشکەش کرد. ئینجا دیاری ژنانی کوردستان بە چەپڵە ڕێزان و هوتاف کێشان بەخشرا بە ژنانی یەکێتیی سۆڤیەت. پاشان ژنێکی تری کورد دیارییەکەمانی بەخشییە دایکی زۆیا، ئەو دیارییەی بریتی بوو لە دەستێک جلی ژنانەی جوانی کوردی، دواتر (حەمەئەمین)[2] وتەیەکی پێشکەش کرد تیایدا واتای پێشکەشکردنی ئەم دیارییە بچکۆڵەیە و مەودای

---

٢- ناوێکی خواستراوی مام جەلالە، لە گێرانەوەیەکدا سەلاح شێخ شەرەف بۆی گێڕامەوە گوتی: کاتێک مام جەلال لە گەشتی وارشۆ گەڕایەوە کاکەسووری پارێزەر ناوی تەواوی عەبدوڵڵا عیزوڵڵا تاڵەبانی، ئامۆزای باوکی مام جەلالە لێی پرسی ئەرێ ئەو ناو حەمەدەمینەت لەکوێ هێنا بە ناویەوە وتارت پێشکەش کرد؟ دەڵێ لە وەڵامدا مام فەرمووی کاتی خۆی لە کەڵکان کەسێک هەبوو بە ناوی حەمەدەمینی کێخوا ڕەسول منیش لەو کاتە ئەوم هاتە خەیال بۆیە بەناوی ئەوەوە وتارەکەم خوێندەوە (ئامادەکار).

ڕێزلێنانــی ژنــان و لاوانــی کوردســتان بــۆ پاڵەوانییەتــی و دڵســۆزی لــە پێنــاو نیشـتمان و گـەل ڕوون کـردەوە. دایکـی زۆیـا بـە وتەیەکـی ناسـک دوای ڕشـتنی دوو دڵۆپـە فرمێسـک، کـە فرمێسـکی لـە چـاوی هەموومـان هێنـا، گوتـی سوپاسـی کوردســتان بــە ژن و لاوان و گەلەکەیــەوە دەکــەم لــە ســەر ئــەم دیارییــە، کــە دۆسـتایەتی سـۆڤیەت و کـورد دەچەسـپێنێ و سـەلمێنەری ڕێـزی گەلـی کـوردە - کـە بـە ئازایەتـی و پاڵەوانییەتـی ناسـراوە لـە بەرگـری کردن لـە مافی نیشـتمانەکەی - بـۆ پاڵەوانییەتـی کچێکـی سـۆڤیەتی، کـە خـۆم لـە سـەر خۆشەویسـتی گـەل و نیشـتمان پـەروەردەم کردبـوو. وە بەڵێنیـدا دیارییەکـە ببەخشـێتە پێشـانگای زۆیـا تـا وەک هێمـای دۆسـتایەتی نێـوان گەلەکەمـان بمینێتـەوە. پاشـان هەنـدێ دیاری بچکۆڵـە و جوانــی بــە ســەر دابەشــکردین و وێنــەی یــادگاری لەگــەڵ هەمووـمــان گـرت.

هەمـوو ئـەو یادەوەرییانـەم بیرکەوتـەوە دوای ئـەوەی چـاوم لـە سـەر تابلۆیـەک گیرسـایەوە و لەسـەری نووسـرابوو زۆیـا. بـە هەناسـە هەڵکێشـانەوە لە خۆمم پرسـی ئاخـۆ چەنـد لـە کچانـی کوردسـتان خۆیـان دەکەنـە قوربانـی گەلەکەیـان نـەک بـە ژیانیـان بەڵکـو بـە بەشـێک لـە پشـوی خۆیـان و ڕازاوەیـی ژیانـە بێماناکەیـان. وەڵامەکـە لـە قوڵایـی ناخمـەوە هاتـە دەر و مـژدەی ئەوەیـدا کچانـی کوردسـتان بـۆ هەمـوو جیهانـی دەردەخـا، کـە قوربانـی ئـەوان کەمتـر نییـە لـە قوربانـی کچانـی دنیـا. کچانــی کوردســتان لــە قوربانیــدان و فیداکاریــدا دەریدەخــەن ، کــە هــەر یەکێکیـان بۆخـۆی زۆیـای کوردسـتانە.

بـۆ ڕۆحـی زۆیـا و هەر کچێکی شـوێن پێـی زۆیـا و پاڵەوانیەتـی و قوربانیدانەکانی دەکەون سـڵاو و ڕێز وسەرسـوڕمانم.

**ژمارە ٢٦٧ لە٢١/ تەمموز/ ١٩٦٠**

# جەژنی گەلێکی دۆست

گەلی پۆڵۆنی بەوە ناسراون، کە زۆر شەیدای ئازادی و پابەندی ئاشتی جیهانی و بەتەنگەوە هاتنی سەربەخۆیی نیشتمانن، ئەم گەلە تا ڕزگاربوونی نیشتمانەکەی لە دەستی داگیرکەران چەکی دانەنا سەرباری ئەوەی هەموو شێوازێکی دڕندانە و بەکارهێنانی هێز لەلایەن داگیرکەرانەوە دژ بە ئازادیخواز و تێکۆشەرەکانی نەرمی نەنواند لە بڕیاردان بۆ بە دەستهێنانی سەربەخۆیی. لە ماوەی سەدان ساڵی حوکمی داگیرکەران، ئەم گەلە دەیان جار دژ بە داگیرکەران ڕاپەڕیووە.

بیرم دێ پەرتوکێکم بە زمانی کوردی لە سەر پۆڵۆنیا خوێندەوە – ئەوسا تەمەنم چوارده ساڵی تێنەپەڕاندبوو – هەر وەک بیریشم دێتەوە خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت[1] وەرگێڕی پەرتوکەکە، وەک لە پێشەکیەکەدا دەیڵێ لێکچونێک لە نێوان دۆخی پۆڵۆنیا و کوردستان هەیە، کە ئەم دوو وڵاتە چەندین جار لە نێوان داگیر کەران دابەشکراوە و گەلەکانییان بێبەشکراوە لە ئازادی و سەروەری نیشتمانی و مافە مرۆییە ڕەواکانییان، کە ئەمەش بۆتە هاندەرێک خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت پەرتوکەکە وەربگێڕێت. من پەرۆشی لێکۆڵینەوەی دۆخی ئەم گەلە و چۆنیەتی ڕزگاربوونی بووم هەروەک شارەزایی وەربگرم لە پەندەکانی تێکۆشانییان تا ئێمەش لە تێکۆشانماندا

١-مەحموود جەودەت کوڕی ئەحمەد جەودەتی مەحموود ئاغای مستەفا ئاغایە، دەچێتەوە سەر هۆزی زەنگەنە. ساڵی ١٨٨٩ لەدایک بووە، ڕوشدییەی سەربازی تەواو کردوە، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشداری کردووە، دەستی نووسین وهۆنراوە دانانی هەبووە، بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی ئومیدی ئیستقلال و پێشکەوتن و زاری کرمانجی بڵاوکردۆتەوە، لە مشتو مڕێکدا بەڕێوەبەری خانەنشین دەکوژێ، بەم هۆیەوە بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەردەچێت ولە٢٠/ ١١/١٩٣٧ لە سێدارە دەدرێت لە گردی سەیوان لە سلێمانی بەخاک سپێردراوە (ئامادەکار).

بـۆ ڕزگارکردنـی کوردسـتانی ئازیـز سـوودی لێببینیـن، کـە تـا ئێسـتا – سـەرباری ئـەوەی بەشـە عێراقییەکـەی لـە دەسـت ئیسـتعمار و چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی ڕزگاری بـووە – بەشـەکانی تـری بەدەسـت کۆیلەکردنی ئیسـتعمار و چەوسـاندنەوەی قێزەونانـەی نەتەوەیـی دەناڵێنـن و بێبەشـن لـە هەمـوو مافـە مرۆییەکانییـان. کوردسـتانی داگیرکـراوی بـە زۆر بـە ئێـران یـان تورکیـا یـان سـوریا لکێنـراو بـە دەسـت کۆیلایەتـی و برسـیەتیی و نەخۆشـیی و نەدارییـەوە دەناڵێنـن و لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیـان دواکەوتـوون و ڕۆڵەکانییـان بۆیـان نییـە بانگەشـە بـە نیشـتمانپەروەری کوردانـەی خۆیانـەوە بکـەن لـەوە گـەڕی، کـە بێبەشـکراون لـە مافـی دەرچواندنـی ڕۆژنامـە و گۆڤـاری کـوردی یـان خۆشـی و سـوود بینیـن لـە مافـە نەتەوەییـە ڕەواکانییـان.

بـارودۆخ واهاتـە پێشـەوە، کـە مـن هەڵبـژاردەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووم بـۆ بەشـداریکردن لـە ڤیسـتیڤاڵی وارشـۆ بـۆ لاوان و قوتابییـان هاوینـی ١٩٥٥، ئـەو کاتـە بەڕێـگای تایبەتـی خۆمـان پاسـپۆرتێکم لـە برایـەک بـە دەسـت هێنـاو سـنورم پێبـڕی بـۆ سـوریا لەوێـوەش لـە لازقیـەوە بـە پاپـۆر چوینـە بەندەرێکـی ڕۆمانـی بـە مەبەسـتی چوونـە وارشـۆ، لەگـەڵ خۆمـدا ژمارەیـەک دیاریـم بـۆ لاوانـی پۆڵونیـا و جیهـان بردبـوو، کـە هەموویـان دەسـتکردی کـوڕ و کچانـی کوردسـتان بـوون. دوای گەیشـتنمان بـە وارشـۆ لـەو ئاپارتمانـە دابەزیـن، کـە بـۆ ئێمـە تەرخـان کرابـوو، بەڕێکـەوت لەگـەڵ پۆڵۆنیـەک بـە یەکگەیشـتین، کـە هەنـدێ شـتی دەربـارەی کوردسـتان دەزانـی و بەڕەوانـی بـە زمانـی فارسـی قسـەی دەکـرد بەمـەش پەیوەنـدی دۆسـتایەتی بەتیـن لـە نێوانمـان دروسـت بـوو، هـەر لـە ڕێـی ئەویشـەوە زۆرێـک لـە لاوانـی پۆڵۆنیامـان ناسـی، کـە بـە بەتەنگەوەهاتـن و پشـتگیری کردنمـان پەسـندیان کردیـن. بیـرم دێتـەوە – ئێمـەی لاوانـی کـورد – ویسـتمان کۆبوونەوەیەکـی تایبـەت بـە نـاوی لاوانـی بەشـداربوو لـە نـاو وەفـدی عێراقـدا ئەنجـام بدەیـن، لاوانـی دەوڵەتانـی ڕۆژهـەڵات و دەوڵەتە گـەورەکان داوەت بکەیـن، لـە لاوانـی پۆڵۆنییـەوە هەمـوو پشـتگیری و پشـتیوانییەکمان بینـی. لـە

کاتــی بەســتنی کۆبوونەوەکــە و ئامادەبوونــی لاوانــی پۆڵۆنیــا دیارییــان پێشــکەش کردیــن و پشــتگیری و پشــتیوانییان بــۆ گەلــی کــورد و کێشــە ڕەواکــەی لێبینیــن ئامــادەی کۆبوونەوەکــەش بــوون، کــە لاوانــی کــورد داوەتیــان کردبــوون خەرجــی داوەت کراوانیشــیان گرتــە ئەســتۆ، کــە بریتــی بــوون لــە لاوانــی ئێرانــی و تورکــی و - لەســەرویانەوە نــازم حیکمــەت[٢] دۆســتی بــە وەفــای گەلــی کــورد - وە نوێنــەری هینــد و ئینگلیــز و فەرەنســا و ئەڵمانیــا و چیــن و ئەندەنوســیا و هیتــر. ســەرۆکی ئــەم وەفدانــە لــە وتەکانییانــدا پشــتیوانی لاوانــی خۆیــان بــۆ خەباتــی گەلەکەمــان دەربــڕی. ئەمــەش لــە پــای ئــەم وتــە پێشــوازییەی مــن لــە جیاتــی لاوانــی کوردســتان پێشکەشــم کردبــوون، کــە تیایــدا خۆشەویســتی لاوانــی کوردســتانم بــۆ ئاشــتی و بــۆ بــە تەنگەوەهاتنــی بــە هێزکردنــی پەیوەنــدی لەگــەڵ هەمــوو لاوانــی جیهــان لــە پێنــاو ئاشــتی و دۆســتایەتی بــۆ ئــەوەی هەمــوو گــەلان بــە ئــازادی و بەختیــاری لەســەر خاکەکەیــان ژیــان بکــەن.

ســەرۆکی وەفــدی پۆڵۆنیــا بــە نــاوی لاوانــی ولاتەکــەی ســلاوی خۆشەویســتی و دۆســتایەتیی بــە گەلــی کــورد گەیانــد، کــە وەک ئــەوان دووچــاری داگیــرکاری پارچــە پارچەکــردن بۆتــەوە لــە ســەر دەســتی داگیرکــەران و هیــوای ســەرکەوتن و ئــازادی بۆخواســتن، وەک گەلــی پۆڵۆنیــا بــە دەســتی هێنــاوە، پاشــان کلاوێکــی جوانــی تایبەتــی کــوردەواری، کــە بــە زمانــی ئینگلیــزی (کوردســتان، ئاشــتی) لــە ســەر چنـدرابــوو خســتە سەرســەری و هــاواری کــرد بــژی دۆســتایەتی نێــوان لاوان و گەلــی پۆڵۆنیــا و کوردســتان.

دوای ئەوەی ســەرۆکی هەموو وەفدەکان وتەکانی ئاشــنایەتی و خۆشەویســتییان پێشــکەش کــرد کــە لــە دووتوێیــدا ســۆز و پشــتیوانی لاوانیانیــان بــۆ گەلــی کــورد و

---

٢- ١٩٠٢-١٩٦٣ شــاعیری نــاوداری تــورک لــە بنەماڵەیەکــی خواپێــداو ودەوڵەمەنــد هاتۆتــە دونیــا، بەشــداری لــە بزووتنــەوەی ئەتاتورکدا کــردووە وپاشــان لێــی هەڵگەڕاوەتــەوە بــە هۆیــەوە تــا ســاڵی ١٩٥٠ خراوەتــە زینــدان، دواتــر تورکیــای بەجێهێشــتوە و ڕووی کردۆتــە یەکێتــی شــۆرەوی جــاران، خاوەنــی چەندیــن دیوانــە شــیعر و ڕۆمــان و شــانۆنامەیە (ئامــادەکار).

کێشە ڕەواکەی و خەباتی هاوبەش لە گەڵ گەلی عەرەبی برایدا دەربڕی. ئیتر لە نێوانماندا قسەی خۆش دەستی پێکرد. پاشان هەڵپەڕکێیەکی کوردیمان کرد، کە کوڕ و کچانی پۆڵۆنیا زۆر بە خێرایی و سەرسوڕهێنەرانە فێری بوون سەرباری ئەوەی فێربوونی هەندێ جۆری سەختیش بوو، ئەمەش بووە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی داوا لە هەندێکیان بکەین، کە بەشداربن لە گەڵمان لە پێشکەش کردنی هەڵپەرکێ لە سەر شانۆیەکی گەلێری گەورە، بە دڵخۆشیەوە داواکەمانیان قەبوڵ کرد، بەم شێوەیە ڕۆیشتین، کە لاوێکی کورد و کچێکی عێراقی زۆر یارمەتیدەرمان بوون بۆ پۆشینی بەرگی کوردی و بەشداری کردن لە هەڵپەرکێکاندا. هەروەها من و کچێکی پۆڵۆنی هەڵپەرکێیەکی کوردیمان لە بەردەم زیاتر لە بیست هەزار لە هاولاتیانی وارشۆ کرد، کە بووە مایەی پەسندکردنی لەلایەن جەماوەرەکەوە کاتێکیش لەڕێی پێشکەشکارەکەوە زانیان ئێمە ڕۆڵەی نەتەوەی کوردین و لە کوردستانی دابەشکراو و بە کۆیلەکراوەوە هاتووین بە گەرمی چەپڵەیان بۆ لێداین وەک دەربڕینێک لە پشتیوانی کێشەکەمان. بەم شێوەیە لە هەموو شوێنێکدا خۆشەویستی گەلی پۆڵۆنیام بۆ ئاشتی و ئازادی و سۆز و پشتیوانی قووڵ بۆ کێشەی گەلانی ستەملێکراو بەدیکرد بە گەلی کوردی تێکۆشەریشەوە، بە دڵنیاییەوە من ناتوانم ئەو هەموو هەستەجوانەی گەلی پۆڵۆنیا بەرامبەر بە گەلان و ئاشتی و ئازادی بێنمە بەرچاو هەرچەندەی بمەوێ مافی خۆی پێبدەم. بەلاّم دڵنیابووم ئەمانە دۆستی گەلانی عێراقن بە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبییەوە و سۆزیان بۆ گەلانی ستەملێکراو هەیە، هیچ گومانیشم لەوەدا نییە، کە سەرجەم ڕۆڵەکانی گەلی پۆڵۆنیا بەخێرایی لە ڕەوایی کێشەی کوردستان تێدەگەن ئەگەر بۆیان ڕاڤەبکرێت چونکە هاوشێوەی کێشەی ڕزگاری نیشتمانیی ئەوانە.

بیرم چوو ئەوە بڵێم، کە لە پۆڵۆنیا چاومان بە زۆرێک لە ڕۆژهەلاتناسی زانا کەوت و داوای زانیارییان دەربارەی کورد و کوردستان لێکردین و گرنگی زۆریان بۆ تێگەیشتنی خستەڕوو، ئێمەش ئەوەی لامان بوو لە پەرتوک و

نامیلکـە و نەخشـە و وێنـە پێبەخشـین، بیرمـە یەکێکیـان پێیگوتـم ئـەو هەنـدێ شـت لەبـارەی ئێمـەوە دەزانـێ لەڕێـی نـازم حیکمەتـی شـاعیری گـەورەی تورکیـا، کــە خۆشەویســتیەکی زۆری لــە دڵــە گەورەکەیــدا بــۆ کوردســتان هەڵگرتــووە. بەڕاسـتی پۆڵۆنیـا گەلێکـە دۆسـتی کـوردە، وایدەبینـم ئـەرک و وەفـا ناچـارم دەکـەن لــە ســەر ڕووی لاپەڕەکانــی ڕۆژنامــەی خەبــات، گەلــی کــورد و لاوانــی کوردســتان ڕایانسـپاردووم سـڵاو بەهەمـوو ئەوانـەی لـە پۆڵۆنیـا چـاوم پێکەوتـوون بگەینـم.

پەیداویســتی دۆســتایەتی پێویســت دەکا، کــە گەلــی کــورد ســڵاوی خــۆی بــۆ گەلـی پۆڵۆنیـای دۆسـت بنێـرێ لـە ڕۆژی ڕزگاری نیشـتمانیدا، کـە لـە جیاتـی کـورد پارتــە پێشــڕەوەکەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان ئــەم ئەرکــەی گرتــە ئەســتۆ، هەروەهـا ئەرکـی منیـش ئەوەیـە پیرۆزبایـی لـە لاوانـی پۆڵۆنیـا بکـەم لـە جەژنـی نیشـتمانیاندا و هیـوای سـەرکەوتنی زیاتریـان بـۆ بخـوازم لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا.

**ژمارە ٢٧١ لە ٢٦/ تەمووز/ ١٩٦٠**

# بەرگری لە حاجی قادری کۆیی

حاجـی قـادری کۆیـی، شـاعیری نەتـەوەی کـوردی تێکۆشـەر سـەدەیەک زیاتـر بـەر لـە ئێسـتا بـە خۆشەویسـتی کوردسـتان و جوانـی و فیـداکاری گەلـی کـورد و بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازە نیشـتمانییەکەیدا هەڵـداوە و ئامـاژەی بـە سـەروەرییەکانی و کاری بـۆ بوژاندنـەوەی کلتـووری چاکەخـوازی کـردووە و بانگهێشـتی کـردوون بـۆ یەکێتـی و یەکخسـتنی هێزەکانییـان بـۆ بەرەنگاربوونـەوە و لێدانـی سـتەم و زۆرداری و چەوسـاندنەوەی نەتەوایەتیـی و لـە پێنـاو ڕزگاری کوردسـتان و گەلـە سـەربەرزەکەیدا، لـە شـیعرەکانیدا بـە وردی بیـرو ڕا و خواسـتەکانی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد ڕەنگـی داوەتـەوە، کـە دەسـت پێکەکـەی لـە کوردسـتان لـە ڕۆژگاری بزووتنـەوەی بەدرخـان پاشـا لـە (جەزیـرەی بۆتـان)ەوە دەرکەوتـووە.

حاجـی قـادری کۆیـی شـاعیری ڕەسـەنایەتی بیـر و ڕۆحی جەمـاوەری کوردسـتانە، لـە نـاخ و قولایـی ئـەوەوە سـەری دەرهێنـاوە و هـەر بەحـەق بۆتـە ڕۆڵـەی سـەربەرز و شمشـێری بڕنـدە، بـۆ کاروانەکـەی گۆرانـی سـەرکەوتنی چڕی و بـۆ ڕاڤەکردنـی بـارودۆخ و ڕوونکردنـەوەی ئامانجەکانـی شـیعر دەهۆنێتـەوە وەک گوزارشـت کـردن لـە پەرۆشـی بـۆ ئـازادی و ڕزگاربـوون لـە کۆتـی ڕیسـوایی و کۆیلایەتـی و نەنگـێ. داوای مافـە مرۆییـە ڕەواکانـی و پەروەردەکـردن و فێرکـردن و یەکخسـتنی زارەکانـی و گەشـەکردنی زمانەکـەی و خەباتیکـرد لـە پێنـاو ڕزگارکردنـی لـە چنگاڵـی نەزانـی و دواکەوتـن و جادووگـەری بەنـاوی دیـن و خەلافەتـی ئیسـلامییەوە!! پاڵەوانییەتـی و میهرەبانـی و جوامێریانـی ژیانـدەوە و بـە هەمـوو توانـای بەرگـری لـە ژیانـی بەخشـندە و بەختـەوەری نـوێ و هاوچـەرخ کـرد.

شـاعیری نەمـری کـورد و کوردسـتان، ئەمـە بابەتـی پەرتوکێکـی ئەدیـب

(محەمــەدی مــەلا کەریــم )ە بــە ناونیشــانی (حاجــی قــادری کۆیــی: شــاعیری قۆناغێکــی نوێیــە لــە ژیانــی نەتــەوەی کــورد). پەرتوکــی ئامــاژە پێکــراو پەرتوکێکــی بــە بەهایــە ســەرباری کەموکوڕیەکانــی، بەرهەمــی کۆششــێکە مایــەی سوپاســگوزارییە لــە گرنگیــدان بــە ئەدەبــی کــوردی و هەوڵــدان بــۆ بوژاندنــەوەی کلتــووری پێشــکەوتنخوازی و نەتەوەیــی و پەرۆشــی لەســەر لێکۆڵینــەوەی ئەدەب و دووبــارە دەرخســتنی لایەنــە پرشــنگدارەکانی، بــەڵام مەرامــی نووســەر – مــن بەپێــی زانیــاری خــۆم – دروســت و باشــە و لــە بەتەنگەوەهاتنــی و پەرۆشــییەوە بــۆ ئەدەبــی کــوردی و هیچــی تــر. بــەڵام چ ئادەمیــزادێ هەیــە هەڵــە نــەکا بێگومــان بــە شــاعیر و دانــەری پەرتوکەکــەش.

لەبــەر ئــەوەی ناهەقییەکــی –بێمــەرام – بەرامبــەر شــاعیری گــەورە دەبینــم، بــە پێویســتم زانــی بەرگــری لێبکــەم، ئەمــەش بــەو مانایــە نایــەت بەرگریەکــەم بــۆ بــە دوورگرتنــی شــاعیرە لــە هەڵــە، بەڵکــو بەرگــری کردنــە لــە مافــە پێشــێلکراوەکەی.

دانــەری پەرتوکەکــە بەڕێــز محەمــەدی مــەلا کەریــم[1] لۆمــەی حاجــی قــادری کۆیــی دەکات لەســەر ئــەوەی (لــە کڕۆکــی خەباتــی نەتــەوەی ئەرمەن نەگەیشــتووە) هەروەهــا (لەبــەر شــوێن عاتیفــەی ڕووت کەوتــن، دێتــە دەنــگ بەرامبــەر بــە ئــازادی ئەرمــەن و ســەربەخۆیی ئەرمەنســتان بانــگ ئــەکا بــۆ پووچکردنــەوەی ئــەو هــەوڵ و تەقەلایــەی لــەم بــارەوە ئــەدرا، بەبــێ ئــەوەی بەخــۆی بزانــێ دەبێتــە پارێــزەری بەرژەوەندییەکانــی داگیرکــەرە تورکــەکان و ڕێــگای ئیــش کــردن بــۆ کــورد دائەنــێ تاببــن بــە کۆســپ لــە ڕێــی مافــە ڕاســتەکانی ئەرمەنــا و ئــاخ هەڵئەکێشــێ بــۆ ئــەوە، کــە چــۆن گــەورە گەورانــی کــورد نەمــاون تــا ڕاپــەڕن بــۆ بەرهەڵســتی مەســەلەی ئەرمــەن) ئەمــە بــەدەق دانــەری پەرتوکەکــە لــەم بــارەوە واینووســیوە لەمــەڕ شــاعیری کوردســتان حاجــی قــادری کۆیــی، بــە پشــت بەســتن بــە پارچــە شــیعرێکی حاجــی خــۆی.

---

١- ١٩٣١-٢٠١٧ نووسەر و وەرگێڕ، کوڕی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسە (ئامادەکار).

جێـی مشـتومڕ نییـە لـەوەی نەتـەوەی ئەرمـەن مافـی چارەنـووس و دامەزراندنی دەوڵەتـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە لـە سـەر خاکـی ئەرمینیـا و گەلـی کوردیـش بـە بەرژەوەنـدی دەبینـێ، کـە هـەر گەلێـک بەخـۆی بڕیـار لەچارەنووسـی خـۆی بـدات. ئــەو پەیوەندییــە بــە هێــزەی لــە نێــوان کــورد و ئەرمــەن هەیــە وادەکا ئەرکــی هــەردوو گەلــی کــورد و ئەرمــەن هاوشــانی یەکبــن و هەوڵەکانییــان یەکخــەن لــە پێنــاو ئامانجــە ڕەواکانییــان و مافــە نەتەوایەتییەکانیــان بــە تایبــەت لــە تورکیــای تۆرانییەتــدا، کــە هــەردوو گــەل تــاڵاوی ســتەمیان چەشــتووە و لــە هەمــوو مافــە مرۆیـی و نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانییان بێبەشـکراون. بـەڵام ئایـا حاجـی قادری کۆیـی دژی گەلـی ئەرمـەن و مافـی چارەنووسـیان بـووە یاخـود دژی دامەزراندنـی ئــەو حکومەتــە ئەرمەنییــە بــووە، کــە دەوڵەتــە کۆڵۆنیالیســتەکان: بەریتانیــا و رووسـیای تـزاری بـە نیـازی دامەزراندنـی بـوون؟

بـۆ وەڵام دانـەوەی ئـەم پرسـیارە بـە ویژدانـەوە دەبـێ ئـەم بـارو دۆخـە مێژووییـە بزانییـن، کـە شـاعیر تیایـدا چامەکـەی نووسـیوە، ڕاسـتی ئـەم دەوڵەتـە ئەرمەنیەش بزانییــن، کــە شــاعیر دژایەتــی دامەزراندنــی کــردووە؟ تــا بــە ویژدانــەوە بتوانییــن بڕیـار لەسـەر ئـەم بابەتـە بدەیـن؟

ئــەو دۆخــەی شــاعیر چامەکــەی تێــدا هۆنیوەتــەوە، دۆخــی ڕاپەڕینــی نەتەوەیــی کــورد و ئەرمــەن بــوو، بــەڵام بزووتنــەوەی نەتەوەیــی ئەرمــەن لــە لایــەن دەوڵەتــە کۆڵۆنیالییەکانــەوە پشــتیوانی لێدەکــرا، بزووتنــەوی نەتەوەیــی گەلــی کوردیــش لەلایـەن ئـەم دەوڵەتانـەوە دژایەتـی دەکـرا. ئـەو دەوڵەتـە ئەرمەنییـەی، کـە دەوڵەتە کۆڵۆنیالییـەکان هەوڵـی دامەزراندنییـان دەدا چـاوی لـە دابڕینـی بەشـێکی گـەورەی خاکـی کوردسـتان بـوو، کـە لـە هەمـوو ئەرمینیـا گەورەتربـوو، وەک ویلایەتەکانـی ئـەرزەڕۆم و ئەرزنجـان و بتلیـس و هـەکاری و دیاربەکـر و جەزیـرەی بۆتـان و هەندێ لـە ناوچـەی بادینـان دەکەوتنـە کەوشـەنی ئـەم دەوڵەتـەوە.

بێگومــان ئەمــەش لــە نەریتــی ئــەو ڕۆژگارە داگیرکردنــی ئــەم بەشــە گەورەیــەی خاکــی پیــرۆزی کوردســتان و دەربەدەرکردنــی دانیشــتوانە کوردەکــەی

و نیشـتەجێکردنی ئەرمـەن لـە شـوێنیانی دەگەیانـد. بـەم شـێوەیە کوردسـتان و بەشـێکی ئازیـز لەجەزیـرەی بۆتانـی شـوێنی مـەم و زیـن و شـوێنی ململانێـی بەدرخـان لەگـەڵ عوسـمانییە داگیرکـەرەکان دەکـرا بـە ئەرمەنسـتان. خێڵـە کۆچەرییـە کوردەکانیـش تیایـدا هاتوچۆکردنیـان لـێ قەدەغـە دەکرا، وەک شـاعیری نەمـر لـە چامەکەیـدا دەیڵـێ.

بۆیـە شـتێکی سروشـتییە، کـە سـەرجەم کـوردە نیشـتمانپەروەرەکان بـە شـاعیری هەسـت ناسکیشـەوە دژایەتـی دروسـتکردنی ئـەم دەوڵەتـە ئەرمەنییـە کۆنەپەرستە چڵێسـە بکـەن. کـە خـودی بەڕێـز محەمەدیـش نکۆڵـی لـە پشـتیوانی دەوڵەتـە کۆڵۆنیالییـەکان بـۆی و هەوڵـی دامەزراندنـی نـاکات. کەواتـە دانـەر چـی لەشـاعیرەکەمان دەوێـت؟ ئایـا دەیەوێـت پشـتیوانی لـە دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کۆنەپەرسـتی چڵێـس لـە پیرۆزتریـن شـوێنی کوردسـتان بـکات بـۆ ئـەوەی بـە تێکۆشـەرێکی کرێـکاری پێشـکەوتنخوازی فەڕەنسـی بچوێنـی، کـە (جـان جۆریـس)ە کـە دواتـر بـوو بـە شـیوعی و وتارەکانـی لـە (ئۆمانتییـە) بڵاودەکـردەوە بـۆ پشـتگیریکردنی خەباتـی گەلـی ئەرمـەن؟ ئایـا دەگونجێـت، کـە شـاعیری نیشـتمانپەروەری کـورد دەسبەرداری کوردسـتانە ئازیزەکـەی بێـت و بەگـژ دەوڵەتێکـی چڵێسـدا نەچێتـەوە، کـە خاکـە پیرۆزەکـەی داگیـر دەکا و خەڵکەکـەی دەربـەدەر دەکا هـەر لەبـەر ئـەوەی تێکۆشـەرێکی کرێـکاری فەڕەنسـی پشـتیوانی لـە خەباتـی گەلـی ئەرمـەن دەکا؟ دوایـی کـێ دەڵێت ئـەم فەڕەنسـییە پێشـکەوتنخوازە پشـتیوانی لـە دەوڵەتێکـی ئابـەم شـێوەیە دەکات؟ ئاشکراشـە پشـتیوانی خەباتـی نەتەوەیـی ڕزگاریخـوازی هـەر گەلێـک هەرگیـز بـەو مانایـە نایـەت پشـتیوانی لـە دامەزراندنـی حکومەتێکـی کۆنەپەرسـتی چڵێـس بـکات؟ بـە پێچەوانـەوە ئەگـەر بـە مانـای دژایەتـی کـردن و بەرهەڵسـتی ئـەم حکومەتـە چڵێسـە نەبێـت؟ دواتـر کـێ زامنـی زرنگـی ئـەم نووسـەرە لـە تێگەیشـتنی لـە بارودۆخـی ئەوسـای ڕۆژهـەڵات دەکات؟ کێیـە ئـەوەی زامنـی تێگەیشـتنی ئاڵۆزیەکانـی مەسـەلەکە و پەیوەنـدی نێوانیـان و نێـوان داگیرکردنـی خاکـی خەڵکـی تـر دەکات. پاشـان نازانـم چۆن

کوردێکــی نییــەت پاکــی وەک دانــەری کتێبەکــە مــاف بــە خــۆی دەدا پەڵــپ و بیانــوو بــە شــاعیرێک بگرێــت، کــە بەرگــری لــە خاکــی وڵاتەکــەی دەکات دژ بــە حکومەتێکــی چڵێــس؟ لــەو کاتــەوەی ڕێــی بــە خــۆی داوە پشــتیوانی لــەم جــۆرە دەوڵەتــە چڵێســە بــکات، کــە چــاوی لەســەر خاکــی بــاب و باپیرانــی شــاعیر و دانــەری کتێبەکــە خۆشــی و دژ بــە گەلەکەشیانە؟ هــەر لەبــەر ئــەوەی تێکۆشــەرێکی فەڕەنسایی پشــتیوانی لــە خەباتــی ئــەو گەلــە دەکات، کــە بــە ناویــەوە دادەمــەزرێ، بــەڵام بــۆ بەرژەوەنــدی چینــە ســەرمایەدار و دەرەبەگــەکان؟ ســەرم ســوڕماوە چــۆن کوردێــک بوێــری ئــەوە دەکا داوا لــە نیشــتمانپەروەرێکی ڕۆڵــەی نەتەوەکــەی خــۆی بــکات پشــتیوان بێــت یــان بەرگــری نــەکات لــە دژی دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی بیانــی لەســەر جەســتەی نەتەوەکــەی خــۆی و نیشــتمانەکەی؟ نازانــم چــۆن دەبــێ مرۆڤێــک بــاوەش بــە شــیوعیەتدا بــکات و لۆمــەی شــاعیرێکی کــورد بــکات، چونکــە بەرگــری لــە دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی دەرەبەگــی – ســەرمایەداری ئەرمەنــی لــە ســەر جەســتەی جەمــاوەری کڵۆڵــی کوردســتان دەکات؟ لەگــەڵ ئــەوەی پەرتوکــی خــودی شــیوعییەکان، کــە زۆرێــک لــە وتــەی فەیلەســوفانی شــیوعییەتی تیــادا گرتۆتــە خــۆ لــە ناویانــدا فلادیمیــر ئیلێتــش لینیــن دەربــارەی بەرگــری کردنــی دژی هــەر نەتەوەیــەک، کــە بیــەوێ دەســتدرێژی بکاتــە ســەر نەتەوەیەکــی تــر؟ بەتایبــەت لــەو لایەنــەوە، کــە هەوڵبــدات مافــی ئەوانــی تــر قــووت بــدات.

بــە ڕاســتی بیرکردنەوەیەکــی نــاوازە و ســەیرە نــەک دەربــارەی کوردســتان و بەرژەوەندییەکانــی بەڵکــو بــە هەمــوو بەهــا و بیــری مرۆیــی و پیشــکەوتنخواز، کــە گومانــی تیــا نییــە دەبــێ ڕەتبکرێتــەوە، یەکێــک بیــەوێ پشــتیوانی لــە دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی چڵێــس لــە ســەر جەســتەی نەتەوەکــەی بــکات؟ واتــە ئەنجــام دانــی ئــەم جــۆرە خیانەتــە لــە گــەل و نیشــتمان، وەک دانــەری پەرتوکەکــە لــە پشــت پــەردەوە داوا لــە شــاعیر دەکا ئەنجامــی بــدات، دەبوایــە شــاعیر دژایەتــی دامەزراندنی ئــەم جــۆرە دەوڵەتــەی لــە ســەر جەســتەی کــورد و کوردســتان نەکردایــە ئەگینــا – تــو ئــەو خودایــە خوێنــەری خۆشەویســت و دانــەری بەڕێــز – چــۆن سەرزەنشــتی شــاعیر

دەکرێـت، چونکـە پەرۆشـی مافـی نیشـتمان و گەلەکـەی و پاراسـتنییەتی؟ بەڵکـو چـۆن ڕێـز و شـکۆ بـۆ هەڵوێسـتە شـەڕافەتمەندانەکەی نانوێنـرێ لـە پـای بەرگـری کردنـی لـە خاکـی کوردسـتان و ڕۆڵەکانـی گەلـی کـورد؟ بـە تایبەتیـش مـن دانـەر دڵنیـا دەکەمـەوە، کـە شـاعیر نەیدەزانـی دواتـر دەوڵەتێکـی ئەرمەنـی سۆشیالسـت دادەمـەزرێ. لەوانەشـە حاجـی قـادری کۆیـی شـاعیر نەیتوانـی بێـت جیـاوازی لـە نێـوان خەباتـی ڕزگاریخـوازی نەتەوەی ئەرمەن (کەپێویسـتە پشـتیوان و پشـتگیری لێبکرێـت لـە لایـەن سـەرجەم ئازادیخوازانـەوە بـە خـودی شاعیریشـەوە) و نێـوان هەوڵـی دامەزراندنـی ئـەم جـۆرە دەوڵەتـە ئەرمەنییـەی بـە یارمەتـی دەوڵەتانـی کۆڵۆنیالیسـت لـە سـەر جەسـتەی کوردسـتان کردبێـت؟ ئـەم جیـاوازی کردنـە سـەخت و زۆر بـە زەحمـەت بـوو بـە تایبـەت لـە بـەر ئـەوەی خەباتـی ئەرمەنـەکان لـە لایـەن توخمێکـی وابەسـتە بـە ڕووسـیای تـزاری و دەوڵەتـە کۆڵۆنیالییەکانـی تـرەوە پشـتیوانی لێدەکـرا – ئەگـەر سـەرکرایەتیش نەکرابـێ – ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن ئـەم دەوڵەتانـەوە. ئـەو دەوڵەتانـەی هەوڵـی ڕەنجخـۆری مەسـەلەی ئەرمەنیـان دەدا، وەک مەسـەلەکانی تـری ڕۆژهـەڵات لـە بەرژەوەنـدی دەسـت بـە سـەراگرتن و بـە تـاڵان بردنـی خێـر و بێـری ڕۆژهـەڵات و سـەپاندنی کۆیلایەتـی و ژێـر دەسـتەکردنی، نـەک لـە خۆشەویسـتی جوانـی چـاوی ئەرمەنـەکان و هیتر..بـەڵام ئـەوە هەرگیـز بـەو مانایـە نییـە کـە حاجـی قـادر جـاڕی خەباتـی دابێـت دژ بـەم دەوڵەتـە ئەرمەنییـە یـان بەرگـری لەتورکـە داگیرکـەرەکان کردبێـت _بەبـێ ئـەوەی بەخـۆی بزانێـت – نەخێـر بەڵکـو لـە هەمـان چامـەدا پەلامـاری خـودی تورکـە داگیرکەرەکانیـش دەدات، کەدانەریـش لـەو بەیتانـەی هێناویەتیـەوە ئامـاژەی پێـداوە کەحاجـی دەربارەیـان دەفەرمـوێ:

ڕۆمی وەکو بەنی موون کەس پشتیان پێنەبەستێ<br>
کەوتونە داوی خۆیان، سەرگەشتە ماون حەیران<br>
وەکاتێ داوا لە کوردەکان دەکا پێیان دەڵێ:<br>
لەم بەینەدا ئیتفاقێ پەیدا بکەن بە مەردی

فەرقی نەبێ شوان و جووتیار و میر و گاوان

ڕابـوردووە پڕلـە سـەروەریەکانییان بیـر دەخاتـەوە، ئـەو ڕۆژانـەی سەربەسـت و ئازادبـوون و خاوەنـی نیشـتمان و سـوپا و عیرفـان بـوون و لێیـان دەخـوازێ:

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون

سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحێبی جەیش و عیرفان

جۆشێک بدەن وەکو هەنگ، تەکبیر بکەن بەبێدەنگ

ئەسبابی شەڕ پەیداکەن: تۆپ و تفەنگ و هاوان

بـەم شـێوەیە دەردەکـەوێ، کـە حاجـی لـە هەمـان کاتـدا هۆشـداری دەداتـە کـوردەکان لەفیتـی عوسـمانییەکان و داوایـان لێـدەکا جەنـگ بکـەن بـۆ ئـازاد کردنـی کوردسـتان لـە ژێـر دەسـتی عوسـمانییە سـتەمکارەکان. ئیمـڕۆ لێـرەدا دەوەسـتم و جارێکـی تـر دەگەڕێمـەوە سـەر ئـەم مەسـەلەیە لـە بەرگـری کردنـم لـە حاجـی قـادری کۆیـی، ئـەو شـاعیرەی ژیانـی خـۆی و بەرهەمـی بیـری درەوشـاوەی بەخشـیە کوردسـتان، ئەرکـی هەموومانـە نەمـری پـێ ببەخشـین و ڕێـزی بگریـن.

**ژمارە ٢٧١ لە ٢٦/ تەمووز/ ١٩٦٠**

# کچێکی کوبایی وانەیەکی بە نرخی لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا پێبەخشیم

شــەوخۆی پێچایــەوە، شــەمەندەفەرەکە بــە لەتــردان بەنــاو پێدەشــت و کەنــد و چاڵایــی هــەزار بــە هــەزاری ســیبریا دەینەڕانــد و دەکشــا، ئاســمان نمــە بارانــی پچرپچڕی بەسـەر مێـرگ و شـەکار و دارسـتان و کێڵگـە زۆرەکانـی ئەمبـەر و ئەوبـەری هێڵــە ئاســنینەکە دادەبارانــد شــنەبایەکی ســارد هەڵیکردبــوو، ئــەو شــەوە ئێمــەی کــورد و هەنــدێ لــە لاوانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و ئەمریــکای باکــوور و باشــوور، ئاهەنگێکمــان لــە نــاو ئــەو شــەمەندەفەرە ســازدابوو، کــە دەیبردینــە وڵاتــی چیــن، کــە دوای تەواوبوونــی میهرەجانــی وارشــۆ ســاڵی ١٩٥٥ بــۆی بانگهێشــت کرابوویــن لــە لایــەن وەفــدی لاوانــی چینییــەوە. کچێکــی بــاڵا مــام ناوەنــد، بــە ڕوخســارییەوە دیاربــوو، بەهیــچ جــۆری بــە ئەمریکاییــەکان نەدەچــوو لــە تەکــم دانیشــتبوو، هــەر لــە یەکــەم ڕۆژی دەســپێکی گەشــتەکەمان لــە مۆســکۆوە بــۆ پەکیــن، ســەرنجی منــی ڕاکێشـابوو، کـە هێمـن و لـە سـەرەخۆ بـوو، خـۆی بـەدور گرتبـوو لـەوەی هاوشـێوەی کچەکانــی تــر بێــت، بەڵکــو مەنــد و ســەنگین بــوو جۆرێــک لــە دورە پەرێــزی پێــوە دیاربـوو، کـە ئەمـەش وایکردبـوو قـوڕس و شـکۆدار بێـت منیش بـە سروشـت و نەریتی خۆپارێــزی ڕۆژهەڵاتیانــەم ڕێزێکــی زۆرم بــۆی دادەنــا. کاتــێ مــەی گێــڕدراو بــرادەران ســەریان گــەرم داهــات و مەســت بــوون – جگــە لــە هەندێکمــان کــە بەشــداریانمان نەکـرد لـە خواردنـەوەی ڤـۆدگا – دەنگـی گۆرانـی وتنـی لاوان بەرزبویـەوە، مـن و ئـەم کچــە و گەنجێکــی ئۆرۆگوایــی و خوێندکارێکــی گەنجــی پەڕلەمانــی چیلــی چووینــە ژورۆچکـەی گەنجـە چیلییەکـە لـە نـاو شـەمەندەفەردا و دانیشـتین، بەکورتـی کەوتینـە شـرۆڤەکردنی دۆخـی گەلەکانمـان جگـە لـە کچـە بێدەنگـە سـەنگینەکە نەبێـت، کـە

بـە پـەژارەوە هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و وتـی: وەک دەزانـن مـن لـە کوبـاوە هاتـووم، ئـەو دورگـە بچوکـەی نزیـک بـە ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا، لەگـەڵ وەفـدی لاوانمـان بـە نهێنـی هاتوویـن لـە بـەر ئـەوەی دەسـەڵاتداری باتیسـتای فاشیسـت هەمـوو ئازادییـە دیموکراسـییەکانی قەدەغـە کـردووە و هـەزاران ئازادیخـوازی خسـتۆتە زیندانـەکان، گەلەکەمانـی لـە سـەرجەم مافـە مرۆییـەکان بێبـەش کـردووە و دەرگای بـۆ کۆمپانیـا مۆنۆپۆڵـە ئەمریکییـەکان خسـتۆتە سـەر گازەرای پشـت تـا سـامانی سروشـتیی وڵات بـە تـاڵان بـەرن و تـاڵاو بکـەن بـە قورگـی کرێکارەکانمـان. درێـژەی بـە قسـەکانیدا وتـی گەلـی کوبـا سـوورە لـە سـەر بـە دەسـتهێنانەوەی مافەکانـی و ئێسـتا لـە پەشـم و قیـن و جۆشـدایە ئامـادەی شۆڕشـێکی سەرتاسـەرییە بـۆ ڕماڵینـی دەسـەڵاتدارانی دەرەبـەگ و کلکەکانـی ئیسـتعمار و کۆمپانیـا مۆنۆپۆڵـەکان. لەگـەڵ کۆتایـی هێنـان بـە قسـەکانی ئەوەشـی گـوت گومانـی تێدانییـە سـەرکەوتن پشـتیوانی گەلـی کوبایـە و نزیکـە. ئـەو گەنجـەی لـە ئوروۆگـوای هاتبـوو دای لـە قاقـا و بـە قۆشـمەیی گوتـی: شـیمانەکردنی ڕزگاربوونـی کوبـا دژوار و گرانـە چونکـە دورگەیەکـی دابـڕاو و دووره دەسـتە لـەو گەلانـەی خوازیـاری ئازادیـن، هەروەهـا نزیکـن لـە ئیسـتعمارە ئەمریکییەکانـی دوژمنـی گـەلان، کـە خاوەنـی بەرژەوەنـدی گـەورەن لەکوبـا، کـە یارمەتـی باتیسـتا دەدەن بـۆ خنکانـدن و کپکردنـی خەباتـی گەلـی کوبـا و ڕێگـرن لـە ئازادبوونـی، تەنانـەت ئەگـەر پێویسـتی کـرد هێزیـش بـەکار دەهێنیـت. کچـە کوباییـە هێمنەکـە کوڵمەکانـی سـوورهەڵگەڕان ولێـی ڕاپـەری و بـە کـەف و کوڵێکـی ئاشـکراوە گوتـی: نـا ئەمـە هەرگیـز ڕاسـت نییـە، بێگومـان ڕۆژێـک دادێـت گەلـی کوبـا ئـازاد دەبێـت چونکـە پێداویسـتییەکانی سـەرکەوتنی بەردەسـتە و بنەمـای هێزمـان لەجەنگـی ڕزگاریـدا بریتییـە لـە تێکۆشـەرانی گەلەکەمـان، کـە پێکهاتـووە لـە سـەرجەم حـزب و ڕێکخـراوە نیشـتمانییەکان و ئازادیـش لـە دەرەوەڕا نایـەت بەڵکـو لـە نـاوەوە هەڵدەقوڵـێ. گەلـی کوبـا بـە تێکۆشـان و هێـزی خـۆی ئـازادی بەدیدەهێنـێ، چونکـە ئـازادی هەرگیـز لـە دەرەوەڕا هـاوردە ناکرێت...پاشـان درێـژەی پێـدا و گوتـی: بـە ڕاسـتی هەماهەنگـی خەباتـی گـەلان و پێویسـتییەتی ئالوگـۆڕ کردنـی یارمەتـی لـە

نێوانیانـدا لـە خەبـات کـردن دژ بـە دوژمنـی هاوبـەش، کـە ئیسـتعماری جیهانییـە لـە پێداویسـتەکانی سـەرکەوتنی هـەر گەلێکـە لـە گـەلان، بـەڵام ئەمـە بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ دەبێـت. پێشـکەش کردنـی هـاوکاری سـەربازی یـان مـاددی ڕاسـتەوخۆ لـە گەلێکـەوە بـۆ یەکێکـی تـر، بـە نموونـە ئەمـە جـۆرە ڕاسـتەوخۆکەیەتی. بـەڵام خەباتـی هەمـوو گەلێـک لـە نیشـتمانیی خۆیـدا دژ بـە ئیسـتعمارو پـرۆژە و پلانـە دوژمنـکاری و درۆ و بوختانەکانـی لـە هەمـان کاتـدا هاوکارییـە بـۆ گەلێکـی خەباتگێـڕی تـر چونکـە دەبێتـە مایـەی لاوازکردنـی دوژمنـی هاوبـەش و پەشـۆکاندن و سـەرقاڵکردنی هێزەکانـی و پـەرت و بڵاوکـردن و دابەشـکردنی هەوڵەکانـی دژ بـە گـەلان، بەنموونـە قەتیـس نەکردنـی هەمـوو ئەمانـە لـە سـەر یـەک گەلـدا، لەمـەش زیاتـر – کچـە کوبابیەکـە گوتـی – بوونـی ئـۆردوگای سۆسیالسـتی بـە سـەرکردایەتی یەکێتیـی سـۆڤیەت دۆخێکـی نێودەوڵەتـی نوێـی خوڵقانـدووە لـە بەرژەوەنـدی گـەلان، داگیرکـەران ناتوانـن بـە سەربەسـتی و سـەرەڕۆییانە جەنـگ هەڵگیرسـێنن، هـەروەک ناشـتوانن دەسـتدرێژی ئاشـکرا ئەنجـام بـدەن بەبـێ ئـەوەی ڕووبـەڕووی بەرگـری و ناڕەزایـی تونـدی هەمـوو گـەلان نەبنـەوە، ڕۆژگاری ـ سەرکێشـی سیاسـییانە ـ ئـەو ڕۆژگارەی داگیرکـەران بێچاودێـری و لێپێچانـەوە جەنگێکـی ئاشـکرای بـۆ سـەر گـەلان ئەنجامـدەدا تێپـەڕی. بـێ لـەوە بیرۆکـەی ئازادیخـوازی، بیرۆکـەی مافـی چـارە نووسـی گـەلان ئیمـڕۆ دنیـای پڕکـردووە، لافاوەکـەی هەمـوو ڕۆژێـک تەگـەرە یان سیسـتەمێکی کۆنەپەرسـت یـان حکومەتێکـی سـەر بـە ئیسـتعمار ڕادەماڵـێ، بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتمانیی بـە شـێوەیەکی مەترسـیدار لـە جیهانـدا پەرەیسـەندووە. پاشـان ڕووی دەمـی کـردە گەنجـە قۆشـمەکە و لێـی پرسـی: هـاوڕێ ئێسـتا تێگەیشـتی هـەر گەلێـک لـە گەلانـی دنیـا لـە تێکۆشـانیاندا بـۆ ڕزگاری نیشـتمان و وەرگرتنـەوەی مافەکانـی پێویسـتە بـە پلـەی یەکـەم پشـت بـە هێـزی خـۆی ببەسـتێ، هێـزی سـەرەکیش لـە جەنگـی ڕزگاری نیشـتمانیدا هێـزە نیشـتمانییە ڕێکخـراو و جەمـاوەرە تێکۆشـەرەکەیەتی. دووری هـەر و لاتێـک و بێبەشـبوونی ڕاسـتەوخۆی لـە یارمەتـی دەرەکـی بێگومـان بـەو مانایـە نییـە، کـە سـەرکەوتن و ڕزگاری ولاتەکـەی مەحـاڵ بێت.

ئـەوی ڕووبـەڕووی مـن کـردەوە و گوتـی: بـا ئـەم هاوڕێیەمـان لـە کوردسـتانی داگیـر و دابەشـکراو وەڵامـت بداتـەوە؟ بەمـە دەیویسـت مـن لەگـەڵ ئـەو بخاتـە نـاو گفتوگـۆوە، چونکـە مـن هۆکارەکانـی سـەرنەکەوتنی بزووتنـەوەی کـوردم بۆ باسـکردبوو، ئامـاژەم بە نەبوونـی پشـتیوانی دەرەکـی لـە لایـەن گەلانـی تـرەوە کردبـوو، کـە هـۆکاری سـەرەکییە لـەم بـارەوە. بـەڵام مـن دوای ئـەوەی ڕەزامەنـدی خـۆم پیشـاندا لـە سـەر دروسـتی ڕای کچـە هاوڕێکەمـان بـە مەرجـی هەبوونـی بـارو دۆخێکـی نێـو دەوڵەتـی، کـە ڕێگـر بێـت لـە دەسـت تێوەردانـی بیانـی. بـە پێداگـری و سـووربوونەوە لـە سـەر دروسـتی شـیکردنەوەکەم مامـەوە سـەبارەت بـە خەباتـی کوردسـتان. چونکـە کـورد ڕووبـەڕووی دوژمانێـک بۆتـەوە لـە حکومەتـی کۆنەپەرست، کـە لـە لایـەن داگیرکەرانـەوە بـە فڕۆکـە و تۆپەکانیـان و لەشـکر و هەمـوو جـۆرە چەکێکیـان پاڵپشـتیان دەکـەن. گەلـی کـورد بــە تەنیــا خەباتــی دژ بــە دەوڵەتــە کۆنەپەرســتەکان نەدەکــرد، بەڵکــو ڕووبــەڕووی داگیرکەرانــی ئینگلیــز و ئەمریــکا و فەڕەنســیەکانیش دەبــۆوە، بەشــداری کردنــی فڕۆکەکانـی بەریتانیـا دژ بـە گەلـی کـورد ڕوون و ئاشـکرا و بەرفـراوان بـوو، تەنانـەت هەنـدێ لـە ئینگلیـزەکان نازنـاوی نەمر شـێخ مەحمـوودی پاڵەوانـی کوردسـتانیان بـە ڕاهێنـەری نافەرمـی هێـزی ئاسـمانیی بەریتانـی نـاوزەد کردبـوو، چونکـە ماوەیەکـی دوورو درێـژ لەبۆردومـان کردنـی شۆڕشـگێڕانی کـورد و گوندەکانیـان بـەردەوام بـوون و لـە میانەیـدا ئەزمونێکـی زیندوویـان لـە سـەر کوردسـتان و گەلـە جەنگاوەرەکـەی بـە تەقەمەنـی ڕاسـتەقینە و زینـدوو هەروەهـا لەسـەر هەمـوو بوونەوەرێکـی زینـدوو تاقـی کردبـۆوە.

بـە نموونـە کوردسـتانی بـە ئێـران لکێنـراو تەنیـا ڕووبـەڕووی حکومەتی شـا نابێتەوە تــا تێکۆشــەرانی دەســبەرداری هــاوکاری ڕاســتەوخۆی گــەلان بــن، بەڵکــو ڕووبــەڕووی دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی داگیرکەرانـی ئەمریـکاش دەبنـەوە لـە دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆیان لـە کاروبـاری ئێرانـدا. بـەڵام سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، ئـەوە ناگەینـێ گەلـی کـورد لـەوێ ئـازاد نابـێ تەنهـا مەگـەر دەسـتێکی دەرەکـی هـاوکاری بـکات. بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە ئازادبوونـی پابەنـدە بـە پلـەی یەکـەم بـە تێکۆشـانی خـۆی،

لەوانەشە دۆخێک بێتە پێشەوە بتوانێ بە زوویی بە دەستی خۆی مافەکانی بە دەست بێنێ بە پشت بەستن بە هێزی خۆی بەبێ ئەوەی هاوکاری لە هیچ کەسێک وەربگرێ. بەڵام ئێستا بەم زووییە و بەبێ هاوکاری گەلان مافەکانی دەست ناکەوێ. کچە کوباییەکە قسەکەی پێبڕیم و گوتی: هیچ گرفتێک لە نێوانماندا نییە، خەباتی گەلی کورد بەشێکە لە خەباتی گەلان و سەرکەوتنیشی سوود بەسەرجەم گەلان دەگەینێ، بۆیە پێویستە گەلان هاوکاری کوردستان بکەن بۆ ئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانی، بەڵام هەر دەبێ هێزەکانی گەلی کوردستان ڕێکبخرێن و سازو ئامادە بکرێن بۆ بە دەست هێنانی مافەکانی، دەبێ تێکۆشەرانی کوردیش بە پلەی یەکەم پشت بە خۆیان ببەستن چونکە ئەوان لە گیروگرفت و چارەسەرییەکانی بە ئاگاترن و زۆرتر لە دۆخەکەی شارەزان و مکوڕترن لە سەری لە بەر ئەوەی خاوەنی ڕاستەقینەی کێشەکەن، چونکە ماف دەسەندرێ و بەدەست دێت نادرێ و نابەخشرێ.

ئەمانە ئامۆژگاری ئەو کچە تێکۆشەرە بوو، کە لە کوباوە بۆ چین بە تەنها هاتبوو بۆ ئەوەی ڕاڤەی کێشەی وڵاتەکەی بکات و لە گەشتەکەشیدا ناوبانگی تێکۆشەرانی کوبای پاراست و نموونەیەکی باشی دەربارەیان خستە ڕوو. خۆزیا نموونەی ئەمانە لە نێو کچانی کوردستاندا زۆر دەبوون، چاکیان لێدەکرد بەلادا بۆ کار و تێکۆشان و خەبات شانبەشانی لاوان و تێکۆشەرانی کوردستان، وەک کچەکەی کوبا تێدەکۆشا بۆ سەرکەوتنی کوردستان وەک چۆن کوبا سەرکەوت. ئەو کوبایەی دوێنێ ئاهەنگی بە جەژنی دووەم ساڵوەگەری سەرکەوتنی شۆڕشە ڕزگاریخوازەکەی گێڕا بە سەرکردایەتی ڕۆڵەی تێکۆشەر کاسترۆ و هێزی گەلەکەیان و خائین و گومڕاکانیان لە دەسەڵات وەدەرنران، گەل مافی حوکمڕانی وڵاتەکەی گرتەوە دەست، مەزندەکانی کچە کوباییەکە سەلمێنرا.

**ژمارە ٢٧٣ لە١٩٦٠/٧/٢٨**

# لەبەری درەختی دانایی – بارزانییەکان لە وەزیفەکانیان دەربکەن

## (١)

درەختـــی دانایـــی، کـــە ســـەرچاوەکەی لـــە وتارێکـــدا لـــە لایـــەن یەکێکیانـــەوە جێگیرکـــراوە، لـــە لایـــەن یەکێکـــی دیکـــەوە شـــکۆدار و ســـتایش کـــراوە، بەڵێنـــی بـــە کـــورد و کوردســـتان داوە بـــە میـــوە خۆشـــەکانی ئـــەو درەختـــی داناییـــە، کـــە دەیانەوێـــت گەلـــی کوردمـــان لـــە خشـــتە بـــەرن بـــۆ ئـــەوەی لێـــی بخـــۆن هـــەروەک چـــۆن باپیرەمـــان ئـــادەم لـــە درەختـــی ناســـراوی بەهەشـــت تامـــی کـــرد، دوای ئـــەوەی بـــە هـــۆی کاریگـــەری حـــەواوە هەڵخەڵەتـــا تـــا بـــە گۆتـــەی شـــەیتانی خـــۆ حەشـــاردەرەوە، کـــە لـــە ســـینەی خەڵکیـــدا چرپـــە دەکا! دەرختـــی دانایـــی کـــە خەبـــات دەیویســـت لەبارەیـــەوە زرنگـــە سەرسـوڕهێنەرەکەی بوروژێنـێ و بـەری میوەکەیـان لـە بـازار خسـتە ڕوو، بـەڵام گەلـی کـورد بـە بێئـەوەی لێـی نزیـک ببنـەوە تامەکەیـان دەزانـی بـەر لـەوەی تامـی بکـەن. هەرچەنـد ئەوانـەی دەرونیـان نەخۆشـە هەوڵیانـدا ستایشـی بکـەن و پێیـدا هەڵبلێـن، بـەڵام ئاشـکرابوو بەرەکـە تامـی تاڵـە لەبـەر ئـەوەی ئەژدیهـای چڵێسـی نەتەوەپەرسـت و دوژمنـان ژەهـری خۆیـان خسـتۆتە نـاوی.

ئێمـە، دەمانزانـی کـە یەکـەم بەرهەمـی ئـەم داواکارییـە بـۆ دەرکردنـی بارزانییـە قارەمانەکانـە لـە وەزیفەکانیـان، وەک سـزایەک لـە پـای خەباتـی نەتەوەیـی درێژخایەنیـان و جەنگینیـان دژی داگیرکـەران و حوکمڕانانـی دەسـەڵاتی پاشـایەتی هاشـمی لـە نـووری سـەعیدەوە تـا خەلیـل کنـە و کلکـە بچوکەکانیـان، کـە چەپڵەیـان بـۆ سـاڵح جەبـر لـەو ڕۆژەدا لێـدەدا، کـە چـوار شـەهیدەکەمان لەسـێدارەدران. لـە

ڕاستییدا لە دووری چەند سانتیمەترێک لەو وتارەی تەرخان کرابوو بۆ هێرش کردنە سەر حزب و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەمان و تۆمەتبار کردنی بە شیوعییەت وەک ڕێخۆش کردنێک بۆ پاساودان بە لێدانی و هاندانێک بۆ چەتە تاوانبارەکان، چەتە هەرچی و پەرچییەکان لە موسڵ و تۆرانییە شەڕانگێزەکان لە کەرکوک بۆ کوشتنی تێکۆشەرانی حزب و گەلەکەمان. لە دووری چەند سانتیمەترێک بە چەند لاپەڕەیەک لە پێشیدا و لە شوێنێکی بەرچاوتر بەپیتی ڕەش و گەورەتر لە قەبارەدا وتارێک کە لە ژمارەی دواتر وتارێکی تری بەدوای خۆیدا هێنا، کە هێرش بردنە سەر بارزانییەکان و گاڵتەپێکردنیان، ئەم دوو وتارە بەیەکەوە گرێدەدا، تیایدا داوای دەرکردنیان و بێبەش کردنی خاوخێزانیان و بڕینی ئەو چەند درهەمە کەمەی بەرانبەر ماندوبوونیان وەریدەگرن دەکەن. بەڵێ چێنەرانی ئەم درەختە وا دەردەخەن، کە دان بە مافی سەربەخۆیی و یەکێتیی نەتەوەیی دادەنێن بۆ نەتەوەی کورد، هەرئاوا بە نوکە قەڵەمێک مافی دامەزراندن بە دەقی دەستور لە فەرمانگەکانی کۆماری عەرەب و کورد لە چاکترینی کەسانێک، کە نەتەوەی کورد هێناویانیەتییە بوون بە زۆر دەزانن. بەڵام ڕاستییەکە بڵێین ئەمانە بە ملیۆنێک جار زیاتر بەم کارەیان چاکە لەگەڵ گەلی کورددا دەکەن لەچاو ئەوانەی دەیانەوێ لەخشتەی بەرن و ناچاری بکەن بەری ژەهراوی درەختی دانایی بخۆن. چونکە ئەوان حەقیقەتی نەتەوەییە دوژمنکارانەییەکانی خۆیانمان بۆ ئاشکرا دەکەن و دەرفەتێکی نایابمان پێدەدەن بۆ بەراوردکردنی نەتەوەیەتییمان (ئێمەی بەکرێگیراوانی نێونەتەوەیی و شیوعییەت!! فرۆشیارانی گەلی کورد و دەسبەردار لە دەسکەوتەکانی گەلەکەمان لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی نێونەتەوەیی) نەتەوەییەتی چێنەرانی ئەم درەختی داناییە. ئێمەی پارتییەکان پشتیوانی لە حکومەتی نیشتمانیی خۆمان دەکەین، کە ملیونان دینار بۆ جەزائیر دابین دەکات بۆ خەرجکردنی لە بودجەی کۆماری عەرەب و کورد و سامانی عەرەب و کورد، داوای زیاتریش دەکەین بۆ برا تێکۆشەرە عەرەبەکانی جەزائیر، چونکە ئێمە سەیری کێشەکەیان دەکەین بە هەمان تێڕوانین بۆ کێشەی خۆمان. بەڵام ئەم

نەتەوەپەرستە بەڕێزانـە، کـە قوربانـی بـە دەسکەوتەکانی گەلەکەیـان نـادەن لـە پێنـاو نێونەتەوایەتـی و دژایەتـی شـیوعییەت و بـە کرێگیراوانـی دەکـەن!! داوای بڕینـی ڕۆزی چەنـد کەسـانێک لـە بارزانییـە عێراقییـەکان و دەرکردنییـان لـە وەزیفەکانیـان و بێبەش کردنیـان دەکـەن لـەو موچـە کەمـەی وەریدەگـرن لـە سـامانی عێراقـی نیشـتمانی هاوبـەش لـە نێـوان کـورد و عـەرەب. بەڵـێ ئەمەیـە نەتەوەییەتـی ئـەوان ئەمـەش نەتەوەییەتـی ئێمـە. ئەمـەش بەرێکـە لـە بەرەکانـی ناسراوی درەختـی دانایـی، دووری نێوانیشـیان وەک دووری نێـوان جەزائیـر و عێـراق وایـە، کـە بـە پارۆیشـتن بیبـڕی.

خوێنـەری هێـژا ئایـا سـەرنجت داوە چ لـە پشـت دێـڕو وشـە زایەڵـەدار و ڕسـتە زرینگەدارەکانـدا هەیـە؟ ئایـا دوای ئـەوەی ماسکەکان لەسـەر ڕوخسـارەکان داماڵـران، زانیـت نەتەوەپەرسـتانی ڕاسـتەقینە و بەرگریـکاران لـە مافـی گـەل و پشـتیوانانی خەباتـی گەلانـی تـر کێـن؟ ئایـا زانیـت کێـن ئەوانـەی دەیانـەوێ دۆسـتایەتییان لەگەڵـدا بگریـت؟ ئازیـزم بـا مـن گوزارشـت لـەوەی لەدڵتایـە بکـەم، دەڵێـم بەڵـێ ڕاسـتییەکان ڕوونبوونـەوە و بـەری خـۆر بـە بێژینـگ ناگیـرێ، ڕوداوە تاڵ و سـەختەکان ئـەو فرمێسـکە تیمسـاحیانە ناسـڕنەوە، کـە بـە درۆ و ڕووپاماڵـی بـۆ نەتـەوەی کـورد هەڵیدەڕێـژن، کـە تەنیـا حزبەکـەت بەرگـری لێکـرد، کـە لـە پێشـکەوتنەکانییەوە سـەرچاوەی گرتـووە و بـۆ سـەرکردایەتی کردنـی پێکهێنـراوە و تێدەکۆشـێت بـۆ بـە دیهێنانـی هەمـوو ئامانجـەکان. پارتـی هـەر تەنیـا خـۆی لـە ترسناکترین کاتـدا بەرگری لێدەکـرد، لـە کاتێکـدا دەتبینـی ئەوانـی تـر لـە بـەر دەم دەسـەڵاتدار و فەرمانڕەواکانـدا بۆیـان لـە سـەر چـوار پـەلان دەخشـین.

بەڵـێ ئەوانتـان لـە ئەزموونـی گەلەکەتـان و گەلانـی دنیـا و ئەزموونـی تایبەتـی خۆتانـەوە ناسـیبووە، لـەو نموونـە زینـدووەی خسـتمە بەردەمتـان دوای ئـەوەی لـە جەرگـەی واقیعـی عێـراق دامماڵیـوە، کـە قـەوارە و جەسـتەمان پەیوەسـتن پێیـەوە. مـن نیـازم نییـە نموونـەی سـتەمی ئـەم بەڕێزانەتـان بـۆ بگێڕمـەوە، کـە بەسـەر بـرا کوردەکانتانیـان هێنـاوە لـە سـوریا، دەربـارەی دڕندەیـی و کارەساتەکان بۆت نادوێـم، کـە بـە سـەر هاوڕەگـەز و بـرا کوردەکانتـان لەنەتـەوەی کـورد هاتـووە،

لـە ژێـر دەسـەڵاتی فەیلەسـوفە نەتەوەپەرسـتە عەرەبیەکانـدا ڕوویانـداوە، کـە یەکێکیـان لـە لاپەڕەیەکـی ڕۆژنامەیەکـدا ئامـاژە بـە بەرهەمی قەڵـەم و چنراوی مێشـکی ئـەوان دەکات. ئەوەنـد بەسـە ئەگـەر زانیـت ئـەوان ئـەو مافانەیـان لـە بـرا کوردەکانتـان زەوت کـردووە، کـە ئیسـتعماری فەڕەنسـی نەیتوانییـوە لێیـان بسـەنێت. بـەم شـێوەیە خوازیارانـی لکاندنـی جەزائیـر بـە فەڕەنسـاوە لـە شـۆڤینییەت و سـوربوون و پێداگریـان لـە تواندنـەوەی نەتـەوەی کـورد و تێکـەڵ کردنـی لەگـەڵ نەتەوەیەکـی هاوشـێوەی نەتـەوەی ئـەم فەیلەسـوفانە دەرکـەوت.

بـەم شـێوەیە بـرای نەتەوەپەرسـتی دوور و پاکـم لـە هەمـوو خڵتـە و پیسـییەکان دەبینـم ئێـوە ڕاسـتییەکانی ئەمانـە دەبینـن وەک بـە ئەزموونـی تایبەتـی خـۆت پێشـتر درکـت بـە ڕاسـتییەکانی پارتـی کـردووە بۆیـە لێگـەڕێ با لـە نـاو ڕق و کینـەی خۆیانـدا سـەر بنێنـەوە، چونکـە ئەمانـە هیـچ کەلەبەرێـک یـان ڕێگایەکیـان لـە ڕیزەکانـی حزبـە پێشـڕەوەکەمان نەدۆزیوەتـەوە بـۆ دەرچـوون، مارەکـەش کونێـک نادۆزێتـەوە تێیبچـێ بـۆ ئـەوەی لەوێـوە جارێکـی تـر بـە بڕواداران وەداتـەوە. لێیانگـەڕێ بـا شـەرمەزاربن کاتـێ ویـژدان لـە خـەوی غەفڵـەت بێداردەبێتـەوە لـە شـەرمەزاریان لەبەرچـاوان ئاوادەبـن. قەڵەمـی نووسـینەکانیان کەسـاس و زەبـوون بێـت.

**ژمارە ٢٨١ لە٧/ ئاب/ ١٩٦٠**

# لەبەری درەختی دانایی – پشتیوانی تۆرانییەت دژ بە نەتەوەی کورد

# (٢)

درەختی دانایی، کە سەرچاوەکەی لە وتارێکدا لە لایەن یەکێکیانەوە جێگیرکراوە، لە لایەن یەکێکی دیکەوە شکۆدار و ستایش کراوە، بەڵێنی بە کورد و کوردستان داوە بە میوە خۆشەکانی ئەو درەختی داناییە، کە دەیانەوێت گەلی کوردمان لەخشتە بەرن بۆ ئەوەی لێی بخۆن هەروەک چۆن باپیرەمان ئادەم لە درەختی ناسراوی بەهەشت تامی کرد، دوای ئەوەی بە هۆی کاریگەری حەواوە هەڵخەڵەتا تا بە گوتەی شەیتانی خۆ حەشاردەرەوە، کە لە سینەی خەڵکیدا چرپە دەکا! دەرختی دانایی کە خەبات دەیویست لەبارەیەوە زرنگە سەرسورهێنەرەکەی بوروژێنێ و بەری میوەکەیان لە بازار خستە ڕوو، بەلام گەلی کورد بە بێ ئەوەی لێی نزیک بنەوە تامەکەیان دەزانی بەر لەوەی تامی بکەن. هەرچەند ئەوانەی دەرونیان نەخۆشە هەوڵیاندا ستایشی بکەن وپێیدا هەڵبڵێن، بەلام ئاشکرابوو بەرەکە تامی تاڵە لەبەر ئەوەی ئەژدیهای چڵێسی نەتەوەپەرست و دوژمنان ژەهری خۆیان خستۆتە ناوی.

میوەیەکی دیکەی ئەم درەختە بریتیە لە پشتیوانی کردنی تۆرانییەتی دوژمنی نەتەوەیی عەرەب و داگیرکەری ئەسکەندەرۆنە و هاوپەیمانی ئیسرائیل، کە بەتوندی پشتیوانی لێدەکات دژ بە

نەتەوەی کورد، پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی تۆرانییەت[1] لە عێراق، کە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستیی بوکەڵەیە و هەوڵدەدات برا تورکمانە سادەکان لە خشتەبەرێ و بە بیروباوەڕی فاشستیانە هانیانبدا لە دژی عێراق و دژ بە بەرژەوەندی تورکمان و عەرەب و کورد بیانجوڵێنێت، بەڵێ پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی تۆرانییەت، کە هەوڵی ژیاندنەوەی سەروەریی تۆران و فراوانکردنی ڕووبەری کۆماری تورکیای تۆرانی دەدا، کە ملیۆنەها کورد و عەرەب دەچەوسێنێتەوە، ئەمەش بە هەوڵدان بۆ لکاندنی کوردستانی عێراق و شوێنی تر لە ویلایەتی موسڵ بە تورکیا و دابڕاندنی پارچەی تر لە ولاتانی ڕۆژهەلات. ئەگەر لێیان بپرسیت بۆچی پشتیوانی لە تۆرانییەت دەکەن ئەی گەورە نەتەوەپەرستەکانی پارێزەری عەرەبایەتی، کوا پەرۆشیتان بۆ دژایەتی کردنی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی؟ کوا بەرگری کردنتان لە ئەسکەندەرۆنە و ئەنتاکیا و ئەدەنە لە کوێیە؟ ئایا هەموو ئەمانە بە لق و گەڵای درەختی دانایی داپۆشراوە، بۆیە چیترناتوانن بیبینن؟ ئەگەر لێیان بپرسیت ئەی بانگخوازانی عەرەبایەتی و ئیسلام بۆچی پشتیوانی لە تۆرانییەتی دەستە خوشکی زایۆنیزم و دوژمنی عروبە و ئیسلام دەکەن؟ ئەوە وەڵامەکەت بە ڕوونی و ڕاشکاوی لە ڕوداوە زەق و ڕەقەکانەوە دەست دەکەوێت بەوەی مادامکی تۆرانییەت دوژمنایەتی نەتەوەی کورد دەکات بۆیە

---

١ -بزووتنەوەیەکی بیر تەسکی تورکە، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا وەک ڕێبازێکی دوژمنکارانە سەریهەڵداوە، مەبەستی بە تورک کردنی ئەو نەتەوانەی تورک نین لە تورکیا لە ڕۆژگاری خەلافەتی عوسمانیدا، دواتر شێوەیەکی تازەی وەرگرت کە بریتی بوو لە بانگەشە کردن بۆ یەکخستنەوەی (توران)ی نیشتمانیی، کە بریتی بوو لە کوردستان و بەشێکی زۆری عێراق و هەر لە مەنگۆلیا و خۆرئاوای باکوری چینەوە تا تورکیا و مەجەر لە خۆرئاوا هەروەها لە قەوقاز (لە یەکێتیی شۆرەوی جاران) و ئازەربایجانی ئێرانەوە تا ئەفغانستانی دەگرتەوە. (ئامادەکار).

پێویستە نەتەوەی کورد لەناو ببرێت؟ دەبێت هەموو هێزەکانی لەدژ کۆبکرێتەوە؟ هاوکاری لەگەڵ شەیتان بکەن لە دژی؟ نەتەوەی کورد چ تاوانێکی ئەنجام داوە تا شایستەی دژایەتیتان بێت و داواکاری چەتە تۆرانییەکان لە سەر ڕووپەری ڕۆژنامە نەتەوەییەکانتان دژ بە نەتەوەی کورد بڵاو بکەنەوە!! داواکاری ئەوانەی هەڕەشەی ئەوە دەکەن کەرکوک بکەنە قوبرسی دووەم؟ پلانی پێویستیان ئامادە کردووە بۆ ڕاگواستنی کوردەکان لە کەرکوک. ئایا هەر لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد بە بەردەوامی لە تەک نەتەوەی عەرەبی ئازادیخواز لە تێکۆشانیدا دژ بە ئیستعمار و زایونیزم و کۆنەپەرستی وەستاوەتەوە؟ ئایا هەر لەبەر ئەوەی بەپێچەوانەی تۆرانییەت وەستاوەتەوە، کە دەوڵەتەکەی دانی بە ئیسرائیل داناوە و بازاڕەکانی بە ڕووی کەلوپەلەکانیدا کردۆتەوە و وڵاتەکەشی بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەکەی تیایدا ئاوەڵاکردوە؟ ئایا لەبەرئەوەی کورد خوێنی خۆی لەسەر خاکی فەڵەستینی شەهید ڕشتووە؟ ئایا لەبەر ئەوەی کورد لە ڕۆژگاری سەلاحەددینی ئەیوبییەوە تا ئیمڕۆ لە تەک عەرەبی برایدا وەستاوە و بەرگرییان لە عەرەبایەتی فەڵەستین و مافی گەلی عەرەبی سەربەرز کردووە؟

ڕاستی بڵێن نەتەوەپەرستانی بەڕێز ڕۆشنمان بکەنەوە، ئەی نەتەوەپەرستانی دڵسۆزانی کورد، کە ڕەتی دەکەنەوە دەسکەوتی گەلەکەتان لە بەرژەوەندی نێونەتەوەیی بکەنە قوربانی!!؟ هەردوو لا پێمان بڵێن بۆچی ئێوە لەگەڵ تۆرانییەت کۆدەبنەوە و هێرش دەکەنە سەر پێشڕەوایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پشتیوانی لە تۆرانییەتی تاوانکار دژبە نەتەوەی کوردی ستەملێکراو و چەوساوە و بێبەشکراو (جگە لە عێراقی کۆماری دیموکراس و ئازادیخواز و عێراقی عەبدولکەریم قاسم) لە هەموو مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی. کوا بانگەشەی پشتیوانی کردنتان بۆ نەتەوەی کورد؟ کوا بەڵگەی پشتیوانی کردنەکەتان، ئەگەر ڕاستگۆن بەڵگەکانمان بۆ بێنن. گەلی کورد کە بەدەست سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و پارچە پارچە کردنی نیشتمانەکەی و زەوت کردنی مافەکانیەوە دەناڵێنێ، برینە

قووڵەکانیان بە ڕستەی زرینگەدار و وشەی زایەڵەدار و بەڵێنی درۆینانەی شیرین سارێژ نابێت؟ لە تورکیا نکۆڵیان لە چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد دەکرد، کە چەند ملیۆنێکیان بێبەشن تەنانەت لە مافی کوردبوونیان، ئازادیخوازانی کوردستان ئەوانەی سەری خۆیان خستە سەر کەوڵی ڕەزا پەهلەوی دۆستی ئیسرائیل وەک ڕێخۆشکردنێک بۆ ئەوەی لە لاشەکەیان بکرێتەوە؟ بە فەیلەسوفانی نەتەوەی عەرەب بڵێن لە سوریا، کە ڕەفتاری چاک لەگەڵ هاولاتیانیی کوردتان بکەن ئەو مافانەیان ژێر لێو مەخەن، کە تەنانەت فەڕەنسای ئیستعماری زۆردار دانی بە هەندێکیان دانابوو. پاشان لە بەرژەوەندی کێ هاولاتیی تورکمان و تۆرانییەت تێکەڵ بەیەکتر دەکەن، تا ئێستا لە میانەی لێکۆڵینەوەتان لە مێژووی عەرەب و بزووتنەوە نەتەوەییەکەیان بۆتان دەرنەکەوتووە، کە تۆرانییەت بزووتنەوەیەکی فراوانخوازی کۆنەپەرستانەی خاوەن ئاڕاستەیەکی فاشیانەیە، بزووتنەوەیەکە دژ بە هەموو گەلان، بە عەرەب و کورد و تورکمان و هیتر..

ئێمە بە نموونە دوژمنی تۆرانییەتین و برای تورکمانیین، ناواخنی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕاشکاوی تیایدا هاتووە: خەبات بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی برایەتی دۆستایەتی نێوان گەلانی کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی وەک تورکمان و ئاشووریەکان و هیترە. هەروەها بە ڕاشکاوی تێیدا هاتووە: کار بۆ زامن کردنی مافە کلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی برا تورکمان و ئاشووری و ئەرمەنەکان دەکەین بە کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان و بوژاندنەوەی کەلەپوری پێشکەوتنخوازی نەتەوەییان و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیەکانییان و زامن کردنی یەکسانی تەواویان لەگەڵ برا کورد و عەرەبەکانییان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووریدا. بەلام ئێوە پشتیوانی لە دوژمنی عەرەبایەتی و نەتەوەی کورد و عێراق دەکەن، دۆستەکانتان پیرۆزتان بن، داواکاری و بروسکەی زیاتریان بۆ بلاو بکەنەوە، بەڵێ بوختان و درۆکانیان بلاوبکەنەوە تا کەرکوک ببێتە قوبرسی دووەم و تۆرانییەکی بێ خڵتە، هەروەها وەک ڕێگا خۆشکردنێک بۆ ئەوەی بکرێتە

ئەسکەندەرۆنەی دووەم دواتر یارمەتی بە تۆرانییەکان بکەن لە سەر ڕاگواستنی کورد لە کەرکوک و دەرکردنی زۆرینەی کوردەکانی خەڵکی کەرکوک لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان وەک چۆن زایۆنییەکانی هاوپەیمانی تۆرانییەکان زۆرینەی گەلی عەرەبیان لە فەڵەستین وەدەرنا. دڵنیابن ئێوە لە لایەن کوردە نەتەوەییە هاوشێوەکەی خۆتان سوپاس دەکرێن، چونکە ئێوە بە ڕۆژی ڕوناک دژایەتی پارتی دەکەن، ئەو پارتییەی، کە یەکێک لە ئێوە پێیوایە ئەندام بوون لە ڕیزەکانیدا تاوانێکی گەورەیە و مایەی لێبوردن نییە.

هەروەها بۆ ئەوەی سوپاس و پێزانینی منیش بەرامبەر پشتیوانی کردنتان بۆ تۆرانییەت بە دەست بێنن بە ڕاشکاوی تکاتان لێدەکەم لەتەک ئەم داواکاریانەدا ئەم وتارە زۆرانەی لەمەڕ (برایەتیی ئارایشت نەدراو) و لەمەڕ ئەو چالاکیانەی هاوشێوەتان لە نەتەوەییە کوردەکان!! تۆرانییە نەتەوەییەکانیش بخەنە پاڵ کۆمەڵی ڕوناکبیرە سەربەخۆکانی کورد و لەژێر یەک چەتردا کۆیان بکەنەوە چونکە تۆرانییەت مارکسیەت نییە تا لەگەڵ نەتەوایەتیدا کۆنەکرێتەوە، ڕیز بە ڕیزی یەک دایانبنێن بۆ گەشەپێدانی یەکێتیی هیزە خێرخواکان.

پیرۆزبایی گەرم بۆ ڕوناکبیرانی سەربەخۆی کورد بۆ گردبوونەوە یان پێشەوای گەورەیان!! لەسەر ئەم دۆستایەتییەیان لە گەڵ تۆرانییەت و ئەم هەماهەنگییەیان بە یەکەوە بۆ هێرش بردنە سەر پارتی بەهەمان ئاواز و تۆمەت لە هەمان دۆخ و کاتدا.

سوپاس بۆ ئێوە و تەنانەت هەزار جار سوپاس بۆ ئەم هاوکارییە بەنرخەی بەخشیتان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، هەر وەک ئێوە بەخێرایی ڕاستی ئەو کەسانەتان ئاشکرا کرد، کە دەیانویست بە شێوەی فریشتە لەسەری بنیشنەوە بۆ داگیر کردنی بە چەتربازی. پێش ئەوەی ئەم وتەیە تەواو بکەین نامانەوێت خوێنەری بەڕێز لە گوماندا بهێڵینەوە دەربارەی ئەو پەیوەندییە نا پیرۆزەی تۆرانییەت و بانگخوازانی قەڵپی نەتەوەخوازی عەرەب و برا کوردەکانییان لەنێوان خۆیاندا لە لایەک وە لەنێوان ئەمانە و خاوەنە گەورەکانییان لە لایەکی تردا

بـە یەکەوەیـان دەبەسـتێتەوە. ئێمـە نهێنیـەک نادرکێنییـن ئەگـەر بڵێیـن گرنگتریـن شـتێک، کـە ئەمانـە بـە یەکـەوە کۆدەکاتـەوە و یەکیـان دەخـا لـە دوژمنایەتـی کردنـی چڕیـان بـۆ بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد بـە گشـتی و لـە هەڵمەتـە دڕندانەییەکەیان دژی ئەودیموکراتیەتـەی، کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نوێنەرایەتـی دەکات بـە تایبەتـی، گرنگتریـن و بەهێزتریـن ئـەو شـتەی دژ بـە ئێمـە یەکیـان دەخـا بریتییـە لـە دڵسـۆزی تەواومـان، کـە پارتەکەمـان پێیـوە پابەنـدە بەرامبـەر کۆمـاری هەمیشـەیی عێـراق و پاراسـتنی سـەربەخۆیی نیشـتمانی و سـەرکردایەتیی عەبدولکەریـم قاسـمی هێمـای ڕاسـتگۆیانەی یەکێتیـی عێـراق، ئەمـەش لـە بەرەبەیانـی چـواردەی تەمووزی شـکۆدار بـە بێئـەوەی هیـچ کەمترخەمـی یـان دوودڵیـەک دایبڕمێنـێ. دوژمنانـی کۆمار هەمـوو جارێـک لـە هەوڵەکانییـان بـۆ دەسـتدرێژی کردنـە سـەر کۆمارەکەمـان ئەمەیـان تاقـی کردۆتـەوە. ڕۆڵەکانـی کوردسـتان و پێشـڕەوە دیموکراتەکـەی لـە ڕیـزی پێشـەوەن لەنێـو هێوێـن کارانـی قـەوارەی کۆمـار و سـەربەخۆیی نیشـتمانیی پاراسـتنی وڵات و سـنورەکەی. بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد پێشـتر و ئێسـتا و لـە ئاییندەش هـەر بـەو تاشـە بـەردە دەمێنێتـەوە کـە پیلانەکانـی داگیرکەرانـی چاوچنـۆک دژ بـە کۆمارەکەمـان لـە سـەریدا ورد و خـاش دەبێـت. لێـرەدا نهێنـی لـە بـاوەش گرتنـی نەتەوەییـە قەڵپـەکان بـۆ تۆرانییـەت و هەروەهـا نهێنـی پشـتیوانی کردنیـان لـەو کوردانـەی نەچونەتـەوە سـەرباوکیان کـە بـە ناهـەق و درۆ خۆیـان بـە نەتەوەیـی کـورد ناودەبـەن، دەردەکەوێـت. بۆیـە دەبینـن درەختـی دانایـی بەرەکـەی کوشـندەیە و ئاشـکرایە ئەوانـەی دەیخـۆن لـە کیـس خۆیـان دەچـن.

**ژمارە٢٨٢ لە ٨/ ئاب/ ١٩٦٠**

# ئەم داوەرییە بە تۆ دەسپێرم جەنابی وەزیر

لــە دوورەوە، لــە نــاو ئاپــۆڕای منــداڵ و ژن و پیاوەکانــی پۆلیــس چــاوم کەوتــە ســەر ئەوئۆتۆمۆبێلــە (لاندرۆڤــەر)ەی دەوریــان دابــوو، بــاوەڕم نەدەکــرد ئــەم دیمەنــە پەیوەنــدی بــەو گەنجــە کــوردەوە هەبێــت، کــە ســەربەرزانە ڕەتــی کردبــووەوە ملکەچبــکات و دژایەتــی کۆمــاری عێراقــی ئــازاد بــکات، بــۆ خیانەتکارانــی حوکمڕانــی تــاران و کۆیلــەی دۆلار و هاوڕێــی بنگۆریــۆن و گۆڵــدا مایــەر و دارودەســتەکەی. بۆیــە دەربەدەربوونــی لــە ســەر مــاڵ و حاڵــی خــۆی و دورکەوتنــەوەی لــە کــەس و کار و خێڵەکــەی بــە پەســندتر زانــی لــەوەی بێدەنگــی لــەو پیلانگێڕیانــە بــکات، کــە بــە ڕۆژی ڕوونــاک دژ بــە کۆمــاری دیموکراســی کــورد و عــەرەب و دژ بــە ســەرکردایەتی خــودی ســەرکردە عەبدولکەریــم قاســم دەچنــرا. بەڵــێ بــاوەڕم نەدەکــرد ئــەم دەســت بەســەرکراوەی تــا گوێچکەکانــی نوقمــی تــۆز وخــۆڵ بووبــوو ئــەو گەنجــە شیکپۆشــە بێــت، کەپشــتی کردبــووە ئــەو هەمــوو گوندانــەی خاوەندارییەتییانــی دەکــرد، ســەرباری لــە دەســتدان و ونکردنــی خێزانــە زۆر و زەوەندەکــەی و نەیویســت بــە خاوەندارییەتییــان لــە ژێــر ســێبەری حوکمڕانێکــی ڕزۆک، کــە لــە ســەر کەللەســەری ئازادیخوازانــی ئێــران و کوردســتان و پارێــزراو بــە ســەرە نێــزەی ئەمریــکای داگیرکــەری خــاوەن دۆلار و فرۆکەخانــە و بنکــەی ســەربازی لــە ئێــران و ئاڕاســتەکەرانی جڵــەوی حوکــم لــە تــاران، بمێنێتــەوە. پەنــای هێنایــە بــەر ئــەو قەڵایــەی لــە ڕۆژهەڵاتــدا بــە قــەڵای ئــازادی و دیموکراســییەت نــاوی دەرکــردووە، کەپاســەوانە دڵســۆز و ســەر ڕاســتەکەی ســەرکردە عەبدولکەریــم بــە پەناگــەی ئازادیخــوازان و ڕووناکــی بەخشــی ڕێــگای گــەلان نــاوی دەبــا. پەناهێنانــی بــۆ عێــراق لــە پێنــاو ئــازادی و سەربەســتیدا بــوو نــەک بــۆ پــارە و پــوڵ، کــە لــە نیشــتمانی خۆیــدا لــە خــۆی زێدەتــری هەبــوو، هەروەهــا نــەک وەک پاڵنەرێــک بــۆ ســامان و دەســتەڵات چونکــە خــۆی خــاوەن ئــەو دەســتەڵات و ســامانە

بــوو، کــە بتوانــێ ســەنگ و ســوکی لەگــەڵ پیاوکوژەکانــی (بەختیــار)[1] دا بــکات بــۆ ئــەوەی پــارە و پوڵــی بــە ســەردا ببــارێ و دەســتەڵات و ســامانی خــۆی فــراوان بـکات. بـە تایبـەت ئـەو بـە چـاوی خـۆی دەیبینـی، کـە حکومەتـی تـاران چـۆن پـارە و چـەک دەبەخشـێتە ئـەو خائینانـەی لـە عێراقـی ئـازادەوە ڕایـان کـردووە هەروەهـا کەسـانی تـر، کـە لـە پایـە و دەسـەڵات و پێگـەی کۆمەڵایەتـی و خێزانـی ئـەودا نەبوون، گیرفـان بەتـاڵ و لـە دەسـت خـاوەن قـەرز ڕایانکردبـوو تـا لـەو دیـوو سنوورەوە بکەونـە خـۆ، وەک ئێزگەکانــی ئێــران وەســفیان دەکا (کەســایەتی گەورەیــان تیایــە شــەرەف و کەرامەتــی خــۆی ڕزگارکــردووە و ملــک وماڵــی خــۆی بەجێهێشــتووە) لــە کاتێکــدا ئەمانـە هەرگیـز مانـای شـەرەف و کەرامەتیـان نەزانییـوە هەمیشـە پێڵاوسـڕی ئینگلیـز یــان ڕاوێژکارێکــی بەریتانــی یاخــود ســیخوڕێکی ناچێــزە بــوون لــە ســیخوڕەکانی سـەعید و عەبدولئیـلا و هەرگیـز شـەڕەف و کەرامەتیـان بـە خەیاڵـدا نەهاتـووە هـەر لـەو کاتـەوەی فڕۆکەکانـی بەریتانیـا گونـدە بێدیفاعەکانـی کوردیـان بۆردومـان دەکـرد و کاتێـک پۆلیسـەکانی سـەردەمی بەسـەرچوو سـەدان لـە ژن و منـاڵ و پیـری بارزانییـان دوای گەڕانەوەیـان بـۆ نیشـتمان وەک مەڕومـاڵات بـۆ کوشـتن دەدایـە پێـش خۆیـان.

ئـەم پەنابـەرەی ئێسـتا دەسـت بەسـەرکراوە نزیکـەی هەفتەیەکـە ڕوویکردۆتـە عێراقی ئـازاد، کـە ئـەو لـە بارەیـەوە بیسـتویەتی، کـە نیشـتمانی هاوبەشـە لـە نێـوان کـورد و عـەرەب و لەدەربـەدەری و دورکەوتنـەوەش لـە ماڵـی خـۆی دەیزانـی هەروەهـا باشـیش دەیزانــی، کــە خەباتــی نیشــتمانی لێــی دەخــوازێ لــە ســەرەتا قوربانــی بــە بەختــەوەری و ئارامـی و دواتـر بـە گیـان قوربانـی بـدات، ئـەو دەیزانـی خۆشویسـتنی کوردسـتان زۆر بـە زۆری لەسـەر عەشـقەکەی دەکەوێـت بـە دڵنیاییـەوەش دەیزانـی ئـەو لـە سـەرەتای ژیانێکـی نوێدایـە، کـە پـڕە لـە کڵۆڵـی و هیلاکـی و نەبوونـی و دەسـت تەنگـی. بـەڵام ئـەو ئـازادی و کەرامـەت و شـەرەفی هەڵبـژارد و مردنـی لـە پێنـاو گـەل و نیشـتمان پـێ باشـتر بـوو لـە ژیانـی کوێـرەوەری لـە ژێـر سـێبەری ئیسـتعمار و داگیرکەرانـدا. بۆیـە

١-شاپور بەختیار ١٩١٥- ١٩٩١.

ڕوویکـردە عێـراق، دوای ئـەوەی دەزگاکانـی ئاسایشـی ئێـران هەوڵـی دەسـتگیر کـردن و ملکـەچ پێکردنـی بـۆ فەرمانەکانییـان و بەشـداری پێکردنـی لـە پیلانگێڕیەکانیـان دژ بـە عێـراق، ئەگـەر نـا چەنـد سـاڵێک بیخەنـە زیندانـە ترسـناکەکانییان .... ئـەوە و ئەگـەر بۆیـان نەلـوا ئـەوە لەدژیـدا تۆمەتـی بەرژەوەندیەکانـی شـیوعیەتی جیهانـی بخەنـە پـاڵ ئەوسـاش بەشـی وەک تێکۆشـەرانی ئازادیخـوازی گەلەکەمـان، وەک غەنـی بلوریـان[۲] و ڕەحمـەت شـەریعەتی[۳]و هاوڕێکانییـان عیـدام کـردن بـوو.

ئـەو هاتـە عێراقـی چـواردەی تەممـووز بـەو هیوایـەی دەرفەتێـک بـۆ مانـەوە و ژیان لـە سـێبەری ئـازادی و دیموکراسـییەتی (گەلـی خانـەدان) بدۆزێتـەوە، هەرگیـز لـەو بـاوەڕەش دانەبـوو فڕێدرێتـە زینـدان و هەڕەشـەی گەڕاندنـەوەی بـۆ ئێرانـی لێبکـەن و ڕادەسـتی ئەهریمەنەکانـی (بەختیـار) و جەللادانـی ئێرانـی بکەنـەوە. خوێنـەری هێـژا مـن و ئێـوەش باوەڕمـان نەدەکـرد، کـە ڕۆژێـک بێـت ببینیـن خەلیل سـەدیقی دەسگیر کرابـێ، بەڵکـو مـن پێمواب‌ـوو لەلایـەن دەسـەڵات دارانـەوە ڕێزێکـی زۆری لێدەگیـرێ، کـە بەحـەق شایسـتە بەوبێـت. تەنانـەت کاتێـک خەبـات تەلەفۆنـی بـۆ کەسـێک کـرد لەبەڕێوەبەرایەتـی ئاسایشـی گشـتی داوای کـرد یەکێـک بنێرێـت بـۆ ئـەوەی پێـی بڵێت بـڕوات بـۆ ئاسـایش، بیـرم کـردەوە کـە بەدڵنیاییـەوە بانگهێشـت کـراوە بـۆ ئـەوەی پرسـیار لـە ئاسـودەیی و بارودۆخـی بـکات و هەندێـک یارمەتـی پێشـکەش بـکات، بـەڵام نەدەزانـرا کاتـێ سـەردانی ئاسـایش دەکات و یەکێـک دەبینـێ بخرێتـە زینـدان و پێـی بگوتـرێ لـە نێـوان ئـەوەی بدرێیتـەوە دەسـت تـاران! کـە بێگومـان لەوێـش فڕێدەدرایـە قولایـی زێنـدان، یـان بچیتـە زیندانـی نوگـرە سـەلمان، هەڵبژێـرێ. بـەڵام ئەمـە و هاوشـێوەی ئەمـە لـە خەیاڵـدا نەبـوو نـەلای مـن نـە لای ئـەو، بۆیـە سەرسـامی دایگرتـم کاتێـک لـە ئۆتۆمۆبێلەکـە نزیـک بوومـەوە بینیـم (تـۆزی نەهامەتـی و کڵۆڵـی و پەشـیمانی) ڕوخسـاری کاڵـی داپۆشـیوە بەهـۆکاری ماندویەتـی و گەرمـی زینـدان

---

٢- (١٩٢٤-٢٠١١) (ئامادەکار).

٣- (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا (ئامادەکار).

و تاڵــی نائومێدییــەوە. دوای ئــەوەی داوام لــە پۆلیســەکەکرد مۆڵەتــم بــدات قســەی لەگــەڵ بکــەم، ئــەو پێیگوتــم: ئایــا ئــەوە ڕەوایــە لــە پاداشــتی دڵسۆزیم بــۆ گەلەکــەم و بۆکۆمــاری عێــراق، نیشــتمانپەروەری و قوربانیدانــم بەمولــک و گوندەکانــم بخرێمــە زیندانــی نوگــرە ســەلمان؟ پاشــان وەســتا دوای ئــەوەی نیشــانەکانی کارلێککــردن لــە چاوەکانیــدا دەرکــەوت، داوای لێکــردم هەوڵێــک بــدەم بــۆ ڕزگارکردنــی، بۆیــە بەڵێنــم پێــدا، کــە بارودۆخەکــەی بــۆ بەرپرســان ڕوون بکەمــەوە و لێــرەدا بەڵێنەکــەم جێبەجــێ دەکــەم و داوا لــە بەڕێــز وەزیــری ناوەخــۆ شــکۆدار ســەرکردەی ســتاد (ئەحمــەد محەمــەد یەحیــا) دەکــەم ئــەم پەنــا بــەرە کــوردە بــە نــاوی خەلیــل ســەدیقی ڕزگاربکــەن و مافــی پەنابەرێتــی سیاســیی یــان هەلێکــی پێببەخشــێ، کــە پەیوەنــدی بــە وڵاتانــی جیهانــەوە بــکات بــۆ ئــەوەی شــوێنێک بدۆزێتــەوە بــۆ ئــەوەی لــە یەکێکیانــدا بــژی. مــن داوا لــە خــاوەن شــکۆ دەکــەم بڕیــار بــدات، کــە ئایــا ئــەم ڕەفتــارە لــە بەرژەوەنــدی کۆمــار یــان لــە بەرژەوەنــدی ناوبانگــی نیودەوڵەتــی عێــراق دایــە، کــە نیشــتمانپەروەرێکی کــورد، عێــراق و ســەرکردەی عێراقــی خۆشویســتوە بخرێتــە دۆخێکــی ئــاواوە. ئایــا ئەمــە هاوتایــە لەگــەڵ مــاددەی ١٩ی دەســتووری کاتــی، کەدەســەڵات داران ناچــار دەکات ڕێــز لــە پەنابــەرە سیاســییەکان بگــرن و ڕادەســت کردنیــان ڕەت بکەنــەوە، ئایــا ئەمــە هاوتایــە لەگــەڵ ئــەو ڕاســتییەی، کــە عێــراق لــە نێــوان عــەرەب و کوردەکاندا هاوبەشــە. مــن داواتــان لێدەکــەم و هیــوادارم بــۆی سەربکەویــت.

**ژمارە ٢٨٥ لە١١/ ئاب/ ١٩٦٠**

# دیسان ئەو کوردەی نەچۆتەوە سەر باوکی

درەختــی دانایــی، کــە ســەرچاوەکەی لــە وتارێکــدا لــە لایــەن یەکێکیانــەوە جێگیرکـراوە، لـە لایـەن یەکێکـی دیکـەوە شـکۆدار و سـتایش کـراوە، بەڵێنـی بـە کـورد و کوردسـتان داوە بـە میـوە خۆشـەکانی ئـەو درەختـی داناییـە، کـە دەیانەوێـت گەلـی کوردمـان لەخشـتەبەرن بـۆ ئـەوەی لێـی بخـۆن هـەروەک چـۆن باپیرەمـان ئـادەم لـە درەختـی ناسـراوی بەهەشـت تامـی کـرد، دوای ئـەوەی بـە هـۆی کاریگـەری حـەواوە هەڵخەڵەتـا تـا بـە گۆتـەی شـەیتانی خـۆ حەشـاردەرەوە، کـە لـە سـینەی خەڵکیـدا چرپە دەکا! دەرختـی دانایـی کـە خەبـات دەیویسـت لەبارەیـەوە زرنگـە سەرسـورهێنەرەکەی بوروژێنـێ و بـەری میوەکەیـان لـە بـازار خسـتە ڕوو، بـەڵام گەلـی کـورد بـە بـێ ئـەوەی لێـی نزیـک ببنـەوە تامەکەیـان دەزانـی بـەر لـەوەی تامـی بکـەن. هەرچەنـد ئەوانـەی دەرونیـان نەخۆشـە هەوڵیانـدا ستایشـی بکـەن و پێیـدا هەڵبڵێـن، بـەڵام ئاشـکرابوو بەرەکـە تامـی تاڵـە لەبـەر ئـەوەی ئەژدیهـای چڵێسـی نەتەوەپەرسـت و دوژمنـان ژەهـری خۆیـان خسـتۆتە نـاوی.

بەگـژدا چوونـەوەی پارتـی بەرێکـی تـری ئـەم درەختەیـە، بەڵکـو بـەری سـەرەکییە، دژایەتـی کردنـی پارتـی، کـە ڕابەرایەتـی خەباتـی خەڵکـی کوردسـتان دەکات لـە پـاڵ خەباتـی جەمـاوەری عەرەبـدا. دژایەتـی کردنـی پارتـی، کـە لـە بوونیـەوە تـا ئێسـتا بـە شـێوەیەکی شـێڵگیرانە خەبـات دەکات بـۆ پاراسـتنی قـەوارەی نەتـەوەی کـورد و مافـە ڕەواکانــی دژی نەتەوەپەرسـتانی شـۆڤینی و کۆسـمۆپۆلیەتی عێراقـی. پێویسـتییەکی حاشـا هەڵنەگـرە ئەگـەر بیانـەوێ پیلانگێڕیـەکان دژ بەکۆمـار و سـەرکردە بەڕێزەکـەی تێپەڕێنـن.

ئەزموونـی پیلانگێڕییـە ئیسـتعماری و عەرەبە کۆنەپەرسـتەکان ڕاسـتی مەحاڵ بوونی سـەرکەوتنی پیلانەکانیـان جەخـت کردۆتـەوە لەبـاری بوونـی بزووتنەوەیەکـی بەهێـزی

ڕزگاریخـوازی کـورد، کـە لـە ژێـر سـەرکردایەتی پێشـڕەوایەتییەکی دیموکراسـیانەی پێشـکەوتنخوازی وەک حزبەکەمـان (پارتـی) دا بێـت جەخـت کردۆتـەوە. بۆیـە بەرژەوەنـدی پیلانـەکان و حەتمیەتـی بەرژەوەنـدی داگیـرکار دەخـوازن هێـرش بکەنـە سـەر پارتـی. ئێزگـە ناسـراوەکان بـە نهێنـی و ئاشـکرا دەسـتیان داوەتـە هەڵمـەت بـردن، ئێزگـە ڕادیۆکانـی قاهیـرە و سـەوت ئەلعـەرەب و عێراقـی حـوڕ و دیمەشـق لـە بەرنامـەی شـەڕانگێزانی عێـراق دەسـتیان کـردووە بـە هەڵمەتـی تووندی بوختـان و درۆ هەڵبەسـتن لـە سـەر پارتـی و سیاسـەتە نیشـتمانییە پێشـکەوتنخوازانەکەی و سـەر سـەرکردەکانی بـە تایبـەت ئەوانـەی ئاراميـان گـرت لـە گۆڕەپانـدا ڕوو بـە ڕووی گەردەلولـی لادانـە ڕاسـتڕەوانەکەی بـە خیانـەت کۆتایـی هـات و لادانـە چەپییەکانـی پیلانیـان لەسـەر قـەوارەی حـزب و ئامانجەکانـی گێـڕا و بـە کرێگیراوانییـان لـە هەڵپەرسـتان و خیانەتکارانـی گـەل و حـزب خزانـدە ڕیزەکانـی، تـا لـە نـاوەوەڕا قەوارەکـەی بنکـۆڵ بکـەن. پاشـان هەڵمەتەکانیـان بـە هەمـان زمانـی بوختـان و درۆ هەڵبەسـتن و بەهەمـان تۆمـەت، تۆمەتـی شـیوعییەت و خزمەتکردنـی ئومەمییـەت وەرچەرخانـدە سـەر ڕوپـەڕی ڕۆژنامـە ناسـراوەکان....دایانە پـاڵ دوژمنانـی نەتـەوەی کـورد و دوژمنانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی و خـودی جەمـاڵ عەبدولناسـر لـە ڕۆژگاری حوکمڕانـی سـەعید و خەلیـل کنـەی بەخێوکەریـان.

چوونـە پـاڵ دوژمنانـی کـورد و کوردسـتان و هاوپەیمانانـی تۆرانییەت هاوشـێوەکانی فەیلەسـوفانی عەرەبایەتـی حوکمـڕان لـە سـوریا ئەوانـەی نکۆڵیـان لـە سـەرجەم مافەکانـی بـرا کوردەکانمـان کـردووە لەوێـدا، تەنانـەت داواکاری کوردبوونیشـیان. ژمارەیەکـی کـەم لـەو کوردانـەی نەچوونەتـەوە سـەر باوکیـان چوونەتـە پـاڵ ئەمانـەوە، لەناویانـدا کەسـێکی ترسـنۆک، کـە بوێـری ئـەوەی نییـە نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆی و شـارەکەی بهێنـێ لـە ترسـی تورەیـی بـە کۆمەڵـی خەڵـک و گاڵتـە پێکردنـی، بەنـاوی خـوازراوی (کـورد) چەنـد ڕستەیەیەکی هەڵبەسـتراوی پێکـەوە نووسـاندوە و بـە فێـڵ و خیانـەت و زیـان بەخشـینیش کۆتایـی پێهێنـاوە. خیانەتـی ئـەم جـۆرە کوردانـەی نەچوونەتـەوە سـەر باوکیـان ڕوون و ئاشـکران گومانـی تێدانییـە و شـاراوەنییە.

پێداگرییان لە هێرش بردنە سەر حزب و سەرکردایەتییەکەی، لەم لایەنەوە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە ناسراوەکان، شانبەشانی تۆرانییەکان و عەرەبە نەتەوە پەرستە توندڕەوەکان و داکۆکیکارانی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد، بەسە بۆ ئاشکراکردنی خیانەتەکانییان و وەتەق خستنیان نکۆڵی لە واقیعی ئەم ڕۆڵە شەرمئاوەرە ناکەن کە دراوەتە پاڵیان (بەم هەڵوێستانەی بەرامبەر بە کورد و کوردستان پێی ناسراون) لەبەر ئەمە، بوێری ئەوە ناکەن ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن، چونکە ئەم خیانەتکارە گومڕایانە ڕستە و وشەی زرینگەدار ڕیز دەکەن دژی پارتی لە بەر ئەوەی چڵێس و کۆنەپەرستان حەزیان لە بوونی حزب نییە لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی بێت، چونکە سەرکردایەتی پارتی ڕێکەوتنی دانوستاندن و خیانەتی نەتەوەیی ناکات. هەروەها سەرکردایەتی پارتی (ئەو سەرکردایەتییەی لە کۆنگرەیەکی ئاشکرای حزبدا بە ئازادی و ئامادە بوونی دادوەر هەڵبژێردراون، دەرفەت نادەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد توشی لادان ببێت). ئەگەر ئەم خیانەتکارانە یەک تۆز پەرۆشی ڕاستەقینەیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد هەبوایە، ئەگەر ویژدانی ترسنۆکانەی (کوردی)، کە لە ئاشکراکردنی ناوەکەی دەترسێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە خەڵکی سلێمانیە، وەک خۆپێشاردنەوەیەک، ئەگەر ڕقی کوێرانە کوێری نەکردوون ئەوە لە نووسین دژ بە حزب و سەرکردایەتییەکەی خۆیان بە دوور دەگرت و نەیاندەتوانی جڵەو بۆ قەڵەمەکانیان بەرەڵابکەن بۆ بڵاوکردنەوەی چەندین وتار دەربارەی کورد و کوردستان و مافە نەتەوەییەکانی. بۆچی دژی چەوساندنەوەی کورد لە سوریا، ویلایەتی باکوری کۆماری عەرەبی یەکگرتوو(وڵاتی سرووش و ئاماژە بە هێرش) نانووسن؟ بۆچی ئەوان بانگهێشتی برا عەرەبە نەتەوەپەرستەکانیان ناکەن لە سوریا بۆ ئەوەی دادپەروەربن لەگەڵ کوردەکان و لانیکەم ئەو مافانەیان بۆ بگێڕنەوە، کە لەژێر داگیرکاری فەڕەنسیدا پێی بەهرەمەند بوون؟ بۆچی دەربارەی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی گشتی بۆ خوێندنی کوردی قسە ناکەن؟ بۆچی داوای بە پیشەسازی کردنی کوردستان و مافە ئیداری و کۆمەڵایەتییەکانی ناکەن؟ ئایا

بێدەنـگ بـوون لەمانـە و پەلاماردانـی حـزب و سـەرکردایەتییەکەی، کـە خەبـات بـۆ کـورد و کوردسـتان دەکـەن، خیانەتێکـی ڕاشـکاوانە نییـە. سـەبارەت بـە پەلامـاری ئـەو کـوردەی نەچۆتـەوە سـەر باوکـی و خیانەتکارانـی دیکـەی کـورد و کوردسـتان بـۆ سـەر ئـەو تێکۆشـەرانەی گوڵـی گەنجایەتـی خۆیـان لـە خزمەتـی کـورد و کوردسـتان فەوتانـد، بـۆ سـەر ئەوانـەی مـاوەی دە سـاڵی تـەواو خزمەتییـان بـە کلتـوور و ئەدەبیاتـی کـوردی کـرد لەسـەر لاپەڕەکانـی گۆڤـاری گەلاوێـژ، بـۆ سـەر ئەوانـەی سـی سـاڵە شـەڕی داگیرکـەران دەکـەن و لـە پێشـەوەی خەڵکەکەیـان تێدەکۆشـن بـۆ بـە دەسـت هێنانـی مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانیان، هەروەهـا پەلامـار بـۆ سـەر ئـەو تێکۆشـەرە ئازایانـەی بیرۆکـەی گەشـیان هەڵگرتـووە و ئەوانـەی تەحـەدای زینـدان و تۆقاندنیـان کـرد، کـە لـە سـەردەمی بـە سـەرچوودا ڕووبـەڕووی زینـدان بوونەتـەوە و لەسەردەسـتی دەرەبـەگ و بەکرێگیراوانـی ئیسـتعمار کـوژراون، کـە هەمـووی بەڵگـەی خیانەتـن نـەک تەنهـا! کوڕێـک کـە نەچۆتـەوە سـەر باوکـی تەنیـا نەفریـن و شـەرمەزاری لـە گەلـی کـوردەوە پێدەبـڕێ و کوردسـتان ئافـەرۆزی کـردوون لەسـەر دوبـارە کردنـەوەی چەردەیـەک لـەو درۆ و بوختانانـەی خەیاڵیـان چنیویەتـی. ئـەو سـەرکردانەی لەلایـەن (کوردێـک) کـە نەچۆتـەوە سـەر باوکـی و هێرشـیان دەکرێتـە سـەر ئەوانـەن، کـە بەشـدارییان لـە بنیاتنانـی حزبەکەمـان کـردووە لـە تێکۆشـان بەردەوامبـوون بـۆ بـە هێزکـردن و فراوانکردنـی ڕێکخراوەکـەی و لـە دۆخـی پـڕ لەمەترسـی تۆقاندنـدا بەرەنـگاری ئـەو تەوژمانەبوونەتـەوە کـە دوژمنایەتـی حزبەکەمـان و بزووتنـەوەی نەتەوەیـی گەلەکەمـان دەکـەن. لـە هەمـوو بارودۆخێکـدا جـا لەلایـەن چەپـە لادەرەکان، یـان کۆنەپەرسـتانەوە بێـت، لـە کاتێکـدا (هەندێکیـان لـە خەڵکانـی ڕوناکبیـری سـەربەخۆبوون) لـە نموونـەی ئـەوەی نەچۆتـەوە سـەر باوکـی پێڵاوەکانـی فەرمانڕەواکانـی سـەردەمی بەسـەرچوو دەسڕنەوە تـا وەزیفەیەکـی بچکۆڵـە لـە دەوڵەت بـە دەسـت بێنـن و هەندێکـی دیکەیـان کڕنـوش بـۆ (پاشـا) و خەلیـل کنـە دەبـەن وەک ڕێـز و شـکۆیەک بۆیـان تەنانـەت چاویـان لـە پەڕلەمانـی یەکێتیـی هاشـمییەکانە دوای ئـەوەی باڵیۆزخانەکانـی ئەمریـکا و بەریتانیـا پاڵاوتویانـی. ئـەم سـەرکردانە کـوڕی

دڵسـۆز و پاکـی کوردسـتان و تێکۆشـەرە سـەروەرەکانن، ئـەوان سـەرکردەی حـزب و گەلەکەمانـن بـە شایسـتەیی و قوربانیـدان و دڵسـۆزی پتەوییـان و ئـەوان، کـە ڕێـز و خۆشەویسـتی خەڵکیـان بەدەسـت هێنـاوە بـۆ ئـەوەی وەک (کوردێـک) کـە نەچۆتـەوە سـەر باوکـی، نەتوانـن بـە ڕاشـکاوی و نـاوی ئاشـکرایان نەفرەتیـان لێبکـەن. و تەحـەدا دەکـەم بـا نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆی و شـارەکەی بهێنـێ تـا کاردانـەوەی جەمـاوەری کوردسـتان بەرامبـەر ئـەم کـردەوە نەفـرەت لێکـراوەی خـۆی ببینـێ لەگـەڵ ئەمـەش مـن دڵنیـای دەکەمـەوە لـە پاراسـتنی ژیانـی و هەروەهـا دڵنیـای دەکەمـەوە لـە ڕق لێبوونـەوەی جەمـاوەری گەلـی کـورد لـە بەکارهێنانـی توندوتیـژی لـە دژی ئـەو و هاوشـێوەکانی.

لـە کۆتاییـدا بـە هـەر (کوردێـک) کـە نەچۆتـەوە سـەر باوکـی و لـە قـوڕی خیانەتـدا ڕۆچـووە، بـە گوێـی دادەچرپێنـم و پێـی دەڵێـم پەلامـار و هێرشـەکانتان بـۆ سـەر سـەرکردەکانی حزبمـان تەنهـا خۆشەویسـتی و هەواداریمـان بـۆ ئـەوان زیـاد دەکا، چونکـە تەنهـا ئـەم هێرشـە دڕندانەییـە بـۆ سـەریان بەڵگەیـە بـۆ چـڕی ڕاسـتگۆییان و گەورەیـی خەباتـی ئـەم سـەرکردانە، بـەڵام بـۆ داخ لـە دڵان وەک پەنـدی پێشـینانی کـورد دەیڵـێ (سـەگ بـە مانـگ وەڕینـە).

**ژمارە ٢٨٧ لە ١٤/ ئاب/ ١٩٦٠**

# نامەیەک بۆ پیرۆت

کاتـێ چاوەکانـم لـە سـەر ئـەو زەرفـە گیرسـایەوە، کـە لەسـەری بـۆ مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد گوزارشـتی لێکرابـوو، زانیـم مامۆسـتا عەبدولمەجیـد لوتفـی[1] شـاکارێکی نوێـی بـە خەبـات تایبـەت کـردووە لـەو شـاکارانەی ئـەدەب و سیاسـەت بـە یەکـەوە گرێـدەدەن، کـە بـە شـێوەیەک بیرۆکـەی سیاسـی بـە ڕاسـت و دروسـتی لـە نووسـینی شـاکارە ئەدەبییـەکان بـە یەکـەوە گرێـدەدا. لەگـەڵ هەمـوو ئەمانـەش خوێنـەری ئازیـز لێتـی ناشـارمەوە، لـە سـەرەتا مـن دوودڵ بـووم لـە ڕەزامەندبـوون لـە بڵاوکردنـەوەی چونکـە دوو بڕگـەی تایبـەت بـە منـی گرتبـووە خـۆ، پاشـان ڕای خـۆم لای یەکێـک لـە مامۆسـتای بڵاوکـەرەوە دەربـڕی، بـەڵام ئـەو بەرپەرچـی دامـەوە و گوتـی: ئایـا تـۆ بـۆ ئـەوە دەنووسـی تـا خەڵکـی هەسـتت پێنەکـەن، بـە تایبـەت ئەدیبـان، کـە بـەوە ناسـراون بەرانبـەر نووسـینەکانت هەسـت ناسـکن؟ یـان بـۆ خەڵـک نانووسـی؟ لـە پێنـاو ئـەوان نییـە؟ کەواتـە خـەراپ نییـە، بەڵکـو دەبـێ نامەکـەش بڵاوبکرێتـەوە... پاشـان بـە وردی تێڕامـام بینیـم قسـەکانی ڕاسـتن و لەمـەش زیاتـر لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم: مامۆسـتا عەبدولمەجیـد لوتفـی ئـەم نووسـەرە پێشـکەوتنخوازە، کـە خوێنەرانـی خەبـات داوای نووسـینی زیاتـری لێدەکـەن لـە ڕۆژنامـەی خەبـات، چـۆن دەکـرێ مـن خوێنـەران لـە بەرهەمـی قەڵـەم و بیـری ئـەو بێبـەش بکـەم؟ بـە تایبـەت خۆشـم سەرسـامم بـە نووسـین و بەرهەمەکانـی، یەکێکـم لەوانـەی پێموایـە مامۆسـتا عەبدولمەجیـد بانگهێشـت کـراوە بـەو پێیـەی کوردێکـی نیشـتمانپەروەر و دیموکراسـیخوازە، بـۆ ئـەوەی زیاتـر و زۆرتـر لـە سـەر لاپـەڕەی ڕۆژنامـەی خەباتـی

---

١- ١٩٠٥- ١٩٩٢ نـاوی تـەواوی عەبدولمەجیـد لوتفـی کـوڕی عومـەر کـوڕی عەبدولڕەحمـان کـوڕی محەمـەد لـە شـاری خانەقـی لـە بنەماڵـەی خەڵـووز لەدایـک بـووە، نووسـەرێکی گـەورەی کـوردی عارەبی نووسـە (ئامـادەکار).

کـورد و کوردسـتان بنوسـێت. ئیتـر ڕازی بـووم لـە سـەر پێشـنیاری ڕۆسـتەمی بـرام و نووسـەری گۆشـەی خەبـات و خوێنەرانـی، بۆیـە نامەکـەم دایـە دەسـتەی نووسـەران، کـە ئەوانیـش بـە سوپاسـەوە ڕێـگای بڵاوکردنەوەیانـدا بـە میهرەبانـی و ڕووخۆشـیان نوقمـی شـادییان کـردم و گۆشـەی ڕۆژنامەییەکانـم بـۆ ئـەم وتـارە یـان باشـترە بڵێـم ئـەم کۆمێنتـەی مامۆسـتا عەبدولمەجیـد دانـا، سـوپاس بـۆ ئـەو، ئەمـەش دەقـی نامەکەیـە بـۆ خوێنەرانـی ئازیـز.

لە مامۆستا عەبدولمەجید لوتفی

بۆ برای بەڕێزم مامۆستا پیرۆت

نووسـینەکەت لـە ڕۆژنامـەی خەبـات دەربـارەی تێکۆشـەری نیشـتمانپەروەری کـورد (خەلیـل سـەدیقی) زۆری ئـازاردام، لـە ڕاسـتییدا لـە ئازاریـش زیاتربـوو، توشـی هەنسـک دانێـک بـووم قورگمـی گـرت و گریاندمـی... گریاندنەکـەش ئاسودەی نەکردم. هەسـتم بـە سـۆییێک و گڕێکـی سـوتێنەر و بێهیواییەکـی تـاڵ دەکـرد وەسـف ناکرێـت، کـە پەنابەرێکـی نیشـتمانپەروەری هەڵاتـوو لـە نیشـتمانی داگیرکراویـدا لـە دەسـتی سـتەم و زۆرداری ئێرانـی دژ بـە کـورد لێـرەش بـەو شـێوەیە بدیتـرێ، کـە تـۆ بینیووتـە، لـە بـەر کەمتەرخەمـی و گێچـەڵ پێکردنـی جەسـتەی لـە نـاو ئارەقـە و قڕێژ نقـووم بووە. کەمترینـی ئـەو شـتەی دەربـارەی نیشـتمان دەگوتـرێ – خۆشەویسـتی نەتەوەیـی لـە نیشـتمانی خۆتـدا – دەبوایـە لـەم کۆمـارە ئـازادەی پەنـای بـۆ هێنـاوە ڕێزلێگیـراو بوایـە، ناکـرێ سـوکایەتی پێبکـرێ، بـەڵام ئـەو دیمەنـەی تـۆ لـە وتارەکەتـدا دەربـارەی خەلیـل سـەدیقی وەسـفت کـردووە زۆر لـە سـوکایەتی پێکـردن زیاتـرە... تـاوان و هەسـتێکی قێزەونانـەی دوڕوویـی خۆسـەپاندن و خۆبەزلزانینـی تیایـە، لـە وڵاتـی ئازادیخوازاندا بەم شـێوەیە ڕەفتـار لەگـەڵ ئازادیخـوازان ناکرێـت... بـەم شـێوەیە ڕەفتـار لەگـەڵ گەنجێـک ناکرێـت، کـە تاوانەکـەی ئەوەیـە لـە ئێـران لـە دەسـت سـتەمی زۆرداران هەڵاتـووە و پەنـای بـۆ عێـراق هێنـاوە، چونکـە لـە عێـراق ئـازادی هەیـە و کۆمارییـە و بـێ لەمـەش بەشـێک لـە نیشـتمانەکەی و خـزم و خۆیشـی و بـرا ڕاسـتەقینەکانی لێـرەن. هاوبەشـی

کـورد و عـەرەب لـەم کۆمـارەدا، کـە دەسـتوری کاتـی گرتویەتییـە خـۆ دەبـێ مـاوە نـا مـاوە بـە بەڵگـە گەشـەی پێبـدرێ، چونکـە ئیسـتعماری دوژمنـی هـەردوو نەتـەوە بـە پەنهانـی هەمـوو شـتێک دەکات بـۆ بلاوکردنـەوەی پیـلان و غەیبـەت کـردن و دڵرەقـی.

خەلیـل سـەدیقی بـەرلـەوەی پەنابـەر بێـت کوردێکـی ئـازادە، بـە حوکمـی هاوبەشـی کـورد لـە کۆمـاردا مافـی ئـەوەی هەیـە بـە ڕێزلێگیـراوی و بـە بەختیـاری تیایـدا بژیـت.. لـە کوردسـتان دەرفەتێکـی زۆر هەیـە ئـەم نیشـتمانپەروەرە ئازادیخـوازە، کـە لـە وڵاتـی خـۆی هەبـوو بـووە و خاوەنـی چەنـد گونـد بـووە، سـتەمکارییە لێـرەدا سـوکایەتی یـان هەرەشـەی دەرکـردن یـان ونکردنـی لێبکرێـت. هەمـوو خانەوادەیەکـی کـورد ئامادەیـی تەواویـان هەیـە تـا ئامێـز بـۆ ئـەم گەنجـە سـەربەرزە بکاتـەوە و بـە فرمێسـک و مـاچ بـاران پێشـوازی لێـدەکا و لـە ئاسـتیدا هەمـوو بەرپرسـیاریەتێکی فەرمـی دەگرێتـە ئەسـتۆ، ئەمـەش لـە چاکـە و پیاوەتیدایـە، کـە خەلیـل سـەدیقی هاوڕێـم شـتێک لـە سـۆز و میهـری نەتەوەکـەی ببینێ...ئەمـەش ئەسـتەم نییـە لـە بەینـی ئـەو و ئەوانـدا. نیشـتمانەکەی خەلیـل سـەدیقی بـە حوکمـی خۆسـەپاندنی دەسـەڵاتدارانی ئێـران داگیـر و دابـەش کـراوە، ئەویـش لـە بـەر جـەور و سـتەم و تەنـگ پێهەڵچنیـن هەڵاتـووە، ئەمـەش وادەکا کێشـەکەی هاوشـێوەی کێشـەی پەنابـەرە فەڵەسـتینییەکان بێـت، کـە ئیسـرائیلیە زایۆنـەکان نیشـتمانییان داگیرکـردوون پـاش هەڕەشـە لێکردنیشـیان دەربەدەریـان کـردوون. عێراقیـش دوای ئـەوەی بۆتـە کۆمـاری نیشـتمانیی ئازادیخـوازان، بۆیـە دەبـێ سـینگی فـراوان بێـت بـە سـایەی جوامێـری بـۆ لـە بـاوەش گرتـن و حەواندنـەوەی کوردێکـی پەنابـەر، بـە سـایەی عەرەبایەتـی، بەسـایەی کۆمـار ، کـە سـێیەکی ڕۆڵـەی نەتەوەکـەی ئـەوی تیایـە و هاوبەشـیەکی گرنـگ لـە خـاک و ئاسـۆ و کەوشـەن بـە یەکەوەیـان گرێـدەدا.

ئیتـر سـڵاوێکی بۆنـداری گـەرم بـۆ مامۆسـتا خەلیـل سـەدیقی ئـەو گەنجـەی نوقمـی ئارەقـە و قڕێـژ بـووە، جـل و بـەرگ پیـس بـەڵام دەرون پـاک، وەک ئـاوی زوڵاڵـی کانیـاوەکان. سـڵاوێک بـە قـەد گیانـە مـەزن و ئـازا و بـاوەڕە پتـەو و قوڵەکـەی بـە نیشـتمان و بەهـا ڕەوشـتییەکان و شـەرەف و دادپەروەریـی.. سـڵاو بـۆ ئـەو هەمـوو

کـوڕە ئـازا و بەجەرگـەکان، کەڕێـگای ژیـان لـە بـەردەم گەلەکەیـان ڕۆشـن دەکەنـەوە و ڕیـڕەوە دڕکاوییـەکان دەبـڕن و لـە ڕێـگا دور و درێژەکەیانـدا شـەق لـە بـەرد هەڵـدەدەن بـەرەو نەمـری.

**عەبدولمەجید لوتفی**

تـا ئێـرە کۆتایـی بـە نامەکـەی ڕێـزدار دێـت، ئـەوە مـاوە بـە خوێنەرانـی ڕابگەینـم ئەو هەوڵـەی حـزب و هاوڕێیانـی دایـان لـە مـەڕ چارەسـەرکردنی کێشـەی تێکۆشـەر خەلیل سـەدیقی خەریکـە دێتـە بـەر و بەڕێـز وەزیـری ناوەخـۆ بەڵێنـی داوە بـە چـاوی سـۆزەوە تەماشــای کێشــەکەی بــکات. هیواداریــن وەزیــری بەڕێــز بــە خێرایــی بەڵێنەکــەی بێنێتـەدی، سوپاسـگوزاری هەمـوو نیشـتمانپەروەرانی کـوردی پێدەگەینیـن، هـەر وەک بەڕێـز بەڕێوەبـەری ئاسـایش بـە سوپاسـەوە ئەویـش بەڵێنـی یارمەتـی داوە. هیواداریـن ڕاگرتنەکـەی زۆر نەخایەنـێ.

**ژمارە ۲۹۱ لە ۱۸/ ئاب/ ۱۹٦۰**

# ئێوە لەکوێن چێنەرانی درەختی دانایی؟
# ئەی ئێوە لەکوێن ڕۆشنبیرە قۆشمە سەربەخۆکان؟

ئیمـڕۆ چێنەرانـی درەختـی دانایـی و براکانیـان لـە کۆمەڵـی کـوردە ڕۆشـنبیرە سـەربەخۆکان لـە چەڵەمـەدان (واتـە سـەربەخۆکان لـە گەلـی کـورد و بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازە نیشـتمانییەکەی و لـە هەمـوو سـەروەری و شـانازییەکانی تێکۆشـان ئیمـڕۆ لـە تەنگـژەدان) لەگـەڵ براکانییـان لـە چێنەرانـی درەختـی دانایـی بەشـداری لـە چەڵەمەکانیـان و زیاتریـش دەکـەن.

ئـەم چەنـد کەسـە کەمـەی بـە پەنجەکانـی یـەک دەسـت دەژمێردرێـن کتوپڕ لەسـەر شـانۆی سیاسـەت و لـە بەرەیەکـدا دەرکەوتـن تەنانـەت نزیکتریـن کـەس لێیـان چـاوەڕوان نەبـوون بـۆ دەرکەوتـن تیایـدا خـۆی بخاتـە مەترسـییەوە، چونکـە زۆر چـاک لـە تێڕوانینـی گەلـی کـورد بـۆ ئـەم بەرەیـە تێدەگـەن. ئـەو بەرەیـەی، کـە تـا ئیمـڕۆ تەنیـا ئاگـری تۆپخانـە و ڕەشـاش و هێرشـی جنێـو فرۆشـەکانیان خسـتۆتە سـەر گەلـی کـورد و تیایـدا پەلامـاری (بوختـان کـردن بـە نەتـەوەی کـورد) هێرشـی لەنـاکاو بـۆ شـەڕی سـڕینەوە و نکۆڵیکـردن لـە بـوون و نیشـتمانەکەی دەسـت پێکـردووە. خـودا بـاوەڕداران لـە شـەڕ بپارێـزێ؟ لەبەرئـەوەی چارەنووسـی هـەر یەکێـک لـەم بەرەیـە دەربکەوێـت نەزانـراو نییـە، کـە بەرانبـەری نەتـەوەی کـورد سـەنگەری گرتـووە و ئامـادەی بەرپـەرچ دانـەوەی هێرشـەکان و نائومێـد کردنیـان لـە پیلانـە گڵاوەکانییـان، تەنانـەت ئەگـەر داوای فریاکەوتـن لـە کۆمەڵـی کـوردە ڕۆشـنبیرە سـەربەخۆکانیش بـکات، یـان تەنانـەت ئەگـەر ئـەم کۆمەڵـە نوێنەرایەتیەکیـش بگرێتـە خـۆ، کـە بـە سـەر قاچـی سـەعید و خەلیـل کنـە داکەوتـوون بـۆ دامەزراندنییـان لـە پەرلەمانـی هاشـمی، تـا شـەرەفی پیرۆزبایـی یەکێتیـی هاشـمی بەدەسـت بێنـن، کـە کـورد تیایـدا بـە عەرەب

دانـراون وەک ڕێخـۆش کردنێـک بـۆ تواندنـەوەی نەتەوەکەیـان بـە هێـزی زۆرداری و بـە چاولێکـەری تورکیـای هاوپەیمانـی یەکێتیـی و هاوبـەش لـە پەیماننامـەی بەغـدا... بەڵـێ نوێنەرانێـک (لـەم ڕۆشـنبیرانە) کـە لەسـەر چـوار پـەلان دەخشـێن لـە بـەردەم دوژمنانـی کـورد و کوردسـتان، چەقیونەتـە نـاو قـوڕ و لیتـەی خیانـەت و تاوانـکاری تـا پیرۆزبایـی لـە خـاوەن شـکۆ و خاڵـی بەوەفـای لـە ئاسـت بـە عەرەبکردنـی کـورد و یەکێتییـە هاشـمییە لاواز و لەرزۆکەکـەی بکـەن.

ئەمانـە هەموویـان، چێنەرانـی درەخـت و بـرا نەتەوەییـە کوردەکانییـان (بـە چـاو لێکـەری هەمـان هەرچـی و پەرچـی) کەوتونەتـە چەڵەمـە و تەنگـژە. ئـەو نەتـەوە کـوردەی ویسـتیان لـە چنگاڵـی پارتـی و سـەرکردایەتییە (شـیوعییەکەی!!) کـە (قوربانـی بـە گەلەکـەی دەدات لـە پێنـاو ئومەمیـەت!) ڕزگار بکـەن. ئـەو نەتـەوە کـوردەی دنیایـان بـۆی بـە گریـان و کڕوزانـەوە پڕکـرد لەسـەربەهەدەردانی مافەکانـی و ڕووبـەڕووی تواندنـەوە و سـڕینەوەیان کـردن لەسەردەسـتی بەکرێگیـراوان (بێگومـان بـە کرێگیراوانـی مۆسـکۆ نـەک واشـنتۆنی دۆسـت و پشـتیوانی تورکیـا و ئێـران بـۆ چەوسـاندنەوە و بەکۆیلەکردنـی کـورد و کوردسـتان) ئـەو نەتـەوە کـوردەی دانییـان بـە بوونـی نـاوە (خـوا نەیبـڕێ) پاشـان پیاوەتییـان نوانـد و نووسـیان، کـە تەنانـەت مافـی سـەربەخۆیی و یەکبوونیشـی هەیـە، شـادان! شـادان! و پەنـا بردنـە بـەر ئـەو بەرەیـەی ئەمـەی بـۆ بەدیهێنـا .... واتـە پەنـا بردنـە بـەر ئەمریـکا و ئینگلیـزە ڕێـزدارەکان، کـە جیـاوازی نییـە، بـاوەڕداران بـە ئیسـتعمار بـران ... جیـاوازی نییـە لـە نێـوان عەرەبێـک و غەیـرە عەرەبێـک تەنیـا بـە بـڕی خیانـەت و لاسـارییکردن بەرانبـەر بـە نەتەوەکـەی نەبێـت! نەتـەوەی کـورد ئێسـتا ڕووبـەڕووی نکۆڵیکـردن و ڕەتکردنـەوەی بوونـی دەبێتـەوە لـە سـەر لاپـەڕەی ڕۆژنامەیـەک خاوەنکـەی بەڵـێ خاوەنکـەی توندوتۆڵتریـن پەیوەنـدی بـە جەمسـەرێک لـە جەمسـەرەکانی ئـەم کۆمەڵـەوە هەیـە و چەنـد ڕۆژێـک پێشـتر لـە خزمـەت نوێنـەری هاشـمی (پێشـوو) دابـوو لـە هوتێلەکەیـدا لـە کەنـاری زێ و بـەر لـە چەنـد کاتژمێرێـک لەدەسـتکردن بـە پەلاماردانـی پارتـی و جنێـودان بـە سـەرکردەکانی. ئێـوە لـە کوێـن چێنەرانـی درەختـی دانایـی؟ ئـەی ئێـوە لە

کوێـن نەتەوەپەرسـتانی کـوردا ئـەی ئەوانـەی قوربانیـدان بـە دەسـکەوتی گەلەکەتـان بەرانبـەر بەرژەوەندییەکانـی ئومەمیـەت ڕەت دەکەنـەوە؟ چیتانـە بێدەنگـن؟ ئایـا دەبێ قوربانـی بـە دەسـکەوتی گەلەکەتـان بـدەن لـە پێنـاو تەعریـب؟ بـۆ دڵنیـا کردنـی بـرا عەرەبـە نەتەوەپەرستەکان؟!! بـۆ وتارەکانتـان بـە بەرگـری کـردن لـەو خێڵـە کوردانـەی ئێسـتا بـە عـەرەب دەکرێـن ناڕازێننـەوە، تیاتاندایـە بـە هـەزاران دینـاری لـە ئاغـاکان وەرگرتـووە لەپـای ئامادەبوونـی دژ بـە جووتیـاران لـە کاتـی تەسـویەدا بەرگریـان لێبکـەن؟ دژ بـە جووتیارانـی کـورد؟ (لەوانەیـە ئـەم جووتیارانـە ڕەگەزپەرسـت بوبـن و لەنەتـەوەی کـورد داماڵرابـن!! بـەلام ئاغاکانییـان چـی؟) بـۆ لەتەعریـب کردنـی ژمارەیـەک لـە خێڵـە کـوردەکان بێدەنگـن؟ زمانپـاراوی و ڕەوانبێژیتـان لـە زمانـی عەرەبیـدا چـی بـە سـەر هاتـووە بـۆ نووسـینی وتـاری زرنگـەدار بـۆ بەرگـری لـە نەتەوەی کـورد، کـە ئێسـتا وردە وردە بـە عـەرەب دەکرێـن؟ بـۆ ویژدانـی بـرا عەرەبەکانتـان بێـدار ناکەنـەوە بـۆ ئـەوەی ئامـادە بـن ناڕەزایـی بەرانبـەر ئـەم تاوانـە نوێیـە دژ بـە نەتـەوەی کـورد، دەرببـڕن؟ لەوانـە ڕێزدارانـی کۆمەڵـی ڕۆشـنبیرانی کـورد بیانـووی ئـەوە بێننـەوە، کـە خاوەنـی ڕێکخسـتنێکی سیاسـیی و ڕۆژنامەیـەک نیـن تـا خۆیـان تەرخـان بکـەن بـۆ وەلام دانەوەیـان؟ ئـەم بەڕێزانـە ڕێکخسـتنێکی سیاسـییان دەوێـت بـۆ قەلاچۆکرنـی شـیوعییەت! و قەلاچۆکردنـی پارتـی: ئـەو حزبـەی خزمـەت بـە شـیوعییەت دەکا!؟ و ڕۆژنامەیـان دەوێـت!؟ بـەلام لێیـان دەپرسـم بـۆ ڕۆژگاری سـەردەمی بـە سـەرچوو داوای ڕێکخسـتنێکی سیاسـیی کوردیتـان نەدەکـرد؟ لـە بەرچـی بـە حزبەکـەی سـەعید و خـۆ خسـتنە ئامێـزی قایـل بـوون؟ بـۆ لـە سـەردەمی بەسـەرچوودا داوای ڕۆژنامەتـان نەدەکـرد لـە سـەر ڕووی لاپەڕەکانـی بەرگـری لـە نەتـەوەی کـورد بکـەن؟ یـان بـۆ ئـەو کاتـە لـە هەمـان ڕۆژنامـە نەتـان دەنووسـی ،کـە ئێسـتا تیایـدا دەنووسـن؟ لـە بەرگـری کـردن لـە نەتـەوەی کـورد، کـە پەیمانـی بەغـدا و یەکێتیـی هاشـمی هەڕەشـەی قڕتێخسـتنی دەکـەن؟ تەنیـا بـە سـکالا نامـە ناسـراوەکەتان بـۆ مەلیـک و خاڵـی دەسـت بەرداربـوون و گەلـی کوردتـان بۆیـان کـردە دیـاری، بۆچـی دژ بـە هەوڵەکانـی سڕینەوەی نەتـەوەی کـورد نانووسـن – بـە ئاشـتی و مێژوویـی لەگـەڵ ڕێـزی زۆردا –

لـە هەمـان ڕۆژنامـەدا، کـە بـە سـنگ فراوانییـەوە دەرگای بـۆ وتارەکانتـان خسـتۆتە سـەر پشـت دژ بـە پارتـی! بـۆ نامیلکەیـەک دەرناکـەن لـە وەڵام دانـەوەی ئـەم هەوڵـە پیسـە تاوانکارییـە؟!

ئێـوە لـە کوێـن ئـەی کۆمەڵـی ڕۆشـنبیرانی کـورد؟ تـا ئەمجارەیـان ڕۆشـنبیریەکەتان بخەنـە خزمەتـی کـورد و کوردسـتان؟ و بەرگـری لـە قـەوارەی نەتەوەیـی پێبکـەن، ئێـوە لە کوێن ؟

کۆمەڵــی ڕۆشــنبیرانمان لات و بێدەســتەڵاتن لەبەرئــەوەی کارەســاتی چەڵەمــەی تیاچـوو هێنـدە مەزنـە هەمـوو شـتێکی بیربردونەتـەوە!! ئێـوەش ناتانـەوێ براکانتـان ئەوانــەی بــە درۆ بانگەشــەی عەرەبایەتــی دەکــەن بێــزار بکــەن، ئەوانیــش دۆخ و هەڵوێسـتەکەیان لـە بەرچـاو ناگـرن؟ ئـەوان میـوەی درەختـی دانایـی وەک خـۆی هەیـە دەخەنـە بـازاڕەوە! لەبـەردەم عـەرەب و کـورد و پێکهاتـە نەتەوایەتییـە بـراکان و چاوەڕوانـی پـەردە پـۆش کردنیـان نەکـرد بـەو قوماشـەی ئێـوە دەتانچنـی، هەوڵـی لەخشـتەبردنی کـورد بـۆ خواردنـی میوەکـەی شکسـتی خـوارد، شکسـت خواردنێکـی خێـرا و عەیبـدار و شـەرمەزارانە، بـەڵام ئەهریمـەن لـە لەخشـتەبردنی بابـە گەورەمـان بەکاریگـەری حـەوا سـەرکەوت و لـە بەهەشـت دەریـان کـردن، ئەهریمەنـی سـروش و ئامــاژە، ئەهریمەنی..چۆکـدادەر لـە باڵیۆزخانــە! لــە ســەرکەوتنتان بۆنمایشــکردنی ڕۆڵــی ئــەوەی کــێ نــەوەی ئــادەم لــە کــوردەکان لەخشــتە دەبــات. بەڵــێ بەڕێــزان غەدریـان لێتـان کـرد، چونکـە ئێـوە پێـش پەلامـاردەران کەوتبـوون، ئـەو خەنجـەرە ژەهراوییــەی بۆکوردیــان ئامــادە کردبــوو، لــە ئاڕاســتە کردنەکــەدا هەڵەیــان کــرد!! بــە زامەکانتــان بتلێنــەوە؟ ئــەی ئەوانــەی ئارەزومەندانــە پشــتتان لــە ڕیزەکانــی بزووتنــەوەی ئازادیخــوازی گەلــی کــورد کــرد بۆچوونــە بــەرەی دوژمنــان و پــاڵ دار و دەســتەی حوکمــڕان لەســەردەمی بەســەرچوو و هەتیوەکانــی ســەردەمی کۆمــاری بەرانبـەر وەرگرتنـی پۆسـت و دۆلارا! ئێسـتا دەتانبینیـن دوا پشـوی خۆتـان دەخۆنـەوە، چیتـر تەڵەکەبازییەکەتـان لـە کـەس شـاراوە نییـە، بـەڵام بەنـدە چاکەکانـی خـودا، تێکۆشـەرانی دڵسـۆز، هەوڵەکانتانیـان شکسـت پێهێنـا و تەڵەکەبازییەکانتانیـان ڕیسـوا

کـرد، ئـا ئەوەتـا ئێـوە نـە وەڵام دەدەنـەوە نەدەشنووسـن نـەک لەبـەر ئـەوەی ئـازادی وەڵام دانـەوە و نووسـینتان نییـە، ئـەو ئازادییـەی ویسـتتان تەنیـا بـۆ پەلاماردانـی پارتــی و ســەرکردایەتییەکەی و بــۆ ســەر کــورد و کوردســتان قەتیســتان کردبــوو. بەڵکـو ئێـوە تەنیـا ئـازادی پەلاماربردنـە سـەر بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد و پارتـە پێشـڕەوەکەیتان دەوێـت. بـەم نزیکانـە بـەڵا و ماتەمینـی بـۆ ئەوانـەی باوەڕیـان بـە گـەل و پێشـڕەوەکەی نەکـرد لـە ڕۆژی سـزادا، ئـەو ڕۆژەی هەندێـک ڕوخسـار ڕەش دەبـن و ئەوانیتـر سـپی، ئـەو ڕۆژەی ڕوداوەکان پـاڵ دەنێـن بـە خوڵقێنەرانـی ڕوداوی خیانـەت کـردن و نکۆڵـی کـردن لـە گـەل و نیشـتمان و مەرامەکانیـان لـە بـەردەم گەلـدا دەردەکەوێـت وەک ڕێـزداران و برایانـی گـەورە دەیانویسـت، گـەورە لـە خیانەتکـردن و دیارنەمانــی بەرژەوەندییــە نەتەوەییــەکان.

**ژمارە ٢٩٨ لە٢٦/ ئاب/ ١٩٦٠**

# کوردە نانەتەوەییەکان

بەڕێــز هۆشــیار[1] گەڕایــەوە، یــان گەڕێندرایــەوە مەیدانــی هێــرش کردنــە ســەر پێشڕەوایەتی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی نەتەوەیـی گەلـی کـورد بـۆ ئـەوەی ئـەم ڕۆڵـە ڕیسـواییە ببینێـت، کـە ئـەو و هەمـوو هاوشـێوەکانی لەلایـەن نیشـتمانپەروەرانی کـورد پێـی ڕیسـواکراون. هۆشـیار گەڕایـەوە یـان لـە لایـەن ئـەم لایەنـە گەڕێندرایـەوە، کـە پێیـان وایـە کوردسـتانی عێـراق و سـوریا و بەشـێکی بـە کوردسـتانی تورکیـا لکێنـراو بـە خاکێکـی عەرەبـی پـاک دەزانـن و دەکەوێتـە نـاو سـنورەکانی نیشـتمانی گـەورەی عــەرەب، کــە ڕۆژنامــەی (خــاوەن ئاراســتەی تونــد و تــوڵ) کار بــۆ یەکخســتنی و کۆکردنـەوەی پارچەکانـی دەکات وەک دوێنـێ نووسـیبووی.

هۆشــیار گەڕایــەوە یــان گەڕێندرایــەوە بۆنووســین دژ بــە تێکۆشــەرە نیشـتمانپەروەرەکانی کـورد، کـە دەیـان ساڵە درێـژە بـە تێکۆشـان دەدەن بـۆ بەرگـری کـردن لـە نەتـەوەی کـورد و مـاف و ئامانجەکانـی، تیایاندایـە سـینگی خسـتۆتە بـەر گوللـە و بەشـدارییان لـە شۆڕشـی گەلەکەیانـدا کـردووە و یـان چەندیـن سـاڵی لـە زینـدان و دەسـت بەسـەری و دورخراوەیـی بەسـەر بـردووە. بـەڵام (ئامۆژگاریـکاران) ئەوانــەی ئێســتا ســینگ دەردەپەڕێنــن ئەوســا ئامــۆژگاری ڕۆڵەکانــی گەلەکەیــان دەکـرد هـاوکاری لەگـەڵ مەلیـک و خاڵـە دڵسـۆزەکەی و فەرمانڕەوایانـی سـەردەمی بەسـەرچوو بکـەن! واتـە خۆیـان ڕادەسـتیان بکـەن و کار بـۆ خزمـەت کردنیـان بکـەن، واتـە ناپاکـی لـە نەتەوەکەیـان و نکۆڵـی لـە ئامانجەکانـی بکـەن، بـەڵام ئەوانـی تـر-

---

١-ناوی خوازراوی مەسعود محەمەدە ١٩١٩-٢٠٠٢ کوڕی مەلای گەورەی کۆیە. (ئامادەکار).

کۆمەڵـی ڕۆشـنبیرانی سـەربەخۆی کـورد – لـە وێنـەی بەڕێـز هۆشـیار و هاوشـێوەکانی لـە دۆسـتانی ئیسـتعماری ئەمریکـی، پێڵاویـان بـۆ پـاک دەکەنـەوە و داوای لێبـوردن و لێخۆشـبوون دەکـەن لەپـای بەشـداری کردنیـان ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لەتـەک گەلەکەیـان قسـەکی هەقیـان کردبـێ، لەبـەردەم دەسـەڵاتدارانی سـەردەمی بەسـەرچوو دەکەوتنـە سـەر چـۆک و داوایـان دەکـرد بیانخەنـە پەرلەمانـی یەکێتیـی هاشـمییەوە، نـەک لەبـەر ئـەوەی شـەیدای پۆسـت و دۆلار بـن، بەڵکـو تەنیـا دەیانەویسـت چاککردنـی ڕەفتاریـان لـە پەرلەمـان بسـەلمێنن و هیچـی تـر...

هۆشـیارگەڕایەوە، یـان گەڕێندرایـەوە بـۆ نووسـین و تۆمەتبـار کردنـی پێشـڕەوایەتی جەربـەزەی گەلـی کوردمـان بـە هەمـان تۆمـەت، کـە بەکرێگیـراوان پێیـەوە دەلکێنـن، بەکرێگیراوانـی ئیسـتعمار و کۆنەپەرسـتان، کـە لـە هەمـوو شـوێنێک بـە بزووتنـەوە ئازادیخوازییـە نیشـتمانییەکانی دەلکێنـن، تۆمەتـی شـیوعیەت و خزمەتـی شـیوعییەتی جیهانـی، هەمـان ئـەو تۆمەتـەی داگیـرکاران شـەڕی سـەرجەم نیشـتمانپەروەرانیان پێدەکـرد، ئـەو تۆمەتـەی درایـە پـاڵ جەواهـر لال نەهـرۆ و سـۆکارنۆ و سـەرکردە عەبدولکەریـم قاسـم و کاسـترۆ و خـودی جەمـال عەبدولناسـریش. گومانـی تێدانییـە بەڕێـز هۆشـیار و هاوبەشـەکانی – کـە دیاریکـراون – گوێبیسـتی ڕادیـۆی سـەرۆکی یەکێتیـی هاشـمی دەبـن، واتـە ئـەو سـەرۆکەی باوەڕیـان پێکـرد و بـە سـەرۆکی خۆیـان قبوڵیـان کـرد! شـکۆدار مەلیـک حوسـێنی مـەزن!! لـە کـوڕە مامەکانـی شـکۆدار مەلیـک فەیسـەڵی بەڕێـز لـە لایـان. ئـەو بەڕێزانـەی شـەرمیان نەکـرد، کـە بـۆ شـکۆدار فەیسـەڵ بنووسـن و لـە ژێـر واژۆکانیشـیان گـوزارەی (بەنـدەی گوێڕایـەڵ) دابنێـن وەک لـە دوا نامـەی هۆشـیار بـۆ فەیسـەڵ دەردەکەوێـت، پێویسـتە لەسـەریان گـوێ لـە ڕادیـۆی هاشـمی سـەرۆکیان بگـرن، کـە ئێسـتا شـەو و ڕۆژ دووبـارەی دەکاتـەوە کـە جەمـال عەبدولناسـر بەکرێگیـراوی شـیوعیەتە و یارمەتـی دەدات دەسـت بخاتـە ڕۆژهەڵاتـەوە. مایـەی سەرسـوڕمان نییـە، کـە بەڕێـز هۆشـیار ئـەم درۆ ئیسـتعماریانە پـاش پێچانـەوەی بـە دەسـتەواژەی بریقـەدار، کـە لـە گۆشـەگیری چەنـد سـاڵەی و دوورکەوتنـەوەی لـە گـەل و خەبـات و سـەختیەکانی خەبـات، ئـەو ڕۆژەی سـەرکردەکانی پارتـی و ئەندامانـی

لـە زینـدان و خۆشـاردنەوە یـان تونـد و تیژییـان دەچەشـت. چونکـە ئـەوان بەرگرییـان لە نەتـەوەی کـورد و مافەکانـی دەکـرد. ئێسـتا بەڕێـز هۆشـیار ڕاسـپێردراوە بـە ئەنجامدانـی ئــەرک، ئەرکــی پەلامــار بــۆ ســەر پارتــی و ســەرکردەکانی. چونکــە پارتــی کۆســپێکی سـەخت و گرانـە لـە ڕێـگای تێپەڕاندنـی پیلانـە ئیسـتعمارییەکان، چونکـە ڕێگـە نـادات خەونـی خـاوەن ڕۆژنامـەی (ئاراسـتەی تونـد و تـۆڵ) لـە یەکخسـتنی زەویەکانـی عـەرەب لـە کێـوی (پشـتکۆ) وە واتـە (بـە کوردسـتانی عێراقـەوە) تـا ئۆقیانـووس و لەناوبردنـی قــەوارەی کۆمــاری هەمیشــەیی عێــراق، کۆمــاری کــورد و عــەرەب، و تێکەڵاوکردنــی نەتـەوەی کـورد بـە نەتـەوەی تـر، بێتـە دی. لەبەرئـەوەی پارتی ڕێگـە نـادات بزووتنەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد بـەرەو لادان بچێـت بـۆ خزمـەت کردنـی ئیسـتعمار و کۆنەپەرسـتان. لـە بـەر ئـەوەی پارتـی هەمـوو دەلاقەکانـی بـەڕووی بەکرێگیراوانـی ئەمریـکا داخسـتووە، کـە ئێسـتا هەوڵـدەدەن بخزێنـە ڕیزەکانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلەکەمـان بـۆ تێکـدان و لادانـی لـە نـاوەوەڕا و لـە خزمەتـی داگیرکـەران بـە کاری بهێنـن.

ئەگـەر بەڕێـز هۆشـیار خـۆی بـە هەڵەدا دەبـات لـە ناسـینی ـ نانەتەوەییـەکان ـ ئێمەی نەتەوەییـە ڕاسـتەقینەکان بیـری دەخەینـەوە و دەپرسـین و تەحـەددای دەکەیـن، کـە بوێـری ئـەوە بـکات وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە بداتـەوە یـان بچێتـە بنـج و بناوانـی، ئـەوەی تـر بۆیـە بـە جێدەهێڵیـن، چونکـە ئـەو دەزانـێ ئێمـە خـوی شـیری ئـەو بـۆ دەرفەتێکـی تـر بـە جێدەهێڵیـن:

١- ئایـا نـا نەتەوەییـەکان ئەوانـەن، کـە لـە هەڕەتـی لاوییانـەوە بەرگـری لـە نەتـەوەی کـورد و مافەکانـی دەکـەن و بـەر پەرچـی هەمـوو ئـەو هێرشـانە دەدەنـەوە، کـە نکۆڵـی لـە بوونـی و مافەکانـی دەکات و ناڕازیـن بـە ئامانجەکانـی جـا لـە چـەپ بـن یـا لـە ڕاسـت، یـان ئەوانـەن، کـە پشـتیوانی لـە یەکێتیـی هاشـمی دەکـەن بـۆ زاڵبـوون بـە سـەر نەتـەوەی کـورد و ڕەتیـان کردۆتـەوە ناڕەزاییەتـی پەیمانـی بەغـدا بکرێـت، کـە ئامانجـی زاڵبوونـە بـە سـەر نەتـەوەی کـورد؟

٢- ئایــا نــا نەتەوەییــەکان ئەوانــەن، کــە هەمیشــە ئــاڵای نەتــەوەی کوردیــان لــە ڕۆژهــەلات و ڕۆژئــاوادا بــەرز کردۆتــەوە، یــان ئەوانــەن، کــە گەلــی کوردیــان بەخشــیوەتە

خـاوەن شـکۆ و خاڵـە بـە وەفاکـەی؟! بەرامبـەر بـەو هیوایـەی پەڕیوەتـە خەیاڵیانـەوە.

٣- ئایـا نـا نەتەوەییـەکان ئەوانـەن، کـە شـانازییان بـە جـەژن و بۆنـە کوردییـەکان بەخشـیوە و ئامـادەی ئاهەنـگ گێـڕان بـوون بـە جەژنـی نەتەوەیـی نـەورۆز و ڕۆژی کـوردان و ئاشـکراکردنی مافەکانـی کـورد و ڕیسـواکردنی ئـەو پەیماننامانـەی هەڕەشـە لـە نەتەوەکەیـان دەکات، یـان ئـەوان هـۆکاری هەڵوەشـاندنەوەی ئاهەنگـی ١٩٥٤بـوون و چوونـە لای وەزیـری ناوەخـۆ و پێیـان گـوت ئـەم گەنجانـە قسـە لـە سـەر مافـی کـورد دەکـەن و دژ بـە پەیمانـی عێراقـی – تورکیـن. بـە سـیخوڕیکردن بـە سـەر نیشـتمانپەروەرانی کـورد بـە پرسـیارکردن لـە ڕای ئـەو؟ ئایـا ئـەو بـوو، کـە واژۆی خـۆی لـە سـەر داخـوازی نامەکـە کێشـایەوە تـا وەزیـر مۆڵەتـی ئاهەنگەکـە هەڵوەشـێنێتەوە (ئامـۆژگاری) گەنجـەکان بـکات دوور بکەونـەوە لـە کاری تونـدڕەوی! یـان ئـەوان بـوون تەحـەددای تۆقاندنیـان کـرد و لـە نزیکـی بەغـدا ئاهەنگـی جەژنەکەیـان گێـڕا و ئـەم بۆنـە نیشـتمانییەیان شـاناز کـرد.

٤- ئایـا نـا نەتەوەییەکانـن، کـە دژایەتـی کۆیلەکـەران و لەتوپەتکەرانـی کوردسـتان و بکـوژی شـەهیدە نەمـرەکان دەکـەن؟ کـە شۆڕشـەکانی کوردیـان لـە دەریـای خوێـن و فرمێسـک نقـوم کـرد و حکومەتەکـەی شـێخ مەحمـوود و حکومەتی مەهابادیـان ڕوخاند؟ یـان ئەوانـەی دۆسـتایەتی ئـەم داگیرکەرانـە دەکـەن داوای بێدەنـگ بـوون لـە بەرامبـەر تاوانەکانییـان لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای زەوی و لەگـەڵ بەکرێگیراوانـی داگیرکـەران پیـلان دژ بـە نەتەوەکەیـان و پێشـڕەوی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلەکەمـان دەگێڕن. مـن تەحـەددای هۆشـیار دەکـەم بـا وەڵام بداتـەوە، تەحـەددای دەکـەم دوا نامـەی خـۆی بـۆ خـاوەن شـکۆ و خاڵـە بـە وەفاکـەی بڵاوبکاتـەوە تـا خوێنەرانـی ئـەو ڕۆژنامـەی ئیمـڕۆ شـتی بـۆ بڵاودەکاتـەوە نیشـتمانپەروەریەتی دوێنـێ و ڕاسـتییەتی ئیمـڕۆی ببینـن، چونکـە خوێنەرانـی ڕۆژنامـەی ئێمـە زۆر چـاک ڕاسـتییەکان دەزانـن.

**ژمارە ٣٠١ لە ٣٠/ ئاب/ ١٩٦٠**

# هەرزەگۆ ئێمە لە هەموو کات و ساتێک لەگەڵ عەرەب دژ بە ئیستعمار و زایۆنیزمین

هەرزەگـۆی بەڕێـز لـە سـەر لاپەڕەکانـی ڕۆژنامـەی (ئـەل حورڕیـە) لـە خسـتنە ڕووی چەنـد و چـون کردنـی دکتـۆر عیزەددیـن ئەلـڕاوی پرسـیارێکی ئاڕاسـتە کردویـن ئەمـە دەقەکەیەتـی (خۆزگـە بمزانیبـا برایانـی کـوردی خـاوەن ڕۆژنامـەی خەبـات سـەبارەت بـەم تێڕوانینـە تازەیـە بـۆ نەتـەوەکان چیـان دەوت؟). تێڕوانینـی تـازە، کـە هەرزەگـۆی بەڕێـز پێـی وایـە بـە پرسـیار کـردن لـە ڕای ئێمـە شـەرمەزارمان دەکات. وەک لـە بانگەشـەی (ئەفسـانەکانی) دکتـۆر عیزەددیـن ئەلـڕاوی تێگەیشـتم بـەوەی کـە (ئەگـەر جیهـان پابەندبـوون بـە پرنسـیپی مافـی چارەنووسـی گـەلان بەبـێ ڕێکوپێـک کردنـی بگرێتـە بـەر، ئـەوە ڕووبـەڕووی داخـوازی نەتـەوە جیـاوازەکان لـە ئەوروپـا و ئاسـیا و ئەفریقـا دەبێتـەوە تـا دەوڵەتانێکـی خـاوەن سـەروەری (شـەڕانگێزانەی) بـۆ پێکبێنـێ، ئەمـەش بـە بـێ تەقینـەوە بەدینایـەت. (ئـەوە ئەگـەر ڕاسـت بێـت دکتـۆر عیزەددیـن ئـەم جـۆرە ڕایـەی دەربڕیبێـت دەڵێـم ئەگەر...لـە بـەر ئـەوەی نەمتوانـی وێنەیـەک لـە نووسـراوی ئامـاژە بۆکـراو بـە دەسـت بێنـم لـە (ئەفسـانەی هەرزەگـۆ) بـۆ ئـەوەی بیسـەڵمێنم، کـە تەحـەددا کردنـی بەڕێـز هەرزەگـۆ لـە جێـی خۆیـدا نییـە. ئێمـەش لـە هەمـوو کێشـەکاندا بـە ڕاشکاویی لـە خسـتنەڕووی بیروبۆچونەکانمـان ناترسـین، کـە زۆرانێـک تیایانـدا نییـە، هەوڵـدەدەم وەڵامـی پرسـیارەکەی بدەمـەوە، کـە پەراوێـزی خسـتۆتە سـەر بـە گوزارشـتی (ئەگـەر ئەوەمـان زانـی بەڕێـز دکتـۆر زاوای تێکۆشـەری پشـتیوانانی

ئاشتی مامۆستا (عەزیز شەریف)ە[1]، وەک کۆمێنتێک لەسەر ئەم پەراوێزە دەڵێم ئێمە ڕێزێکی زۆرمان بۆ مامۆستا عەزیز شەریف هەیە و ئازیزە لە لامان بە هۆی ڕابووردووە نیشتمانییەکەی و تێکۆشانە دوور و درێژ و دۆستایەتییە گەرمەکەی بۆ کورد و کوردستان، ئەم هەڵوێستەشمان بە تەواوی لەگەڵ ڕێبازگەی هاوڕێی هەرزەگۆ یەک دەگرێتەوە، کە مامۆستا عەزیز شەریف ڕۆڵێکی شەرافەتمەندانەی هەیە لە بەرگری کردن لە مافی کورد و ڕاڤە کردنی ڕەوایی و ڕاستی کێشەکەیان و خاوەنی نامیلکەیەکیشە، کە تەنانەت بەڕێز هۆشیاریش ناتوانێ نکۆڵی لە ڕێزگرتنی بکات. بەڵام دۆستایەتیمان لەگەڵ مامۆستا عەزیز، لەوە گەڕێ کە زاوا یان کوڕی بێت، ڕێی ئەوەمان لێناگرێ کاتێک ئەگەر لەگەڵ پرنسیپەکانی حزبەکەمان یەک نەگرێتەوە، ڕامان لەگەڵیدا پێچەوانە بێت.

ئێستا دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی هەرزەگۆی بەڕێز و دەڵێم: ئێمە لەگەڵ ئەم ڕایە تایبەتە کۆک نین، کە دەیداتە پاڵ دکتۆر عیزەددین، ئێمە باوەڕمان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەموو گەلێک هەیە، پێمان وایە ئەم مافە ڕەهایە هیچ کۆت و بەندێک نایگرێتەوە، هەروەها باوەڕمان وایە ، کە بەکارهێنانی مافی چارەی خۆنووسین دەبێ بە پێی بەرژەوەندی ئەو گەلە بێت، بەڵام لەم تایبەتمەندییەوە دان بە دەست تێوەردانێک نانێین بۆ بەلاڕێدابردنی ویستی ئەم گەلە. پێشمان وایە ئەمە تاقە ڕێگایە بۆ بنیاتنانی جیهانێکی بەختەوەر و ئازاد لە چەوساندنەوە و دواکەوتن و برسیەتی، جیهانێک، کە ئاشتی و خۆشگوزەرانی باڵی بە سەردا کێشابێ، کە مەرجی بنەڕەتییە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی نێوان گەلان لە سەر بنەمایەکی توند و تۆڵ و چەسپیو. بێ لەمە بێگومان هیچ ڕێگایەکی تر نییە، بە پێچەوانەی

---

١-عەزیز کوڕی شەریف کوڕی عەبدولحەمید کوڕی حوسێن، ساڵی ١٩٠٤ لە شاری عانە هاتۆتە دنیا و لە ساڵی١٩٩٠ لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە (ئامادەکار).

ئـەو ڕایـەی دراوەتـە پـاڵ دکتـۆر ئەلـڕاوی، باوەڕمـان وایـە گەلانـی ئەوروپـا و ئاسـیا و ئەفریقـا لـە پراکتیزەکردنـی مافـی چارەنووسـی خۆیـان دەبێتـە مایـەی زاڵبـوون بەسـەر فاکتەرەکانـی تەقینـەوە و هەروەهـا بـە سـەر ئیسـتعمار و بەکۆیلەکردنیـش. ئـا ئەمـە ڕای ئێمەیـە، بەڕێـز هەرزەگـۆ ئاخـۆ تێگەیشـتیت؟ یـان چـی؟ ئەوەشـی (دەخەمـە سـەر) بەڕێـز هەرزەگـۆ پیاوەتـی نوانـدووە بـە ئاڕاسـتە کردنـی ئـەم پرسـیارە بۆمـان، بـۆ زانیـاری ئێمـە هەمیشـە و هـەردەم و لەهەمـوو بـار و دۆخێکـدا لـە تـەک عەرەبـدا وەسـتاوین لـە تێکۆشـانییان دژ بـە ئیسـتعمار و زایۆنیـزم. ئێمـە لەگـەڵ گەلـی عەرەبدایـن بـۆ وەرگرتنـەوەی فەلەسـتین و نەهێشـتنی داگیـرکاری، ئێمـە پشـتیوانی لـە هەوڵـی سـەرکردە عەبدولکەریـم دەکەیـن بـۆ ژیاندنـەوەی قـەوارەی فەلەسـتین و دامەزراندنـی سـوپای ڕزگاریخـوازی فەلەسـتین و دژ بـە زایونیـزم و فراوانخوازیەکانیین. ئــەم هەڵوێســتە بنچینەییەمــان لــە بــرا عەرەبەکانمــان و تێکۆشــانیان لــە کرۆکــی بیروبـاوەڕە سـەرەکییەکەمان و ئامانجەکانمانـە – بـۆ زانیـاری زیاتـر – بەڕێـز هەرزەگـۆ ڕووبـەڕووی ڕاپۆرتــی سـکرتێری حزبمــان مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمــەد دەکەمــەوە، کـە پێشـکێش بـە پێنجـەم کۆنگـرەی حزبـی کـردووە، لـە بـارەی کێشـەکانی عـەرەب و تێکۆشـانیان و هەروەهـا ڕووبـەڕووی بەرنامـەی حـزب و چەندیـن ژمـارە لـە ڕۆژنامـەی خەباتــی دەکەمــەوە لــەم بــارەوە. ئــا ئەمــە هەڵوێســتی هەڵێنجراومانــە لــە بنەمــا و ئامانجەکانمــان، ئــەو هەڵوێســتەی ناگــۆڕدرێ و دۆخــی لەنــاکاو کاری تێناکا...بــەڵام ئەگــەر بەڕێــز هەرزەگــۆ داوای هەڵوێسـتێک لــە کــورد بــکات، کــە لــە ڕێبــازی بەڕێــز هۆشــیاری هاوەڵــی لــە تێکۆشــانی نەتەوەیــی درێــژ بوبێتــەوە، ئــەوە دەبــێ ئــەم هەڵوێسـتە پشـتیوانی نەکردنـی گەلـی فەلەسـتین بێـت، چونکـە هیـچ ڕۆژێـک ورتـەی لێـوە نەهاتـووە بـۆ پشـتیوانی کـورد و تێکۆشـانەکەیان. بەڕێـز هۆشـیار لـە هەمـان ئـەو ژمارەیـەی پرسـیارەکەی تێـدا ئاڕاسـتەی ئێمـە کـردووە بـە دەق نووسـیوویەتی (ئەگـەر نزیکتریـن گـەل لـە کـورد عـەرەب بێـت، کـە هێنـدە ڕژد بووینـە لـە پشـتیوانی کردنیـان بـۆ بـە دەسـت هێنانـی مافـەکان و پاراسـتنی جوامێرییـان، ئـەوە نەدەبـوا کـورد بـۆ پشـتگیری عـەرەب متەقـی لێـوە بێـت. ئەمـە ڕێبـازی منـە). بـەم شـێوەیە هەڵوێسـتی

کورد لە فەلەستین، کە گەلەکەی سەخاوەتمەند نەبوون لە پشگیری کردنی کورد بۆ بە دەست هێنانی ماف و پاراستنی جوامێرییان، دەبێ بە تەواوی بێدەنگ بن، چونکە مامۆستا هۆشیار لێی ناشیاو کردوون، کە لە پشتگیری عەرەبدا متەقیان لێوە بێت بە پێی ڕێبازەکەی...لەمەش زیاتر ئەگەر بە نموونە ئیسرائیل پشتیوانی لە کورد کرد لە عێراقی کۆماریدا بۆ بە دەست هێنانی هەندێ لە مافەکان ئەوە لە بەرامبەردا دەبووە ئەرک بەسەر کورد، کە پشتیوانی لە ئیسرائیل بکات بەپێی ڕێبازی (دانوستان)ی تازە، کە مامۆستا هۆشیار بۆمانی هێناوەتە بوون. بەم شێوەیە نە بنەما و نە ئامانج هیچ بەها و نرخێکیان نامێنێ، خەبات کردنیش دەبێتە بازرگانی کردنێک تیایدا دانوستان بە ڕێوە دەچێت بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ بەهای مرۆڤایەتی و بنەمای دروستی نەتەوە و ئامانجە جوامێرییەکان بکرێت. ئایا بەڕێز هەرزەگۆ بەمە قایلە؟ ئایا بە نموونە قایلە کورد پشتیوانی لە ئیسرائیل بکات لە بەرامبەر ئەوەی ئەو پشتیوانی لە کورد بکات؟ وەک ڕێبازە تازەکەی بەڕێز هۆشیار دەیڵێ و ئەلحورڕییە برەوی پێداوە؟ ئایا بەڕێز هەرزەگۆ دەفەرموێ وەڵام بداتەوە؟ بە پێی ڕێبازی بەڕێز هۆشیاری برادەری؟ لەبەرئەوەی ئێمە وەڵامی پرسیاری ئەومان دایەوە؟ لە وانەیە ئەم لەسەروەستانەی درێژە نەکێشێ.

**ژمارە٣١١ لە ١٢/ ئەیلوول/ ١٩٦٠**

# (ک . و . ر . د)

ژاوە ژاوەکــە گەورەکــرا، ناڕەزایەتــی دەربــارەی بــەردەوام بوونــی خەبــات لــە بڵاوکردنــەوەی هەواڵــی تێکۆشــانی گــەلان، کــە تێکۆشــانی گەلــی کوردمــان ئەڵقەیەکــی بــە هێــزە لــەو ئەڵقــە زنجیرانــەی بەیەکــەوە بەســتراون، بــەردەوام لێــرە و لــەوێ دەنــگ بــەرز دەکەنــەوە و دەڵێــن کــورد چیــداوە لــە کوبــا و تێکۆشــانی کــورد و کۆنگــۆ و هیتــر لــە وڵاتانــی ئەفریقــا چ پەیوەندیەکیــان بــە یەکــەوە هەیــە، کــە لەوانەیــە خەڵکەکەیــان هیــچ شــتێک دەربــارەی کــورد و کوردســتان نەزانــن، لــەوە گــەڕێ تــا پشــتیوانی لــە خەباتــی یەکتــر بکــەن. لەوانەیــە تیایانــدا بێــت، کــە بــە دڵنیاییــەوە (ک . و . ر . د ) یــان بەیەکــەوە نەبیســتبێت. بەرامبــەر ئــەم قسانەیان ئێمــە تۆزقاڵێــک لــە هەڵوێســتە بنچینەییەکانمــان ناترازێیــن و لانادەیــن، کــە لەســەر ڕاســتییە مێژووییــەکان و ڕوداوە زینــدووەکان بــە پەیــڕەو کــردن لــە ئەزموونــی خەباتــی کوردســتان و ســەرجەم گــەلان بنیاتنــراوە و بــە بیرۆکــە شۆڕشــگێڕییە پێشــکەوتنخوازیەکەمان ڕابەرایەتــی کــراوە. هەروەهــا جەختیشــمان لــە ڕاســتیی یەکێتیــی خەبــات و بەرژەوەنــدی گــەلان کردۆتــەوە و ڕونیشــمان کردۆتــەوە داگیرکــەران دوژمنــی سەرســەختی مرۆڤایەتییــن بــە نەتــەوەی کوردیشــەوە و شکســت پێهێنانیــان لــە هــەر جێگایــەک بێــت لــە جیهــان ئــەوە لاوازکردنــی بــەرەی دوژمنانــی گــەل و نینــۆک کردنــی چەوســێنەر و خوێــن مــژان و پارچــە پارچەکردنــی هێــزی داگیــرکاری و چەوســێنەرانەی دوژمنانــە. هــەروەک بــەلادا شــکاندنی پارســەنگی گەلانــی تێکۆشــەرە لــە پێنــاو ڕزگاری و دیموکراســی و پتەوکردنــی بــاوەڕی بــە حەتمییەتــی ســەرکەوتن و پەرۆشــکردنی دەســتە و پەلــی تەقەلادەرانیەتــی، وێــڕای پەســەمەندەکردنی پەیــام و پەنــد لــەم تێکۆشــانانە و وانــە وەرگرتنــی زۆر و زەوەنــد و ســوود بینیــن لــە هەڵــە و نوچــدان یــان ســەرکەوتنەکانی خەباتــی گــەلان

ئەزموونەکە سیخناخ دەکات. لەمەش زیاتر ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە، کە ڕۆژنامەی خەبات بەم کارەی ئەرکێکی نیشتمانی دەبینێت و خزمەتێکی گەورەی نەتەوەیی پێشکەش بە کێشەی ڕەوای گەلی کورد دەکات، کە سەرکەوتنی سۆز و پشتیوانی گەلانی لێدەخوازێ، هەروەها بە تێگەیاندنی ئەم گەلانە بە ڕاستی و ڕەوایەتی ئەم کێشەیە و گرنگی و سودەکانی بۆ سەرجەم گەلان و بزووتنەوەی تێکۆشانی جیهانی دژ بە ئیستعمار و کۆنەپەرستی، خەبات بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەم گەلانە و ڕاگەیاندنی پشتیوانی بۆیان دژ بە ئیستعمار و ئەوانەی دەست لە کاروباریان وەردەدەن، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەدەستهێنانی سۆز و پشتیوانیی ئەم گەلانە بۆ کورد و کوردستان. بەڵام ئەمە تەنیا بە بڵاوکردنەوەی وتاری دوورو درێژ لە ڕۆژنامەی خەبات نایەتەدی، کە گەلی کوردیش سودێکی ڕاستەوخۆی لێدەبینێ، کە لە پێشتر بەرچاوی ڕوونتر دەبێ ئەو پەند و وانانەی لێهەڵدەهێنجێ، کە لەبەر ڕۆشناییدا شێوازەکانی تێکۆشان چاکتر دەکا، سەرباری کاریگەری گەورەی مەعنەوی لە دەروونی هاوڵاتیانی دڵسۆز بۆ گەلەکەیان. بەڵکو هەروەها دەبێ هەوڵی زۆر بێپەروایانە بۆ تێگەیاندنی گەلان بدرێت لە ڕاستی و ڕەوایی کێشەکەمان. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕاستیانە شێوێندرابوون، ئێستا ئاشکرابووە و چاکتر دەرکەوتوە و ئەم بوختانانەی لە دژی کراوە بە درۆدەخرێنەوە و بەڵگەی دروستی ئەمجارە لەم لایەنەوە هاتووە، کە هەندێکیان دەڵێن تەنانەت ناوی کوردستان نازانن و گوێبیستی (ک . و . ر . د) نەبوینە بەسەریەکەوە، ئەمەش لە شەشەم کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهانیدا هاتووە، کە ئێستا لە بەغدا دەبەسترێ، ئەو شوێنەی کە برا ڕەش پێستەکە لە ئەفریقاوە هاتبوو بەرگری لە مافی گەلان دەکرد، بە جەخت کردنەوە لە دروستی سیاسەت و ئامانجەکانی ڕۆژنامەی خەبات و بە ناردنی سڵاوی پشتیوانی و پشتگیری بۆ خەباتی گەلان بە گەلی کوردیشەوە، بە سڵاوکردن لە تێکۆشانی کوردستان لە پێناو ئازادی نیشتمان. بەمەش زللەیەکی سرەواندە داکۆکیکارانی گۆشەگیریی نەتەوەیی و ئەوانەی گاڵتەیان بە ڕۆژنامەی خەبات دەکرد لە بەردەوامی دانی بە پشتیوانی

کـردن لـە تێکۆشـانی گـەلان، ئـەو پشـتیوانییەی سـەری نوێنەرانـی کـوردی لـە نـاو نوێنەرانــی نەتــەوەکان بــەرز کــردەوە و وای لێکــردن داوا بکــەن بەهەمــان شــێوە چاکەیــان بدرێتــەوە. تەنانــەت وەک ئــەوەی مــن لــە ژوانێکدابــم لەگــەڵ ئــەو بــرا ڕەش پێسـتەی لـە ئەفریقـاوە هاتـووە و هەمـوو بـرا ڕەش پێسـتەکانی، کـە نـەک هـەر تەنیـا سـڵاویان لـە خەباتـی گەلـی کـورد کـرد، بەڵکـو هەڵوێسـتێکی شـکۆداریان لـە کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا گـرت و لەسەرسـەکۆی گەورەتریـن کۆڕبەنـدی خوێندکارانـی نێودەوڵەتـی پشـتگیریی مافـە نەتەوەیـی و کلتووریەکانـی گەلـی کوردیان کـرد.

بــرا ڕەش پێســتە ئازیزەکانــم، کــە شــانازی بــە پشــتیوانی ئێمــە و پەیوەندییــە هاوبەشــەکانی خەباتــی نێوانمانــەوە دەکەیــن ئەوەیــان ســەلماند، کــە ئــەوان بەسـەریەکەوە (ک . و . ر . د) دەناسـن و دەزانن پیتە نوێیەکانی وەک (س . ت . ا . ن) کـە بـە هەموویانـەوە دەبێتـە نیشـتمانی گەلـی کـورد واتـە کوردسـتانی خۆشەویسـت. نـەک هـەر ئـەوە بەڵکـو لـە پێنـاوی مافـە نەتەوەییەکانمانـدا پشـتیوانی لـە (ک . و . ر . د) دەکـەن و تەنانـەت کوردسـتانیش. دەڵێـم وەک ئـەوەی لـە ژوانێکـدا بووبـم لەگـەڵ برایانـی ڕەش پێسـت ، کـە لـە ئەفریقـاوە هاتـوون بـۆ ئـەوەی دەسـت بخەینـە نـاو دەسـتی یـەک و داکۆکیکارانـی گۆشـەگیریی نەتەوەیـی و ئەوانـەی گاڵتەیـان بـە ڕۆژنامـەی گەلـی کـورد و کوردسـتان، خەباتـی ئازیـز دەکـرد، کـە پشـتگیری تێکۆشـانی گەلانـی دوور و نزیـک دەکات، لـە قاوغێکـی تەسـکدا قەتیـس بکەیـن و بـەڕووی ئـەو خەڵکانـەدا دەنـگ هەڵبڕیـن و بڵێیـن ئـەو ڕێگایـەی ڕۆژنامـەی خەبـات گرتویەتییـە بــەر ڕێگایەکــی ڕاســتە و بــۆ خزمــەت کردنــی کــورد و کوردســتان هیــچ ڕێگایەکــی دیکـە نییـە. لێرەشـدا ئـەوەی لـە کۆبوونـەوەکان گـوزەرا وەک بەڵگەیەکـی قایلکـەر بـۆ خەڵکـی، بەڵکـو یارمەتـی گومڕایـان بـدات بگەڕێنـەوە سـەر ڕێـگای ڕاسـت و دەروازەکان بــە ڕووی مزگێنــی دەرانــی درۆدا دابخــات و دوژمنانــی نەتــەوەی کــورد بــە هەمــوو شـێوە و ڕەنگێـک ئاشـکرا بکـەن بـۆ ئـەوەی ڕاسـتییەکانیان لەبـەردەم خەڵکـدا ڕیسـوا ببـن و بیسـەلمێنن، کـە دوژمنایەتـی کردنیـان بـۆ پارتـی دوژمنایەتـی کردنـی نەتـەوەی

کـوردە، گومانیشـی تێـدا نییـە هـەردەم ڕاسـتی سـەردەکەوێت بـە سـەر درۆدا چونکـە کەفـی سـەر ئـاو لـە نـاو دەچـێ، بـەڵام ئـەوەی سـوود بـە خەڵـک دەگەینێـت لـە زەویـدا دەمێنێتـەوە.

**ژمارە ٣٤٠ لە٢٠/١٠/١٩٦٠**

# ئۆزینی ئاڤانا

ئۆزینـی ئاڤانـا، هاوڕێیەکـی ڕەش پێسـتی دەرون سـپییە، لـە قووڵایـی ئەفریقـای ڕاپەڕیـوەوە هاتـوە، کـە بـە زەبـر وەشـاندن داگیرکەرانیـان سەرسـام کـردووە. ئەفریقـا لـە خەباتـی ڕزگاریـی نیشـتمانییدا سـەرکەوتن بـە دوای سـەرکەوتن بە دەسـت دێنـێ. ئەم هاوڕێیـە لـە قووڵایـی ئەفریقـاوە هاتـە سـەر شـانۆی ژیانی سیاسـی لـە هەردوو ئاسـتی نیشـتمانی و جیهانـی. ئـەو ئەندامێکـی سـەرکردایەتی دیـارە لـە حزبـی یەکێتیـی گەلـی کامیـرۆن، ئـەو حزبـەی ڕۆڵێکـی بەرچـاوی گێـڕاوە لـە خەبـات دژ بـە داگیرکەرانـی فەڕەنسـا و ئینگلیـز، کـە وڵاتـی ئۆزینـی ئاڤانایـان کـرد بـە کۆیلـە و دابەشـیانکرد و خەڵکەکەیـان لـە خۆشـگوزەرانی ئـازادی و یەکێتیـی نەتەوەییـدا بێبەشـکرد. هەروەهـا ناوبـراو یەکێکـە لـە ئەندامـە دیـارەکان لـە ڕێکخـراوی تێکۆشـانی نێـو دەوڵەتـی لـە پێنـاو ئاشـتی و مافـی گـەلان لـە دیاریکردنـی چارەنـووس و هـاوکاری و برایەتـی لەنێـوان نەتەوەکانـدا، کـە بریتییـە لـە کۆمیتـەی هـاوکاری گەلانـی ئاسـیا و ئەفریقـا، کـە بنکەکـەی لـە قاهیرەیـە.

ئۆزینـی ئاڤانـای هاوڕێـی گەلـی کوردمـان زۆر بـە باشـی دەتوانـێ (ک . و . ر . د) گۆبـکات هەروەهـا درک بـە چەمکەکـەش دەکات، تەنانـەت هاوسـۆزی بـۆ کێشـەی ئـەو گەلـەش هەیـە، کـە ناوەکـەی لـە (ک . و . ر . د) پێکهاتـووە. ڕێکەوتێکـی بـاش بـوو، کـە جارێکیـان لـە دوای شۆڕشـی شـکۆدار لـە بەغـدا چـاوم پێکـەوت پێکـەوە باسـی کێشـەی کامیـرۆن و کوردسـتانمان کـرد، کـە لـەڕووی دابەشـبوون و کۆیلایەتـی داگیرکەرانـەوە هاوشـێوەن، هـەردوو لاشـمان کـۆک و هاوڕابوویـن لەسـەر گرنگـی شۆڕشـی ١٤ تەممـووزی شـکۆدار، کـە کوردسـتانی عێراقـی لـە ئیسـتعمار ئـازاد کـرد، بـۆ کێشـەی کوردسـتان هەروەهـا گەلـی کامیرۆنیـش. پاشـان سـەردانی

هـاوڕێ ڕەش پێستـەکەمانم کـرد کـە لـە جەنگەڵەکانـی ئەفریقـاوە لەگـەڵ شـاندێکی ئاسـیا – ئەفریقاییـەوە هاتبـوو بـۆ پێڕاگەیاندنـی سـڵاو بـە عێراقـی ١٤ تەممـووز و پڕۆپاگەندەکـردن بـۆ کێشـەی کامیرۆنـی نیشـتمانی و ناسـینی خەڵکانـی عێـراق بـە کـورد و عەرەبـەوە. دەڵێـم سـەردانی ئـەم هاوڕێیـەم کـرد لەگـەڵ مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد لـە هوتێلـی بەغـدا، کـە لێـی دابەزیبـوو. بـە یەکـەوە بـە درێـژی باسـمان لـە کامیـرۆن و عێراقـی نـوێ و کوردسـتان کـرد، تێبینیمـان کـرد پشـتیوانییەکی زۆری بـۆ کۆمـاری تـازەی عێـراق، کۆمـاری کـورد و عـەرەب و تێکۆشـانی کـورد و کوردسـتان هەیـە، درکیشـمان بـەوە کـرد، لـە بـاری دۆخ و تێکۆشـان لێکچونێکـی زۆر لـە نێـوان کامیـرۆن و کوردسـتان هەیـە، هـەردوو وڵات دابـەش و بێبـەش کـراون لـە مافـی چارەنـووس، هـەردوو وڵاتیـش لـە ڕووی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتـی و ئابـوری لێـک نزیکـن، کـە داگیرکـەران جڵەوەکەیـان گرتۆتـە دەسـت - ئەمـە بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی بەشـێکی کوردسـتان دوای شۆڕشـی تەممـووز ئـازاد بـووە – لـە هـەردوو وڵاتیـش دوو حزبـی پێشـڕەوی جەمـاوەری شۆڕشـگێر هـەن، کـە شـیوعی نیـن، هەروەهـا لـە شـێوازی حزبـە کۆنەکانیـش نیـن، بەڵکـو دوو حزبـی پێشـکەوتنخوازی جەماوەریـن لـە شـێوازی نوێـدا یەکێکیـان حزبـی یەکێتیـی گەلـی کامیرۆنـە لـە وڵاتـی بەڕێـز ئاڤانـا و دووەمیـان حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانە لـە وڵاتـی خۆمـان، هەروەهـا لێکچونێکـی گەورەمـان لـە پێکهاتـەی سروشـتی هـەردوو حزبـی پێشـڕەودا بەدیکـرد لـە سیاسـەتیی دەرەکیـان و تێڕوانینییـان بـۆ کێشـەی ئـازادی و ئاشـتی لـە جیهانـدا، هـەردوو حـزب باوەڕیـان بـەو ڕاسـتییە هەیـە کێشـەی ئـازادی لـە هەمـوو جیهانـدا یەکـە. هـەر گەلێـک سـەرکەوتن بـە سـەر ئیسـتعمار و کۆنەپەرسـتان بەدەسـت بێنـێ ئـەوە سـەرکەوتنە بـۆ گەلانـی تریـش، چونکـە بەرژەوەنـدی گـەلان و ئامانجـی گشـتی و سـەرەکیان یـەک شـتە و دوژمنانییـان داگیرکـەر و کۆنەپەرسـتانن لـە ڕووی نێودەوڵەتییـەوە لـە نێـوان خۆیانـدا ڕێککەوتـوون، ئەمـەش پێمـان دەڵـێ گەلانیـش دەبـێ خەباتـی خۆیـان لـە ئاسـتی نێودەوڵەتییـدا یەکبخـەن بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هێـزی داگیرکـەران و دەسـت خسـتنەوەی مافـە زەوت کراوەکانییـان و بەدیهێنانـی

ئاواتــە هاوبەشــەکانییان لــە ئاشــتی و دیموکراســییەت و برایەتــی نێــوان گــەلان. هــەردوو حزبیــش باوەڕیــان بــە دروســتیی سیاســەتی دژایەتــی کردنــی ئیســتعمار و جەنــگ و دیکتاتۆریــەت هەیــە و زەرورەتــی بەدیهێنانــی سیســتەمێکی دیموکراســیی ئاڕاســتەکراو، کــە خزمەتــی جەمــاوەری گــەل بــکات. هــەردوو حزبیــش پشــت بــە جەمــاوەری گــەل لــە کرێــکار و جووتیــار و کاســبکار و ڕۆشــنبیرە شۆڕشــگێڕەکان دەبەســتن و نوێنەرایەتــی بەرژەوەندییەکانــی جەمــاوەری گــەل دەکــەن. پوختەکــەی ئەمانــە دوو حزبــی پێشــڕەون لــە یــەک شــێوازدا. دوای ئــەوەی ئــەم لێکچوونــە زۆرەمان بینــی لــە نێــوان دۆخ و خەباتــی هــەردوو وڵات پەیوەندییــەکان لــە نێوانمــان تونــد و تۆڵتربــوون و خۆشەویســتی و دۆســتایەتی هــەردوو لامــان لــە دڵــەوە لەنێوانمــان زیاتــر بــوو. کاتــێ هاوڕێمــان ئۆزینــی ئاڤانــا گەڕایــەوە نامەیەکــی بــۆ نووســیبووین ئــەو کات لــە گۆڤــاری خۆشەویســت و تێکۆشــەری (ڕزگاری) بلاومــان کــردەوە. بــێ لەمــە پێموایــە ئێمــە تکایەکەیمــان بەجێگەیانــد بــە نووســین لــە ســەر کامیرۆنــی نیشــتمانی و ڕۆژنامــەی خەباتیــش زۆرێــک وتــاری دەربــارەی تێکۆشــانی بلاوکــردەوە. دوا نووســینێک، کــە لــە خەبــات دەربــارەی کامیــرۆن کەوتــە بەرچــاوم هەواڵــی ناڕەزایەتــی دەربڕینــی گەلانــی ئەفریقــا بــوو ســەبارەت بــە تیرۆرکردنــی فیلێکــس مۆمــی ســەرۆکی یەکێتــی گەلــی کامیــرۆن لەلایــەن چەتەکانــی دەســتی ســووری فەڕەنســاوە. مۆمــی جەنگاوەرێکــی ئــازا و دیــار بــوو بــۆ ئــازادی وڵاتەکــەی، لــە لایــەن چەتەیەکــەوە تیــرۆر کــرا، کــە (لەجیهانــی ئــازاد)دا پێزانــراوە گەورەکانیــان بانگەشــە دەکــەن بەرگــری لــە هەمــان ئــازادی دەکــەن، کــە خوێنــی فیلێکــس مۆمــی لــە ســەر قوربانگاکــەی ڕژاوە. ئەمــە چ گاڵتەجاڕییەکــە چەتەکانییــان پاڵەوانەکانــی ئــازادی دەکــوژن، کــە تێکۆشــەرانی سەرســەخت بــوون لــە پێنــاو ئــازادی، ئــەو چەتــە بکوژانــەی بــە ڕوونــی تارماییەکانــی پەنتاگــۆن و پاریــس لــە پشــتیانەوە دەبینرێــن – بەگوێــرەی گۆتــەی ســەرکردەیەکی موســڵمانی ئەفریقایــی – بەڵــێ چەتــە تاوانبارەکانییــان پاڵەوانێکــی نیشــتمانپەروەری وەک فیلێکــس مۆمــی ســەرۆکی حزبەکــەی هاوڕێمــان ئۆزینــی ئاڤانــا دەکــوژن بەبــێ ئــەوەی بانگخوازانــی جیهانــی ئــازاد شــەرم بیانگــرێ لــە بانگەشــە درۆینەکەیــان لەمــەڕ

ئـازادی، کـە پاڵەوانەکانـی لـە خـاچ دەدەن. بەڵـێ ئـەم چەتـە فاشیسـتانە پاڵەوانـە بەجەرگـەکان دەکـوژن لەبەرئـەوەی شـەیدای ئـازادی و سـەربەخۆیین، کـە لـە ڕاسـتییدا ئـەوان لاشـەکەیان دەکـوژن نـەک ڕۆحیـان، کـە بەسـەرکاروانی ئـەو گەلانـەدا دەفـڕن، کـە بـەرەو ڕوناکـی و ئـازادی و سـەربەخۆیی دەڕۆن بـۆ ئـەوەی کوندەپەپـۆی شـوم و قەلـە ڕەشـەکانی ئیسـتعمار لـە کاروانەکـە دوور بخاتـەوە، کـە خوێنـی شـەهیدانی گەل، شــەهیدانی کامیــرۆن و کوردســتان و کۆنگــۆ و جەزائیــر ڕێــگای خەبــات و ڕزگاری و سـەربەخۆیی ڕوونـاک دەکاتـەوە.

بـۆ هاوڕێـی خۆشەویسـتم ئۆزینـی ئاڤانـا ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی یەکێتیــی گەلــی کامیــرۆن و هەروەهــا بــۆ گــەل و حزبەکــەی هاوخەمــی خــۆم و ســەرجەم کــوردە شــەرافەتمەندەکانتان پێدەگەیەنــم و دەنگــم بــۆ ســەرکۆنە کردنــی تاوانــی تیرۆرکردنــی شــەهیدی ئــازادی مۆمــی نەمــر بەرزدەکەمــەوە.

**ژمارە ٣٦٣ لە ١٩٦٠/١١/١٧**

# لەبارەی دادگایی کردنی نیشتمانپەروەرانی کورد لە سوریا

ماوەیێکە دادگایی کردنی کۆمەڵێکی باشی نیشتمانپەروەرانی کورد، کە لە بواری بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراسی کوردیدا کاردەکەن، بەڕێوەدەچێ، وەک تێکۆشەری ناسراوی کورد، دکتۆر نورەددین زازا[١]، مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی دیمەشق، نووسەر و شاعیری تێکۆشەر، ئۆسمان سەبری، کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی داگیرکاریدا ئازاری زۆری چەشتبوو، مامۆستا ڕەشید حەمۆ[٢] کاندیدی پێشوو بۆ نوێنەرایەتی ناوچەی جەبەل ئەل ئەکراد[٣]، و٢٩ نیشتمانپەروەری دیکەی کورد لە برایانی هەردوو شەهید، مەمدوح قەرەشولی و ملازم کەمال ئەلماز و هیتر لەوانەی قوربانییان بە ژیانی خۆیاندا لە نەبەردییەکانی ڕزگاری فەلەستیندا. ئەم نەتەوەپەروەرانەی کورد دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆریان لە شوێنی ترسناکی ڕاگیر کردنیان بەسەر برد ئێستا خراونەتە بەردەم دادگایەکی سەربازی، کە داواکاری گشتی داوای

---

١-نورەددین یوسف زازا ١٩١٩ – ١٩٨٩ لەناوچەی مەعدەن لە نێوان ئامەد و ئەلعەزیز لەباکوری کوردستان لە دایک بووە، بە هۆی پشتیوانی کردنی باوکی و دکتۆر نافیزی برای لە شۆڕشی١٩٢٥ زیندانی کراون، دوای ئازادکردنیان کۆچیان کردووە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان لە قامیشلۆ نیشتەجێ بوون،ساڵی ١٩٨٩ لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە (ئامادەکار).

٢-ڕەشید حەمۆ (١٩٢٥ – ٢٠١٠ خەڵکی گوندی هوبکای سەر بە عەفرینە (ئامادەکار).

٣- (کورد داغ یان چیای کورمینج، کەوتۆتە بناری کێوەکانی زنجیرە شاخی تۆرۆسەوە، هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونی کوردە، قەرەباڵغترین ناوەندی دانیشتوانی سوریایە (ئامادەکار).

لەسێدارەدانیان دەکا. بۆ گرتنەکەشیان هیچ هۆکارێک نییە، ئەوەندە نەبێ ئەمانە سوورن لەسەر کوردینیەتیان و تێکۆشانیان لە پێناو مافە کلتووری و دیموکراسییەکان بۆ کوردەکانی سوریا و هاوکاری کردنیان لەگەڵ برا کوردەکانیان لە سەرانسەری کوردستان بە تایبەتی لە بەشی عێراقدا. بەڵێ دادگایی کردنی ئەم نیشتمانپەروە کوردانە، کە شانبەشانی برا عەرەبەکانییان لە خەباتی نیشتمانییدا دژ بە ئیستعمار لە پێناوی دیموکراسییەت و پیلانگێڕییەکانی بنەماڵەی هاشمییەکان، کە دژی سوریای ئازادن، دادگایی کردنەکەیان لە نزیک گۆڕی پاڵەوانی گەورەی کورد سەلاحەددین ئەیوبی بەڕێوە دەچێت، کە سەرکردایەتی سوپایەکی کرد، کە لە باوک و باپیرانی ئەم نیشتمانپەروەرانە پێکهێنرابوو و لە کوردستانەوە هێنایانی بۆ ئەوەی شەڕ بکەن بۆ گەڕاندنەوەی فەلەستینی عەرەبی، هەندێک لەمانەی بەجێهێشت و ئەرکی بە سەردا سەپاندن، کە لە شام بمێننەوە و بەردەوام بن لەبەرگری کردن لە خاکی عەرەب. هەندێکیان نەوەکانیان بە جێهێشت بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، کە پاداشتی نەوەکانیان سزای (سینمار) دەبێت[٤]. ئەم نیشتمانپەروەرە کوردانە بە تۆمەتێک پەلکێش کراون، کە فەرمانڕەوایانی سوریا لە پێشەوەیاندا بەڕێز سیراج دەزانن گرتنەکەیان نایاساییە، چونکە کوردەکانی سوریا ئارەزووی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ناکەن لە گەڕەکی کوردەکان یان لە عەین ئەلعەرەب[٥]. کوردەکان ئەم ڕاستییانەیان بۆ سەرکردە عەرەبەکان و فەرمانڕەواکانیان لە وێنەی

---

٤-تەلارسازێکی بێزەنتی بووە، گوایە کۆشکی خەوەرنەقی بۆ شا نەعمانی کوڕی مونزر دروست کردووە، بۆ ئەوەی دوای ئەم کۆشکە هیچ کۆشکی تر دروست نەکات لە پاداشتیدا لە سەر کۆشکی خەوەرنەق فرێیداوەتە خوارەوە، ئەمە بۆتە قسەیەکی نەستەق، کە پاداشتی چاکە بە خراپە وەڵام بدرێتەوە (ئامادەکار).

٥-کۆبانی، ناوچەیەکی کورد نشینە کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عەفرین (ئامادەکار).

بەڕێـزان سـیراج[٦] و ئەکـرەم حۆرانـی[٧] و سـەبری عەسـەلی[٨] و هیتـر ڕوون کردۆتـەوە. شـتێکی گاڵتـە جاڕییـە، کـە یەکێـک لـە تۆمـەت بـارەکان لـە ئێسـتادا مامۆسـتا ڕەشـید حەمۆیـە، ئـەو کەسـەی بـە دوو داواکاری سـیراج داهـات بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی پێـوە بـکات و لێـی تێبـگات دەربـارەی ڕاسـتی مەبەسـتەکانی ئـەم نیشـتمانپەروەرانەی کـورد، کـە ڕاسـتی مەبەسـت و ئامانجەکانیـان پێگوتـوە. مـن دەڵێـم ئـەوە گاڵتەجاڕییـە، کـە بەڕێـز ڕەشـید حەمـۆ یەکێکـە لـەو کەسـانەی، کـە دەبێـت سـەری لـە جەسـتەی جیابکرێتـەوە چونکـە لـە پێنـاو کێشـەی ڕەوای کـورد تێدەکۆشـێ، کـە ڕێبەرانـی سـوریا بەڵێنیـان پێـداوە پشـتیوانی لێبکـەن بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی بەدەسـت هێنانـی یەکێتیی سـوریا – میسـر، کە کەسـێکی دەوڵەتمـەداری دیـار لـە سـەرۆکایەتی ئـەم کۆمـارە وەسـتاوە کـە لـەم یەکێتییەوە دەرچـووە، کـە داگیرکەرانـی سەرسـام کردبـوو بـە لێدوانەکانـی دەربـارەی ئـازادی و دیموکراسـییەت و مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی گـەلان، کـە سـەرۆک جەمـال عەبدولناسـرە و یەکێکـە لـە سـەرکردەکانی بزووتنـەوەی نەتەوەپەرسـتی عەرەبـی دژ بـە ئیسـتعمار و لکانـدن. بەڵـێ شـتێکی گاڵتـە جاڕییـە، کـە ڕەشـید حەمـۆ و براکانــی لەســەرتۆمەتێکی بــێ بنەمــا دادگایــی دەکرێــن، کــە ســەرکردەکانی عەرەبـی یەکگرتـوو دەزانـن نایاسـایین، چونکـە ئـەم تێکۆشـەرانە بۆ بـرا کوردەکانی خۆیـان لـە سـوریا جگـە لـە مافـی هاوڵاتیبوونـی دیموکراسـی و مافـە کلتوورییـە ڕەواکانیــان بــەولاوە داوای زیاتریــان نەکــردووە بــۆ گەلەکەیــان، هەروەهــا لــە دەرەوەی سـوریا هیچیـان ناوێـت، جگـە لـەوەی هەمـوو نەتەوەپەرسـتێکی عەرەبـی

---

٦-عەبدولحەمید سیراج ١٩٢٥-٢٠١٣ دەرچوی کۆلیژی جەنگ لە ٩٥٨ تا ١٩٦١ وەزیری ناوەخۆ ، پیاوێکی ترسناک وتوندوتیژبووە بەرامبەر نەیارەکانی (ئامادەکار).

٧-ئەکرەم ڕەشید محیەددین حۆرانی ١٩١٢ – ١٩٩٦ (ئامادەکار).

٨-سەبری عەسەلی ١٩٠٣-١٩٧٦ لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو سەرەک وەزیران بووە، لە کۆماری عەرەبی یەکگرتودا جێگری جەمال عەبدولناسر بووە، یەکێک بووە لە سەرکردەکانی کاری نەتەوەیی دژایەتی منداتی فەرەنسای کردووە (ئامادەکار).

شـەرەفمەند ئاواتـی بـۆ دەخـوازێ. ئـەی بۆچـی داواکاری گشـتی لـە دادگای سـەربازی داوای سـەری ئەمانـە دەکات. بنەماکانـی باندۆنـگ لـە کوێـن، کـە بەڕێـز عەبدولناسـر یەکێـک بـوو لـە داڕێژەرانـی، کـوا پێداویسـتییەکانی برایەتـی عەرەبـی – کـوردی لـە کوێـن، کـە پێویسـتییان بـە ڕێزگرتـن لـە مافەکانـی کـورد هەیـە لـە سـوریا، ئـەو پەرۆشـییە بـۆ ڕێزگرتـن لـە پەیوەندییـە ئاینـی و مێژووییـەکان لەکوێدایـە و ئایـا ڕێگـە پێـدراوە، کـە تایبەتمەندییەکانـی شـکۆداریی نەتـەوەی عـەرەب بـن وەک وەفـا بـۆ گەورەیـی و دڵسـۆزی عەرەبـی لـە کاتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ کـوردەکان بەجێبهێڵدرێـت و دەسـبەرداربن. ڕێگـە بـدەن بـە ڕاشـکاوی بیڵێـم، کـە ئەمـە خزمـەت بـە برایەتـی عـەرەب و کـورد یـان بزووتنـەوەی عەرەبـی نـاکات، کـە لـە لایـەن نەتـەوەی کـوردەوە پشـتگیری دەکرێـت بـۆ بـە دیهێنانـی هەمـوو ئـارەزووە ڕەواکانـی، ڕێگـەم بـدەن داوا لـە سـەرۆک عەبدولناسـر و فەرمانڕەوایانـی سـوریا بکـەم بـە نـاوی باندۆنـگ و برایەتـی عـەرەب و کـورد و بـە نـاوی ئامانجەکانـی عەرەبـی ئازادیخـواز کاربکـەن بـۆ ئـازاد کـردن و ڕزگارکردنـی ئـەم نیشـتمانپەروەرانەی کـورد.

**ژمارە ٣٧١ لە ١٩٦٠/١١/٢٨**

# کامەران شاعیرێک لە کوردستان

برای زۆر خۆشەویستم کامیل بەسیر[1] کتێبە بە بەهاکەی خۆی بە ناوی: کامەران شاعیرێک لە کوردستان، بە دیاری پێبەخشیم، دەستم کرد بە خوێندنەوەی، بەڵام خوێندنەوەکەم تەواو نەکرد، چونکە خەیاڵ و یادەوەرییەکان جەنجاڵییەکیان لە مێشکمدا دروستکرد، کە نەتوانم چیتر لەو دەستەواژانە تێبگەم، کە دەکەوتنە بەرچاوم. بیرم بە شێوەیەک پەرت بووبوو لە چڕکردنەوەیاندا سەرکەوتوو نەبووم، بە ناچاری خۆم دابە دەستەوە و کتێبەکەم خستە لاوە و قەڵەمم بە دەستەوە گرت بۆ یادداشت کردنی چەردەیەک لە خەیاڵ و یادەوەرییەکانم، خەیاڵم دەربارەی دانەری کتێبەکە و یادەوەریەکانیشم لەمەڕ شاعیری کوردستان، کامەرانی ئازیز. بیرۆکەیەک یاخود بڵێم خۆزگەیەکم بۆ هات، بۆچی کامیل نابینا بوو؟ هەر بۆ ئەوەی وەک ئێستای کامل بێت لە ڕووی زیرەکی و دڵسۆزی و ئارەزووەوە لە خزمەتی گەلی کورد و کوردستانی نیشتمانی دابێت؟ بەخۆمم گوت چۆن گەنجێکی واباش و نەرم و نیان لە نیعمەتی ڕۆشنایی؟ - تەنیا ڕۆشنایی و ڕوناکی خۆر– ئەو ڕۆشناییەی دزێک ڕێنوێنی دەکات بۆ شوێنی مەبەستی وەک مامۆستا جەواهیری دەیڵێت، یان یارمەتی بکوژ و زۆردار و داگیرکەران دەدات بۆجێبەجێ کردنی پلانە دۆزەخیەکانییان، ئاخۆ چۆن دەتوانرا بە کاملێک بگەین

---

١–پرۆفیسۆر و دکتۆری بلیمەت، کامل حەسەن بەسیر١٩٣٣ — ١٩٨٧ لە بنەماڵەیەکی کوردی فەیلی لەشاری بەغدا لە گەڕەکی سیراجەدین لە باب شێخ هاتۆتە دونیا، هەر لە منالییەوە بەهۆی نەخۆشی ئاولە چاوەکانی لە دەست داوە، لە ١٩٨٧/١٠/٢٢ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. خاوەنی ژمارەیەک کتێبە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لەوانە کامران شاعر من کردستان، کە ئەم وتارەبەو ناونیشانەوە نووسراوە. (ئامادەکار).

ئەگەر نابینا نەبوایە؟ ئایا لەسەراولێژی ژیان و تێکۆشان و ئەوەی لە دوتوێی کێشە گشتیەکان و بارو دۆخی سیاسیی ئاڵۆز هەر بەم شێوەیە وەک ئێستا شارەزا و کارامە دەمانبینی؟ بیرم لەم خاڵە کردەوە، پاشان بە بڕیارێک گەیشتم.. بڕیارێک بەهەموو هەستەکانم دانی پێدادەنێم، لەوانەیە بڕیارەکە ئازاری برای خۆشەویستم کامیل بەسیر بدات، بەڵام دڵخۆشیشم دەکات. ئەو بڕیارە ئەوەیە کە من سوپاسی خوا دەکەم، کە کامیل نابینا بوو؟ چۆن نا، کە گەلی کورد شانازی بەم کارامە تێکۆشەر و ژیرەوە دەکا، کە دەرونی پڕە لە خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان و ئایدیای مرۆڤایەتی بەرز و مێشکی لێوانلێوە لە بۆچوون و بیرۆکەی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانە؟! پاشان کێ بوو دەبویە کامیلی زرنگ و کارامە بە ژیان و تێکۆشان و هونەرەکانی ئەگەر نابینا نەبوایە؟ چاکترینی نابینا بۆ خزمەتی گەلی کورد و بەرزکردنەوەی ناوبانگی، دەبا ڕێسای قوربانیدان بە ئاسودەیی و خۆشییەکانی ژیان لە پێناوی کورد و کوردستان بە تاکەکان بدرێت، پێشەنگی هەموو نیشتمانپەروەرانی کوردبێت ـ دەبا کامیل و هەزاران گەنجی کوردستان لە نیعمەتی ـ ڕۆشنایی ـــ بێبەش بن لە پێناو ئازادی گەل و شکۆی نیشتمان؟

ئەم خەیاڵانە بە مێشکمدا گوزەریان کرد و لە بیرمدا جێگیربوون.. بۆچی شاشەی دلمم ئاوەڵاکرد تا یادەوەرییەکان فیلمەکانی خۆیان نمایش بکەن.. ئەو یادەوەریانەی ناونیشانی کتێبەکە ناردنی: کامەران شاعیرێک لە کوردستان و نمایش کردنی فیلم و یادەوەرییەکان، کە ڕوداوەکانی لە گوندێکی کوردنشینی هەرێمی جەزیرە لە سوریا پایزی ١٩٥٧ ڕویانداوە، کاتێک لەوێ چاوم بە هەژاری شاعیری گەورەی کوردستان کەوت لە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان تا بە نهێنی و خۆحەشاردان لە دادگەری! تێیدا بژیم، بێگومان دادی نوری سەعید و ئیستعماری بەریتانیا! هەژار پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم بچین بۆ ماڵەکەی، کە کوختێکی سادە بوو وە ماڵی خانەخوێیە نیشتمانپەروەرە دەوڵەمەندەکەمان بە جێهێشت و کۆڵانەکانی گوندەکەمان دەبڕی، هەژاری شاعیریش باسی

سەرسوڕمانی خۆی بە چامەیەک بۆ دەکردم، کە لە ڕادیۆ گوێبیستی بووبوو – ئێزگەی کوردی لە بەغدا ـ هی شاعیرێکی تازە (وەک ئەو دەیگوت) بە ناوی کامەران لە سەر لافاوەکەی ئەوسای سلێمانی. باسی لە سەرسامی زۆری خۆی بۆ ئەم شاعیرە بۆ دەکردم لەبارەیەوە لێی دەپرسیم منیش حەزم دەکرد زۆرتر گوێی لێبگرم بەر لەوەی بە شتێکی کەم لە بارەیەوە وەڵامی بدەمەوە لەبەرئەوەی خۆی شاعیرێکی گەورە و ئەدیبێکی بە توانایە و زۆر لە من زیاتر دەزانێ بگرە دەیان هەندی من لە پەسند دان و نرخاندنی کامەران و ئایندەی دەزانێ.. کاتێک گەیشتینە ماڵی شاعیر، ببورن کوختەکەی و دانیشتین، هەژار بەردەوام بوو لە ستایشکردنی تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری کامەران لەم چامەیەیدا، کە لە ڕادیۆ گوێی لێبووە، دواتر پێداگری کرد لە سەر بۆچوونەکەی، گوتم چۆن خەیاڵی شاعیر کامەران دەکەیت. گوتی ئەم گەنجە بەم زوانە دەبێتە یەکێک لە شاعیرە گەورەکانی کوردستان پێش من و گۆران و هەموو شاعیرانی تر دەکەوێتەوە. ئەم قسەیەی لە دڵیەوە بە پەندێکی پێشینانی باوەوە هێنایەوە...لێرەدا من هاتمە گۆ و وتم: کامەران شاعیری نوێ وەک تێکۆشەرێکی شۆڕشگێر لای من ناسراوە لە ڕیزەکانی پێشەوەی پێشڕەوایەتی گەلی کورد (پارتی) خەباتی کردووە و ڕووبەڕووی زیندانیکردن بۆتەوە، کە ماوەیەکی زۆری بە بوێری و خۆڕاگری تیادا بەسەر بردووە، دواتر دوای قوربانیدانی بە خوێندنەکەی یان وەک ئەوەی لە دابی خەڵکا دەگوترێت بە پاشەڕۆژەکەی! بەردەوامی داوە بە خەبات، ئەمجارەیان ڕێگایەکی نوێی هەڵبژارد، جگە لە خەباتی سیاسیی دەستی داوەتە وتنی شیعر چامەیەکی نووسیبوو، کاتێک لە بەغدا لە قۆناغی سێی کۆلیژ بووم بۆی ناردبووم تا چاپی بکەم و بڵاوی بکەمەوە. پاشان دەستم کرد بە ئەنجامدانی ئەوە دوای ئەوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ڕازی بوو گوتی با کامەران هانبدەین بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکەی، چونکە من لە شاعیریەتی و لێهاتویی و شیعرە نایابەکانی ڕادەبینم، بەڵام ئەوەی پێناڵێم بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵبدات و کۆشش بکا و ماندوبێت لە کارەکەیدا بۆ ئەوەی کەمتەر خەمی نەنوێنێ و لەسەر وشەکانی هاندان نەخەوێت تا

سـەرچاوەکانی شـیعری بـە باشـی بتەقنـەوە. دوای چاپکردنـی شـیعرەکەی بـە شـیعرەکەی ئێوەشـەوە کامـەران جارێکـی تـر زیندانـی کرایـەوە لەبەرئـەوەی داوای ئاشـتی و برایەتـی لـە نێـو گەلانـدا دەکـرد و دژی جەنـگ و وێرانـکاری بـوو، چونکـە لـە خۆشەویسـتی کـورد و کوردسـتان کفنـی پۆشـیبوو و بەرگـری لـە مافەکانیـان دەکـرد. پاشـان لەگـەڵ شـاعیردا چووینـە سـەر بابەتـی تـر و کامەرانمـان بـە جێهێشـت شـەونخونی بـکات و ماندووبێـت تا ئەو کاتـەی بیـری بـە شـیعری شۆڕشـگێڕانە و سـۆزداری بێهاوتـای دەکرێتـەوە. دوای ماوەیـەک خەڵکـی خوێنـدەواری کوردسـتان بـەری ماندووبوونـی کامەرانـی داهێنـەر و نیشـتمانپەروەر و شۆڕشـگێڕیان بینـی. ئیمـڕۆ هەرکاتـێ سـەرنجی ئـەم کتێبـە دەدەم، کامـەران بـە ڕاسـتی بۆتـە یەکێـک لـە گەورەتریـن شـاعیرانی کوردسـتان، چونکـە ئـەو داهێنەرتریـن شـاعیرە لە شـیعری نوێـدا، شـان لـە شـانی نـادرێ و سـوارچاکێکی دیـارە لـەم بـوارەدا، کامـەران بۆتـە شـاعیری خەڵکـی شـکۆمەندی کوردسـتان و هـوزارە دەنـگ خۆشـەکەی، ئـەو بـە سروشـتی جوانـی کوردسـتان هەڵدەڵـێ و ستایشـی خەباتـی جەمـاوەر دەکات، پاڵەوانییەتـی تێکۆشـەرانی نێـر و مـێ شـکۆدار دەکات و بیرۆکـەی پێشـکەوتنخوازانە و بنەمـا دیموکراسـییەکان لـە قاڵبـە شـیعرییە جوانەکانیـدا دادەڕێـژێ، کـە لـە دڵـەوە قەبـوڵ و پەسـندکراون. هەروەهـا کامـەران شـاعیری کاروانەکەیـە، کاروانـی گەلـی کـورد، کـە لەژێـر سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێمـەدا بـەرەو ڕوناکـی و ئـازادی و بەختـەوەری دەڕوات.

داوا لـە هەمـوو خوێنەرانـی کتێبـی کامـەران شـاعیرێکە لـە کوردسـتان دەکـەم بـۆ ئـەوەی لایەنـە گرنگەکانـی شـیعرە ناوازەکانـی کامـەران بزانـن، بـە تـکاوە داوا لـە بـرا عەرەبـە ڕۆشـنبیرەکان دەکـەم ئەوانیـش بیخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی لـە لایەنـە گەشـەکانی ئەدەبـی کـوردی پێشـکەوتنخواز بزانـن و لەڕێگـەی شـاعیری دیـاری کوردسـتان درک بـە زۆرێـک لـە بارودۆخـی گەلەکەمـان بکـەن.

سـڵاوی برایانـە و سەرسـوڕمان و پێزانیـن بـۆ کامـەران، بـۆ بەسـیریش سـڵاوی کوردێـک کـە بـە چاکەکانـی دەزانێـت.

**ژمارە ٣٧٥ لە ١٩٦٠/١٢/٥**

# یادی کۆچی دوایی
# شاعیری شۆڕشگێر بێکەس

مێــژووی گەلــی کــوردی ســەر بەرزمــان لێــوان لێــوە لــە قارەمانییەتــی بەرچــاو، کــە جەمــاوەری گــەل لــە ململانێیــدا لەگــەڵ هێزەکانــی شەڕفرۆشــتن و زۆرداری، لــە تێکۆشــانیاندا دژ بــە ئیســتعمار و داگیرکــەران لەپێنــاو ڕزگاری نیشــتمانی حوکمــی ڕەوا، دەســتی داوەتــێ. هــەروەک بەرگریــکار و تێکۆشــەرانی کــورد لــە بزووتنــەوە شۆڕشــگێڕییەکانیاندا قارەمانیەتییــان نوانــد و لــە مەیدانــی نیشــتمانییدا بــە درێژایــی ســەردەمەکان خۆیــان ڕاگــرت، هەروەهــا خەڵکــی شــکۆمەندی کوردســتان شــاناز بــوون بــەم کارە گرنــگ و بەبایەخــە نیشــتمانییەی بــە میــرات لــە شۆڕشــگێڕانی کــورد بۆیــان مابــۆوە و بــەردەوام بــوون لــە دووبــارە کردنــەوەی ڕێــز و سەرســوڕمان بۆیــان و نەمرکردنــی پاڵــەوان و شــکۆ و بیرۆکەکانیــان. شــیعری نیشــتمانیی کــوردی، کــە بەقارەمانییەتــی گەلــی کوردســتان و تێکۆشــانی جەمــاوەرە ڕاپەڕیوەکــەی هەڵــدەدا ڕووەو لوتکەکانــی شــکۆ و پێشــکەوتن و هــەردەم لــە گەڕدایــە ڕووەو ڕوناکــی و ئــازادی، بەڵــێ شــیعری نیشــتمانیانەی کــوردی، کــە هانــی گــەل دەدا لەســەر پەیــڕەوی لێکــردن بــە ســەروەرییەکانی بــاب و باپیــران و گرتنــە بــەری ڕێچکــە شۆڕشــگێڕییەکەی ئــەوان، ڕێچکــەی خەباتــی نیشــتمانییانە، کــە تــا ڕزگاری نیشــتمان و بەدەســتهێنانی تــەواوی مافەکانــی گــەل نەرمــی نانوێنــێ. ئــەم شــیعرە کوردیانــە لــە بــە هێزترینــی ئــەو ئامرازانــەن بــۆ گوزارشــت کــردن لەمــە و چاکتریــن و بڕندەتریــن چەکــی بیروبــاوەڕە بــە دەســت جەمــاوەری گەلــە تێکۆشــەرەکەمان، بــە تایبــەت کــە داگیرکــەران تاوانەکانیــان دەرهــەق بــە کــورد و کوردســتان هــەر لــە بەکۆیلەکــردن و دابەشــکردن و بێبــەش کردنــی لــە هەمــوو مافــە مرۆییەکانــی کــورت نەبۆتــەوە، بەڵکــو هەمــوو ئەمانــەی تێپەڕانــدووە و گەیوەتــە ئاســتی نکۆڵــی کــردن لــە

کـورد و کوردسـتان و هەوڵـی گـورج و گۆڵانـە بـۆ سـڕینەوەی دیـاردەی بوونیـان و کپکردنـی دەنگدانـەوەی دەنگـی گـەل بـە داواکردنـی مافـە مرۆیـی و نەتەوەییەکانـی و ژیـان کـردن وەک گەلانـی تـری سـەر ڕووی زەمیـن بـە ئـازادی و ڕێزلێگیـراوی و شـکۆوە، کـە گـەورەی کوردسـتانی خـۆی بێـت. کـە بوەتـە مایـەی سـەپاندنی بـە سـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردیـدا و پشـتی بـە خەباتـی فیکـری بەسـتووە بـۆ قاودانـی چەمکـە شۆڕشـگێڕیەکان و هاندانـی پەرۆشـی هاولاتیـان و پـاڵ پێوەنانیـان بـۆ گۆڕەپانـی خەبـات بـۆ بـەردەوام بـوون لـە تێکۆشـان دژ بـە داگیرکـەران و دەسـت و پێوەنـدە ناپاکەکانیـان، بـۆ بەرگـری کـردن لـە ڕاسـتییە بابەتییـەکان و ڕوداوە مێژووییـەکان، سـەپاندوویەتییە سـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، کەچەکـی بیروباوەڕی بـە هێـز بـکات و چێـوەی خەباتـە فیکرییەکـەی فـراوان بـکا بـۆ زاڵبـوون بەسـەر هەمـوو چەمکـە ناڕاسـتەکان یـان ئەوانـەی دژ بـە گەلـی کـوردن و ڕێگربێـت لـە بڵاوبوونـەوەی بیرۆکـە ژەهراویەکانـی دوژمنـان.

ئەگـەر حەقیقەتـی دواکەوتنـی کـورد لـە بـاری کلتووریـی و لایەنەکانـی ڕۆژنامەگـەری و بڵاوکـراوە و کتێـب لەبەرچـاو بگریـن، گرنگـی و گەورەیـی شـیعرمان لا دەردەکەوێـت، کـە بـڵاو بوونـەوە و تێگەیشـتنی ساناترە و هـەر بەوەیـش مەشـخەڵی نیشـتمانپەروەریی کـورد لـە دڵ و دەرونـدا دەگەشـێتەوە. بـەم شـێوەیە بـڕی بەهـا و مەترسـی شـیعری نیشـتمانییانەی کـوردی بـە دواشـیدا بەهـا و گرنگیـی شـاعیرە نیشـتمانپەروەرەکانی کـورد دەبینییـن، کـە بێکەسـی شـاعیر لـەو قۆناغـە مێژووییـەی تیـادا ژیـاوە لـە دیارترینـی سوارچاکانی ئـەم مەیدانـە گرنگەیـە. لێرەدا گرنگـی بێکەسـی نەمر دەردەکەوێت، کـە بەهـرە شـیعرییەکانی خـۆی بەخشـییە گەلـی کـورد و بەرهەمەکانـی تایبـەت بـە وان کـرد و بـە شـیعرە نیشـتمانییەکانی هەرگیـز لـە بەجێگەیاندنـی ئەرکـە مەترسـیدارە نیشـتمانییەکانی، کـە گـڕی لـە دەرونیـان دەکـردەوە و پەرۆشـیی خەبـات و فیـداکاری دەکـردن لـە پێنـاو کـورد و کوردسـتان، دوا نەکـەوت و سـەرگەرمی نیشـتمانییانەی تیـادا دەژیاندنـەوە و هیـوای دەخسـتە بەریـان، ناشـمەوێ واتێبگـەن بێکـەس لـە خەباتـدا هـەر تەنیـا هۆنـراوەی بـۆ کاروانـی ڕزگاری نیشـتمانی کـورد چڕیـوە لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم هۆنراوانـە گرنگـی و ڕۆڵـی ترسـناکیان هەبـووە، بەڵکـو وەک یەکێـک لەهەڵسـوڕاوە کاریگـەرەکان شانبەشـانی کاروانەکـە

ڕۆیشـتوە و خەباتـی شۆڕشـگێڕانەی جەمـاوەری لـە ڕیـزی گەلـدا ئەنجـام داوە و بەشـداری لـە ڕاپەڕینـە نیشـتمانییەکاندا کـردووە. بێکـەس لـە نـاو چینـی ڕەش و ڕووتی کوردسـتان سـەری دەرهێنـاوە، ئـەو چینـەی هەمیشـە بەشـە زۆرەکـەی لـە خەبـات و فیـداکاری گرتۆتـە ئەسـتۆ، کـە مێـژوو بـۆ کۆتایـی پێهێنـان، ئەرکـە نیشـتمانییە گەورەکـەی تەنیـا بـە ئـەو سـپاردووە، ئەرکـی ڕزگاری نیشـتمانی و دیموکراسـی. هەروەهـا هەسـتی بـە ئـازار و گرفتەکانییـان کردوە و زانیویەتـی بنەمـای دەرد و سـەرچاوەی بـەڵاکان زاڵبوونـی ئیسـتعمار و بیانییەکانـن و بێبـەش کردنـی گەلـە لـە هەمـوو مافـە نەتەوەییەکانـی بۆیـە دەبینیـن بێکـەس لـە شـیعرەکانی یـان لـە هزریـدا شـەقڵی ئـەم چینـە ڕەش و ڕووتـە ڕەنگـی داوەتـەوە.

بێکـەس کوردسـتانی نیشـتمانیی خـۆش دەویسـت بـە سروشـتە جوانەکـەی و بەکێـو و دۆڵەکانیـدا هەڵدەگـوت و داهێنانـی لـە وەسـفی ڕەنگـە گەشـەکانی دەکـرد، کـە سروشـت لـە چـوار وەرزی سـاڵدا بـە کوردسـتانی دەبەخشـی. ئـەو بـە تەنیـا نەوەسـتاوەتە سـەرجوانیە دڵڕفینەکـەی بەڵکـو بەمـە سـروش دەبەخشـێتە کـورد کـە ڕاپـەڕن و خەبـات بکـەن بـۆ بەدەسـت هێنانـەوەی مافەکانیـان، کـە لـەم دوو پارچـە شـیعرەدا دەیبینیـن:

خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیر و شیرینە
دەشتی خۆش و ڕەنگینە ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە
شاخی بەفرین و بەرزە بۆ ڕابوردوومان ڕەمزە
چیمەنی جوان و سەوزە ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە
ئەم شوێنە شوێنی کوردە جێی قارەمان و مەردە
لانەی شێری نەبەردە ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گول و نەسرینە
وەتەن چاوی لێمانە دەری کەین لە تەنگانە

شاخی گوێژە
شاخی ڕەنگا و ڕەنگی گوێژە باعیسی کەیف و سروور
هەر دەمە بەرگێ ئەپۆشی، گا سپی، گا سەوز و سوور
وەسفی قەومی کورد ئەکەی تۆ بەم هەموو ڕەنگانەوە
ڕەنگی سوورت شاهیدە بۆ کورد، کە قەومێکن جەسوور
بەرگی بێ گەرد و سپیشت دیارە وا هاوار ئەکا
قەومی کورد دڵ ساف و پاکن میللەتێکی بێ قوسوور
بەرگی سەوزیشت ئەڵێ ئەم خاکە هەر شینابییە
پڕ لە دەغل و دان و کانی، سەر بە ڕزق و پڕ لە نوور
ئەی وەتەن شایانی فەخری واجبە مەدحت بکەم
دار و بەردت عەینی گەوهەر، خاک و خۆڵت وەک بلوور

بـەم شـێوەیە دەبینیـن، کـە ڕادەی خۆشەویسـتی بێکـەس بـۆ کوردسـتانی خۆشەویسـتمان و تـا چ ڕادەیـەک وەسـفی جوانـی کوردسـتان بـە کار دەهێنێـت بـۆ پاڵنانـی کـورد بـۆ خەباتـی ڕزگاری نەتەوەیــی و گەشــاندنەوەی گیانــی نیشــتمانپەروەری لــە دەرونیانــدا. بێکــەس بـەردەوام بـوو لـە خۆشەویسـتییەکەی و لاواندنـەوەی کـورد و کوردسـتان بەبـێ ئـەوەی لـە بارودۆخــی جۆراوجــۆردا تۆزقاڵێـک ئیمـان و بـاوەڕی نیشـتمانییانەی لاواز بـکات. لـە کاتێکـدا بـەردەوام بـوو بـۆ کوردسـتان گۆرانـی سـەرکەوتنی دەگـوت، ئـەو گۆرانیانـەی گوزارشـتیان لـە خۆڕاگرتنــی گیانــی شۆڕشــگێرانە دەکــرد تەنانــەت لــە زیندانیــش. دوای دەســگیرکردنی لــە پـای ڕاپەڕینەکـەی ٦ی ئەیلولـی ١٩٣٠ کـە لەلایـەن خەڵکـی کـوردەوە لـە سـلێمانی ئەنجامـدرا بــۆ ناڕەزایەتــی دەربڕیــن دژ بــە پەیماننامــەی ١٩٣٠ ئیســتعماری و بەرگریکــردن لــە مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد، بێکــەس لــە زیندانــدا شــیعرێکی ســەرنج ڕاکێشــی بــە نــاوی (ئــەی وەتــەن) نووســیوە، کــە ئەمــەی خــوارەوە بەشــێکیەتی:

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە
وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی

حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی برژێنیتە سەر
قەت گڕ و گڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە
لافی میللییەت بەدەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە
ڕۆژی هەوڵە هەر بە هیممەت گۆی هونەر ئەبرێتەوە

هـەروەک بێکـەس وڵات و تێکۆشـەرەکانی گەلەکـەی خۆشدەویسـت، ڕقـی لـە ناپـاک و ئەوانـەی لـە سـەر چـوار پـەلان لە بـەردەم دوژمنـی داگیرکـەر دەخشـێن، دەبـۆوە. دوای ئەوەی ناپـاکان شـاندێکیان ڕێکخسـت بـۆ سـوپاس کردنـی شـا فەیسـەل دوای کۆمەڵکوژییەکـەی ٦ ی ئەیلـول شـاعیری نەمـر بـۆ ئـەم خیانەتـە و تاوانبارانـی بـە تەخمیـس کردنـی هۆنراوەیـەک ڕووی دەمـی کردۆتـە خیانەتـکاران و دەڵێـت:

قەدری میللەتتان بە جارێ شکان
نە حەیاتان ما نە ناو و نیشان
باری تەعنەتان واهاتە سەر شان

لـە هەمـان هۆنـراوەدا بێکـەس ڕازینەبوونـی خەڵـک دەردەبڕێـت لـە کـۆڵ دانـی هەندێـک گـروپ، کـە بەرژەوەندییەکانـی وڵات دەفرۆشـن بـە تایبـەت هەنـدێ بازرگانـی سـات و سـەوداکەری قێـزەون، کـە بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکان دەخەنـە پێـش بەرژەوەنـدی گشـتییەوە. بـەڵام ئـەو بیرۆکەکانـی خۆڕاگـری و قوربانیـدان و فیـداکاری دووبـارە دەکاتـەوە و دەڵێـت:

قەت وا تێنەگەن چاومان شکاوە
کوشتن و بڕین دائیم بۆ پیاوە
لە ناو دۆشەکا کەی حەق سەنراوە
میللەت مەتینە عەزمی نانەوێ
لە غایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ

لەت و پەتی کەی حقوقی ئەوێ

بێکـەس زۆر بیـری لـەو کارەسـاتانە دەکـردەوە، کـە بەسـەر گەلـی کـورد هێنرابـوون و دووڕوویـی دابـەش بوونـی بـە خـراپ دەزانـی، بۆیـە بێبەزەییانـە شـەڕی کـردن. گوێـی لێبگـرە لـە شـیعرەکەیدا دەڵـێ:

تۆ چیت؟ من کوردم نەتەوەی گوردم
خۆ ترسنۆک نیت؟ حاشا نەبەردم
چی تۆی لەناو برد؟ دوو دڵی و نیفاق
چۆن ڕزگار ئەبی؟ هەر بە ئیتفاق
بڵێ چیت ئەوێ؟ بەرزی وەتەنم
بە خۆڕایی نا، بە گیان و تەنم
چیت لە بارایە؟ خۆ فیداکردن
بۆچی؟ لە ڕێگای میللەتا مردن
کوا چەکت چییە؟ سەودای وڵاتم
ئەی پشتیوانیت؟ عەزم و سەباتم
بە ڕاستی و پاکی هەوڵ و تێکۆشین
لە کورسی و کینە و درۆ چاوپۆشین
ئەمانەت نەبێ کارت زۆر لەقە
بەشت هەمیشە نەکبەتی و شەقە

بێکـەس لـە نـاو جەرگـەی خەباتـی بێپـەروادا، ڕق و توڕەیـی خـۆی بەسـەر داگیرکەرانـدا قەتیـس نەکـردووە، بەڵکـو بـە توڕەییەکـی ڕەوا هەندێـک لـە (ئەفەندییـەکان)ی کوردیـش دەگرێتـەوە، کـە پەرۆشـیان نییـە جگـە لـە دووبـارە کردنـەوەی قسـەی پـوچ و داواکاری زۆر بـەلاّم خۆیـان ناخەنـە ژێـر بـاری هیـچ شـتێکەوە بـە پێچەوانـەوە لـە سـەر چێـژ و خۆشـیەکانیان پاڵدەکـەون کاتێـک بزووتنەوەکـە دووچـاری کارەسـات دەبێتـەوە دەگوازنـەوە لای دوژمنـان، لەبـارەی ئەمانـەوە بێکـەس دەڵێـت:

مونەوەر زۆری هەر لەبەر نانی

وەتەن ئەفرۆشێ بەیەک تارانی

ئەخاتە ژێر پێ دین و ئیمانی

ئەمانــە لایەنــە ڕونــاک و درەوشــاوەکانی ژیانــی شــاعیری نەمــری کوردســتانن، کــە لــە پێنــاو گەلەکەیــدا هەمــوو ئاســودەیی و بەختــەوەری و تەنانــەت ژیانیشــی بەخشــی و بــە دڵســۆزی مایــەوە بــۆ کێشــە ڕەواکــەی و بــەردەوام بــوو لــە خەباتکــردن لــە ڕیزەکانــی پێشــڕەوی گەلەکەمــان لــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان هەتــا ئــەو کاتــەی کۆچــی دوایــی کــرد و کوردســتان باوەشــی پێداکــرد، لــە بــاوەش گرتنێــک وەک باوەشــی دایکێکــی میهرەبــان بــۆ ڕۆڵەکــەی. ئەمــە لایەنــە گەشــەکانی ژیــان و شــاعیرییەتی بێکــەس بــوون بەبــێ ئــەوەی ســەرتاپای ژیانــی بخرێتــەڕوو تــا لــە دەرونمانــدا نییەتــی نیشــتمانپەروەرانی کــورد بگەشــێنێتەوە بــەرەو لوتکــەی شــکۆ و پێشــکەوتن.

**ژمارە ٢٩٤ لە ١٩٦٠/١٢/٢٧**

# ئەی ئێستا کوردە سەربەخۆکان دەڵێن چی؟

ژمارەیەکـی زۆر لـە ڕۆشـنبیرانی سـەربەخۆی کـورد کەوتونەتـە زوڕنـا ژەنین بـۆ ڕۆژنامەیەکی دیـار، کـە وتـاری دژی پارتـی و بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد بڵاوکردۆتـەوە، پێـش قەرەوڵـی درەختــی دانایــی، کــە ســەرچاوەکەی لــە یەکێــک لــەو وتارانــەدا جێگیــر و ســتایش کــراوە، دەیانـەوێ خەڵکەکەمـان هەڵخەڵەتێنـن بـۆ ئـەوەی لە میوەکـەی بخۆن وەک شـەیتان باپیرەی ئێمـەی بـە کاریگـەری حـەوا هەڵخەڵەتانـد و تامـی ئـەو درەختـە ناسراوەی بەهەشـتی کـرد، کـە بـە هۆیـەوە لێـی دەرکـران وەک سـزایەک بـۆ ئـەم هەڵەیەیان..کاتێـک ئـەو ژەهرەمـان ئاشـکرا کـرد، کـە ئەژدیهـای ئیسـتعمار و داگیرکـەران خسـتبویانە ناویـەوە، بەڕێـز هۆشـیار کەوتــە وەڵام دانەوەمــان و ڕۆژنامــەی خەباتــی تۆمەتبــار کــرد بــەوەی سەرســوڕمانی بــە دەنگدانـەوەی بەرامبـەر تیشکدانەوەی درەختـی داناییـدا دەهێنێتـەوە، کـە سـەرچاوەکەی لـە وتارێکـدا لـە لایـەن یەکێـک لـە هاوڕێکانـی لـە نەتەوەپەرسـتانی عـەرەب چەسـپاوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا واقیعـە نوێـکان وەک پێشـینە کۆنەکانیـان پشـتیوان نەبـوون لەگـەڵ ڕۆشـنبیرانی کـورد، بەڵکـو میـوەی ئـەو درەختـە داناییەیـان نیشـاندا، کـە (داوای دەرکردنـی بارزانییەکانـی دەکـرد لـە سـەر کارەکانییـان) و (پشـتیوانی کـردن لـە تۆرانییـەت دژ بـە نەتـەوەی کـورد) دواتـر ڕاسـتی دیکەیـان نیشـاندا، کـە تۆمەتـە هەڵەکانیـان ڕەت دەکەنـەوە و پشـگیری لـە ئەنجامەکانـی خەبـات و ڕاسـتی هەڵوێسـتە شـکۆدارەکەی دەکـەن. سـوپاس هـەزاران جـار سـوپاس بۆچێنەرانـی درەختـی دانایـی، کـە ڕۆژانـە ڕاسـتییەکی ترمـان پێـدەدەن، کـە خەیاڵـی ڕۆشـنبیرانی سـەربەخۆی کوردمـان ڕەتدەکاتـەوە و پشـتگیری لـە بۆچـوون و هەڵوێسـتی حزبەکەمــان دەکات بــە ڕاســتی، وەک قســەی نەســتەقی کــۆن دەیڵێــت (هەندێــک جــار دوژمـن باشـترین مامۆسـتایە). بەڵـێ سـوپاس بـۆ چێنەرانـی درەختـی دانایـی، بەڵکو سـوپاس بـۆ ئـەو ڕۆژنامەیـەی لاپەڕەکانـی بـۆ برایەتـی عـەرەب و کـورد (برایەتییەکـی نـا بەرنامـەدار)

بـۆ دانەنـرا. ڕاسـتی هەڵوێسـتی خـۆی بەرامبـەر بـە کـورد و کوردسـتانی نیشـتمانی خۆیـان ئاشـکرا کـرد و لـە سـەر لاپەڕەکانیـدا و لـە ژمـارەی پێرێیـدا[1] پـەڕە گرافێـک لـە بەرنامـەی حزبـی بەعسـی سۆسیالسـتی عەرەبـی هاتـووە، تیایـدا دەڵێـت: کوردسـتانی عێـراق و بەشـێک لـە کوردسـتانی تورکیـا و کوردسـتانی سـوریا، خاکـی پاکـی عەرەبـن، لێـرەدا بـە دەسـت پاکـی و ڕاسـتگۆییەوە دەقـی پەڕەگرافەکـە دەگوازمـەوە و وەک دیارییەکـی بچـوک لـە منـەوە بـۆ کۆمەڵـی ڕۆشـنبیرانی کـورد، کـە ڕەتـی دەکەنـەوە لـە پێنـاوی ئومەمیەتـدا گەلەکەیـان بکەنـە قوربانـی. بـەلاَم ڕێگـر نییـن لـەوەی گـەل و نیشـتمانەکەیان بکەنـە قوربانـی لەپێنـاوی پێگـە و بەرژەوەندییـە تایبەتییەکانییـان، جـا قوربانییەکـە بـۆ خـاوەن شـکۆ! یـان بـۆ خاڵـی! کـە وەفـادار و جێمتمانەیـە بـۆی، یـان بـۆ سـەعید یـان هەتیوەکانـی بێـت، لەوانـەی بانگەشـە بـۆ نەتەوایەتیـی دەکـەن، نەتەوایەتیـی ئاخـر زەمـان. لـە لاپـەڕە پێنجـی ئـەم ڕۆژنامەیـەدا وتارێـک بـە ناونیشـانی (ئێمـە کێیـن و چیمـان دەوێـت؟) لـە سـتوونی سـێیەم و بڕگـەی (ب) دا هاتـووە (شایسـتە عەرەبییـەکان – ئـەو زەویانـەی کەوتونەتـە نێـوان کێـوی تـۆرۆس و کێـوی پشـتکۆ و کەنـداوی بەسـرەو سـەر دەریـای عەرەبـی و کێـوی حەبەشـە و بیابانـی گـەورە و ئۆقیانووسـی ئەتڵەسـی و دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، خاکـی عەرەبـە و یەکێتییـە ئابورییەکـەی هانمـان دەدا کار بـۆ یەکخسـتن و گردکردنـەوەی پارچەکانـی بکەیـن). ئەمـە ئـەو دەقەیـە ئەگـەر لـەوە گەڕێیـن نووسـەرە بەڕێزەکـەی زانیـاری لـە سـەر کێـوی گـەورەی پشـتکۆ لـە سـنووری وڵاتەکـەی نییـە (لۆجیکـی وتەکانـی بەڕێـز هۆشـیار لـە وتارەکەیـدا، برایەتـی نـا بەرنامـەدار! ناچارمـان دەکا ئـەو ڕاسـتییە قبـوڵ بکەیـن، بـەو مانایـە، کـە بەڕێـز هۆشـیار ناچارمـان دەکات ملـی بـۆ بدەیـن ـ پاداشتیشـمان بـۆ خـودا و لۆجیکـە زانسـتییە بـە هێزەکـەی دوور لـە شـیوعییەت ـ بـەوەی کوردسـتان تەنیـا خەیاڵێکـە لـە خەیاڵدانـی پارتییـەکان (نۆکەرانـی شـیوعییەت و ئومەمییـەت) کـە هۆشـیار لـە ستایشـی ڕۆژنامەکـەدا دەڵێـت، کـە ئـەم بڕگانـەی بڵاوکردۆتـەوە دەڵێـت: (ڕۆژنامەیەکـی خـاوەن نەیـار، بایـەخ پێـدەری تونـد، ئاڕاسـتەی پتـەوی ڕاسـت و بەجـێ، لاپەڕەکانـی لـە سـەر ئـەم بایـەخ پێـدان

---

١-بە گوێرەی دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژی بڵاوکردنەوکەی دەکەوێتە ١٩٦٠/٨/٢٥ (ئامادەکار).

و پتەوییــە بەپشــتی کــراوەوە دێتــە گــۆ و دەگاتــە ئامانــج، کــە نووســەر لــە میانەییــدا تــا ئاســتی خـۆ تەرخانکـردن و سـەربەخۆیی بـە ئەنجامـی دەگەینـێ). بەڵـێ ئەمـە ئاڕاسـتەیەکە لـە ئاڕاسـتەکانی ڕۆژنامەکـەی (پتـەوی ڕاسـت و بەجـێ ) ئاڕاسـتەی نکۆڵـی کردنـی بوونـی کوردســتان و نەتــەوەی کــورد، لانــی کــەم لــە کوردســتانی عێراقــدا. ئایــا ڕۆشــنبیرانی سـەربەخۆی کـورد؟ ئەوانـەی ڕەتـی دەکەنـەوە ئاینـدەی گەلەکەیـان بکەنـە قوربانـی؟ شـایانی سـوپاس و پیرۆزبایـی گەلـی کـورد نییـن لـە سـەر ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیـەی بـۆ نەتـەوەی کــورد بــە دەســتیان هێنــاوە؟ ســەرکەوتنی ڕزگارکردنــی کــورد لــە چنگاڵــی ســەرکردایەتی پارتییــە شــیوعییەکان بــۆ ئــەوەی ببێتــە خۆشەویســت و بــە بەهــای نەتــەوەی عــەرەب و دواتــر یەکگرتنــی لەگــەڵ وڵاتانــی دیکــەی عەرەبیــدا تــا دۆخــی کــورد لــە عێــراق، کــە ئــەم ڕۆژنامەیــە دەیەوێــت یەکبخرێــن لەگــەڵ وڵاتانــی دیکــەی عەرەبیــدا، چونکــە زەوی عەرەبــی یەکگرتویـی ئابوورییەکـەی هانیـان دەدا کار بکـەن بـۆ یەکخسـتن و گردکردنـەوەی پارچەکانـی، وەک لـە دەقەکـەدا هاتـووە. بەڵـێ بـۆ ئـەوەی دۆخـی ئێمـەی کـورد لەعێـراق، وەک دۆخـی براکانمــان لێبێــت لــە ســوریا؟. چــۆن شایســتەی ستایشــی نــەوەی داهاتــوو نابــن، ئــەوەی ئیمـڕۆ نـا کـە هەیـە، ڕزگارکردنـی کـورد لـە مەترسـی شـیوعییەت، کـە خـۆی لـە سـەرکردایەتی پارتییــدا دەنوێنــێ، بــۆ لادان و دوورخســتنەوەی کــورد لــە گیروگرفتــی خەباتــی نەتەوەیــی کـورد و ئاڵۆزییـە زۆرەکانـی (بەڵـێ زۆر زۆرەکانـی) کردنیـان بـە هاوبـەش لـە نەتـەوەی عـەرەب و ڕزگارکردنــی گەلــی کــورد لــە و سەرئێشــە و گرفتانــەی لــە تێکۆشــانە یاخیگەرییانــەی ڕوو بــە ڕووی دەبێتــەوە. بــاوەرداران خودایــان لەگەڵــە و بەســیانە. چــۆن شایســتەی ســوپاس و پیاهەڵـدان و ڕێزنیـن لـە یەکخسـتنی هەوڵەکانیـان لەگـەڵ گروپێکـی نەتەوەیـی، کـە کـورد دەکاتــە هاوبــەش لــە نیشــتمانی گــەورەی عەرەبیــدا دوای ئــەوەی دەیانتوێننــەوە و لەگــەڵ نەتـەوەی عـەرەب لێکیـان دەداو دەیانخزێنێتـە نـاو چەمکـی سۆشیالسـتی نوێـی عەرەبییـەوە. تــا دۆخــی کــورد وەک بــرا کوردەکانــی ســوریا لێبکــەن، لەوانەیــە یەکێــک بپرســێ کــوردەکان کێشــەیان چییــە لــە ســوریا؟ ئــەوان ئەوەنــدە باشــن، کــە دەکرێــت هۆشــیارێکی نــوێ وەڵامـمــان بداتــەوە و بڵێــت: ئێـوەی نووسـەرانی ڕۆژنامـەی خەبـات درۆزن و بوختانکـەرن، هەرگیــز لــە ڕوداوەکان تێناگــەن و دواتــر بــا سەرســام بیــن بــە شــاکارە نوێیەکانــی هۆشــیار،

کــە حەقیقەتــی بارودۆخــی کوردەکانــی ســوریامان بــۆ شــرۆڤە دەکات و دەڵێــت:

١- ئــەو مافانــەی خەبــات دەیڵێــت لــە کــوردەکان ســەندراوەتەوە لەســەر دەســتی فەرمانڕەوایانــی سۆشیالســتی هــەرەوەرزی عەرەبــی ئــەو مافانــەن، کــە لەمــاوەی داگیــرکاری فەرەنســادا بوونیــان هەبــووە، بۆیە دەبێت شــوێنەواری ئیســتعمار دوای ئــازادی و یەکگرتوویی ڕابماڵرێــن و لەنــاو ببرێــن بــەو مافانەشــەوە، کــە بــۆ جیــاوازی خســتنە نــاو ڕۆڵەکانــی یــەک گــەل هەبــوون.

٢- دەرکردنــی ئەفســەرانی کــورد و نائیــب و دەرەجەدارانــی کــورد لــە ســوپای یەکەمــی عەرەبــی و وەرنەگرتنــی خوێندکارانــی کــورد لــە کۆلیــژی ســەربازی پەرۆشــی فەرمانــڕەوا نوێیەکانــە لــە ســەر ژیانــی کــوردەکان و هەوڵەکانییــان بــۆ دوورخســتنەوەیانە لــە مەترســی پێکــدادان لەگــەڵ ئیســرائیل و خراپییەکانــی شــەڕدا.

٣- ســەبارەت بــە قەدەغەکردنــی خوێنــدن بــە زمانــی کــوردی، فراوانکردنــی ئاســۆی ڕۆشــنبیرییە لــە نــاو کوردەکانــدا، چونکــە کتێبخانــەی کــوردی هــەژارە .... لــە کاتێکــدا کتێبخانــەی عەرەبــی پــڕە لــە کتێبــی بــە نــرخ.

بەڵــێ لەوانەیــە بەرگریکارێکــی نــوێ لــە نەتەوەیــی دوژمنکارانــە و هێــرش بەرێــک بــۆ ســەر نەتــەوەی کــورد لــە ســەر شــانۆ دەرکەوێــت و هەمــوو ئەوانــەی ســەرەوە دووبــارە بکاتــەوە، بــەڵام مــن ڕوداوە نوێیەکانــی نزیــک، کــە مێژووەکــەی لــە ڕۆژانــی ڕابــوردووی پــڕ لــە چالاکییەکانــی کۆمەڵــی ڕۆشــنبیرانی کــورد ڕەت نــاکات، لــێ دەپرســم لەناویانــدا کۆیلەکــەی ســەعید و خەلیــل کنــە، کــە ناپاکییــان لــە کــورد و کوردســتان کــرد و یەکێتیــی هاشــمی و چالاکییــە تاوانکارییەکانییــان دژ بــە پارتــی و کۆمــاری عێــراق و بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد شــکۆدار کــرد. ئــەم ڕاســتییە نوێیانــە، ڕاســتییەکانی هەڵمەتــی تونــد و تیــژی نوێــن دژ بــە گەلــی کــورد لــە ســوریا، هەڵمەتــی دەســتگیرکردنی دەیــان کــورد، لەوانــە دکتــۆر نورەددیــن زازا، مامۆســتای پێشــوی فەلســەفە لــە زانکــۆی دیمەشــق، ئەدیــب و شــاعیری کــورد ئۆســمان ســەبری و بەڕێــز مەجیــد ماجیــد، بیانــووی گرتنــی ئەمانــە هــەر ئەوەیــە، کــە کــوردن و هیچــی تــر، هەرگیــز ئــەوان شــیوعی نەبــوون بەڵکــو دوورن لێیــەوە و هیچــی تــر نیــن، جگــە لــە کــورد، کــە ئامــادە نییــن دەســت بــەرداری ڕەگەزنامــەی کوردانــەی خۆیــان ببــن. مامۆســتا ئۆســمان

و دکتـۆر زازا ڕابووردوویەکـی پـڕ شـکۆیان لـە خزمـەت کردنـی کلتـوور و ئەدەبـی کوردیـدا هەیـە. بەڵـێ ڕێزدارانـی کۆمەڵـی ڕۆشـنبیر هەمـان چارەنووسـیان بـۆ مامۆسـتا و دکتۆرەکانمـان دەوێـت لـە ژێـر ڕووپۆشـی پەرۆشـی درۆزنانـە بـۆ نەتـەوەی کـورد. بـا جارێکـی دیکـەش ئـەم بەڕێزانـە تاقـی بکەینـەوە و پێیـان بڵێیـن، پێـش قەڕەوڵەکەتـان دەتوانـێ قەڵـەم بـە دەستەوە بگرێـت و چەنـد و تارێـک دەربـارەی بوونـی کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد بنووسـێ و بەرپەرچـی (ڕۆژنامـەی خـاوەن شـرۆڤەی پتـەو و بەجـێ ئیدانـەی هەڵمەتـی تۆقاندنـی سـەر بـرا کوردەکانمـان لـە سـوریا بـکات؟).

ئەگەر ئەو هەموو ئەمانە ناکات، ئێستا ڕۆشنبیرانی سەربەخۆی کورد چی دەڵێن؟.

**ژمارە ۲۹۹ لە ۱۹٦۰/۸/۲۷**

# لە بەرلین کۆبوونەتەوە

دوور لـە نیشـتمانی ڕزگارکـراو.. لـە کوردسـتانی خۆشەویسـت و مێـرگ و دۆڵ و شـاخە سـەر کەشـەکانی .. لـە هاوینەهـەوارە جوانەکانـی، کـەدڵان بـە جوانـی خۆڕسـک و ژینگـە هێمنەکـەی حەیـران دەکا و هـەوا سـازگارەکەی... دوورلـە گەلـە سـەربەرزەکەی، کـە خەبـات دەکا بـۆ پتەوکردنـی کۆمـاری عێراقـی دیموکراسـی و بـە دەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییـەکان، بـۆ ئازادکردنـی بەشـەکانی تـری کوردسـتان و ژیانێکـی شـکۆمەند و خۆشەویسـت وەک گەلانـی دیکـەی جیهـان ... دوور لـە بـرا و بـاوان و کـەس و کار ... ئێسـتا کۆمەڵێـک لـە گەنجانـی ڕوناکبیـری کوردسـتان لـە پێنجـەم کۆنگـرەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا، کـە ئێسـتا لـە بەرلیـن بەڕێـوە دەچێـت، کۆبوونەتـەوە.

ئـەم کۆمەڵـە هەڵبژاردەیـە لـە ڕۆڵـەی کوردسـتان کۆبوونەتـەوە بـۆ خسـتنەڕووی چالاکییەکانـی سـاڵی ڕابـووردوو و بـۆ بەرنامـە ڕێـژی بـۆ سـاڵی داهاتـوو، بـۆ چاککـردن و پەرەپێدانـی شـێوازەکانی کاری کۆمەڵـە شـکۆمەندە ئازیزەکەیـان و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی چالاکییـە جوامێرییەکەیـان، کـە مێـژوو خسـتویەتییە سـەر شـانیان، مێـژووی گەلەکەیـان و ئەرکـە پیـرۆزە نیشـتمانییەکان. ئێسـتا لـە بەرلیـن عیسـمەت[1] لـە کوردسـتانی بـە سـوریا لکێنـراو و بێبـەش لـە هەمـوو مافـە مرۆییـەکان سـەرباری بوونـی پرنسـیپەکانی باندۆنـک، کـە عەبدولناسـر بـە خـۆی واژۆی لەسـەر کـردووە و سـەرباری برایەتـی عـەرەب و کـورد، کـە دەزگاکانـی لێکۆلینـەوە گاڵتـەی پێـدەکا ... عیسـمەت لەگـەڵ کەمالـی[2] بـرای لە کوردسـتانی

---

١-عیسـمەت شـەریف سـاڵی ١٩٢٤ لـە شـام لـە دایک بـووە، سـاڵی ١٩٥٦ لەگـەڵ ١٨ خوێنـدکاری تـر کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردیـان لـە ئەوروپـا دامەزرانـدووە، لـە ١٩٥٦ تـا١٩٦٢ سـەرۆکایەتی کۆمەڵەکـەی کـردووە، سـاڵی ١٩٧٠ دکتـۆرای لـە مێـژوو وسیاسـەت وەرگرتـووە لـە زانکـۆی لـۆزان، سـاڵی٢٠١١ کۆچـی دوایـی کـردووە. (ئامـادەکار).

٢-کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد ١٩٣٢ _ ٢٠١٤ (ئامادەکار).

عێراقـی ڕزگاربـوو لـە ئیسـتعمار و چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی. عیسـمەت و کەمـال لەگـەڵ براکانیـان لـە کوردانـی کوردسـتانی بـە ئێـران لکێنـراو و خوێندکارانـی کوردسـتانی بـە تورکیـا لکێنـراو کۆبوونەتەوە...ئەمانـە هەموویـان بـە یەکـەوە کۆبوونەتـەوە تـا جەخـت لـەوە بکەنەوە، کـە نەتـەوەی کـورد یـەک نەتەوەیـە داگیرکـەران و سـتەمکاران پارچـە پارچەیـان کـردووە و سـنوری سیاسـیی ناتوانـێ ڕێگـر بێـت لـەوەی ڕۆڵـە تێکۆشـەرەکانی کوردسـتان بەیـەک بگـەن و کۆببنـەوە تەنانـەت، ئەگـەر دیـواری ئاسـنینیان لـە نێوانـدا بێـت. تـا بـە یەکـەوە ڕەوایەتـی کێشـەی کـورد بـۆ جیهـان دەربخـەن و دوای ئـەوەی تەمومـژی ئـەو درۆ بوختانانەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـوردی داپۆشـیوە، ڕووی درەوشـاوەی خەباتـی گەلەکەمـان بـە ڕوناکـی ڕاسـتی و زانسـت و ڕۆشـنبیری، دەڕەوێننـەوە. تـا بەیەکـەوە بـە ڕووی داگیرکەرانـدا هاواربکـەن و بڵێـن ئیتـر دەسـت لـە کوردسـتانمان هەڵگـرن و لێگەڕێـن بـە ئاشـتی و برایەتـی بژیـن، بەڵـێ بەڕوویانـدا هـاوار بکـەن و بڵێـن دەسـتە خوێناویەکانتـان بـە خوێنـی سـەدان هـەزار شـەهیدی وڵاتەکەمـان هەڵگـرن. لێگەڕێـن وڵاتمـان ئـاوەدان بکەینـەوە و زانکـۆ و پەیمانـگای تیـادا بنیـات بنێیـن و زانسـت و ڕۆشـنبیری بـە زمانـی کـوردی بڵاوبکەینـەوە و مێـژووی کـورد و کوردسـتان بخوێنیـن کارگـە و فابریکـە دروسـت بکەیـن و لـە شـوێن ئـەو گەوڕانـەی بـۆ مرۆڤـی کوردسـتان دیاریکـراون خانـووی مۆدێـرن دروسـت بکەیـن، پاشـان بـە تاڤگـەی ڕوبارەکانـی کوردسـتان شـار و گونـد و ڕێـگا و بانـەکان بـە ڕۆشـنایی کارەبـا ڕوونـاک بکەینـەوە.

عیسـمەت و کەمـال و نـەوزاد و بایـز و برایانـی تریـان کۆبوونـەوە بـە دەسـت و دەرونیـان بەیـەک گەیشـتن و دەنگیـان بـۆ ژیانـی کـورد و کوردسـتان و کۆمـاری ١٤ی تەممـووزی هەمیشـەیی، کۆمـاری عـەرەب و کـورد و بـۆ مەرگـی خێـراو بێـزراوی دوژمنانـی گـەل و مرۆڤایەتـی و کۆنەپەرسـتانی داگیرکـەر لـە دەسـەڵاتدارانی ئیمـڕۆی ئەنقـەرە و تـاران، بـەرز کـردەوە. دوێنـێ ئـەم خوێنـدکارە نەجیبزادانـە کۆبوونـەوە بـۆ بڕیـاردان، کـە چیبکرێـت لـە خزمەتـی کـورد و کوردسـتان و خزمەتـی کۆمـاری عێراقـی هەمیشـەیی و خزمەتـی کێشـەی هاریـکاری نێـوان نەتـەوەکان. ئەمانـە لـە بەرلیـن دوور لـە کوردسـتان کۆبوونـەوە، بـەڵام چـاوی نیشـتمانپەروەرانی کـورد لەسـەر پێنجەمیـن کۆنگرەیانـە و دڵیـان بـە خۆشەویسـتییەوە

لێــدەدات لــە ئەرکــە زۆر شــکۆدارە نەتەوەیەکەیانــدا هیــوای ســەرکەوتنیان بــۆ دەخوازێــت. ڕۆحــی شــەهیدان بــە سەرســەری کوردانــی لــە بــە شــەکانی کوردســتان ئەوانــەی لــە بەرلیــن کۆبوونەتــەوە دەخولێتــەوە، ڕۆحــی شــەهیدانی شــەمزینان و بــارزان و ســلێمانی و دەرســیم و ئاگــری و موکریــان و دیاربەکــر و دەربەنــدی بازیــان، لــە ئاســمانی کۆنگرەکەیــان هەڵدەفڕێــت و مــژدە بــە یەکێتیــی کــوردان و یەکگرتویــی کــورد و هــاوکاری تێکۆشــانیان دەدات. خەونــی شــەهیدان لــە یەکگرتویــی نیشــتمانپەروەرانی کــوردی هاتــە دی. ڕۆحــە پاکەکەیــان، کــە بــۆ ئــازادی گەلەکەیــان و ڕزگارکردنــی وڵاتەکەیــان بوونــە قوربانــی پیرۆزبایــی لــە خوێندکارانــی کوردســتان دەکات. کــە لــە بەرلیــن کۆبوونەتــەوە هەروەهــا لــە یەکگرتوییــان و تێکۆشــانی هاوبەشــیان و برایەتییــان دەکات. کــە بەهۆیــەوە گەلــی کــورد ئــەوەی بەدەســت هێنــا، کــە لــە ســەردەمی خۆیــدا نەیبــوو، مــژدەی ئیمــڕۆ چــۆن شــادمانمان نــاکا کەمــال لــە کوردســتانی عێراقــەوە دەســت دەکاتــە ملــی نــەوزاد لــە کوردســتانی بــە تورکیــا لکێنــراو .. عیســمەت لــە کوردســتانی سوریا باوەشــی بــە بایــز داکــردووە لــە کوردســتانی بە ئێــران لکێنــراو. ئــەم برایەتییە مــژدە و خۆشــی دەبەخشــێتە هەمووکوردێکــی شــکۆمەند. بــەم شــێوەیە خوێندکارانــی کوردســتان لــە بەرلیــن بــە هیــوا و ڕووخۆشــیەوە کۆبوونەتــەوە بــۆ بەشــداریکردن بــە چەندیەتــی خۆیــان بۆبەرگریکــردن لــە مــاف و قــەوارەی نەتەوەکەیــان و خەبــات کــردن بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجــە ڕەواکانــی چونکــە درک بــە ئەرکەکانییــان دەکــەن و ڕۆڵــی خۆیــان لــە تێکۆشــانی وڵاتەکەیــان دەزانــن، هەروەهــا درک بــەوەش دەکــەن گەلەکەیــان چــاوی لێیانــە و داوایکاریــان لێــدەکا. گەلەکانیــان لــە ســەر خاکــی نیشــتمانەوە گەرمتریــن ســڵاو و ڕاســتگۆیانە تریــن ئاواتەخــوازی بــۆ ئــەم ڕۆڵــە دلسـۆزانەی دەنێـرێ. بــەڵام مــن بــە دوای بانگــەوازی ئــەرک دادەچــم و ســڵاوی گەرمــم لەدڵــەوە بــۆ برایانــم عیســمەت و کەمــال و نــەوزاد و بایــز و ئەوانــی تــر، هەمــوو ئەوانــەی لــە بەرلیــن دوور لــە نیشــتمان کۆبوونەتــەوە لــە دڵــەوە دەنێــرم ئاواتەخــوازی ســەرکەوتنیان و ســەرکەوتنی کۆنگرەکەیانــم. لەگــەڵ جەمــاوەری ڕێــزداری کــورد هوتــاف دەکێشــم و دەڵێــم بــژی کۆمەڵــەی خوێندکارانــی کــورد لــە ئەوروپــا و ســەرکەوتن بــۆ تێکۆشــانیان.

**ژمارە ۲۹۷ لە ۱۹٦۰/۸/۲٥**

# ڕێگاکانی گواستنەوە – ڕێگای کۆیە کەرکوک

ڕۆژنامەی خەباتی خۆشەویست، کێشەیەکی دیکەی درێژخایەنی کێشەکانی کوردستانی وروژاند، کە چارەسەرکردنی دەبێتە مایەی کۆتایی هێنان بە زۆرێک لەو ئاستەنگانەی ڕێگە لە پێشکەوتنی ئابوری و کلتووری و کۆمەڵایەتی دەگرن و یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەسپێکردنی ئەو هەنگاوانەی دەبنە هۆی کۆتایی هێنان بە قەیرانی بێکاری، کە بە شێوەیەکی ترسناک لە ناو خەڵکی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە بە هۆی نەبوونی پڕۆژەی پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ڕێگاوبان و ئاودێری و دروستکردنی پڕۆژەی ئاودێری بچوک و بەسوود و پێویست لە ناوچەی کوردستان و لەبەر نەبارینی باران دووساڵ لەسەر یەک و بە هۆی دۆخە نائاساییەکانەوە، کە لە وڵاتدا بەردەوامی هەبوو سەرباری نەمانی پاساوەکانی، کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە سەر ژیانی ئابوری و بازرگانی و بژێوی ژیانی خەڵک ڕەنگی دابویەوە.

ڕۆژنامەی خەبات سەرکەوتوو بوو لە سەر نەریتەکەی لە پێشکەشکردن و خستنە ڕووی کێشەکانی کوردستان و ڕوونکردنەوەی چارەسەرە زانستییە دروستەکانی لە بیرهێنانەوەی بەرپرسان – لەوانەیە بیرخستنەوە سوود بە باوەڕداران بگەینێ – بە زەرورەتی بە دوودەنگەوە هاتنی داواکارییە ڕەواکانی خەڵک و لە پێشەوەیاندا ئەوەی ڕاستەوخۆ و هەستیارانە پەیوەندی بە بژێوی ڕۆژانەی هاوڵاتیان و ژیانی خانەوادەکانیانەوە هەیە چونکە ئەم داواکارییە ڕەوایانە هەرگیز دواخستن و ئیمڕۆ و سبەی پێکردن قبوڵ ناکات. هیچ گومانێک لەوەدا نییە (خەبات)ی ڕۆژنامەی خەڵکی کوردستان، کە لە بری ئەوان قسە دەکات و گوزارشت لە ئاوات و هیواکانییان دەکات و داکۆکیکارە

لـە مافەکانییـان، خزمەتـی تەنهـا بـە خەڵکـی عێـراق بـە هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عەرەبیـەوە نەکـردووە و بـەس، بەڵکـو هەروەهـا خزمەتـی حکومەتـی کۆماریشـی کـردووە چونکـە ئەمـە دەبێتـە مایـەی تونـد و تۆڵکردنـی پەیوەندییـەکان لـە نێـوان گـەل و حکومەتـدا. ئاشـکرایە ئـەو سـەر وتـارەی (خەبـات)ی خۆشەویسـتمان تەرخانـی کردبـوو بـۆ کێشـەکانی ڕێگاکانـی گواسـتنەوە نەشـیاو و نەگونجـاو بـوو، کـە چارەسـەر بـەدەر لـە بنەمـا و هێڵـە گشـتییەکان بخاتـە ڕوو بۆیـە هاولاتیـان کەوتنـە خـۆ بـۆ خسـتنە ڕووی کێشـەکانی ڕێگاکانـی گواسـتنەوە هـەر یەکەیـان لە ناوچەکانـی خۆیـان بـە پێـی زانیارییەکانیـان. لێـرەوە مـن وەک کۆییەکـی شـاری حاجـی قـادری کۆیـی نەمـر هەوڵـدەدەم باسـی کێشـەی ڕێـگای گواسـتنەوەی ناوچـەی کۆیـە بکـەم بـۆ ئـەوەی بەرپرسـان ئـەم ناوچـە پشـت گـوێ خراوەیـان بیربکەوێتـەوە، کـە بەهـۆی بێـکاری و هـەژاری و دواکەوتنـەوە دەناڵێنێـت و لـە هەمـوو پـڕۆژە پیشەسـازی و ئاوەدانکردنەوەیـەک بێبەشـە.

شـاری کۆیـە لـە سـەرەتای دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقـدا یـەک لـە قـەزا گەورەکانـی کـورد بـوو، وێـڕای ئـەوەی سـەنتەرێکی گرنـگ بـوو بـۆ توتـن بـە پەیوەندییـە کۆنینـە بازرگانییەکانـی بـە ناوچەکانـی ڕانیـە و پشـدەر و موسـڵ و بەغـدا و هەولێـر، جۆرەهـا بەروبومـی کشـتوکاڵی و چەندیـن جـۆری میـوە لـە ناوچەکانـی دەوروبـەری دابیـن دەکـرا. ئـەم شـارە کڵۆڵـە بـە فەرامۆشـکراوی ماوەتـەوە بەبـێ ئـەوەی پشـکی خـۆی لـە پێشـکەوتن و گەشـەپێدان وەربگرێـت وەک ئـەوەی قەزاکانـی تـری عێراقـی وەریانگـرت، بەمـەش خەڵکەکـەی بوونەتـە قوربانـی برسـییەتی و هـەژاری و نەخۆشـی و دواکەوتـن. ڕێـگای گواسـتنەوە هۆکارێکـی گرنگـە، کـە دەبـووە مایـەی – ئەگـەر هەبوایـە – ڕزگار کردنـی کۆیـە لـەم کڵۆڵییـەی و بـەرز بوونـەوەی ئاسـتی بژێـوی و کۆمەڵایەتـی و کلتـووری تیایـدا.

ئـەم شـارە نەبـەزە زۆری لـە سـتەم و چەوسـاندنەوەی حوکمـی هاشـمی لـە ناوچـوو چەشـتوە، لـە بـەر ئـەوەی لـە پێشـەنگی ئـەو شـوێنانە بـوو، کـە لـە ڕووی سـتەمەکانیان خۆڕاگـری کـرد و دژایەتـی پـڕۆژە و پەیماننامـە کۆلۆنیالییەکانـی

کــرد و وەفاداربــوو بــۆ گــەل و دڵســۆز بــوو بــۆ کێشــەی ئــازادی نیشــتمان و دیموکراسـییەت، بۆیــە دەســتەی فەرمانــڕەوا توڕەیــی خــۆی بــە ســەر کۆیــەدا ڕژانـد و بـە مەبەسـت لـە پـڕۆژەی پیشەسـازی و ئاوەدانکردنـەوە بێبەشـی کـرد و ڕێگاکانـی گواسـتنەوەی پشـت گـوێ خسـت. بـەڵام خەڵکـی کۆیـە بـەردەوام بـوون لـە پێشکەشـکردنی داواکارییەکانیـان لـە بۆنـە و کاتـی جۆراوجـۆردا و دوای هەوڵی زۆر و پێداگـری و سـووربوونێکی زۆر لـە لایـەن خەڵـک و پێشـڕەوە دیموکراتەکـەی کوردسـتانەوە، حکومەتـی لـە ناوچـووی ئـەو دەم پـڕۆژەی ڕێـگای کەرکـوک کۆیەی پەسـند کـرد و تەنـدەری دوو بەشـی ئـەم ڕێـگا گرنگەیـان سـەبارەت بـە کۆیـە ڕاگەیانـد، دوای نزیکـەی پێنـج ساڵان دوو بەشـی بچوکـی قیرتـاو کـرا، یەکێکیـان لـە کەرکـوک بـۆ ناحیـەی شـوان و ئەویتریـان لـە کۆیـە وە تـا نزیکـی ڕووبـاری کۆیـە. بەشـەکانی تریـش، لەوەتـەی کردنـەوەی ڕێگاکـە جگـە لـە دروسـتکردنی پـردی تەقتـەق لـە سـەر زێـی بچـوک، کـە زۆرینـەی ڕێگاکـە پێکدەهێنـێ بەشـە سـەختەکانی تێدایـە وەک خۆیـان ماونەتـەوە. کاتـێ خـۆری چـواردەی تەممـووز هەڵهـات و عێـراق لـە پاشـایەتی قێـزەون و کۆڵۆنیالیـزم ڕزگاری بـوو کۆمارێکـی ئـازاد و سـەربەخو لـە بەرەنجامـی شۆڕشـی خەڵـک و سـوپا دەرکـەوت هاوڵاتیـان هیـوای باشـەیان خواسـت و هەمووانیـش بـە هیـوای ئەوەبـوون، حکومەتـی نـوێ خێراتـر چارەسـەری هەمـوو ئـەو کێشـە لـە مێژینانـە بـکات، کـە سـەرجەمی کـورد و عـەرەب و ئەوانـی تـر لـە ڕۆڵەکانـی ڕافیدەیـن بـە هۆیـەوە بێـزار بـوون.

لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە ڕاسـتی جێـی داخـە، کـە کوردسـتان بـە گشـتی و ناوچـەی کۆیـە بـە تایبەتـی بەشـی خـۆی لـە پڕۆژەکانـی بنیاتنانـەوە و بەپیشەسـازیکردن و ڕێـگاو بانەکانـی گواسـتنەوە وەرنەگـرت لـە کاتێکـدا بـە نموونـە خەڵکـی کۆیـە، کـە گەشـت دەکـەن بـۆ بەغـدا دەبینـن ملیۆنەهـا دینـار لـە پڕۆژەکانـدا خـەرج دەکرێـت، کـە زۆر گرنـگ نیـن و هەندێکیـان تەنانـەت ئێسـتا پێویسـتیش نیـن و پەیوەندیـان بـە ژیانـی خەڵکـەوە نییـە، بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و کاتـێ دەگەڕێنـەوە بـۆ کۆیـە چاویـان لەسـەر دیمەنـە جوانەکانـە، کەچـی ڕووبـەڕووی

ئاسـتەنگ و سـەختی دەبنـەوە لـە کەرکوکـەوە بـۆ کۆیـە، کـە ڕێـگا سـەختەکان و ئـەو شـیو و ئاودڕانـەی بـە هـۆی لافـاوەوە دروسـت بـوون و جۆگەلەکانـی ئـاوی بـاران ڕێگـری لـە هاتووچـۆی ئۆتۆمبیلـەکان دەکـەن، بەمـەش هەسـت بـە داخـی زۆر دەکـەن بــە هــۆی ئــەو پشــت گــوێ خســتنەی، کــە بــەردەوام شــارەکەیان دوچـاری بـووە. بۆیـە جەمـاوەری کۆیـە داوا لـە حکومەتـی نیشـتمانیی دەکـەن دەسـت بەجـێ دەسـت پێشـخەربن بـۆ قیرتـاو کردنـی ئـەو بەشـەی لـە ڕێـگای کەرکـوک کۆیـە ماوەتـەوە بـۆ ڕزگار کردنـی خەڵکـی کۆیـە لـەو کێشـە و زیانانـەی بـە هـۆی خراپـی ڕێـگای هاتووچۆیانـەوە دروسـت بـووە.

**(ژمارە ٤٢٣ لە ١٥ / ٢ / ١٩٦١،**

**ئەم وتارە بە ئیمزای ئاگر بڵاوکراوەتەوە).**

# دوا وتە:

لێرەدا وتارەکانی مام جەلال کە بە ئیمزای پیرۆت و ئاگر لە ڕۆژنامەی خەبات لە گۆشە تایبەتەکەیدا لە ژێر سەر دێری ڕۆژانەییەکانم (یومیاتی) تەواودەبێت.

دوای کۆدەتای بەعسییەکان بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا، لەشوباتی١٩٦٣، مام جەلال بۆ گفتوگۆ لەگەل دەستەڵاتدارانی تازەی بەغدا ڕادەسپێردرێ و دەچێتە بەغدا، دواتریش دەچێتە قاهیرە و جەزائیر، هەریەک لە عەبدولناسر و بنبێللا دەبینێ و دەربارەی کێشەی کورد و گفتوگۆ لەگەل دەستەڵاتدارانی تازە و داخوازی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی و سەڵماندنی مافی دیموکراتی کوردیان بۆڕوون دەکاتەوە. دیارە دواجار عەبدولناسر پێی ڕادەگەینێ کە نەگەڕێتەوە بەغدا چونکە بەعسییەکان لە بەڵێنەکانیان ڕاستگۆنین لەوانەیە بیخەنە زیندان یان بشیکوژن، هەروەها نامەی سالح یوسفیشی پێدەگا، کە نەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی دۆخەکە باش نییە و بڕیاری لەشکرکێشی بۆسەر کوردستان و لەناوبردنی کوردیان داوە. ئیتر مام جەلال ڕوو لە وڵاتانی دەرەوە دەکات و چەندین چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەمەڕ مەسەلەی کورد و هەڵوێستی بەعس و داخوازی کورد و داوای پشتیوانی وڵاتان بۆدۆزەکەی دەکات. بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کە د.نەجاتی عەبدوڵڵا لە فرانسییەوە وەریگێڕاوە و لەژێر سەردێری: دیمانەیەکی گرنگی ڕۆژنامەوانی مام جەلال لەپاریس بەر لەنیو سەدە. بەپێشەکییەکەوە لەگۆڤاری ڕۆژنامەنووس بلاوکردۆتەوە. لەپێشەکییەکەدا هاتووە:-

ئەم دیمانە ڕۆژنامەوانییەی فەخامەتی مام جەلال ڕۆژی پێنجشەممەی

حوزەیرانــی ١٩٦٣ لــە ڕۆژنامــەی فرەنســی کۆمبــا واتــە (خەبــات) بــە فرەنســی لەپاریــس بڵاوکراوەتــەوە و دواتــر لەبەرگرنگــی دیمانەکــە وەزارەتی دەرەوەی فرانسـا تایپــی کردۆتــەوە و بــۆکاری تایبەتیــی خۆیــان لەنــاو دۆســیەی تایبــەت بەعێــراق هەڵیانگرتــووە و دووڕۆژ دواتــر ڕۆژنامــەی (lapresse)ی توونســی دووبــارە لــە توونـس بـلاوی کردۆتـەوە، کەئەمـە وای لـە باڵیۆزخانەی فرانسـا لەتوونـس کردووە، کــە بەنامــەی نهێنــی وەزارەتــی دەرەوەی فرانســا لــە دووبــارە بڵاوکردنــەوەی ئــەم دیمانەیـە گرنگـەی مـام جـەلال ئاگاداربکاتـەوە. شـایانی گوتنـە لەنـاو بەڵگەنامـە و دەسـتاوێژەکانی وەزارەتـی دەرەوەی فرانسـادا لەنـاو زۆرێـک لـەو بەڵگەنامانـەی کەتایبەتـن بەمـام جـەلال و لـەڕووی بڕێـک لەرۆژنامـە فرانسـییەکانەوە وەرگیراون لەبـارەی سـەفەری حوزەیرانـی ١٩٦٣ی مـام جـەلال بۆپاریـس نووسـیوویانە زۆر بەسەرسـامییەوە باسـی کەسـایەتیی مـام جـەلال دەکـەن و بەکەسـێکی (وشـیار، ئاشـکرا، و ورد) و بەنـاوی کۆڵۆنێـل تاڵەبانـی ناویـان بـردووە.[1]

لـە گۆڤـاری (کۆمەڵـە) ئۆرگانـی ناوەنـدی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان مام جـەلال چەنـد باسـێکی تیـۆری بەنـاوی خـوازراوی (توانـا) بڵاوکردۆتـەوە کـە بـۆ ئـەو کاتـە بایەخـی زۆری هەبـووە لـە گەڵاڵەکردنـی بیـری چـەپ لەنـاو ڕێکخسـتن و خوێنەرانـی گۆڤـاری کۆمەڵـە.

ئامانـج لـە نامیلکـەی (مـام جـەلال – ژیـان و خەباتـی قەڵـەم و کوردایەتـی) کە لـە سـاڵی ١٩٩٦ بـە چاپـی گەیانـدووە ، (سـەبارەت بـە سـەفەرەکەی مـام جـەلال بـۆ سـۆڤیەت لـە پەراوێـزی بەشـداری کردنـی لـە میهرەجانـی لاوان و قوتابیانـی جیهـان لـە وارشـۆ لـە لاپـەڕە (٢٥) نوسـیویەتی : لـە مۆسـکۆ ماوەتـەوە و هەوڵـی داوە، سـۆڤیەت ڕازی بـکات بـۆ پشـتیوانی خەباتـی گەلـی کـورد لـە ڕادیـۆی

---

١ –ڕۆژنامەنــووس، گۆڤارێکــی وەرزی تایبەتــە بەکولتــووری ڕۆژنامەنووســی، ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردســتان دەریــدەکات، ژمــارە٢٥ پایــزی٢٠١١، لاپــەڕە٧.

مۆسکۆوە بە ناوی (حەمەدەمین)[٢] وتارێکی بە عەرەبی خوێندۆتەوە و لە ڕۆژنامەی (ئیزڤێستیا)شدا بە ڕێنووسی ئەو (ولاتە) وتارێکی بلاوکردۆتەوە لەسەر عیراق.

تا ئێرە ئاماژەمان بەوەدا کە مام جەلال نوسینەکانی بەناوی (مام جەلال، جەلال تاڵەبانی) و بەناوە خوازراوەکانی (ئاگر، پ، پیرۆت، حەمەدەمین، توانا) بلاوکردۆتەوە، وە یەکێك بووە کە خولیای ڕۆژنامەوانی هەبووە.

ڕۆژنامەنووس (مەعد فەیاز) لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ مام جەلال نووسیویەتی: لە میانی گفتوگۆکانی لەگەڵماندا دانی بەوە دادەنا، کە لە ڕۆژنامەگەرییەوە نزیکترە تا لە سیاسەت، لە نێوان سالانی ١٩٥٩-١٩٦٠ دا سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان بووە بە زمانی کوردی لە بەغدا دەرچووە، هەروەك بە بەردەوامی لە ڕۆژنامەی خەباتدا دەینووسی. لە ڕۆژنامەنووسە پێشڕەوەکانی عیراق بوو، چونکە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکەم سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراق بووە، کە محەمەد مەهدی جەواهیری شاعیر سەرۆکایەتی دەکرد. بە گوێرەی قسەکانی (ئاواتم ئەوە بوو کە ڕۆژنامەیەك لە سایەی عیراقێکی دیموکراتدا دەربکەم).

مام جەلال ئەگەر چی وەك کارێزمایەکی مەزن لە کوردستان و عیراق و ناوچەکە و جیهان دەرکەوتووە، بە ستونی و ئاسۆیی لە ئاستی زۆر بەرز لێی ڕوانراوە و گوێ لێ گیراو بووە، کاریگەری بەسەر پانتایی سیاسەت و کایەکانی تری ژیاندا هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خولیایەی لە سەرەتاوە هەیبووە بۆ ڕۆژنامەگەری و نووسین هەر لەگەڵیدا ماوەتەوە و خاوەنی ڕۆژنامەیەك بێت

٢-لە دیداری تەمەن لاپەرە ٨٩ دەڵێت جاری دووەم لە١٩٥٧دا کە چومە مۆسکۆ، لەو سەفەرەدا من بۆ یەکەمجارلە ڕادیۆی مۆسکۆ قسەم کرد، واتە ئەوە یەکەمجاربوو کە کوردێک لە ڕادیۆی مۆسکۆوە قسە بکات، بە عەرەبی قسەم کرد بە ناوی حەمە ئەمینەوە، باسی کوردستان و میللەتی کورد و پڕۆژەی سەدی دوکان و داوای برایەتی و دۆستایەتی کوردم کرد لە گەڵ سۆڤیەت وباسی ئەوەی کە کوردیش مافی هەیە بە ئاشتی بژی (ئامادەکار).

کاری تێـدا بـکات.

بـێ لـەوە مـام جـەلال چەندیـن پەرتوکـی نایابـی لەسـەر دۆزی کـورد و مەسـەلەی مافـی چـارەی خۆنوسـینی کـورد نووسـیوە هەندێکیـان بەنـاوی خـۆی و هەندێکیانـی بەنـاوی (م.س) و هەندێکـی تـری بـێ نـاو بڵاوکردۆتـەوە، جگـە لـە دەیـان وتـار و چاوپێکەوتـن و لێدوانـی ڕادیۆیـی و تەلەفزیۆنـی و کـۆڕ و سـیمینار و کۆبوونـەوەی حزبـی و جەمـاوەری و نامـەی سیاسـی و هـی تـر بـە هـەردوو زمانـی عەرەبـی و کـوردی. ئەگـەر هەمـوو ئـەو نووسـین و وتـار و لێدوانانـە کـە لـە چـل و پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردووەوە بەنـاوی خـۆی و نـاوی خـوزراو و ئەوانـەی بـێ نـاو بڵاوکردونەتـەوە بناسـرێنەوە و دووبـارە کۆبکرێنـەوە بـێ گومـان دەبێتـە چەندیـن بـەرگ، و کەرسـتەیەکی زۆربـاش بـۆ نوسـەر و لێکۆڵیـار و ئەکادیمسـتان پێـك دەهێنـێ بـۆ وەسـتان لەسـەر مێـژووی سیاسـی کوردسـتان و عیـراق و ناوچەکـە و تێگەیشـتن لـە بیـری نیشـتمانی و نەتەوەیـی و زانسـتیانەی ئـەو کەڵـە پیـاوەی جـێ پەنجـەی بەسـەر ڕوداوە گەرمەکانـی ناوچەکـەوە هەیـە.

# بەشی دووەم

## نووسینەکانی تر

# میللەتەیەکگرتوەکان

کـە شـەڕی دووەمـی گێتـی هاتـە تـەواو بـوون، دەوڵەتـە سـوێند خـۆرەکان (حلفـاء) هەسـتیان کـرد بـە پێویسـتی دامەزراندنـی هەیئەتێکـی دەولـی بـۆ چەسپاندنی هێمنـی و ئاسـایش و ڕاگرتنـی دۆسـتایەتی لـە بەینـی دەوڵەتەکانـی گێتـی ئاسـایش خـواز بـۆ ڕێکخسـتنی دۆسـتایەتی لـە بەینیانـا بـە جۆرێـک لەگەڵ مەسـڵەحەت و قازانجـی هەمـوو لایـەک ڕێـک بکـەوێ. لـە موئتەمـەری یاڵتـا و پۆتسـدام و قـرم سـەرۆکی دەوڵەتانـی ئەمریـکا و ئینگلیـز و ڕوس لـەم باسـە مەبدەئیـەن ڕێککەوتـن و بڕیـاری هەوەڵیـان بـۆدا.

کـە شـەڕی دووەم کـوژاوەو (سـوێندخۆرەکان) سـەرکەوتن و فاشـیزم بـەزی و شـکا، دووبـارە ئـەم بیـرە بـە گورجـی و گەرمـی کەوتـەوە مایـەوە، لـە کۆبوونـەوەی دومباتـن اوکـس (جیگایەکـە لـە نزیـک واشـنتۆن) مەندوبـی ئەمریـکا و ئینگلیز و چیـن و سـۆڤیتییەکان ڕێککەوتـن لەسـەر بناغـەی ئـەم هەیئەتـە. لـە موئتەمـەری سـان فرانسیسـکۆ، کـە (٥٠) دەوڵـەت تێیـدا حازربـوون موافەقەتی نیهائـی دەرچوو لـە سـەر مەبادیئـەکان و بناغـەی ئـەم هەیئەتـە و بـە ڕەسـمی لـەم ڕۆژە دامـەزرا.

میللەتە یەکگرتوەکان:-

هەیئەتێکـی دەولییـە ئێسـتا لـە٥٩ دەوڵـەت پێکدێـت و هـەر دەوڵەتێکـی ئاسایشـخواز بـۆی هەیـە تێکـەڵاوی بێـت. ئامانجـی ئـەم کۆمەڵە پاراسـتنی هێمنی و ئاسایشـە، لەگـەڵ پێکهێنـان و ڕێکخسـتنی دۆسـتایەتییەکی بـە شـەرەفانە لـە بەینـی میللەتانـی گێتـی بـە جۆرێـک کـە چاکـەی هەمووانـی تێدابێـت و قازانجـی وەک یـەک بێـت بـۆ هەمـوو لایـەک. ئـەم هەیئەتـەش لـەم بەشـانەی خـوارەوە

پێکهاتووە و بە کورتی ئێمە لەدوو بەشی گرنگی ئەدوێین:

١-جەمعییەتی (کۆمەڵی) عمومی

٢-مەجلیسی هێمنی

٣-مەحکەمەی دادی گێتی

٤-سکرتێر و لێژنەکانی تر وەک:

لێژنەی کاروباری کۆمەلآیەتی و لێژنەی ئیقتسادی و لێژنەی حقوقی مرۆڤ.

مەبادیئی میللەتە یەکگرتووەکان:-

١-هەموو میللەتەکان لە سەربەخۆیی و سەربەستی وەک یەکن.

٢-ئەندامەکان پێویستە لەسەریان کە پەیمانی هەیئەت جێبەجێ بکەن.

٣-ناخۆشی لە نێو ئەندامەکان بە هێمنی ئەبێ ببڕێتەوە.

٤-ئەندامەکان نابێ هیچ کاتێک هێز و هەڕەشە بۆ هەرکارێک بێت بەکار بێنن.

٥-ئەندامەکان هەر یارمەتییەکی بتوانن ئەبێ بیدەن بە میللەتە یەکگرتوەکان.

٦-ئەندامەکان هیچ جۆرە یارمەتییەک بەم دەوڵەتانە نادەن کە بە هەیئەت تەدابیری یاریکاری بەر هەڵست وەردەگرێ.

ئەندامێتی و وەرگرتنی ئەندام: هەموودەوڵەتێکی ئاسایش خواز بۆی هەیە کە تێکەلآوی هەیئەت بێت، پاش بڕیاردانی مەجلیسی هێمنی بە هەشت دەنگ (بە دەنگی پێنج دەوڵەتە گەورە دائیمیەکانەوە). بەشەکانی یەکگرتوەکان وەک لە پێشدا گوترا، تەنها باسی دوو بەشی گرنگ ئەکرێت.

کۆمەڵی عمومی:- پێک دێت لە هەموو ئەندامەکانی، کۆبوونەوەی سالآنەیە، بەرزترین سوڵتەیە لە میللەتە یەکگرتوەکان و حەقی گۆڕین و دەست لێدان و پەیمان و پەیرەوەکانی هەیە بە ڕێگای داندراوی خۆی.

حقوقی کۆمەڵی عمومی:- کۆمەڵی عمومی ناتوانێ لە خۆیەوە فەرمایش نیشان بدا، لەسەر هەر تەگەرەیەک تەنها پاش بڕیاری مەجلیسی هێمنی و

لقەکانــی تــر ئەتوانــێ لێــی بدوێــت لەســەر بڕیــاری گرنــگ.

١-کۆمەڵی عمومی حەقی باسکردنی ئەمانەی خوارەوەی هەیە.

ئـ- دانانی بناغەی دۆستایەتی دەوڵەتەکان بۆ پاراستنی ئاسایش و هێمنی.

ب- ئـەم مەبدەئانـەی کـە عیلاقەیـان بە چـەک دانـان و ڕێکخسـتنی چەکداریەتییەوە هەیە.

پ-ئەم تەگەرانەی کە عیلاقەیان بە هێمنی و ئاسایشی دەولیان هەیە.

٢-کۆمەڵی عمومی ئەم سوڵتانەی خوارەوەی هەیە:

ئـ-سوڵتەی وەرگرتنی ئەندامی تازە.

ب-سـوڵتەی لێسـاندنەوەی ئەندامەتــی لــە هــەر دەوڵەتێـک وەیــان لابردنــی ئــەو ئیمتیازانــەی کــە هەیتــی لەســەر دەوڵەتەکانــی تــر.

پ-سوڵتەی هەڵبژاردنی سکرتیری گشتی (عام).

٣- کۆمەڵــی عمومــی بــۆی هەیــە کــە مەسـروفات لــە بەینــی ئەندامانــی بــەش بــکات.

٤-کۆمەڵــی عمومــی بــۆی هەیــە بــە شــەش ئەنــدام مەجلیســی هێمنــی هەڵبژێــری.

٥- کۆمەڵــی عمومــی بــۆی هەیــە قازییەکانــی مەحکەمــەی دادی گێتــی هەڵبژێــری کــە لێــی و یســترا.

٦-بـۆی هەیـە کـە هەمـوو جـۆرە فەرمایشـێکی کـە دەبنـە هـۆی بـە تیـن کردنی هێمنـی و ئاسـایش نیشـان بـدات بـۆ لقەکانـی تر.

٧-کۆمـەڵ بـۆی هەیـە، کـە فەرمایـش پێشـکەش بـکات بـۆ لقەکانـی تـری بـۆ ڕێکخسـتن و ڕازاندنـەوەی سیاسـەتیی لقـەکان.

٨-بۆی هەیە لە تەقریرەکانی کە بۆی دەچێت بدوێت.

دەنگدان لە کۆمەڵ:

١-هەر ئەندامێک یەک دەنگی هەیە.

٢-بڕیـارە گرنگـەکان بـە دووبـەش دەنـگ دەرئەچـن. ئـەم بڕیـارە گرنگانـەش

ئەمانــە دەگرێتــەوە: پاراســتنی ئاســایش، هەڵبژاردنــی ئەندامانــی مەجلیــس، هێمنــی و هەڵبژاردنــی ســکرتێری گشــتی و ئەندامەکانــی لقــەکان و لێخســتنی ئەندامــەکان لــە ئەندامیەتــی و کاروبــاری مالــی. بــەلاّم بڕیارەکانــی تربــە زۆری دەنــگ ئەبێــت.

٢-مەجلیســی هێمنــی پێکهاتــووە لــە (١١) ئەنــدام، پێنجیــان دائیمیــن، ئەمانیــش ئــەم دەوڵەتانــەی خــوارەن:

- ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
- بریتانیای مەزن
- یەکێتی سۆڤیەتییەکانی شۆرەوی
- چین
- فەڕەنسا

بــەلاّم شەشــەکەی تــر هەڵدەبژێردرێــن، ســێیان دووســاڵ جارێــک، ســێیەکەی ترســاڵێک جارێــک بــە تێبەشــکردنێکی جوغرافــی.

واجبەکانی مەجلیسی هێمنی:

١-مەجلیســی هێمنــی یەکــەم مەســئولە لــە پاراســتنی هێمنــی و ئاســایش لــە گێتــی.

٢- مەجلیســی هێمنــی حەقــی وەرگرتنــی هــەر جــۆرە تەدبیرێکــی پێویســتی هەیــە بــۆ پاراســتنی ئاسایشــی هێمنــی و بــۆ مەنــع کردنــی عــدوان.

٣-هەمــوو ئەندامەکانــی کۆمــەڵ ئەبــێ بڕیارەکانــی مەجلیســی هێمنــی جێبەجــێ بکــەن.

٤-مەجلیــس مەســئول دەبێــت لــە دانانــی پیلانەکانــی پێویســت بۆ ڕێکخســتنی چەکــداری، کــە یارمەتــی لــە ئەرکانــی جەنگــەوە وەردەگرێت.

٥-ڕەئــی دان لــە هەڵبژاردنــی ســکرتێری عــام و ئەندامــی تــازە بــۆ کۆمەڵــی عمومــی و چەنــد شــتێکی تــر.

دەگدان لە مەجلیس:

١-هەرئەندامێک دەنگێکی هەیە.

٢-پێنــج ئەندامــە گــەورەکان حەقــی (ڤیتــۆ) یــان هەیــە، کــە ئەمیــش بــە پوختــی مانــای (یەکێتیــی بیروبــاوەڕی هــەر پێنــج دەوڵــەت لــە هــەر کارێکــی غەیــرە ئیــداری). ئەمــە مانــای لەفــزی (ڕەفــز) یــان (نەقــز)ە.

(سەرچاوە: ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (١٩) لە٢١/نیسانی/١٩٥١.).

# نووسینی کوردی بەلاتینی

بێگومــان زمانــی کــوردی زمانێکــی زینــدووە ،هــەزاران ســاڵە خــۆی لەبــەر زەمانــە گرتــووە و مــاوە، وە بەگوێــرەی گۆڕانــی ژیانــی کۆمەڵایەتــی کــورد گــۆڕراوە. زمانــی کــوردی زمانێکــی فــراوان و پــڕ لەئیســتلاحاتە، هەروەکــو زمانێکــە بــە هاســانی ئەســازێ لەگــەل پێشــکەوتن و زیادکردنــی و شــەی تــازە، کــە گۆڕانــی ژیــان ئەیخــوازێ. زمانــی کــوردی ڕۆژ بــە رۆژ ســەربەخۆیی و پەســندی خــۆی زیاتــر بەخەڵــک ئەســەڵمێنێ، وە هەرچەنــدە زۆر لــە بەرەواژکارانــی مێــژوو، وە لــە ناحەزانــی نەتــەوەی کــورد تێیــان کۆشــاوە بــۆ لەناوبــردن و دیارنەخســتنی زمانــی کــوردی ، بــەلام زۆری پێنەچــووە کــە درۆ و دەڵەســە لــە پێــش لافــاوی ڕاســتی ڕووخــاوە.

مێژووناســەکانی بێگانــە نەیانتوانیــووە بســەلمێنن کەزمانــی کــوردی .... زمانــی فارســی یــان عەرەبییــە بەڵکــو ســەلماندویانە کــە کــوردی زمانێکــی ســەربەخۆیە.

مســتەر سمس و کەناچــە (أنســة) لوســی پــۆل مارگرێــت و مینۆرسکی وە چەنــد مێژووناسـێکی کـورد وەک خوالێخۆشـبوو ئەمیـن زەکـی بـەگ ئاشـکرایان کـردووە و گوتویانــە کــوردی زمانێکــی بەبنــج و بنــەوان و فــرەوان و ســەربەخۆیە.

تاڕادەیــەک کەناچــە لوســی پــۆل مارگرێــت ئەڵێــت کــە ئــەم زمانــە فرەوانتریــن و پــڕ ئیســتلاحترین زمانــی ڕۆژهەلاتــی ناوەڕاســتە، هــەر چەنــدە زمانــی کــوردی وشــەی بێگانــەی تێکەلاوبــووە، بــەلام ئەمــە لەبەرگــوێ پێنەدانیەتــی، ئەگەربێــت و مەجمەعــی زمــان و عیلمــی هەبــن لەکوردســتاندا و ئهتیمــام بەزمانــی کــوردی بدرێــت، ئەوســاکە بەچاکــی و بــە ڕاســتی قســەی (مارگرێت)تــان بــۆ دەردەکــەوێ. کوردیــش وەک هەمــوو زمانێــک نووســینی هەیــە.

لەســەر نووســینی کوردیــش دووجــۆرە بیــر هەیە..یەکیــان پەســندی نووســین

دەکا بـە لاتینـی و ئـەوەی تـر بـە پیتـی عەرەبـی، بـەڵام نووسـینی کـوردی بـە لاتینـی پەسـند دەکرێـت لەسـەر نووسـینی بـە پیتـی عەرەبـی لـە بـەر ئـەم ئەسـبابانەی خـوارەوە:

١-هەندێـک دەنـگ هەیـە لـە کوردیـدا پیتـی عەرەبـی ناتوانـێ دیـاری بخـا وەک (ژن، مـن) لێـرەدا دەنگێـک هەیـە لـە بەینـی ژێ و نونەکـە و میـم و نونەکـە ،کـە لـە لاتینـی بـە حەرفـی (E) دیـار دەخـرێ.

٢- لـە کوردیـدا چەنـد جـۆر(ی ،و) هەیـە هەندێکیـان کـراوەن وە هەندێکیـان قەڵـەون وەیـان درێـژن جـا لـە لاتینـی باشـتر بەدەرئەخرێـت.

٣-جـا لەبـەر ئـەوە لـە خـوارەوە بـە کورتـی پیتەکانـی لاتینـی کـوردی ئەنووسـمەوە هیـوام وایـە کـە ئەم کەسـانەی ئەیانـەوێ فێربن و کەڵکـی لێوەرگرن، وەتەرحێکـی تریـش بـە لاتینـی کـوردی نووسـین هەیـە کـە مەشـهورە بەهـی خـاوەن مەعالـی تۆفیـق وەهبـی بـەگ ، بـەڵام ئـەوەی دەینووسـمەوە لەخـوارەوە بـە بـڵاو و پەسـندتری ئەزانـم لەبـەر نەبوونـی پیتەکانـی ئینگلیـزی لـە مەتبەعـەی جەریـدەی هەولێـر بۆیـە تەلەفـوزی حەرفـە ئینگلیزیـەکان ئەنووسـمەوە.

ا=ئەی

ب=بی

ج=سی

چ=سی هەشتێکی لەبن

د=دی

ف=ئێف

گ=جی

ه=ئێچ

ژ=جەی

ک=کەی

ل=ئێل

م=ئێم

ن=ئێن

پ=پی

ق=کیو

ر=ئار

س=ئێس

ش=ئێس هەشتێکی لەبنە

ت=تی

ڤ=ڤی

خ=ئێکس دوونوقتەی لەسەر

ح=ئێچ دوو نوقتەی لەسەر

ز=زێت

ی=وای

و=دەبڵیو

دەنگەکانیش ئەمانەن (ئەی) وەک فەتحەی عەرەبی ئەخوێندرێتەوە بۆ وێنە سەر (ئێس، ئی، ئار)، وەرە (دەبڵیو، ئی، ئار، ئی).

(ئی ) بۆ نیشانەی ئەو دەنگەیە کە لە بەینی (ژ، ن) لەوشەی ژن هەر وشەیەکی لەسەر بەم جۆرە.

(یو) وەک زەممەی عەرەبییە بۆ وێنە (کورد) کەی ،یو،ئار،دی.

دەنگە درێژەکانیش ئەمانەن وەک (أ) عەرەبییە بۆ وێنە (زار)، (زێت، ئەی، ئار).

(ئی) هەشتێکی لەسەروەک پیتێکی قەڵەو بۆ وێنە (زێر)، (زێت، ئی هەشتێکی لەسەر،ئار).

(ئای) هەشتێکی لەسەر وەک پیتێکی درێژ بۆ وێنە (میر)، (ئێم، ئای هەشتێکی لە سەر، ئار).

(یــو) هەشــتێکی لەســەر وەک واوێکــی درێــژ بــۆ وێنــە (بــوک)، (بــی، یــو هەشــتێکی لەســەر، کــەی).

(ئۆ) وەک ئۆی ئینگلیزی بۆ وێنە (رۆژ)، (ئار، ئۆ، جەی).

(ئـو) دوو نوقتـەی لـە سـەر وەک ئـەم دەنگـەی لـە وشـەی (دم، ملح)بـە کوردی هەیـە حەرفـی ئـو هەشـتێکی لەسـەر وەک واوی عەتـف بـەکار دێـت بـۆ وێنـە (مـن و تـو) ئێمـە ئـەی ئێـوە یـو هەشـتێکی لەسـەر ئـی ئـو.

**هەولێر ژمارە-٢٤ ساڵی یەکەم ٢٦/مایس/١٩٥١**

# پێشەکی بۆناملیکە شیعری ئاشتی

لەکاتێکدا، کە ئۆردووی شەڕ و ئیمپریالیزم بە سەرۆکایەتی ئیمپریالیستە هارە پیاوخۆرەکانی ئەمێرکا (کەپێک هاتوون لە مشتێک سەرمایەدار و ملیۆنەر و خاوەن کارخانەی چەک و جبەخانە و کارخانە زلەکانی تر وەک چەندێک نۆکەر و کرێگرتە)، بێووچان بە هەموو هێزیانەوە زۆر بەگەرمی و گورجی تێدەکۆشن بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕێکی فەوتێنەری کاولکەر، کە بە ڕووبار خوێن و فرمێسکی تێدا بڕژێت و ملیۆنەها گەنج و لاو و پیر و جەوان و منداڵ و ژنی تێدا بکوژرێت و بە هەزاران شار و دێهات و ڕێگاوبانی تێدا کاول کرێت و ڕێگای پێشکەوتنی عیلم و خوێندەواری و زانیین و سەناعەت و زەراعەت و بەختیاری پێببەسترێت، ئەم شەڕە پیسە گڵاوەی، کە بۆ مرۆڤایەتی- انسانیەت- تەنها هەر گرانی و مردن و کاولی زیاتر چیکە بە دیاری ناهێنێت و گۆیا بە بیری چەوتی تەسکی سەرمایەدارە پیاو خۆرەکانی ئەمێرکا و نۆکەرەکانییان، چارەی تەنگ و چەڵەمەی – ازمة اقتصادي- ڕژێمی بۆگەنی کۆنی ڕزیووی سەرمایەدارییان ئەکات و ڕزگاریان ئەکات لەم ناکۆکییە توند و تیژەی کە ڕژێمی بۆگەنە بەرەو ڕمانەکەیانی هێناوەتە لەرزە لەرزی سەرەونگوم بوون، ئەم دوا ڕۆژە ڕەشە حەتمییەی کەسەرمایەدارییەت هەر ئەبێ بیبینێ، هەروەک ڕژێمەکانی پێش ئەو دیویانە یا ئالەم کاتەدا کە ئیمپریالیستەکانی هاری ئەمێرکا و نۆکەرانییان بۆ ئەم شەڕە پیسە گڵاوە تێدەکۆشن، میللەتانی دونیاش هەریەکە لە ڕاستە خۆیەوە و تەک بە تەکی یەک بۆ پاراستنی ژیان و بەختیاری و سەربەستی عیلم و زانیین و حەزارەت و ئەدەب و شەرەف و ناموسی میللیان هەستاونەتە سەرپێ و بۆ بەربەستکردنی شەڕفرۆشەکانی ئەمێرکا و نۆکەرانیان و بۆ ڕێگاگرتن لەم بەڵایە

گــەورەی ئیمپریالیســتەکان ئەیانــەوێ دووچاریــان بکــەن، میللەتــی کوردیــش وەک هەمــوو میللەتانــی تــر ڕاپەڕیوەتــە ســەرپێ بــۆ دورخســتنەوە و لابــردن و نەهێشــتنی ئــەم خەتــەرە زلەیــە و تــەک بەتەکــی میللەتانــی دونیــا لــە کاروانــی ئاشــتیخوازانی دونیــادا جێــگای خــۆی گرتــووە و ئــەڕوا.

میللەتــی کــورد زۆر چــاک ئەزانێــت و بەکــردەوە بــۆی ســاغ بووەتــەوە، کــە ئیمپریالیســتە پیــاو خــۆرە هارەکانــی ئەمێــرکا چ دڕنــدە و بکوژێکــن و چــۆن بــە هەمــوو هێزیانــەوە تــا ئێســتا و هەتــا ماشــبن هــەر دوژمنایەتــی کوردیــان کــردووە.

میللەتــی کوردمــان، کەیەکجــار زۆری لەســەر دەســتی ئیمپریالیســتەکان کــوژراوە و هــەزاران لاوی بەدەســتیان دوورخراوەتــەوە لــە زیندانــان داڕژێنــراوە و هــەزاران دێهــات و شــاری کاول کــراوە.

میللەتــی کوردمــان کــە کوردســتانی خۆشەویســتی لەدەســتی ئیمپریالیســت و نۆکەرانیــان هــەزار تاڵــی و ناخۆشــی دیــوە و ڕۆڵەکانــی بەهــەژاری و دواکەوتوویــی و نەزانــی هێشــتراونەوە و هەمــوو ڕێــگای پێشــکەوتن و خوێنــدەواری لێگیــراوە. میللەتی کوردمــان، کــە ئەزانێــت ئیمپریالیســتەکانی ئەمێــرکا و نۆکەرانیــان، بــە بەهانــەی شــەڕەوە ئەیەوێــت کوردســتانی خۆشەویســتی بکەنــە بنکــەی شــەڕ و پەلاماردانــە ســەر میللەتانــی دۆســتی و دڵســۆزی ڕاســتەقینەی کــورد و ڕۆڵەکانــی بکەنــە ســووتەمەنی شــەڕی ئیمپریالیســتی بــۆ قازانجــی خۆیــان هەڵگیرســاو. مزگــەوت و قوتابخانــە و شار و دێهاتەکانــی ببنــە ئــۆردوگای لەشــکر و بکەونــە خەتــەری بۆمبــا بارانکــردن و لوتکــە بەرزەکانــی چیاکانــی کــە هەزارجــار بەدەســتی ئیمپریالیســتەکان ســوورکراون بەخوێنــی پاکــی ڕۆڵــە شــەهیدە مەردەکانــی کــورد بکەنــە ســوپێر، بەڵــێ میللەتــی کوردمــان، کــە بەکــردەووە دوژمنایەتــی خوێنخــۆری ئیمپریالیســتەکانی ئەمێــرکا و ئینگلیــز و نۆکەرانیانــی بەرامبــەر بەخــۆی بــۆ ســاغ بۆتــەوە، کــە ئەبینێــت ئیمپریالیســتەکانی ئەمێــرکا و ئینگلیــز و نۆکەرانیــان چــۆن بوونەتــە مڵۆزمــی ســەرگەلانی دونیــا و بــە هەمــوو هێزێکیانــەوە ڕێــگای پێشــکەوتن و بەختیــاری و ســەربەخۆیی و دیموکراســی و برایەتــی گــەلان ئەبەســتێ. بەڵــێ میللەتــی کوردمــان کــە بەئاشــکرایی و بەچاکــی

قازانجی خۆی لەبرایەتی و دۆستایەتی گەلانی دونیادا ئەبینێت بەتایبەتی گەلانی تورک و عەرەب و عەجەم و دراوسێیە دڵسۆزەکانی و هەر لە ژێرئالای ئاشتی دونیادا ڕێگای بەختیاری و دیموکراسی و وەدەستهێنانی هەموو هقوقێکی بۆ دەکرێتەوە، ئەم میللەتەی هەتا ئێستا هەر خزمەتی ئینسانیەت و بەشەریەتی ویستووە، زۆر بەدڵ و بەگەرمییەوە کەوتۆتە بەربەرەکانێ کردنی هەموو پیلان و داوە شەڕاوییەکانی ئیمپریالیستەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا وەک بەیانی درۆزنی شەڕاوی پاراستنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیمانی حیلفی تورکیا و پاکستان و هەموو جۆرە پیلانەکانی تر، تەک بەتەکی برا عەرەب و تورک و عەجەم و ئازربێجانییەکانی لە خەباتدایە بۆ ڕزگاربوون لە ئیمپریالیزم و دەرکردنی لەشکر و شەریکاتە خوێنمژەکانی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو پەیمانانەی کە ئەم وڵاتانە بە ئیمپریالیزمەوە ئەبەستێ.

وە بە هەموو هێزێکیەوە لە خەبات دایە بۆ پاراستنی ئاشتی دونیا و دوورخستنەوەی خەتەری شەڕی ئیمپریالیستی تەک بە تەک گەلانی دونیادا، بۆیە هیچ سەیر نییە کە ڕۆڵانی مەرد و بە شەرەفی کورد زۆر بەگەرمی بێنە کایەی خەباتەوە و لە جولانەوەی ئاشتیخوازیدا بەگەرمی ئیش بکەن و بڕۆن و هیچ دەمێک ڕێگانەدەن ئیمپریالیستەکان وڵاتیان بکەنە مۆڵگەی شەڕ و وێرانی و خۆیان نابنە سووتەمەنی شەڕ. هەروەها میللەتی کوردمان ئامادە نییە بۆ خاتری دوژمنانی خوێنخۆری، بۆ خاتری بکوژی شەهیدەکانی، بۆ خاتری تالانکەرانی وڵاتی- یەعنی ئیمپریالستەکانی ئەمێرکا و ئینگلیز و نۆکەرەکانیان - دووچاری گرانی و ڕەشبگیری و مردن و کاولی و لاتیی و هەژاری بێت. دانەرانی ئەم شێوانەش وەک دوو ڕۆڵەی مەردی کوردستان کە لە فیداکاری بەگیان و سەرو ماڵ درێغی ناکەن بۆ بەختیاری و ڕزگاری و دەرچوون لەدیلی و بەندەگییەتی، ئەم شێوانەیان داناوە کە تێیدا خراپی شەڕ و چاکەی ئاشتی تێیدا نیازی ڕاستەقینەی پیاو خۆرە شەڕ هەڵگیرسێنەران لەم شەڕە پیسەی ئەیانەوێت نیشان دەدەن و باسی هێزی گەلان ئەکەن، ئەم هێزەی کە لە توانایەتی شەڕ هەڵگیرسێنەران

ڕاگرێ لەعاستی خۆیان و ئاشتی بپارێزرێت گەر بە چاکی و بە دڵسۆزی گەلانی دونیا مەسەلەکەی لەباوەش گرن و تادوایی پارێزگاری بکەن.

ئێمەش وا ئەم شیعرانە ئەخەینە بەردەستی خوێندەواران، ئەم شیعرانەی کە لە نەورۆزی ساڵی١٩٥٤ لە سلێمانی لەزەماوەندی نەورۆزدا خوێندراوەتەوە، بەهەویای وەی کە یارمەتی مەسەلەی پەرەسەندن و بەهێزکردنی جوڵانەوەی ئاشتیخوازی بدات لە کوردستاندا. بە تایبەتی چونکە کوردستان ڕێگای گۆڤارو نووسراوی ئاشتیخوازی بە زمانی خۆی لێگیراوە، بە ئومێدین لە بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرانە سەرەتای کارێکی ڕێکوپێکمان بێت لە جوڵانەوەی ئاشتیدا و بۆ پەرەپێدانی و لەمەودوا نووسراو و کتێب پەیتاپەیتا لەم بابەتەوە بڵاوکەینەوە، و ئێمەش جێگای خۆمان بگرین لەکاروانی ئاشتیخوازانی کوردستانا و بەگورجی بکەوینە خەباتەوە بۆ ئاشتی و دیموکراسی و سەربەخۆیی.

جاتۆش ئەی خوێندەوار ئەم نامیلکەیە بگرە دەست بۆ خۆت و باوکت و دایکت و خوشک و براو خزم و کەسوکارتی بخوێنەوە، دەنگی ئاشتی بگەینە بە گوێی هەموو کەس بە تایبەتی نەخوێندەواران. ئێوەش ئەی ئاشتیخوازانی کوردستان ئەم نامیلکەیە بە یارمەتییەکی بچکۆڵە لە ئێمەوە بزانن و بەڵێنتان دەدەینێ کە لەمەودوا هیچ درێغی نەکەین لە خەباتدا بۆ پاراستنی ئاشتی و پەرەپێدانی جوڵانەوەی پیرۆزی ئاشتیخوازانی دونیا[1].

### گەنجانی دیموکراتی کوردستان

---

١-بڕوانە: پێشەکی نامیلکەی ئاشتی، لا٤-٨ کە بەسپاسەوە برای بەڕێزم بوار نورەدین لە سەرداوای خۆم بۆی کۆپی کردم، مام جەلال لە دیداری تەمەن دەڵێت: حەمەی ئەحمەد تەها (کامەرانی شاعیر) کۆمەڵێک هۆنراوەی لە (١٩٥٤)ەوە دانابوو لە سەر ئاشتی، من پێشەکیەکم بۆ نووسی و بڵاویکردەوە. ئەو پێشەکیەی، کە من نووسیبوم، بو بە هۆی گیر و گرفتێکی گەورە، من بەزمانی چەپی ئەو سەردەمە نووسیبوم و زۆر باسم لە ئیمپریالیست کردبوو، وەک پیاوخۆر دابوومە قەڵەم. بڕوانە : مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی سەلاح ڕەشید، بەشی یەکەم، چاپی چوارەم٢٠١٩، لا٨١.

# پێم وایە ک. حوسامی زۆر باشی بۆچووە[1]

پێموایە ئیمڕۆ کەسمان لاریمان لەوە نەبێت، کە نەتەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە زیندووە بزێوەکانی ڕۆژهەڵات، کە دلێرانە لە هەموو بەشەکانی کوردستانی نیشتمانیدا دەستی داوەتە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی پانوبەرین، کە لەشێوەکانی سیاسی و چەکدارانە و ڕەوشەنبیرانە و هتد خۆی دەنوێنێ. دیارە زۆربەی تێکۆشەرانیش ئەم ڕاستەییە دەسەلمێنن، کە بۆسەرکەوتنی ئەو خەباتە ڕاست و ڕەوایەی نەتەوەی کورد لە پێناوی مافی چارەنووسی خۆیدا، ڕێگە و ڕێبازی جیاجیا و شەرتەکانی سەرکەوتنی فرەجۆرانە، واتە خەباتەکە فرەجۆر و فرەکۆڕ و فرەشێوەیە، بەڵام هیچ یەک لەم ڕاستییانە نکۆڵیان پێ لەم ڕاستییە گرنگ و سەرچاوەییەش ناکرێت کە نەتەوەی کورد یەک نەتەوەی زیندووە، ڕوو لە گەشەکردن و خەملێوبوونە، واتە قانوونی پەیدابوون و گەشەکردنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتەکەماندا بەکار و بەجێییە، جێبەجێ کردنی مایەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری و فەرهەنگی و هتدی، نەک هەر پتر لە٢٥ ملیۆن ئینسانیی کوردە، بەڵکو دەشبێتە هۆیەکی کاریگەری ڕزگاری ڕۆژهەڵاتەکەمان لە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و ئازاردانی نەتەوایەتی، وە ئەنجامەکەی بنبڕکردنی هۆیەکی گەورەی ناکۆکییەکانی نێوگەلانی ڕۆژهەڵاتەکەمانە و کوێرکردنەوەی سەرچاوەیەکی زۆرداری و دەست درێژییە بۆ سەریان. پێموایە هیچ دوورناکەوینەوە لە ڕاستی کە دەڵێم شادبوونی نەتەوەی کورد بە ڕزگاری و مافی چارەنووس ئەوەندەی خێروخۆشی کوردی تێدایە ئەوەندەش – ئەگەر پترنەبێ – بۆگەلانی

---

١-کەریم حیسامی ١٩٢٦-٢٠٠١ ناوی تەواوی کەریم میرزا حەمەد، لە گوندی بەیرەم لە مەهاباد هاتۆتە دونیا، سیاسەتمەدار و نووسەر و وەرگێڕێکی بە ناوبانگی کوردە. (ئامادەکار).

تــورک و عــەرەب و ئێــران بــاش و بەکەڵکــە. ســەبارەت بــە دابەشــکردنی کوردســتان بەســەر چەنــد و لاتێکــداو، ســەبارەت بــە ئەهمییەتیــی تایبەتــی ڕزگاری کوردســتان و ئــەو دەورەی بزووتنــەوەی ڕزگاری و دیموکراســی خەڵکــی کوردســتان دەیبینێــت لــە ڕزگاری ڕۆژهەڵاتەکەمــان و سەرخســتنی خەباتــی ڕەوای گەلەکەمــان، کــە بەشــێوەیەکی ئۆرگانیــک پێکــەوە گرێــدراون و بەشــێوەیەکی عەمەلیــش لــە کوردســتانەوە بەیــەک دەگەیەندرێــن و هەنــدێ جاریــش لەکوردســتاندا خــۆی دەنوێنێــت لەســەر خاکــە خوێناویەکــەی تەجســید دەبێــت. هــەر بۆیــەش هــەروەک هاوخەباتــی گەلــی کــورد لەگــەڵ گەلانــی ڕۆژهەڵاتــدا شــەرتێکی گرنگــی ســەرکەوتنی خەباتەکەیەتیــی، ئەوەهاش هاوخەباتــی گەلانــی ڕۆژهەڵاتەکەشــمان لەگەڵ بزووتنــەوەی ڕزگاری خەڵکی کوردســتان شــەرتێکی گرنگــی ســەرکەوتنی ئەوانیشــە. کــە لــە مــەش بەئاســانی ئــەم ڕاســتییە هەڵدەێنجیــن کــە هاوخەباتــی بەشــەکانی نەتــەوەی کــورد لەگــەڵ یەکتــر نــەک هــەر شــەرتی ســەرکەوتنی بزووتنــەوەی ڕزگاری خەڵکــی کوردســتانە لــە هــەر پارچەیەکــی کوردســتان و هەمــوو پارچەکانیــدا لــە ڕوانگــەی یەکێتیــی نەتەوەیــی کــورد و دیــدی ڕووتــی کوردانــەوە، بەڵکــو لــە ڕوانگــەی هاوخەباتیــی گەلانــی ڕۆژهــەڵات و بەدیــدی یەکێتیــی دەسکەوتەکانیشــییان.

لێــرەدا دەمــەوێ بڵێــم ڕزگاری کوردســتان ئەهمیەتێکــی تایبەتــی مێژوویــی هەیــە بــۆ گەلانــی ڕۆژهــەڵات و بــۆ نەتــەوەی کوردیــش. بــەم پێیــەش بزووتنــەوەی ڕزگاری و دیموکراســی خەڵکــی کوردســتان بایەخێکــی مێژوویــی و شۆڕشــگێڕانەی گــەورەی هەیــە. نووســەرانی نیشــتمانپەروەری بیــر ڕەوشــەن و شۆڕشــگێڕیش لــەم بزووتنەوەیــەدا دەورێکــی باڵایــان هەیــە ســەبارەت بــەوەی، کــە خوێنــدەواری شۆڕشــگێڕ هەڵگــری مەشــخەڵی ڕاســتیی و پێشــکەوتن و شۆڕشــن. ڕوونکردنــەوەی ڕاســتییە گرنگــەکان و تێکــەڵاوەکان کارێکــی گرنــگ و پێویســتە. بۆیــە لەمــڕۆدا لــە هەمــوو کاتێــک زیاتــر پێویســتییان بــە هاوخەباتیــی و هاوکاریــی یەکتــر هەیــە لــە هەمــوو بەشــەکانی کوردســتاندا. بۆیــە پێموایــە ئیمــڕۆ یەکێتیــی نووســەرانی کوردســتان ( هەمــوو کوردســتان ) نــەک هــەر داوایەکــی ڕەوای نەتەوایەتییــە، بەڵکــو

پێویستییەکی گرنگی سەرخستنیی خەباتییشە، پێویستییەکی گرنگ و بایەخدارە لە سەر خستنی هاوخەباتی بەشەکانی نەتەوەی کوردیش لەگەڵ گەلانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانییان بەسەردا دابەشکراوە، لە خەباتی یەکگرتووی گەلانی ڕۆژهەڵاتەکەشماندا. ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییانە بۆ جەماوەر و هێنانە پێش و نواندنیان کە بەشێکی زۆری ئەرکی سەرشانی خوێندەوارانی شۆڕشگێڕە، سەرچاوەیەکی ئەم یەکێتییەی ئەدیبانی کوردستانە. بۆیە پێموایە کاک کەریمی حوسامی زۆرباشی بۆچووە و لەکاتی پێویستدا داوای دامەزراندنی یەکێتیی ئەدیبانی کوردستان دەکات.

چونکە سەرەڕای ئەوەی گوتمان، نووسەرانی کوردستان وەک هەمیشە دەبێ ڕێبەری کوردایەتی و هەڵگری ئالای یەکخستنی هەوڵ و تەقەلای ئەدیبانی کوردستان بن، بەتایبەتی کە کۆڕی خەبات و گۆڕەپانی جلیتبازی ئەدیبان زۆر فرانتر و بەرینترە لە قاڵبی داڕێژراویش بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نزیکەکانی گەلەکەمان. دەشمەوێ بڵێم کە بەری خەیاڵ و مەودای لێکدانەوە و ئاسمانی بیر کردنەوەی ئەدیبان بێ بن و بەچاو بەدینەکراوە! بۆ وێنە ڕەنگە حزبێکی سیاسیی یان شۆڕشێکی کوردستان لە بەر هەندێ هۆی واقیعی و هەندێ تەکتیک و پلان و نەخشەی خۆی ئەوەی پێنەکرێت کە ئەدیبان دەتوانن بیکەن لە باسکردن و هێنانەوە پێش چاوی ئامانجە دوورەکان و مافە سەرەکییە ستراتیژیەکانی نەتەوەی کورد، بۆیە نابێ کۆسپ و بڕوبیانوویان بۆ بهێنینە پێش و پەکی بیرکردنەوە و بیرخستنەوەیان بخەین.

جگە لەمە ئەدیبە هوشیارەکانمان، ئەدیبە شۆڕشگێڕەکانمان میراتگری ڕاستەقینەی ئەدەبی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕی کوردن کە هەر لەسەردەمی حاجی قادرەوە تا ئیمڕۆ بە کورد و کوردستانیاندا هەڵگوتووە و بیری ڕزگاری و یەکێتی و بەختیاری نەتەوەی کوردیان پێشکەش کردووە. من بەلامەوە ڕاستتر ئەمەیە کەلەم مەسەلەیەدا (ئەدیبانە) بیری لێبکەینەوە نەک (سیاسییانە) تا مەسەلەی یەکخستنی هەوڵ و تەقەلای ئەدیبانی کوردستان و دامەزراندنی

یەکێتییەکەیــان نەخرێتــە گێــژاوی سیاســەتی حــزب و ڕێکخراوەکانــی بەشــە جیاجیاکانــی کوردســتانەوە! پێویســتە ئــەم ڕاســتییەش بخەمــەوە بەرچــاو کــە هەلومەرجــی ژیــان و گوزەرانــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی ئەدیبەکانــی هەمــوو کوردســتان زۆر لەیەکــەوە نزیکــە ســەبارەت بــەوەی، کــە ئیمــڕۆ لــە هەمــوو بەشــەکانی کوردســتاندا داگیرکــەران قەمچــی ئازاردانــی نەتەوایەتییــان بەدەســتەوە گرتــووە و ســەروگوێلاکی ئەدیبانــی کــوردی پــێ (بیــراز) دەکەنــەوە! نەمــاوەی دامەزراندنــی یەکێتیــی نووســەرانی کوردســتان دەدەن و نــە سەربەســتی و ئازادییــە دیموکراســییەکانیش شــوێنەواریان مــاوە! لەهەمــوو بەشــەکاندا خەبــات دەبــێ نهێنــی و شۆڕشــگێڕانە بێــت، کــە ئەمــەش لایەکــی باشــی ئەمەیــە کــە یەکێتیــی ئەدیبانــی هەمــوو کوردســتان نابێتــە مایــەی لــە دەســت دانــی هیــچ مــاف و سەربەســتی و دەســکەوتێک ! خاڵێکــی گرنگــی تریــش هەیــە هەقــە هەموومــان ســەرنجی لێبدەیــن و لێــی وردبینــەوە ئەویــش ڕاســتییەکە، وا لــە ئاسۆی ئەرخەوانــی کوردایەتــی شۆڕشــگێڕدا وردە وردە دەردەکەوێــت کــە بریتییــە لەمــەی کوردســتان ئیمــڕۆ دۆخێکــی شۆڕشــگێڕانەی هەیــە کــە مــەودای تەقینەوەکــەی و ئەنجامەکــەی لــە ئێســتەوە دیــاری ناکرێــت. وا بۆیەکــەم جــارە لــە مێــژووی دوور و درێــژی نەتــەوەی کــورد دا ڕاپەڕینێکــی جەماهیــری فــراوان و ڕەگ و ریشــە داکوتــاو سەرتانســەری کوردســتانی گرتبێتــەوە. تەنانــەت لــە دووبەشیشــدا شــێوەی شۆڕشــی چەکــداری بەخۆیــەوە گرتبێــت. لــە کوردســتانی داگیــر کــراوی بــە زۆر بــە تورکیــا بەستراویشــدا خەباتێکــی جەماهیــری گــەورە دەســتی پێکــردووە. بــرا کوردەکانی ســوریە و لوبنــان و دەربەدەرەکانــی ئەوروپــا و ئەمریــکاش لــە خەباتــی نەپســاوەدا بەردەوامــن.

ڕاپەڕیــن و شۆڕشــی ئەمجــارەی کوردســتان لەگەشــەکردن و پەرەســەندنە. مافــی چارەنــووس وەک مافێکــی ســادە و پیــرۆز لــە هەمــوو لایەکــەوە داوا دەکــرێ. هەرچەنــدە لــە دووبەشــی کوردســتانی عێــراق و ئێراندا ئیمڕۆ دەویســترێ بــە شــێوەی ئۆتۆنۆمییەکی فــرەوان بــەکار بهێنــدرێ، بــەڵام هــەر مافــی چارەنــووس ســەرچاوەکەی دەبێــت. لەگــەڵ گەشــەکردنی خەباتــی کوردایەتــی و گەلانــی دراوســێدا جــۆری بــەکار هێنانــی ئــەم مافــە ڕەوایــەش گەشــە دەکات و دەگونجێندرێــت. بۆیــە هەقــە ئەدیبەکانمــان جڵــەوی خەیاڵ

و بیرکردنـەوەی شۆڕشـگێڕانەیان شـۆڕبکەنەوە تـا گەشـتی خۆیـان پـێ بـە هەمـوو کوردسـتاندا تـەواو دەکـەن. لاموایـە زۆر ناڕەوایـە مـاوەی خـەو بینینـی و بیـر لـە دوارۆژ کردنـەوەش لەنووسـەران و ئەدیبانـی کوردسـتان بگریـن بـە بیانـووی ئـەوەی هێشـتا وەختـی بەجێهێنانیـان نەهاتـووە، کەچـی مرۆڤایەتیـی پێشـکەوتنخواز هـەر عەوداڵـی بەجێهێنانـی ئـەو ئامانجـە پیرۆزانەیـە، کەهێشـتا بەدینەهاتـوون!

لەدواییـدا دەڵێـم پێکهێنانـی یەکێتیـی نووسـەرانی کوردسـتان ڕێگـە لـەوە ناگـرێ کـە لـە هـەر پارچەیەکـی کوردستانیشـدا لقـی ئـەم یەکێتییـە، واتـە ڕێکخسـتنی تایبەتـی نووسـەرانی ئـەو پارچەیـە پێـک بێـت، بەڵکـو ڕێگـەی بـۆ خـۆش دەکات.

لەبـەر ئـەوە پێموایـە کاک ک . حوسـامی زۆر چاکـی بۆچـووە و هەقـە یەکێتیـی نووسـەرانی کوردسـتان هـی هەمـوو نووسـەرانی کـورد پێـک بهێندرێـت و لێرەشـدا ئەدیبەکانمـان پێشـڕەوی ئـەو خەباتـە فیکـری و سیاسـییەبن کـە هاوخەباتـی هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان پێکـەوە لەگـەڵ گەلانـی دراوسێشـدا بـە چاکـی و بەڕاسـتی دادەرێژرێـت و لـە ناوچوارچێوەیەکـی عیلمیـدا دەیهێنێتـەوە کۆڕەکـەوە[٢].

---

٢-سـەرچاوە: نووسـەری کوردسـتان، ژمـارە ٤ ئایـار١٩٨٢، بەرگـی یەکـەم ل٥١٧-٥٢١ گۆڤـاری یەکێتیـی نووسـەرانی کوردسـتان،: ئامادەکـردن و سـاخکردنەوەی: یوسـف محەمـەد بەرزنجـی، لەبلاوکراوەکانـی مەکتەبـی گەشـەپێدانی بیـر و هۆشـیاری/ بـۆردی ئەرشـیف و مێـژوو، چاپـی یەکـەم ٢٠٢٢ چاپخانـەی حەمـدی.

# ئەهمییەتی مێژوویی
# کۆماری دیموکراتی کوردستان

دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان، لە ناوچەی موکریاندا، نەک هەر هێنانەدی ئاواتێکی پیرۆز و ئامانجێکی نیشتمانیی خەڵکی کوردستان بوو، بگرە هەڵتەکاندنەوەیەکی بنچینەیی ئەو ڕژێمەی بەندەگیەتی و ئاغایەتی بێگانەش بوو، کە سەدەها ساڵ بوو نەتەوەی کورد لەبەری ئەینالاند و لە ژێری ئەتلایەوە، بوو بوە مایەی کوێرەوەری و هەژاری و دواکەوتنی کۆمەلایەتی و خوێندەواری و ئابووری کورد و کوردستان.

دوای دەیان ساڵ گوزەراندن بە دیلی و ژێردەستەیی، دوای دەیان ساڵ لە زوڵم و زۆری ڕەزا خان و ڕژێمە دەرەبەگییە شاهانە سەر بە فاشیزمەکەی، دوای چێشتنی هەزارەها جۆر بێبەشی و جەور و ئازاردانی نەتەوایەتیی، دوای ئەوەی بە هەزاران لاو و چەندان سەرەک عەشیرەتی نیشتمانپەروەری کورد لە ناوبران لە بەندیخانە و مەنفاکانی ڕەزاخاندا، گەلی کورد هەڵسایەوە و ڕۆڵە تێکۆشەرە نەبەزەکانی کەوتنە هێز کۆکردنەوە و سازدان بۆ جێبەجێکردنی ئاوات و ئامانجە مێژووییەکانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی لەم وەزعە لەبارەدا کە هاتنی لەشکری سۆڤیاتی بۆ بەشێکی کوردستانی دروست کردبوو. هاتنی لەشکری سوور لە دوای ڕماندنی ڕژێمی بۆگەنی ڕەزاخان کارێکی زۆری کردە سەر خەڵکی کوردستان، چونکە بەمە وەنەبێ هەر لە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری کاربەدەستانی تاران ڕزگاریان بوبێت، بەڵکو ماوەی بەسەربەستی بیرکردنەوە و کارکردنیشیان بۆ پەیا بوو، وە لە سەرەتاوە هەموو جۆرە یارمەتییەکی دۆستانەیان لە کار بەدەستانی سۆڤیاتی وەرگرت.

ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەکەشمان کە لە دەوری ئاڵای کۆمەڵەی (ژ٠ک)

کۆبوبوونــەوە و لایەنگــری و پشــتیوانی هەمــوو خەڵکیــان بــە خەبــات و جوامێــری و دڵســۆزی خۆیــان وەدەســت هێنابــوو، دلێرانــە هاتنــە کایــەوە و کەڵکیــان لــەو هەلــە بــڕە مێژووییــە وەرگــرت. وەهەنــگاوی شۆڕشــگێڕانەی ژیرانەیــان هەڵهێنــا، بــەرەو جێبەجێکردنــی ئامانجــی هــەرە پیــرۆز و گــەورەی نەتــەوەی کــورد، ئامانجــی وەدەســتهێنان و بــەکار کارهێنانــی مافــی چارەنووســی، ئــەو ئامانجــەی دەیــان ســاڵە پــارت و کۆمــەڵ و نیشــتمانپەروەرانی کوردســتان لەپێنــاوی خەبــات و فیــداکاری ئەکــەن.

کرانــی کۆمەڵــەی (ژ.ک) بــە (حزبــی دیموکراتــی کوردســتان) کــە تــا ئێســتەش خەباتــی گەلەکەمــان لەودیــوو ڕابەراتــی ئــەکات، هەنــگاوی یەکــەم و شــەرتی بنچینەیی دامەزراندنــی حوکــی گەلــی کوردبــوو. چونکــە وەک مێــژووی هەمــوو گەلانــی ئەفریقــا و ئاســیا، مێــژووی گەلــی کــوردی خۆشــمان هــەر ئــەو ڕاســتییەی ڕوونکردۆتــەوە، کــە پارتــی پێشــڕەوی شۆڕشــگێڕ، بــێ ڕێکخســتن و ســازدانی هێزەکانــی خەڵــک، هیــچ گەلــێ ناتوانــێ مافەکانــی نەتەوایەتــی خــۆی وەدەســت بێنێــت.

دوابــەدوای پێکهاتنــی حزبــی پێشــڕەوی خەڵکــی کوردســتان لەڕێــی خەباتــی خەڵکــی کوردســتانا جەمهوریەتــی دیموکراتــی کوردســتان لەلایــەن نوێنەرایەتــی خەڵــک و ڕابەرانــی حزبــەوە دامەزرێنــرا.

بــەم جــۆرە ئەتوانییــن بڵێیــن کــە پێکهاتنــی حزبــی دیموکراتــی کوردســتان، ئەهمییەتێکــی مێژوویــی گرنگــی هەیــە لــە خەباتــی خەڵکــی کوردســتان لــە هەمــوو لایەکــی کوردســتانا، کــە بــۆ یەکــەم جــار لــە مێــژوودا، ڕێگــەی ڕزگاری و جــۆر و چەشــنی ڕاســتەقینەی ڕێکخســتنی هێــزە پێشــڕەو و شۆڕشــگێڕییەکانی دیاریکــرد بــۆ گەلەکەمــان. ئەتوانیــن بڵێیــن، کــە ئــەم ڕووداوە مێژووییــە زۆر بەنرخــە، بەرکوڵــی جەمهوریەتــی دیموکراتــی کوردســتان بــوو. ئەمــەش خــۆی لەخۆیــدا دەسکەوتێکی بێهاوتــا و ســەرکەوتنێکی یەکجــار گــەورەی خەباتــی ڕزگاری نەتەوایەتــی کوردســتان بــوو و لــە ئەنجامــی ئەوەدابــوو، کــە خەڵکــی کوردســتان لــە هەمــوو پارچەکانیــا، کەوتنــە خۆکۆکردنــەوە و ســازدان بــۆ دامەزراندنــی پارتــی پێشــڕەوی تــر لەچەشــنی حزبــی

دیموکراتــی کوردســتان، بــۆ ڕێکخســتن و ســازدانی ڕابــەری کردنــی خەباتــی نیشــتمانی و ڕزگاری خۆیــان، ئەوەبــوو لــە کوردســتانی ئێمەشــا پارتــی دیموکراتــی نەبەزمــان دامەزرانــد بــۆ پێشــڕەوی کردنــی خەباتــی خەڵکــی کوردســتانی عێــراق شانبەشــانی هەمــوو خەڵکــی عێــراق دژی ئیمپریالیــزم و حوکمــی بۆگەنــی هاشــمی و لــە پێنــاوی ڕزگاری و ســەربەخۆیی و دیموکراســی مافەکانــی نەتەوایەتــی کــوردا. هەروەهــا لــە بەشــی کوردســتانی ســوریەش پارتــی دیموکراتــی کوردســتان پێکهــات بــۆ ڕابــەری خەباتــی خەڵــک لــەم بەشــەی نیشــتمانی خۆشەویســتمانا. ئەوهــا پێکهاتنــی حزبــی دیموکراتــی کوردســتان ســەر لا پەڕەیەکــی نوێــی لــە خەباتــی خەڵکــی کوردســتان بــە ئــاوی زێــڕ نووســی، و وشــە پڕشــنگدارەکانی لــە بەرچــاوی هەمــوو کوردێکــی وشــیاری دڵســۆزی ئەدرەوشــایەوە، بــە جــۆرێ بــۆ هەمووانــی دەرخســت، کــە بــێ پارتی پێشــڕەوی خەڵکــی کوردســتان، گەلــی کــورد هیــچ مافێکــی دەســت ناکەوێتــەوە و کوردســتانیش هــەر بــە پارچــە پارچەکــراوی و دیلــی ئەمێنێتــەوە.

بــەڵام ئــەم دەســکەوت و ســەرکەوتنە، بــە هەمــوو ئەهمییــەت و گرنگیــی خۆیانــەوە، تاکــە ئەنجامــی کۆمــاری دیموکراتــی کوردســتان نەبــوو، بگــرە ئەنجــام و کەڵــک و ئەهمییەتــی دامەزراندنــی ئــەم کۆمــارە ئــازادە گەلییــە لــەو بەشــە بچکۆڵــەی کوردســتان و شانبەشــانی کۆمــاری دیموکراتیــی ئازربایجــان زۆر لەمــە زیاتــر و زلتریشــە هــەر وەک لەخــوارەوە دەریئەبڕیــن :

١- ڕزگارکردنــی ناوچەیەکــی گرنــگ لــە کوردســتانی خۆشەویســت، کــە بــە پارچــە ژێــر دەســتەکانی تــری کوردســتانەوە بەســترابوو، کــوردی لــەم پارچانــەش هانــدەدا لەبــۆ ڕاپەریــن و خەباتــی نەبەردانــە لــە پێنــاوی ڕزگارکردنــی هەموو کوردســتان و ســەندنەوەی مافەکانــی نەتەوایەتــی گەلــی کــوردا. مەشــخەڵی ئــازادی کــە لــەم بەشــە ڕزگاربــووەی کوردســتانەوە بــۆ ئاســمانی گەلەکەمــان بەرزئەبــۆوە، تاریکــی حوکمــی داگیرکــەران و ئیمپریالیســتەکانی ئاغایانــی ڕادەماڵــی، و ژیــان و ڕێگــەی ڕزگاری ڕوونــاک دەکــردەوە.

دەنگــی سەربەســتی و رزگاری کوردســتان، کــە لــە کۆمــاری کوردســتانەوە نــەڕەی دەهــات، بەتایبەتــی زۆربــەی خەڵکــی کوردســتان کــە لادێــی بــوون، ساڵەهای ساڵ بــوو

لـە نـاو ژیانـی بەندەگیەتـی دەرەبەگایەتییـدا گورابـوون، و هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانی هانـدەدا، پـاڵ پێـوە ئەنـا، بـەرەو کـۆڕی خەباتـی شۆڕشـگێڕانە دژی ئیمپریالیـزم و داگیـر کەرانـی بێگانـە٠ جگـە لەمـە، تێکۆشـەرانی کوردسـتان، بـە بوونـی جەمهوریەتـی کوردسـتان پشـت و پەنایەکـی بەهێزیـان شـک ئەبـرد، داڵدەیـان هەبـوو لەکاتـی لێقەومانـا، بەمـە خەباتیـان زۆرتـر و بەگوڕتـر ئەبـوو، خەڵکیـش ئازاتـر ئەبـوو لـە یارمەتـی دانیـان٠ بـە پێچەوانـەی ئەمـە جەمهوریەتـی کوردسـتان، تـرس و لەرزێکـی زۆری خسـتبووە دڵـی داگیرکـەران و ئاغـا ئیمپریالیسـتەکانیانەوە و دەسـڵەمینەوە لـەزۆر کـردەوەی دوژمنانـە و دڕندانـەی کـە جـاران لێـی ڕاهاتبـوون. بـەم جـۆرە بـووە هـۆی جۆشـدانی کوردایەتـی و پەرەسـەندن و فـراوان بوونـی.

٢- پەیدابوونـی جەمهوریەتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان بوونـە هۆیەکـی گـەورەی پێشـکەوتن و گەشـەکردنی کوردایەتـی (بزووتنـەوەی ڕزگاریـی نەتەوایەتـی گەلـی کوردسـتان) بـە جـۆرێ کـە کوردایەتـی لەوسـاوە، بـووە بزووتنەوەیەکـی جەماهیـری شۆڕشـگێڕانەی پێشـکەوتوانە لـە نـاوەڕۆک و شـێوە و ئامانجـا و ئامانجەکانـی زۆرتـر فـراوان بـوون، بـە جۆرێـک نـەک هـەر لـە چوارچێـوەی سیاسـەتا مانـەوە، بەڵکـو ژیانـی ئابـووری و پێشـو ڕزگاری بـوو، کەوتـە بـاوەش و دەسـتی خەڵکـی ڕەنجبـەر و شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان، لەبـەر تیشـکی بیروبـاوەڕی دیموکراتـی و پێشـکەوتوانەی نوێـدا کەوتـەڕێ.

٣- لەژێـر تەئسـیری جەمهورییـەت و حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئـەو وەزعـە لەبـارەی بـۆ کـورد دروسـت ببـوو، هێـزە شۆڕشـگێڕ و دیموکراتەکانـی کوردسـتانی عێراقیـش، ڕێگـەی ڕاستەقینەی خەباتـی ڕزگارییـان دۆزییـەوە و لەژێـر ئـاڵای پارتێکی پێشـڕەوا، لەسـەر شـێوەی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان، کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە، کۆبوونـەوە، بـۆ ڕابەریکردنـی خەباتـی خەڵکـی کوردسـتانی ئێمـە لەپێنـاوی ئامانجەکانیـا.

پەیدابوونـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش ڕوداوێکـی هەتـا بڵێـی مـەزن و بەنـرخ و بـە ئەهمییەتـە لـە مێـژووی گەلـی کوردسـتان و کارێکـی زۆری کردۆتـە سـەر ڕێـڕەوی

خەباتــی کوردایەتــی و ڕزگاری عێــراق (کەلێــرەدا مــاوەی بــە دوور و درێــژی بــاس کردنیمـان نییـە).

٤- دامەزراندنـی جەمهوریەتـی کوردسـتان و تاقـی کردنەوەکانـی حزبـی دیموکراتــی کوردســتان، بوونــە هــۆی ڕوونکردنــەوە و ئاشــکرا کردنــی دوژمنایەتــی دڕندانــەی ئیمپریالیزمـی ئەمیرکـی و ئینگلیـزی بـە تایبەتـی کامپـی ئیمپریالیـزم بـە گشـتی، لەگـەل کـورد و کوردسـتان. حەقیقەتـی ئیمپریالیزمـی تـازە پێگەیشـتووی ئەمیرکـی بـۆ کـورد دەربـڕی. هـەروەک بوونـە هـۆی ئاشـکرا بوونـی ئـەو ڕاسـتییەی کـە کوردسـتان ئەتوانـێ کەڵکێکـی زۆر لـە دۆسـتایەتی کامپـی سۆسـیالیزم بـە گشـتی و دەوڵەتـی سـۆڤیاتی بـە تایبەتـی، وەرگرێـت. بـۆ کـورد ڕوون بـۆوە کـە پێچەوانـەی ئـەوەی کـە لەتوانـادا نییـە، کامپـی ئیمپریالیسـتی چ خێرێکـی لـێ ڕەچاوکرێـت بـۆ کوردسـتان، بـە پێچەوانـەی ئـەوە لـە توانـادا هەیـە کامپـی سۆسـیالیزم کەڵکێکـی زۆری ببـێ بـۆ کـورد و کوردسـتان، بۆیـە کـورد ئەبـێ دۆسـتایەتی لەگـەل ئـەم کامپـە بـکا و هەوڵـدا ڕاسـتی و عەدالەتـی مەسـەلەکەی خـۆی لـەم کامپـە بگەینـێ. زانینـی ئـەم ڕاسـتییە، واتـە ناسـینی دۆسـت و دوژمنـی کـورد و کوردسـتان، شـەرتێکی بنچینەیی سـەرکەوتنی یەکجـاری کوردایەتییـە، هـەروەک زۆریـش بەنرخـە بـۆ دوور کەوتنـەوە لـە هەڵدێـر و هەڵخەڵەتـان بەدوژمنـان.

دیـارە ئـەم کەڵـک وەرگرتنـەش لەدۆسـتایەتی کامپـی سۆسـیالیزم هـەر ئـەو کاتـە ئەبـێ کـە خەڵکـی کوردسـتان هێزەکانـی خۆیـان کۆکەنـەوە و سـازی دەن لەژێـر ئـاڵای پارتـی پێشـڕەوی خۆیانـا، مەوجودیەتـی خۆیـان و عەدالەتـی مەسـەلەی نیشـتمانیی کـورد دەرخـەن و هەوڵـدەن ئـەم درۆ و دەڵەسـانە ڕیسـواکەن کـە ناحەزانـی کوردایەتـی، بەتایبەتــی لــەڕێ لادەرەکان بــەلای چەپــا، بڵاویــان کردۆتــەوە دژی کوردایەتــی و پارتــی پێشــڕەوی خەڵکــی کوردســتان، پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە ئــۆردووی سۆسـیالیزمدا. کەڵـک لـە دۆسـتایەتی وەرگرتـن، مانـای ئـەوە نییـە، خەڵکـی کوردسـتان لەماڵــی خۆیــان پاڵــی لێبدەنــەوە و چاوەنــواڕی ئەوەبــن خەڵــک بــێ بۆیــان بجەنگــێ و خوێــن بڕێــژێ!! نەخێـر ئەمــە خەیاڵــی خــاوە! بگـرە مانــای ئەوەیــە کــە خەڵکــی

کوردستان خۆیان بۆ مەسەلەی خۆیان بە جۆرێکی ڕاست و پێشکەوتووانە خەبات بکەن، ئەوسا کەڵک لەیاریدەی بێگانە وەرئەگرن، دوای ئەوەی هەوڵی دۆستایەتی لەگەڵ ئەم کامپەش ئەدەن.

٥- لە ئەنجامی پەیابوون و نەمانی کۆماری دیموکراتی کوردستان، بەکردەوە گەلی کوردستان لەو ڕاستییە گەیشت، کە هێزی بنچینەیی ڕزگاری کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی نیشتمانیی، هەر خەڵکی کوردستانە، بە تایبەتی فەلاح و کرێکار و کاسبکار و خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکان. هەر بزووتنەوەیەکی کوردایەتی پشت ئەستوور نەبێ بەو هێزانە و لەوانە پێک نەیێت و سەرکردەییەکی شۆڕشگێڕانەی هۆشیاری(قیادە ثوریة واعیة) نەبێ ناتوانێ سەرکەوتنی یەکجاری وەدەست بێنێ. هەروەها ئەو ڕاستییەش دەرکەوت، کە خەڵکی کوردستان خۆیان ئەبێ هێزەکانی خۆیان سازدەن و ئامادەبکەن، بە هەموو دانیشتوانی نیشتمانپەروەری کوردستانەوە، بەکورد و ئاسورەوە بە کرێکار و فەلاح و ڕەنجبەر و کاسبکار و خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکانەوە. هەروەک دەرکەوت کە زۆربەی سەرەک عەشیرەت و خاوەن مەسلەحەتەکانی کورد پشتیان پێ نابەسترێ و پیاوی ڕۆژی تەنگانە و لێقەومان نین، ئەوە هەرچەند بۆی هەیە سەرەک عەشیرەتی نیشتمانپەروەریش هەڵکەوێ.

بەکورتی ئەهمییەتی بوونی پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری و هۆشیار کردنەوەی فەلاح و خەڵکی تری کوردستان چاکتر دەرکەوت.

٦- پەیابوونی جەمهورییەتی کوردستان و نەمانی، چاکتر ئەو ڕاستییەی ڕوون کردەوە، کە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستانا، یەک بزووتنەوەیە و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بەشەکانی ئەم تاکە یەک بزووتنەوەی کوردایەتییەدا هەیە، وە لە هەر پارچەیەک کوردایەتی هەڵگیرسێت پارچەکانی تریش ئەبزوێنێ و ئەوروژێنێ، هەروەک لە کۆماری کوردستان، بەشی کوردستانی عێراق و ئێرانی ڕاستەوخۆ پێکەوە بەستەوە و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردایەتی لەم دووپارچەیەدا تێکەڵاو کردو لێکیدان.

لەوساوە چاکتر بۆ نیشتمانپەروەرانی هەموو کوردستان دەرکەوت، کە ئەبێ هێزەکانیان یەکخەن و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان پارچەکانا هەبێت و نابێ ماوە بدرێ بە دوژمن شۆڕشی گەلەکەمان هەر لە یەکپارچە یان ناوچەدا بهێڵێتەوە. هەروەک باشتر بۆ کورد دەرکەوت کە داگیرکەران و ئیمپریالیستەکان خێرا پێکدێن لەسەر کەوڵکردنی نەتەوەی کورد و بەدیل و ژێردەستە هێشتنەوەی نیشتمانەکەی. بۆیە هەوڵ و کۆششی ناحەزانی کورد، یان هی لەڕێ لادەرەکان بەلای چەپا، بۆ پساندنی پەیوەندی (عضوي) نێوان هەموو بەشەکانی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستانا، لە کەڵکی ئیمپریالیزم و داگیر کەران بەولاوە چیکەی تیا بەستەنییە.

٧- دامەزراندنی جەمهورییەتی کوردستان، نەوەکا هەر پارچەیەکی کوردستانی ڕزگارکرد و کردی بە قەڵایەکی ئازادی و دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بگرە، بە پچڕاندنی ئەم ئەڵقە قەف ئەستورەی زنجیرەی ئیمپریالیزم، هەموو ڕژیمە کۆنەپەرستە سەر بە ئیمپریالیزمەکانی هێنایە لەرزین و ڕژێمی بەندەگیەتی و کۆنەپەرستی تورکیا و ئێران و عێراقی هاشمی خستە مەترسی تیاچوون و هەڵتەکاندنەوە.

سەبارەت بەوەی کە داگیرکردنی کوردستان بەردێکی بناغەیی ئەو ڕژیمە کۆنەپەرستە سەر بە ئیمپریالیزمانەبوو. ئەمە، سەرەرای ئەوەی کە ڕۆژی ڕزگاری هەموو کوردستان نزیک بووەوە و بەمەش بڕبڕەی پشتی ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتدا چەمی بوو، چونکە ڕزگاری کوردستان ئەهمییەتێکی یەکجار زۆرگەورەی مێژوویی و نیشتمانیی و عالەمی هەیە، نەک هەر لە دەرپەڕاندنی ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەڵتەکاندنی ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی تورکیا و ئێرانا، بەڵکو لە هەژاندنی هەموو ڕژێمی ئیمپریالیزمی عالەمییدا.

ئەمانە بوون بە کورتی ئەهمییەتی کۆماری دیموکراتی کوردستان کە لە ئەنجامی پەلاماردانی نامەردانەی هێزەکانی شاهەنشاهی سەر بەئەمیرکا و ئینگلیز لە گۆڕێ هەڵگیرا، بەڵام لە مێژووی کوردا وە لە دڵی هەموو کوردێکی بە

شـەرەف شـوێنەوارێکی ئەوتـۆی بەجێهێشـت کـە ببـڕای ببـڕای لـە بیـر ناچێتـەوە، هـەر یادکردنـەوەی گیانـی نیشـتمانیی شۆڕشـگێڕانە لەدەرونی هەموو دڵسـۆزێکی کوردسـتانا دێنێتــە جــۆش و بەدڵێکــی پــڕ لەقیــن و تورەیــی لەدوژمنانــی کــورد و کوردســتان (ئیمپریالیـزم و نۆکەرانـی)وە بـە بڕوایەکـی نەگـۆڕ بـە عەدالەتـی مەسـەلەی کـورد و حەتمییەتـی سـەرکەوتنی ، پاڵیـان پێـوە ئەنـێ ڕوەو کـۆڕی خەباتـی شۆڕشـگێڕانە، هـەر لەسـەر هەمـان ڕێگـەی کـە کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان پێـی دامەزرێنـدرا و ئـەو ڕێگەیـەی بـە خوێنـی گەشـی شـەهیدانی مەهابـاد و بـارزان و بازیـان و دیاربەکـر و ئاگـری، ڕوونکراوەتـەوە بۆمـان.[1]

١-رۆژی نویٚ ژمارە ١٠له ١/كانوونی دووەم/١٩٦١.

# کۆمۆنەی پاریس لەبیرەوەری سەد ساڵەی دا

لە ١٨/مارتی/١٩٧١ سەد ساڵی ڕەبەق بەسەر کۆمۆنەی پاریسدا ڕابوورد. بەم بۆنەیەوە کرێکاران و ڕەنجدەرانی سەرتانسەری جیهان بیرەوەری ئەم ڕۆژە مێژووینەیان کردەوە، کە تیایا پرۆلیتاری پاریس یەکەمین ڕاپەڕینی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانەی کرێکارانیان بە وشەی ئاگرین لە مێژووی مرۆڤایەتی پێشکەوتوودا نووسی.

لە١٨/مارتی ١٨٧١ بۆیەکەم جار لە مێژوودا کرێکاران و ڕەنجدەران، بۆ خۆیان و بە سەرکردایەتی ڕۆڵەکانی خۆیان دەستیان دایە چەک و ڕاپەڕین.

جاران لە شۆڕشەکانی پێشوتری مێژوودا کرێکاران و جووتیاران و ڕەنجدەران، بۆ چینەکانی تری کۆمەڵ، وە لە ژێر سەرکردایەتی نوێنەرانی ئەواندا بەشدار ئەبوون بۆ ئەوەی بکرێن بە سووتەمەنی شۆڕشەکە، بەڵام بەروبووی شۆڕشەکەش بۆ ئەوان نەئەبوو، بۆ چینێکی خوێنمژی ترئەبوو، کە لە شوێنەواری چینە خوێنمژە هەرەس هێناوەکەدا کۆشک و تەلاری ڕژێمی تری چەوساندنەوەی ئەڕازاندەوە، شۆڕشەکانی جاران ئەبوونە هۆی ئەوەی چینێکی خوێنمژی تازە پیا گەیشتوو بچێتە سەرتەختی چینێکی کۆنی ڕزیووی لێکەوتوو.

بەڵام ئەمجارە ڕەنجدەرانی شاری پاریس بە سەرکردایەتی ڕۆڵەکانی خۆیان بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانی خۆیان لە خەتەری داگیرکەران لەلایەن بسمارکی قەیسەری ئەڵمانەوە و ڕزگارکردنی پاریسی پایتەختە خۆشەویستەکەیان لە داگیرکەران لە لایەن لەشکری پروسیای ئەڵمانییەوە، وە بۆ بەرهەڵستی نوچدان و داچەمانەوەی چینە خوێن مژەکانی فەڕەنسە بەرامبەر بە داگیرکەران، دەستیان دایە چەک، تا لە نیشتمانی ڕزگارکراوی خۆیاندا ڕەگ و ڕیشەی چەوساندنەوە و خوێن مژین و زوڵم و زۆری چینایەتیش لە بنەڕەتەوە دەربێنن.

کۆمۆنـەی پاریـس چـۆن ڕوویـدا ؟ کێبـوون سـەرکردایەتییان ئەکـرد ؟وە بۆچـی سـەرنەکەوت؟ وە پەنـد و دەرسـەکانی چیبـوون؟.

## کۆمۆنە چۆن ڕوویدا؟:-

ناپلیۆنـی سـێییەم پـاش دەسـت گرتـن بەسـەر فەڕەنسـا و چارەنووسـی گەلـی فەڕەنسـیدا دوای زوڵـم و زۆرێکـی زۆر و زەبەنـد لـە ڕەنجدەرانـی فەڕەنسـە، دەسـتی کردبـوو بـە لەشـکر سـازدان و پەلاماردانـی ئەڵەمانیـا بۆ بەرهەڵسـتی یەکیەتیـی ئەڵەمان و پەیدابوونـی دەوڵەتێکـی بەهێـزی پرۆسـی ئەڵەمـان لـە ئەوروپـادا، بەنیـازی دەسـت داگرتـن بەسـەر ئەوروپـا و ئینجـا موسـتەعمەرەکانی ئەوروپـادا. بـەڵام لەشـکرەکەی خـۆی لـە بـەر لەشـکری ئەڵەمانیـای بسـمارک ڕانەگـرت و شـکا، هێزەکانـی بسـمارک تـا دیوارەکانـی پاریـس لەشـکری فەڕەنسـەی ڕاونـا، ئینجـا بسـمارکی سـەرکەوتو و لویـس ناپلیـۆن پوناپرتـی ژێرکەوتـوو بانـگ ئەکاتـە لای خـۆی و داوای ئەلـزاس و لوریـن و تۆڵـەی زیـان و زەرەرێکـی زۆر و داگیـر کردنـی پاریسـی لێئـەکات، ئەویـش بەملکەچـی و سەرشـۆری ئیزنـی لێوەرئەگرێـت و ئەگەڕێتـەوە بـۆ پاریـس بـۆ ئـەوەی گەنجینـە و خەزنـەی بـە زۆر لـە ڕەنجدەرانـی فەڕەنسـە کۆکـراوەی خـۆی لەگـەڵ خـۆی بەرێـت و بـڕوا.

پـاش ڕاکردنـی لویـس ناپلیـۆن پوناپـرت نوێنەرانـی بـۆرژوازی چینـە کۆنـە پەرسـتەکان جڵـەوی حوکمیـان گرتـە دەسـت بـە سـەرکردایەتی (تییـر)ی خوێنڕێـژ وە هـەر زوو کەوتنـە کۆکردنـەوەی هێزێکـی چەکـدار بەنـاوی (پاسـەوانی نیشـتمان)ەوە.

بـەڵام ڕێگـەی بەربەرەکانیـان نەگرتـە بـەر بەڵکو بـە پێچەوانـەی ڕێگەی خۆبەدەسـت دوژمنەوەدانیـان گـرت و بڕیاریانـدا، کـە شـەرتەکانی بسـمارک بسـەلمێنن و چـەک و تۆپەکانـی (پاسـەوانانی نیشـتمان) بـدەن بـە بسـمارک و پایتەختیـش تەسـلیم بێـت، حکومەتـی نیشـتمان فرۆشـیش بڕیـاری چەککردنـی پاسـەوانانی نیشـتمان دەرئـەکات و خـۆی ڕائـەکات لـە پاریـس و ئەچێتـە (ڤیرسـای) بۆئـەوەی خۆیـان لـە تورەیـی کۆمەڵانـی خەڵـک بپارێزێـت و بکەوێتـە پیلانگێـڕان دژی کۆمەڵانـی خەڵکـی پاریـس.

پاریسی پایتەختی فەڕەنسەش بە ئابلۆقەدراوی لەلایەن ئەڵەمانەوە، برسییەتی و گرانی ڕووی تێئەکات چونکە سەرمایەدار و دەوڵەمەندەکان بە خۆیان و سەروەت و سامانیانەوە ڕائەکەن لە شار و هەرچی پێیان ئەچێت ئەینوێنن و ئەیبەن.

لەم کاتە ناسکەدا کرێکاران و ڕەنجدەرانی پاریس قارەمانانە ڕائەپەڕن و چەکە شاردراوەکانی پاسەوانانی نیشتمان دەرئەهێنن و تۆپەکانیان ئەدۆزنەوە و ئەیدەنە دەست جەماوەری شۆڕشگێڕی پاریسەوە، وە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی سەربەست و ئازادا چەندین لێژنەی سەرکردایەتی لە خۆیان هەڵئەبژێرن و لێژنەیەکی گشتی سەرکردایەتی پێک دێنن لە٩٢ ئەندامی هەڵبژێردراو کە تێکەلاوبوون لە هێندێ سەرمایەدار و هێندێ خوێندەوار و هێندێ کرێکار و پیشەوەر، کە بەداخەوە بەشی زۆریان لە تێکۆشەرە پێشڕەوەکان نەبوون و هەرتەنیا کەمێکیان لایەنگری بیروباوەڕی سۆسیالیزمی عیلمی بوون.

تێکەڵوپێکەڵیی کۆمۆنە لە چاوخشاندن بەئەندامەکانیا دەرئەکەوێت، هێندێ لە ئەندامەکانی کۆمۆنە:-

١-سەرۆکی کۆمۆنە: ئەدۆڵف ئەڵفۆنس ئەسیپە –پیشەی دارتاشی بوو.

٢-فەرماندەی لەشکری کۆمۆنە: یاروسلاف دیمیرسی –کۆنە ئەفسەربوو.

٣-فەرماندەی پۆلیسی کۆمۆنە: ڕائەل ڕیژو.

٤-نوێنەری کۆمۆنە لە بانک: یوجین ڤارلان-ئەمەیان مارکسی بوو.

٥-لێپرسراوی ئیش و سەناعەت: لیو فرنکل –ئەمەشیان مارکسی بوو.

٦-لێپرسراوی حسابات: فرەنسوا ژودر.

٧-لێپرسراوی پول لێدان: ڕیمی زفیرین –کرێکاری برۆنزبوو.

جگە لەمانە چەندین کەسی وەک (شارل لونژیە) مێردی کچی مارکس و جوسناف فلەرەنزەی مامۆستای سۆربۆن و لایەنگری کارل مارکس و گوستاف کورییەی ڕەسام و جول ڤالیە ڕۆژنامە نووس و یوجین بوتییە شاعیری گۆرانی و نەشید بەشداربوون.

لێرەدا ئەوەی شایانی باس بێت کەیوجین بوتییە شاعیری کۆمۆنە دانەری

نەشـیدی (ئینتەرناسـیوناڵە) کـە ئیمـڕۆ بۆتـە سـروودی چینـی کرێـکار و حزبـە شۆڕشـگێڕەکانی ڕەنجدەرانـی جیهـان. جگـە لەمانە چەندیـن وردە بورژوازی و پیشـەوەر و خەڵکـی جـۆر بـە جـۆری تیابـوو کـە هـەر یەکەیـان جـۆرە بیـرو باوەڕێکیـان هەبـوو، مارکسـییەکان لەناویانـدا بەشـە کەمەکەبـوون.

## چۆن کۆمۆنە حوکمی کرد؟

کۆمۆنـە ئەنجومەنێکـی هەڵبژێـردراو بـوو لـە نوێنەرانـی کۆمەڵانـی خەڵـک کـە ڕاسـتەوخۆ بـە هەڵبژاردنـی ئـازاد و سەربەسـت لەلایـەن جەمـاوەرەوە هەڵبژێردرابـوون، هەرچەنـد لەنـاو خۆیانـدا ڕێـک نەبـوون، بـەڵام بەگشـتی دەنـگ بڕیـاری وەک یەکـی خەڵـک و چەسـپاندنی داد و ئازادییـان دا بـۆ خەڵـک، جگـە لەمـە لەشـکری نیزامییـان نەهێشـت لـە جیاتـی ئـەو کۆمەڵانـی جەماوەریـان چەکـدار کـرد، واتـە ئیتـر سـوپای نیزامـی نەمـاو جیـاوازی چینایەتـی نـاو لەشـکریش لـە نێـوان ئەفسـەران و سـەربازاندا لاچـوو، پۆلیـس چیکـە بـە ئەداتـی دامرکاندنـەوە و کوژاندنـەوەی خەباتـی جەمـاوەر نەهێڵدرایـەوە، بەڵکـو لە شـوێنەواریا پاسـەوانی سـەر بـە کۆمۆنە دانـدران، کـە فەرمانیان جێبەجێکردنـی فەرمانەکانـی کۆمۆنـە بـوو. وەزیفـەی حکومەتـی کـرا بـە واجبێـک بـۆ خزمەتـی گشـتی و موچـەی مەئمـوور وەک هـی کرێکارانـی لێکـرا، واتـە جیـاوازی نەهێڵـدرا لەنێـوان ئیشـکردنی جسـمی و فیکریـدا. قـازی و حاکمـەکان (دادپـەروەری) لـە ڕێگـەی هەڵبژاردنـەوە دائەنـدران، هەروەهـا بـۆ هێنـدێ وەزیفـەی مەدەنیـش هەڵبـژاردن ئەکـرا، مافـی هەڵبـژاردن و هەڵبژێـرران درا بەهەمـوو دانیشـتوانی پاریـس بێئـەوەی هیـچ شـەرتێک بمێنـێ لـە بابـەت خوێنـدەواری و نەخوێندەوارییـەوە یـان دەربـارەی بوونـی سـەرمایە و نەبوونییـەوە، کارگـەکان خرانـە ژێـر چاودێـری کۆمۆنـەوە و ئەوانـەی خاوەنەکانیـان ڕایـان کردبـوو دەسـتیان بەسـەردا گیـرا.

ئـەوەی ڕاسـت بێـت کۆمۆنـە بـە تـەواوی حوکمێکـی نوێـی هێنایـە کایـەوە کـە لـە هەمـوو حوکمەکانـی پێشـوو جیابـوو، وە لـە ڕووی هێنانـە دی وەک یەکـی و برایەتـی و ئازادییـەوە هەنـگاوی گەورەیـان هەڵهێنـا، کاربەدەسـتان زۆربەیـان ڕەنجـدەر

و هەژاربــوون، بــۆ وێنــە وەزیــری مالیــەی کۆمۆنــە فرانســوا جــودر، جلشــۆر بــوو لــە دوکانێکــی جلشوشــتنا و هەربەکرێــکاری مایــەوە.

بـەم جـۆرە بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی مرۆڤایەتییـدا یەکەمیـن حوکمـی کرێـکاران و ڕەنجـدەران هێنرایـە کایـەوە، وە یەکـەم شـێوەی دیکتاتوریەتـی پرۆلیتاریـا هاتـە دی، بـەڵام بەداخـەوە کۆمۆنـە زۆر نەژیـا، تەنهـا توانـی ٧٠ ڕۆژی پـڕ لـە شـانازی لـە تەمەنـی خـۆی بەرێتـە سـەر و لە٢١/حوزەیرانـی/١٨٧١دا لەشـکری (تیـر) بـە هـاوکاری هەمـوو کۆنەپەرستانی فەرەنسـە و پشـتیوانی هەمـوو هێـزە کۆنەپەرستەکانی ئەوروپـا بەگشـتی و هـی بسـمارک بەتایبەتـی پەلامـاری پاریسـیاندا و دایانـە بەرگوللـەی تـۆپ. و پـاش شـەڕێکی قارەمانانـەی خوێنـاوی کـە کـۆڵان بـە کـۆڵان و مـاڵ بەمـاڵ درێـژەی خایانـد و دوای هـاوکاری کەنیسـە لەگـەڵ پەلامـاردەرە خوێنڕێـژەکان کۆمۆنـە شـکاو پاریـس ئاگـری گـرت.

## بۆچی کۆمۆنە سەرنەکەوت؟

گەلـێ ناتـەواوی و کەموکـوڕی بوونـە هـۆی سـەرنەکەوتنی کۆمۆنـە، بـەڵام هـەرە گرنگەکانـی ئەمانـەی خـوارەوەن:-

١- نەبوونــی پارتێکــی شۆڕشــگێڕ و نەبوونــی ســەرکردایەتییەکی شۆڕشــگێڕی یەکگرتـوو. بەتایبەتـی کـە زۆربـەی زۆری ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی کۆمۆنـە بـە پێچەوانـەی پـلان و هەڵوێسـتە ڕاسـتەکانی مارکـس ڕەفتاریـان کـرد بـە یەکێتیـی لەلایـەن بلانکیـەکان و برودونییەکانـەوە. ناکۆکـی ناویـان دەورێکـی زۆری بـوو لـە بڕیارنـەدان لەسـەر هەڵسـان بـە گەلـێ شـتی پێویسـت.

٢-سـەرکردەکانی کۆمۆنـە نەیانکـرد کـە جیهـازە کۆنەکانـی ڕژێمـی پێشـوو پـەڕەم پـەڕەم کـەن و وردوخـاش بیانهـاڕن بەڵکـو هێندێکیـان هێشـتەوە.

٣-کەڵــک و ئەهمییەتــی تەئمیمــی بانــک و کارگــە و شــەریکە تیجاریەکانیــان نەزانــی بۆیــە پێــی هەڵنەســتان ئەمــەش زۆر لاوازی کــردن.

٤-لەجیاتــی ڕاوەســتان ئەبوایــە پەلامــاری فرســای بــدەن و ماوەنــەدەن کــە

حکومەتـی کۆنەپەرسـتەکان خـۆی کۆکاتـەوە و هێـز گردکاتـەوە و یارمەتـی دەرەوەی بـۆ بێـت. چونکـە دەردی کارل مارکـس گوتەنـی (دیفـاع مردنـی لـە سـەرەخۆی ڕاپەڕینـی چەکدارانەیــە).

٥-نەیانتوانـی پەیوەنـدی ببەسـتن بـە جەماوەری کرێـکاران و جووتیارانـی ڕەنجدەری هەمـوو فەڕەنسـەوە وە یـان یەکگرتنـی کرێـکاران و جووتیـاران بهێننـەدی بەڵکـو لەنـاو پاریسـدا مانـەوە لەکاتێکـدا دوژمـن لەهەمـوو لایەکـەوە هێـزی کۆکردبووەوە.

٦-چەنـد غەڵەتێکـی تەکتیکـی عەسـکەری و سیاسـیی سـەرکردەکانی کۆمۆنە توشـی هاتن.

## پەند و دەرسەکانی کۆمۆنە:

کۆمۆنـە کـە یەکەمیـن ڕاپەڕینـی چەکدارانـە و قارەمانانـەی چینـی کرێـکاران بـوو لـە جیهانـدا هەرچەنـدە شکسـتی خـوارد بـەڵام بـە (بەرەبەیانـی شۆڕشـی مەزنـی کۆمەڵایەتـی کـە مرۆڤایەتـی بـە یەکجـاری ڕزگار ئـەکات لـە ڕژێمـی چینایەتـی) دانـدرا لەلایـەن مارکسـەوە. هەرچەنـدە کۆمۆنـە لـە ناوبـردرا بـەڵام خەبـات لـە نـاو نەچـوو بەڵکـو دواخـرا (بیروبـاوەڕ و سـەرەتاکانی کۆمۆنـە هـەر نەمـر ئەمێنێتـەوە و چەندیـن جـار هەڵئەدەنـەوە تاکـو چینـی کرێـکار ڕزگاری ئەبێـت).

کۆمۆنـە سـەرچاوەی ئیلهـام و بزوێنـەری بزووتنـەوەی گیانـی شۆڕشـگێڕانەی هەموو کرێکارانـی ئەوروپـا و جیهـان بـوو. لێکۆڵینـەوەی ڕوداوەکانـی کۆمۆنـە و پشـکنینەوەی بەسـەرهاتەکانی لەلایـەن مارکـس و ئەنگلـس و لینینـەوە چەندیـن پەنـد و دەرسـی بـە کەڵکـی لێدەرهێنـراوە بـۆ هەمـوو مرۆڤایەتـی پێشـکەوتوو. خوێنـی گەشـی کرێـکارە قارەمانەکانـی پاریـس چـرای گەشـی ڕێڕونکـەرەوەی خەباتـی هەموو کرێـکاران و هەموو گەلانـی زۆرلێکـراوی جیهانـە. زانیـن و تێگەیشـتن و کەڵـک وەرگرتـن و بەکارهێنانـی ئـەم دەرس و پەندانـە یارمەتـی سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری مـەزن لـە روسـیا و شۆڕشـی مەزنـی چیـن و گەلانیتـری ئـۆردوی سۆسیالسـتی داوە. ئیمـڕۆش ئـەم دەرس و پەندانـە گەنجینەیەکـی نەمـر پێکدێنـێ بـۆ هەمـوو ڕەنجـدەران و گەلانـی زۆرلێکـراوی

جیهـان لـە خەباتیانـدا دژی ئیمپریالیزمـی عالەمـی بـە سـەرۆکایەتی ئیمپریالیزمـە هاربووەکـەی ئەمریـکا و دژی کۆنەپەرسـتان و ڕیڤیژینسـتەکانی ئـەم سـەردەمەمان، کـە ڕاستەوخۆ بـە پێچەوانـەی دەرس و پەندەکانـی کۆمۆنـەی پاریـس ڕەفتـار ئەکـەن، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو دەرس و پەندەکانـی تێبگەیـن، کـەوا لـە خـوارەوە کاکڵەکەیـان ئەخەینـە بەرچـاوی خوێنـدەواری کـوردی خۆشەویسـت.

١- بـۆ ڕزگاری چینـی کرێـکار و سـەرکەوتنی خەباتـی چینایەتـی شۆڕشـگێڕانەی کرێـکاران بوونـی پارتێکـی شۆڕشـگێڕی کرێـکاری زۆر پێویسـتە. هەروەهـا بـۆ ڕزگاری گەلانـی زۆرلێکراویـش بوونـی پارتێکـی پێشـڕەوی شۆڕشـگێڕ شـەرتی یەکـەم و بنچینەییـە. مارکـس و ئەنگڵـس، کـە تاقیکردنـەوەی کۆمۆنەیـان لێکدایـەوە و ئەنجامەکەیـان پوخـت کـردەوە وتیـان: (پڕۆلیتاریـا لـە خەباتیـا دژی دەسـەڵاتی یەکگرتـووی چینـە هەبـوەکان ناتوانـێ وەک چینێـک تێکۆشـیت مەگـەر خـۆی لـە پارتێکـی سیاسـییدا ڕێکخـات کـە جیابێـت لـە هەمـوو حزبـە کۆنەکانـی چینـە هەبـووەکان). ئائەمەیـە شـەرتی یەکەمـی سـەرکەوتنی پرۆلیتاریـا، کـە حزبی پێشـڕەوی شۆڕشـگێڕانەی خـۆی هەبێـت و بێئـەم جـۆرە حزبـە سـەرناکەوێت.

ڕوداوە شۆڕشـگێڕییەکانی دوای تاقـی کردنـەوەی کۆمۆنـەش ئـەم ڕاسـتیەیان دووپـات کـردەوە. کارەسـاتی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی و ڕاپەڕینەکانـی کرێکارانـی ڕوسـیا و ئەڵەمانیـا و نەمسـا و هەنگاریـا و چیکۆسـلۆڤاکیا و پۆڵەنـدەش دیسـان ئـەم ڕاسـتییەیان سـەپاند، کـە بوونـی پارتێکـی کرێکاریـی شۆڕشـگێڕ شـەرتی یەکەمـی سـەرکەوتنی چینـی کرێـکار و شۆڕشـەکەیەتی. لـە ڕوسـیا، کـە ئـەم جـۆرە پارتییـە پارتـی بۆڵشـەویکەکان بـوو بەسـەرۆکایەتی لینیـن شـۆڕش سـەرکەوت، بـەڵام لـە ئەڵەمانیـا چونکـە هێشـتا ئـەم جـۆرە پارتییـە پێـک نەهاتبـوو شـۆڕش سـەرنەکەوت.

٢- بـۆ سـەرکەوتنی پرۆلیتاریـا هـەر ئەمەنـدە بـەس نییـە، کـە جڵـەوی حوکـم بگرێتـە دەسـت، بەڵکـو ئەبـێ هەمـوو جیهازەکانـی کۆنینـەی ڕژێمـی پێشـوو ورد و خـاش بهاڕێـت و پـەڕەم بـە پەڕەمـی کات، تاکـو لـە شـوێنەواریا بـە شـێوەی پرۆلیتـاری نـوێ دروسـتیان کاتـەوە، ئەگینـا شـۆڕش ناژیـەت. مارکـس ئەڵـێ: (پرۆلیتاریـا ناتوانێت

هەر جیهازی سازی دەوڵەت بگرێتە دەست خۆی و بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکاری بهێنێت، بەڵکو پێویستە پرۆلیتاریا جیهازی کۆنینەی دەوڵەت وردو خاش کات بە هۆی عونفی شۆڕشگێڕانەوە بە بەکارهێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا).

٣-سەرکەوتنی پرۆلیتاریا هەر بە شۆڕشی چەکدارانە ئەبێت، هەر بەمە ئەبێت کە پرۆلیتاریاش خۆی چەکدارکات و لەشکری چەکداری خۆی دروست کات و لە کۆڕی جەنگدا مافی ڕزگاریی خۆی بسێنێت و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دامەزرێنێت، لەم ڕووەوە مارکس و توویەتی: (شەرتی بنچینەیی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوونی لەشکری پرۆلیتارایە. لە سەر چینی کرێکار پێویستە کە مافی ڕزگاری خۆی لە کۆڕی جەنگدا بسەنێت). هەروەها لینین وتوویەتی کە ئەم چینەی نایەوێ خۆی فێری بەکارهێنانی چەک و هەڵگرتنی چەک بکات هەرشایانی ئەوەیە کە بە کۆیلە بمینێتەوە. هەروەک لینین لە باسی کۆمۆنەدا باسی ئەمە ئەکات کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا نایابترین بەشی مەسەلەی دەسەلاتە کە مارکس لە کۆمۆنەوە بە دەرس نیشانی دابێت. لە بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونە پیاو ئەتوانێت دەیان پارچە وتەی مارکس و ئەنگڵس و لینین بەشایەت بێنیتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڵگەڕانەوەی (ڕیڤیژینیستەکان) لە مارکسیزم – لێنینیزم، ئەوانەی ئینکاری شۆڕش و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارایان کردووە و لە جیاتی ئەمە بەنگوباوی بە ئاشتی گواستنەوە و بە پەرلەمان چوونە سەرحوکمیان هێناوەتە ناوانەوە، هەرلە زەمانی برنشتین و کاوتسکییەوە بیگرە تا سەر ڕیڤیژینیستەکانی ئەم سەردەمە، وە هەر لەکۆنەوە ڕیڤیژینیزم بەمە لە مارکسسزم – لینینیزم جیا کراوەتەوە، کەئینکاری پێویستیی شۆڕشی چەکدارانەی پرۆلیتاریا و پێویستی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارایان کردووە و لە جیاتی ئەمە باسی بەخۆشی و بەئاشتی چوونە سەر حوکم و بە پەرلەمان سەرکەوتنیان کردووە.

لەم ڕۆژانەش کەسەد ساڵ بەسەر ڕاپەرینە قارەمانە پڕ لە شانازی و سەروەرییەکەی کۆمۆنەی پاریسدا تێپەڕ ئەکات، دیسان ئەم ڕاستییانە لەم پەند و دەرسانەدا ئەدرەوشێنەوە، کە شۆڕش تاکە ڕێگەی ڕاستی ڕزگاری کرێکاران و

گشـت ڕەنجـدەران و گەلانـی زۆرلێکـراوی جیهانـە و هـەر بـە شۆڕشـی چەکدارانـە ڕزگاری بەدەسـت ئەهێندرێـت، بـەم شـەرتەی پارتـی پێشـڕەوی شۆڕشـگێڕ ڕابـەری بـکات و هاوخەباتـی و هـاوکاری کرێـکاران و جووتیـاران بـە تایبەتـی و کاسـبکار و بۆرژوازی بچـوک و خوێنـدەواری شۆڕشـگێڕ و سـەرمایەداری نیشـتمانییش لەگەڵیانـا بەگشـتی پێکبێـت، مێـژوو دەریخسـت کـە هـەر پارتییەکـی پێشـڕەویش ڕێگـەی خەباتـی شۆڕشـگێڕانەی گرتبێـت سـەر ئەکەوێـت و هەرپارتییەکـی پێشـڕەو لـەم ڕێگەیـە لایدابێـت ئـەوا توشـی شکسـت و ژێرکەوتـن بـووە و وردە وردە خۆشـی گەنـدەڵ و پوچـەڵ و ڕزۆک ئـەکات و لـە ئەنجامـا ئەبێتـە حزبێکـی سۆسـیال دیموکراتـی سـەر بـە سـەرمایەداران.

بیـرەوەری سەدسـاڵەی کۆمۆنـە ئەمجـارە لـە سـاتێکی زۆر لەبـار بـۆ گـەلان بەسـەر جیهانـا تێپـەڕ ئـەکات، ئیمـڕۆ لـە هەمـوو لایەکـی ئاسـیا و ئەفریقـا و ئەمریـکای لاتینی جەمـاوەری گـەلان ڕاپەڕیـوون و لـە زۆر شـوێن شۆڕشـی چەکدارانـە هەڵگیرسـاوە لـەم سـەردەمەدا ،کـە سـەردەمی هەرەسـهێنانی یەکجارەکـی ئیمپریالیـزم و بـەرە و هەڵدێـری هـەزار بـە هـەزار خلۆربوونـەوەی بۆرژوازیەتـی جیهانـی و سـەرکەوتنی شۆڕشـی سۆسیالیسـتی و دیموکراتـی نوێـی گەلانـە.

بەڵێ لەم سەردەمەدا شۆڕش تەییاری بنچینەییە لە ڕوداوەکانی دنیادا.

گەلانـی ڤیەتنـام و لاوس و کامبۆدیـا وتایلەنـد و بۆرمـا و ئەندەنوسـیا و فیلیپیـن لـە ڕۆژهەڵاتـی دوور و خـوارووی ئاسـیادا تەنگیـان بـە ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی ناوخـۆ هەڵچنیـوە، ڕیـزی پڕشـانازی پێشـەوەی خەباتـی شۆڕشـگێڕانەی دوژمـن بـە ئیمپریالیـزم گەلانـی هینـد و چیـن قارەمانانـە گرتوویانـە. لەڕۆژهەڵاتـی ناوەراستیشـدا گەلـی قارەمانـی فەلەسـتین لەخەباتێکـی سـەختی دلێرانـە دایـە دژی ئیمپریالیـزم و سـەهیونیەتیی دەسـتە خوشـکی و لەپێنـاوی مافـی ڕزگاری و چارەنووسـی خۆیـدا.

گەلـی کوردیـش لـە هەمـوو شـوێنێکی کوردسـتانی نیشـتمانیا هاتۆتـە جـۆش خەریکـی خۆسـازدان و ریزیەکخسـتن و درێژەدانـە بـە خەباتـی شۆڕشـگێڕانە.

گەلانـی ئەفریقـا بـە تایبەتـی لـە ئەریتریـا و سـۆماڵ و مۆزامبـق و ئەنگـۆلا و گینیـای

بـەدرۆ پورتوغالـی و گەلانـی ئەمیـرکای لاتینـی لـە ڤینزویـلا و گواتیمـالا و ئۆروگـوای و بەرازیـل و زۆر شـوێنی تـر ملیـان ناوەتـە خەباتێکـی سـەختی شۆڕشـگێڕانە، بـە کورتـی لـە هەمـوو لایەکـی دنیـاوە گـەلان ڕاپەڕیـوون و گورگـە هارەکانـی ئیمپریالیسـتیان گەمـارۆ داوە.

بۆیـە شـەهیدانی کۆمۆنـە خوێنـە گەشـەکانیان بـە فیـڕۆ نەچـووە، و ئـەو شۆڕشـەی ئـەوان نەونەمامەکەیـان بـە خوێنـی خۆیـان ئـاودا ئیمـڕۆ دنیـای داگرتـووە و ڕزگاری مرۆڤایەتـی لـە ئیمپریالیـزم و چەوسـاندنەوە بـە خوێنـی سـووری شـەهیدانی ڕێگـەی شـۆڕش بــە ئەرخەوانــی خــۆی ئەنوێنێــت، کــە نیشــانەی ئەمەیــە کــە هەتــاوی سۆسـیالیزم لەودیوکەلـە، بـە کوێرایـی چـاوی هەمـوو دوژمنانـی مرۆڤایەتـی.[1]

---

١-گۆڤاری برایەتی ژمارە (١) ساڵی (٢) حوزەیرانی ١٩٧١.

# بە ئاشتی پێکەوەژیان چۆنە؟

هەرلەو ڕۆژەوە کە یەکەم دەوڵەتی سۆشیالستی سۆڤیاتی دامەزراوە، مەسەلەی بە ئاشتی پێکەوەژیانی دەوڵەتی کرێکاران و جووتیاران و دەوڵەتە سەرمایەدارەکان هاتۆتە کایەوە. چونکە هەر زوو سەرکردەی مەزنی یەکەم شۆڕشی سەرکەوتووی پرۆلیتاریا و سەرەک وەزیرانی یەکەم دەوڵەتی سۆشیالستی فلادیمیر ئیلیچ لینین ئەم ڕاستییەی بلاوکردەوە، کە بۆ ماوەیێکی مێژوویی بەناچاری دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی سۆشیالستی لەم جیهانەدا شانبەشانی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان ئەبێ بیگوزەرێنن تا ئەو ڕۆژەی کە شۆڕشی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراو بە هاوکارییەکی شۆڕشگێڕانە، ڕژێمی سەرمایەداری و ئیمپریالستی ڕائەماڵن و گەلان بە یەکجارەکی ڕزگار ئەکەن لە کارەساتی جەنگ و ناکۆکی نێوان دەوڵەتان.

بۆیە لینین نەخشەی سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوەژیانی دانا بۆ دەوڵەتی کرێکاران و جووتیارانی ڕوسیای سۆڤیاتی. و هەرچەندە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان گەلەکۆمەکیان لە ڕوسیای سۆڤیاتی کرد و بە هەموویان هەڵیان کوتایە سەر و بە هێزی چەکدار و پیلانگێڕان ویستییان لە ناوی بەرن، بەلاّم لینین هەر لەسەر ئەم ڕاستییەی خوارەوە سووربوو کە:

(سۆشیالیزم ناتوانێت لەیەک کات و ساتدا لە هەموو ولاّتاندا سەرکەوێت، بەڵکو لە پێشەوە لە ولاّتێکدا یان لە چەند ولاّتێکدا سەرئەکەوێت. ولاّتانی تر لە سەرمایەداری یان لەپلەی خوارسەرمایەدارییەوە ئەمێننەوە). بۆیە لەم ماوەیەدا پێویستە دەوڵەتی سۆشیالستی بە ئاشتی پێکەوەژیان پەسند بکات لەگەڵ دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا. بەلاّم هەڵبەتە سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوەژیان سیاسەتی دەوڵەتی سۆشیالستییە لەگەل دەوڵەتە

سەرمایەدارەکان لە ماوەیەکی موەقەتدا نەوەک تا سەر، چونکە دەردی لینین گوتەنی(مانەوەی جەمهوریەتی سۆشیالستی شانبەشانی دەوڵەتە ئیمپریالستەکان بۆ ماوەیەکی درێژ کارێک نییە ڕەچاو بکرێت. لایەک هەرئەبێت لە دواییدا سەرکەوێت. وە پێش ئەوەی بەم ئەنجامە بگەن بە ناچاری ڕێچکەیەکی پێکهاتنی سامناک ڕووئەدات لەنێوان جەمهوریەتی سۆڤیاتی و دەوڵەتە بۆرجوازییەکاندا). هەر لەبەر ئەم ڕاستییەش بوو، کە لینین چەندین جار دووپاتی کردۆتەوە کە:

(ئەو دەرسەی کە پێویستە کرێکاران و جووتیاران باشی تێبگەن ئەمەیە کە هەمیشە ئەبێ وریاو ئاگاداربین و بەبیر خۆمانی بهێنینەوە کە ئێمە گەمارۆدراوین بە کەسان و چینان و حکومەتانی ئەوتۆ کە ئەوپەڕی ناحەزییان هەیە لە گەڵماندا. وە پێویستە هەمیشە ئەمەمان لەبیر بێت کە هەر مویەکمان بەینە لەگەل هەموو جۆرە پەلاماردانێک). لەگەڵ ئەمەشا بەئاشتی پێکەوەژیان لە ماوەیەکدا پێویست و مومکینە. دەوڵەتی سۆشیالستی هیچ کاتێک ڕێگەی داگیرکردنی وڵاتان و پەلاماردانی دەوڵەتانی تر ناگرێتە بەر. بەڵکو گەرەکیەتی ئاشتی و بە ئاشتی پێکەوەژیان بپارێزێت. بەلاّم پاراستنی ئاشتی و ڕاگرتنی سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوەژیان بە پەلاتیقەکردن و خۆرەپێش کردن لە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان نابێت، بەڵکو هەر بە خەباتکردن ئەبێت و هەر بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی دەوڵەتە سۆشیالستەکان و پرۆلیتاریای جیهان و گەلانی زۆرلێکراو ئەبێت.

ئاشتی جیهان و سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوەژیان بەمە ناپارێزرێت کە دەوڵەتە سۆشیالستەکان واز لە یارمەتیدانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و گەلانی زۆرلێکراو بهێنێ بەڵکو بە یارمەتی دانی ئەم خەباتەیان ئەبێت. لینین ئەڵێ: (ڕوسیای سۆڤیاتی بەو پەڕی شانازی ئەزانێت کە یارمەتی کرێکارانی هەموو جیهان بدات لە خەباتی سەختیاندا بۆ ڕوخاندنی سەرمایەداری). هەروەها دەوڵەتی سۆڤیاتی ئاشتیخواز هەمیشە لە سەردەمی سەرکردایەتیی لینین و

ستالین دا سیاسەتی بەئاشتی پێکەوەژیان بەخەباتکردن دژی ئیمپریالیزم و جەنگی ئیمپریالستی سەپاند بە سەر دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا هەر وەک بە یارمەتیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا و گەلانی زۆرلێکراو ئەم سیاسەتە ئەپارێزێت، چونکە دەوڵەتە سەرمایەدار و ئیمپریالستەکان هەر ئەبێ بە ناچارکران ئەم سیاسەتەیان پێقبوڵکرێت، چونکە شەڕی ئیمپریالستی، شەڕی پەلاماردان و داگیرکردن خاسیەتێکی سەرمایەدارییە. لینین ئەڵێ( ئائەمەیە ڕێگە، هەمیشە هەرکە دوژمن ئەبەزێندرێت ئەوسا دەست ئەکات بەقسەکردن لەسەر ئاشتی). کەواتە هیچ کاتێک نابێ باوەڕ بە(پیاوچاکی) و (دڵسۆزی) سەرمایەدار و ئیمپریالستەکان بۆ ئاشتی گەلان بکرێت، بەڵکو هەمیشە ئەبێ ئەم ڕاستییەمان لەبیر بێت کە تاکو سەرمایەداری و ئیمپریالیزم لە جیهاندا مابێت مەترسی شەڕی ڕزگاری نیشتمان و جەنگی گەلی و جەنگی چینە ڕەنجدەرەکان هەر ئەقەومێت.

بۆیە هەڵەیەکی مەبدەئی گەورە ئەبێت گەر بە ئاشتی پێکەوەژیان والێک بدرێتەوە، کە بە ئاشتی پێکەوەژیانی سەرمایەداران و کرێکاران بێت یان بە ئاشتی پێکەوەژیانی گەلانی ژێردەستە و زۆرلێکراو بێت لەگەڵ ئیمپریالست و داگیرکەران. چونکە بۆ ئەمانە بە ئاشتی پێکەوەژیان مانای بەدیل و چەوساوە هێشتنەوەی ڕەنجدەران و گەلانی زۆرلێکراوە لە ژێر حوکمی سەرمایەدارەکاندا، بۆ ڕەنجدەران و گەلانی زۆرلێکراو لە جیاتی سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوەژیان ئەبێ سیاسەتی خەباتی شۆڕشگێڕانە، ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدارانە بگرنە بەر تا ڕزگاربن لە ئیمپریالیزم و داگیرکەران و زۆرداران. لە سەر دەوڵەتە سۆشیالستەکانیش پێویستە کە یارمەتی ئەم خەباتە بدەن، و هاوکاری لەگەل ئەم خەباتە شۆڕشگێڕانەی گەلان و پرۆلیتاریای دنیا بکەن بەسیاسەتی بنچینەیی خۆیان.

ستالین کە هەمیشە سووربوو لەسەرسیاسەتی بەئاشتی پێکەوەژیانیش و هەمیشە لە پێناوی ئاشتی جیهاندا خەباتی کردووە لەبابەت سیاسەتی

دەرەوەی دەوڵەتــی سـۆڤیاتی گوتویەتــی کەتەنهــا هــەر دوو ڕێبــاز هەیــە بــۆی:

یەکەمیــان ئەمەیــە کە(درێــژە بدەیــن بــە پەیــڕەوی کردنــی سیاســەتی شۆڕشــگێڕانە، پرۆلیتاریــا و زۆرلێکراوانــی هەمــوو گــەلان لــە دەوری چینــی کرێـکاری یەکگرتنـی سـۆڤیاتی بهاڵێنیـن وە لـەم کاتـەدا سـەرمایەداری جیهانـی بەهەمــوو جۆرێــک بەرهەڵســتی پێشــکەوتنمان ئــەکات).

دووەمیــان ئەمەیــە کــە:(واز لەسیاســەتی شۆڕشــگێڕانەی خۆمــان بهێنیــن و ڕازی بیــن بــە هێنــدێ وازهێنانــی مەبدەئــی بەرامبــەر ســەرمایەداری جیهانــی. لــەم حاڵەتەشــدا ســەرمایەداری جیهانــی بێگومــان ئامــادە ئەبێــت بــۆ یارمەتــی دانمــان بــۆ ئــەوەی وڵاتــە سۆشیالســتییەکەی خۆمــان بــە ئاشــتی بکەینــەوە بــە جەمهوریەتێکــی بــۆرژوازی بــاش). بۆیــە ســتالین ئەڵێــت کــە ئێمــە بەهیــچ جۆرێــک ناتوانیــن ئــەم ڕێبــازە بگریــن مەگــەر بمانــەوێ واز لــە بیــرو بــاوەڕی مارکســی و لینینــی بهێنیــن، واز لــە دەوڵەتــی سۆشیالســتی خۆمــان بهێنیــن. چونکـە سیاسـەتی بـە ئاشـتی پێکەوەژیانـی دەوڵەتـی سـۆڤیاتی لەگـەل دەوڵەتـە ئیمپیالســتەکان و ســەرمایەدارەکان هــەر وەختێــک بــەردەوام ئەبێــت، کــە هــەردوولا بیانەوێــت و ئامادەبــن بــۆ جێبەجێکردنــی ئەرکەکانــی سەرشــانیان، و مەبدەئــی وەکیەکــی و دەســت لــە کاروبــاری ناوخــۆی دەوڵەتــەکان وەرنــەدان ڕەچاوبکــەن. کەواتــە سیاســەتیی بــە ئاشــتی پێکەوەژیــان ئەمــەش ئەگەینــێ کــە دەوڵەتــە ئیمپریالســتەکان ناچارکرێــن کــە ئیحترامــی ســەربەخۆیی دەوڵەتــە سۆشیالســت و نیشــتمانییەکان بگــرن و دەســت نەخەنــە کاروبــاری ناوخۆیانــەوە.

جەمهوریەتــی گەلــی چیــن کــە لەوەتــەی دامــەزراوە بــە شــێوەیەکی ڕاســت و دروســت پەیــڕەوی سیاســەتی لینینیــی بــە ئاشــتی پێکەوەژیــان ئــەکات، بۆجێبەجێکردنـی ئـەم سیاسـەتە (پێنـج مەبدەئەکـەی بـە ئاشـتی پێکەوەژیانـی) دانــاوە بــۆ بەرهەڵســتی سیاســەتی پەلامــاردان و شــەڕخوازانەی ئیمپریالســتەکان، کــە بــە گوێــرەی ئــەم مەبدەئانــە، نابــێ پەلامــاری نیشــتمان و ســەربەخۆیی گــەلان بدرێــت وەیــان دەســت بخرێتــە کاروبــاری ناوخۆیــی تایبەتییانــەوە وە

یـان جەنـگ لەگەلیـان بکرێـت وە یـان زیـان بەدەسـکەوتی نیشـتمانی و وەک یەکیـان بگەیندرێـت. بـەڵام ئـەم سیاسـەتی لینینییـەی بـە ئاشـتی پێکەوەژیـان رێگـەی نەگرتـووە لەیارمەتـی گەلانـی ڤیەتنـام و خـواروی رۆژهەڵاتـی ئاسـیا و شۆڕشـگێڕانی جیهـان لـە لایـەن جەمهوریەتـی گەلـی چینـەوە، هـەروەک نەشـبۆتە هـۆی خۆکێشـانەوە لـە هـاوکاری کـردن لـە خەباتـی شۆڕشـگێڕانەی پرۆلیتاریـا و ڕەنجـدەران و گەلانـی زۆرلێکـراودا دژی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتان. سـەرۆک ماوتسـی تۆنـگ ئەڵـێ: (لەپێنـاوی هێنانـەدی ئاشـتییەکی تاسـەری جیهانـی، پێویسـتە لـە سـەرمان کـە دۆسـتایەتی و هـاوکاری خۆمـان گەشـە پێبکەیـن لەگـەڵ ولاتانـی دۆسـت و بـرای ئـۆردوی سۆشـیالیزمدا وە دۆسـتایەتی بـە هێزترکەیـن لەگـەڵ هەمـوو گەلانـی ئاشـتیخوازدا. وە لـە سـەرمان پێویسـتە کـە هەوڵدەیـن بـۆ دامەزراندنـی پەیوەنـدی ئاسـایی دیبلۆماسـی لەگـەڵ هەمـوو ئـەو ولاتانـەی گەرەکیانـە بـە ئاشـتی لـە گەلمـان بژیـەن لەسـەر بناغـەی ئیحتـرام گرتنـی وەک یەکـی و دەسـکەوتی هـەردوولا. هـەروەک لـە سـەرمان پێویسـتە کـە چالاکانـە یارمەتـی بزووتنـەوەی نیشـتمانی و ڕزگاری بدەیـن لـە ئاسـیا و ئەفریقیا و ئەمریـکای لاتینـدا وە هەروەهـا یارمەتـی بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازی و خەباتـە ڕەوایەکانـی هەمـوو ولاتـان بدەین).(بڕوانـە کردنـەوەی کۆنگرێسـی هەشـتەمی حزبـی شـیوعی چینـی).

ئـا ئەمەیـە سیاسـەتی بـە ئاشـتی پێکەوەژیانـی لینینـی، ئـەم سیاسـەتەی لینیـن نەخشـەکەی بـۆ دەوڵەتـی سـۆڤیاتی کێشـا و سـتالین پەیـڕەوی کـرد. بـەڵام ئـەم سیاسـەتی بەئاشـتی پێکەوەژیانـەی لینیـن بەتـەواوی جیـاوازە لەسیاسـەتی (بەئاشـتی پێکەوەژیانـی) خرۆشـۆف کـە ناوەرۆکەکـەی سیاسـەتی خـۆ نزیـک کردنـەوە و دۆسـتایەتی بـوو لەگـەڵ دەوڵەتـە سـەرمایەدارەکان و ئیمپریالسـتی ئەمریکـی بـێ گوێدانـە دەسـکەوتی شۆڕشـی جیهانـی، بـێ ڕەچاوکردنـی تەبیعەتـی شـەڕخوازانەی ئیمپریالیـزم، بێ پەیڕەوکردنی سیاسـەتیی شۆڕشـگێڕانەی هـاوکاری و هـاو خەباتـی لەگـەڵ پرۆلیتاریـای شۆڕشـگێڕی

دنیـا و گەلانـی شۆڕشـگێڕ و زۆرلێکـراوی ئاسـیا و ئەفریقیـا و ئەمریـکای لاتیـن. خرۆشـۆفییەکان بەئاشـتی پێکەوەژیانیـان کردبـوو بە(تاکـە ڕێگـەی پەسـندە کـە بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلە گرنگەکانـی[1] کەڕووبـەڕووی کۆمەڵـی مـرۆڤ ئەبـن) وە بـە ڕێبـازی گشـتی سیاسـەتی دەرەوەی یەکگرتنـی سـۆڤیاتی و دەوڵەتەکانـی ئـۆردوی سۆشـیالیزم)[2] دا ئەنـا نـەک هـەر بـۆ دەوڵەتـە سۆشیالسـتەکان بـەس بەڵکـو ئەڵێـن کـە گوایـا: مەبدەئـی بـە ئاشـتی پێکەوەژیـان ڕێبـازی گشـتی سیاسـەتی دەرەوەی حزبـی شـیوعی سـۆڤیاتی و هەمـوو حزبـە مارکسـییە لینینییەکانـی تریـش دیـار ئـەکات[3] و لـە جیاتـی بـە خەباتـی شۆرشـگێرانە ئاشـتی پاراسـتن خرۆشـۆفییەکان وای بلاوئەکەنـەوە کـە بەهـاوکاری سـۆڤیەت و ئەمریـکا ئەشـێ ئاشـتی بچەسـپێندرێت و هاوکارییەکـی ڕاسـتەقینەی نێـوان دەوڵەتـەکان پێـک بێـت.

بۆیـە خرۆشـۆفیەکان کۆششـێکی زۆریـان کـرد بـۆ پێکهێنانـی هـاوکاری ئەمریـکا و ڕوسـیا و مەسـەلەی بەئاشـتی پێکەوەژیانیـان واهێنایـە کایـەوە کـە بـە پێچەوانـەی خەباتـی شۆڕشـگێڕانەی ڕەنجدەرانـی دنیـا و گەلانـی زۆرلێکـراوی جیهـان بێـت. بـە کورتـی، سیاسـەتی بـە ئاشـتی پێکەوەژیانـی لینینی ڕاسـتەوخۆ بـە پێچەوانـەی سیاسـەتی خرۆشـۆفییەکانە بەتایبەتـی لـەم شـتانەی خـوارەوە:

یەکـەم: لینیـن بـۆ پاراسـتنی ئاشـتی و بـە ئاشـتی پێکەوەژیـان بـە پێویسـتی ئەزانێـت کـە خەباتێکـی شۆڕشـگێڕانە دژی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتە بۆرژوازییـەکان بکرێـت لـە لایـەن کرێکارانـی جیهـان و گەلانـی شۆڕشـگێڕ و دەوڵەتـە سۆشیالسـتەکان. کەچـی خرۆشـۆفییەکان وا ئەزانـن کـە بـە هـاوکاری و دۆسـتایەتی لەگـەڵ ئیمپریالیـزم ئەمـە پێکدێـت.

---

١-رومیالتیف ،سلاحنا الایدیولوجی المشترک، مجلة قضایا السلم والاشتراکیة، العددالاول١٩٦٤.
٢-خوتبەیەکی خرۆشۆف لەسەفارەتی کۆریای دیموکراتی گەلی لە مۆسکۆ ڕۆژی ٥تەممووز١٩٦١
٣-پونوماریون، بعض مشاکل الحرکة الثوریة، مجلة قضایا السلم والاشتراکیه العدد١٢، عام ١٩٦٢.

دووەم: لینین (هاوکاری لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ولاّتانی پێشکەوتوو و هەموو گەلانی زۆرلێکراو دژی هەر یەک لە ئیمپریالستەکان و دژی هەمووان. بە سیاسەتی دەرەوەی پرۆلیتاریا دائەنێت).[٤] کەچی خرۆشۆفییەکان سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوەژیان بە ڕێبازی گشتی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتە سۆشیالستەکان دائەنێن.

سێیەم: لینین خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی ئیمپریالیزم بە واجبی پیرۆزی سەر شانی هەموو حزبە شیوعییەکان و گەلانی شۆڕشگێڕ ئەزانێت وە دەوڵەتی سۆڤیاتی بە بنکەی شۆڕشی گەلان ئەزانێت. وە هاوکاری دەوڵەتی سۆڤیاتی لەگەڵ پرۆلیتاریای جیهانی و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا بە سیاسەتی دەرەوەی پرۆلیتاریای ڕوسیا دائەنێت. کەچی خرۆشۆفییەکان سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوەژیان بە سیاسەتی حزبە شیوعییەکان و کرێکارانی جیهان و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا ئەزانن.

بەم جۆرە ئەبینین کە خرۆشۆفییەکان لەمەسەلەی بە ئاشتی پێکەوەژیانیشا دژی لینینیزم ئەوەستن و پەیڕەوی ڕێبازێکی تەحریفی ناحەز بە گەلان و دەوڵەتە سۆشیالستەکان ئەکەن.

بەئاشتی پێکەوەژیان لەنێوان دەوڵەتاندا ئەبێت نەوەک لەنێوان حزبە شۆڕشگێڕەکان و دەوڵەتەکاندا چونکە ئەمە مانای واز لە خەباتکردن هێنانە[٥].

---

٤ -سیاسەتی دەرەوەی شۆڕشی ڕوسیا.

٥ -گۆڤاری ڕزگاری ژمارە ١٣ لە٢٤ شوبات ١٩٧٠ لاپەرەکانی٤-٥-٦-و١٣.

# بیۆگـرافـیا

## کەمال عەبدولقادر نەشئەت جەلیزادە ١٩٢٣ -٢٠١٤

کەمـال عەبدولقـادر سـاڵی١٩٢٣ لـە شـاری کۆیـە لـە گەڕەکـی بایزاغـا هاتۆتـە دونیـاوە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە کۆیـە و خوێندنـی ناوەنـدی لـە هەولێـر و خانـەی پێگەیاندنـی مامۆسـتایانی لـە بەغـدا تـەواو کـردووە. سـاڵی ١٩٤٣ وەک مامۆسـتا لـە شـاری کۆیـە دامـەزراوە، وێـڕای کاری مامۆسـتایی تێکـەل بـە ژیانـی حزبایەتیـش بـووە و تیایـدا چـالاک بـووە. لـە سـەرەتای چلەکانـدا کاری لـە ڕیـزی حزبـی هیـوادا کـردووە، لەگـەڵ دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کـورد تێکـەل بـەو حزبـە بـووە و دەیـان کەسـی بـۆ ڕیزەکانـی پـەروەردە کـردووە. لەسـەر زاری مـام جـەلال خـۆی لـە یادەوەریەکانیـدا بـاس لـەوە دەکا، کـە مامۆسـتا کەمـال ئـەو و وریـا مـەلا عەلـی کانـی مارانـی هێناوەتـە ڕیزەکانـی پارتییـەوە. دوای سـاڵانێکی دوور و درێــژ و پــڕ لــە ســەروەری لــە بــواری پــەروەردەدا ســاڵی ١٩٧١خــۆی خانەنشـین دەکات. لەتەمەنـی نـەوەد و یـەک سـاڵیدا لـە ٢٠١٤ لـە هەولێـر ماڵئاوایـی لـە ژیـان دەکات و هـەر لـە هەولێریـش بـە خـاک دەسـپێردرێ.

## عەلی عەبدوڵڵا

عەلـی عەبدوڵـڵا ئەمیـن، سـاڵی ١٩٢٢ لەشـاری کۆیـە گەڕەکـی قـەلات لەدایـک بــووە، لــە بنەچــەدا خەڵکــی گونــدی سوســێی خۆشــناوەتین. دایکــی نــاوی حەنیفـە ڕەسـوڵە، کـە خەڵکـی گونـدی کێشـکێ بـووە. خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی لـە کۆیـە تەواوکـردووە. لـە چلەکانـی سـەدەی ڕابـردوو چۆتــە بەغــدا و کۆلیــژی ئەندازیــاری تەواوکــردووە. هــەر زوو چۆتــە ناوحزبــی هیـوا. سەرپەرشـتی کتێبخانـەی حاجـی قـادری کۆیـی کـردووە و لێپرسـراوێکی لەسـەر دانـاوە بـە نـاوی (سـالح شـەمس)کە کتێبخانـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووە. پێشـتر لـە نـاو حزبـی هیـوا لەگـەڵ چەپـەکان بـووە، کـە پشــتگیریان لەشۆڕشــی بــارزان دەکــرد. دواتــر ڕاســتڕەوەکان بەتەواوەتــی

خۆیـان هەڵوەشـاندەوە، چەپەکانیـش هەندێکیـان چوونـە ناوحزبـی شـیوعی و بوونـە دوولایـەن، لایەنەکـەی تـر حزبـی شـیوعی کوردسـتان بـوون بـە نـاوی حزبـی یەکێتیـی تێکۆشـین، سـاڵی ١٩٤٥ حزبێکـی تریـان بـە نـاوی (شـۆڕش) دروسـتکرد تیایـدا ئەندامـی مەکتـەب سیاسـیی بـوو ڕۆژنامەیەکییـان بـە نـاوی دەردەکـرد، دواتریـش پـاش نزیـک بوونـەوە لـە حزبـی ڕزگاری کـورد و چەندیـن دیـدار لەگـەڵ هەمـزە عەبدوڵـلا هـەردوو حزبـی شـۆڕش و ڕزگاری بوونـە هەوێنـی دروسـت بوونـی پارتـی دیموکراتـی کـورد لـە١٩٤٦ و عەلـی لـە یەکـەم کۆنگـرەدا بـە ئەندامـی لێژنـەی مەرکـەزی هەڵبژێـردرا. لـە کۆنگرەکانـی دواتـر وەک ئەندامـی م .س هەڵبژێـردراوە. سـاڵی ١٩٦٤لــە کۆنگـرەی شـەش لـە ڕیزەکانـی پارتـی دورخراوەتـەوە بـە هـۆی پشـتگیری کردنـی لەباڵـی م.س. ساڵی١٩٦٦لە بـەر وەفـا و ڕێزگرتـن لەخەباتەکـەی جاریکـی ترهەڵبژێردرایـەوە بـە م.س. لەکۆنگـرەی نـۆوە بۆتـە جێگـری سـەرۆکی پارتـی تـا لـە٢٠١٧/١٠/٢٤ کۆچـی دوایـی کـردووە.

### حاجی باقی ١٩٢٤-١٩٦٣

حاجـی عەبدولباقـی سـاڵح ناسـراو بـە مامۆسـتا حاجـی باقـی، سـاڵی ١٩٢٤ لـە گەڕەکـی بایزئاغـای کۆیـە لەدایـک بـووە. ساڵی١٩٣١-١٩٣٢ چۆتـە قوتابخانـە لـە قوتابخانـەی ئـولا لـە کۆیـە، قۆناغـی ناوەنـدی و دواناوەنـدی ١٩٣٨-١٩٤٢ لـە هەولێـر تـەواو کـردووە، سـاڵی١٩٤٤- ١٩٤٥لـە خانـەی مامۆسـتایانی بـالاّ وەرگیـراوە لـە بەغـدا، کـە دواتـر ئـەم خانەیـەی مامۆسـتایان بۆتـە کۆلیـژی پـەروەردە. سـاڵی ١٩٤٩ خوێندنـی تـەواو کـردووە. بـە مامۆسـتا دامـەزراوە لـە یەکێـک لـە ناوەندییەکانـی شـاری فەلوجـە و پسـپۆرییەکەی لـە بـواری بیـرکاری بـووە، بـەلاّم وانەکانـی فیزیـا و ماتماتیـک و جەبـری گوتوتـەوە، کە دوای سـاڵێک گوازراوەتـەوە سـەر میلاکـی پـەروەردەی سـلێمانی لـە دواناوەنـدی سـلێمانی کـوڕان وانـەی داوەتـەوە. چـوار سـاڵ بـەدوای یەکـدا زەماڵـەی بـۆ دەردەچێـت بـۆ ولاّتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا، لەبـەر پێویسـتیی پـەروەردەی سلێمانی ڕەزامەنـد

نابێـت بـە چوونـی لەبـەر نەبوونـی مامۆسـتای پسـپۆر. ئەندامـی کارای حزبـی شـیوعی بـووە، هەروەهـا ئەندامـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان بـووە، بەشـداری کۆنگـرەی چوارەمـی مامۆسـتایانی عێراقـی کـردووە و ڕۆڵـی بەرچـاوی لـە کۆنگرەکـەدا گێـڕاوە. لـە ڕەشـبگیری حوزەیرانـی ١٩٦٣ لـە شـاری سـلێمانی دەسـتگیر دەکـرێ بـە فەرمانـی تاوانبـار زەعیـم عەلـی لـە١٩٦٣/٦/٩ گوللـە بـاران دەکرێـت.

## عومەر دەبابە – کاکی کاکان ١٩٢٣ – ١٩٩٢

عومـەر مسـتەفا سـاڵی ١٩٢٣ لـە گەڕەکـی قـەلات لـە شـاری کۆیـە لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە کۆیـە و ئامادەیـی لـە کەرکـوک تـەواو کـردووە، لـە تەمەنـی لاویەتیـدا تێکـەڵ بـە ژیانـی سیاسـی بـووە، ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـووە لـە پەیوەنـدی کردنـی مـام جـەلال بـە پارتـی دیموکراتـی کـوردەوە، سـاڵی ١٩٤٦ لـە کۆلیـژی مـاف وەرگیـراوە وە سـاڵی١٩٥١ خوێندنـی لـە کۆلیـژ تـەواو کـردووە، لـە کۆنگرەکانـی، دوو، و سـێ، و چـوار، و پێنـج بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێـردراوە، سـاڵی ١٩٦٤ لـە سـەرهەڵدانی قەیـران لـە نـاو سـەرکردایەتی پارتـی پشـتگیری لـە باڵـی مەکتەبـی سیاسـی کـردووە. سـاڵی ١٩٧٠ پشـتیوانی لـە تێکەڵکردنـەوەی هـەردوو باڵـی پارتـی کـردووە، لـە ١٩٧٥ لەگـەڵ چەنـد هەڤاڵێکـی بزووتنـەوەی سۆسیالسـتی کوردسـتانیان دامەزرانـدووە و بوونەتـە باڵێـک لـە نـاو یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، لـە ٢٩ کانوونـی دووەمـی ١٩٩٢لـە کاتـی بـە سـترانی کۆنگـرەی یەکەمـی یەکێتیـی لـە نـاو هۆڵـی کۆنگـرە بـە وەسـتانی دڵ کۆچـی دوایـی کـرد، لـە گۆڕسـتانی کەکـۆن لـە کۆیـە بـە خـاک سـپێردراوە.

## حیسامەدین شەعب ١٩٢٣-١٩٨٦

حیسـامەدین تەیـب حاجـی باپیـر ناسـراو بـە شـەعب، لەگەڕەکـی بایزاغـای کۆیـە سـاڵی ١٩٢٣ لەدایـک بـووە، لـە بنەماڵەیەکـی کوردپـەروەر پەروەردەبـووە، حەلیـم خانـی دایکـی خوشـکی مەلاسـەدیق ئەفەنـدی نازەنینـی حاکمـی کوبـڕا و مامۆسـتا عەبدولڕەحـان شـەرەف بـووە. خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە کۆیـە تـەواو کـردووە. بـە فەرمانبـەر لـە دادگا دامـەزراوە، لـە کۆیـە و قـەڵادزێ و سـلێمانی و چەمچەمـاڵ و شـارباژێر و کەرکـوک کاری کـردووە، لـە ئەرکەکەیـدا دڵسۆزانە کاروبـاری خەڵکـی بەڕێوەبـردووە. دوای دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان چووەتـە ڕیزەکانییـەوە، لەسـەر هەڵوێسـتی سیاسـیی لـە پێنـاو کـورد و کوردسـتان گەلێـک جـار ڕاونـراوە و گیـراوە. لـە١٩٨٦/١٢/١٢ بەهـۆی نەخۆشـییەوە لەسـلێمانی کۆچـی دوایـی کـردووە.

## تـایەر سەعید ١٩٢١-١٩٨٩

تایـەر سـەعید گاڕفێـن لـە١٩٢١ لەگەڕەکی بەفریقەندی شـاری کۆیـە لەدایکبووە، گارفێـن نازنـاوی خێزانەکەیانـە، واتـە باپیـری ماوەیـەک لەسەنگەسـەری ناوچـەی بیتوێـن بـە هـۆی (گا)وە لـە وەرزی بەهـار لـە ڕوبـاری سەرکەشـی نێـوان سەنگەسـەر و توەسـوران خەڵکـی پەڕاندۆتـەوە. لـە تەمەنـی پینـج سـاڵی خراوەتـە بەرخوێنـدن لـە قوتابخانـەی ئـولای سـەرەتایی، بـۆ خوێندنـی ناوەنـدی چۆتـە شـاری کەرکـوک چونکـە ئەوکاتـە١٩٣٢-١٩٣٣ ناوەنـدی لـە کۆیـە نەبـووە. سـاڵی ١٩٣٦-١٩٣٧ لـەدار المعلمیـن الابتدائیـة، کـە ئەوسـا مینبەرێکـی خوێنـدن و ڕۆشـنبیری بـووە پـاش سـێ سـاڵ خوێنـدن بـە سـەرکەوتوویی تـەواوی دەکا، سـاڵی ١٩٤٠-١٩٤١ بـە مامۆسـتا دادەمـەزرێ لـە کۆیـە، لەوسـاوەش یەکێـک دەبـێ لـە شـەیدایانی کوردایەتـی و یەکێـک دەبـێ لـە دامەزرێنەرانـی پارتـی لـە کۆیـە، هـەر لـە ڕێـی ئـەوەوەش مـام جـەلال و وریـا کانـی مارانـی چونەتـە ڕیـزی

پارتییـەوە. ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/١٨ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆڕسـتانی کەکـۆن لـە کۆیـە نێـژراوە.

## سەمەد بەنا ١٩١٣-١٩٦٨

عەبدولسـەمەد محەمـەد ئەحمـەد محەمـەد، لەگەڕەکـی بایزاغـای شـاری کۆیـە لـە ١٩١٣/٣/١١ لەدایـک بـووە. لـە کەلوپەلـی ئـەم بنەماڵەیـە مەنجەڵێکـی گەورەیـان هەبـووە و بەیەکێـک لەگەورەتریـن مەنجەڵەکانـی کۆیـە دەناسـرا، ئـەم مەنجەڵـە لـە وەرزەکانـدا بـۆ دروسـتکردنی سـابوون و سـاوار و قاورمـە بەکاردەهـات و لەلایـەن خەڵکـەوە لـە ماڵێـک بۆماڵێکـی تـر دەسوڕا. بۆیـە ئـەم بنەماڵەیـە دوو لـە قەبیـان هەیـە، بەننـا، کـە پیشـەی سـەرەکییان بـووە، مەنجـەڵ بەهـۆی ئـەو مەنجەڵـە گـەورەوە. سـاڵی ١٩٣٣ بەشـداربووە لـە کۆمەڵـەی لاوان دواتـر لـە١٩٣٥ بەشـداری لـە حزبـی هیـوا داکـردووە، سـاڵی١٩٤٥ یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی حزبـی شـۆڕش، سـاڵی ١٩٤٦ کـە پارتـی دامـەزراوە چۆتـە ڕیزەکانـی پارتییـەوە. لـە ١٩٦٨/٢/١١ لەبەغـدا کۆچـی دوایـی کـردووە و ڕۆژی دواتر تەرمەکـەی گەڕێندراوەتـەوە کۆیـە و لـە گۆڕسـتانی کەکـۆن بەخـاک سـپێردراوە.

## حەمەدەمین مەعروف ١٩٢٠/٨/٢٠-١٩٩٩/١١/١٥

حەمەدەمیـن مەعـروف لـە١٩٢٠/٨/٢٠ لـە شـاری کۆیـە لەدایـک بـووە، سـەرەتا لـە حوجـرە لای مـەلا محەمـەدی ناسـراو بـە مـەلای ڕەش قورئـان و گوڵسـتان دەخوێنـێ، دواتـر دەچێتـە قوتابخانـە و دوای بڕینـی قۆناغی سـەرەتایی و ناوەندی دەچێتـە دار المعلمیـن الریفیـة لـە بەغـدا تـا بەدەسـت هێنانـی بڕوانامـە، دەبێتـە مامۆسـتا لـە کۆیـە، مامۆسـتایەکی پـەروەردەکار و نەتەوەپەروەربـووە، لەحزبـی هیـوا و شـۆڕش و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان تێکۆشـاوە، لەگۆڤـاری گەلاوێـژ وتـاری بڵاوکردۆتـەوە، سـەرباری زمانـی دایـک، زمانەکانـی عەرەبـی و فارسـی و ئینگلیـزی و تارادەیـەک ڕوسـی زانیـوە. لـە ١٩٩٩/١١/١٥ لەشـاری کۆیـە کۆچـی

دوایـی کـردووە و لـە گۆرسـتانی کەکـۆن نێـژراوە.

بــۆ ئامادەکردنــی بیوگرافیــا ســوود لــە نووســینەکانی مافپــەروەر ئــاراس عەبدولخالــق لــە ژمارەکانــی گۆڤــاری کەکــۆن، ســایتی کوردپیدیــا و گــوگڵ و کوردایەتــی مــام جــەلال وەرگیــرواە.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەکان بە کوردی:


١. تاریق جامباز، هەولێر ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی ئەقافی هەفتەییە ١٩٥٠-١٩٥١، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٨.

٢. د.نوری تاڵەبانی، بنەماڵەی تاڵەبانی، ساغکردنەوە و پەراوێز نوسینی محەمەد عەلی، ئەکادیمیای کوردی، عێراق،٢٠٢١.

٣. ڕامانی مام، دیداری دوو دۆست، گفتوگۆی هۆمەر شێخ موس لەگەڵ مام جەلال، ٢٠١٧.

٤. ڕۆژنامەنووس، گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە ڕۆژنامەنووس، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە ٢٥، پایزی ٢٠١١.

٥. ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ١١-١٢، ساڵی چوارەم، ٢٠٠٣.

٦. ڕێبوار ستار، مام جەلال لە وەڵامی ٧٤ پرسیاری دوور لە سیاسەت، بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٧. سەڵاح ڕەشید، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، چاپی چوارەم، ٢٠١٩.

٨. عبدالله زەنگەنە، ڕزگاری، گۆڤاری برایەتی کورد و عەرەب یانی چی؟، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٢.

٩. فەرید ئەسەسەرد، ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٠- گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە (٥) ، ساڵی (٦) مایسی ١٩٤٥.

١١. گۆڤاری برایەتی، ژمارە یەک، ساڵی دووەم، حوزەیرانی ١٩٧١.

١٢. گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە ١٣، لە ٢٤ شوبات ١٩٧١

١٣. گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە ١٠، ل٢، ١٩٦١.
١٤. مام جەلال بۆ کوردستانی نوێ و لە کوردستانی نوێ دەدوێ، بەشی ڕووناکبیریی مەکتەبی ڕێکخستن، زنجیرە، ٣٢، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٥. مەعد فەیاز، بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی سۆران عەلی، چ١، کەرکوك، ٢٠٠٩.
١٦. نوسینەکانی سەرۆک مام جەلال لە گۆڤاری خاک دا، بلاوکراوەی پرۆژەی هاوبەشی خاک و کوردستانی نوێ، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
١٧. ئامانج، مام جەلال، ژیان و خەباتی قەڵەم و کوردایەتی، ١٩٩٦.
١٨. کوردستان ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە: کاری هاوبەشی د. هیمداد حوسێن و نەوزاد عەلی ئەحمەد، چاپی یەکەم ٢٠١٩، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، لە بلاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

**دووەم: سەرچاوە بە عەرەبی:**

١. رزگار نوری شاوەیس، ڕزگاری ثم خەبات، مطبعة التربية في الاقليم كوردستان، ١٩٩٨.
٢. سالار اوسي، جلال طالباني احداث و مواقف، دار الينابيع، دمشق، ط٢، ٢٠٠٨.

# پاشكۆ

ژمارە ٣٤ — ساڵی یەکەم — لاپەڕە ٤

# هەولێر

ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی ئاشتی هەفتەییە

بەڕێوەبەری بەرپرسیار: مامۆستا جەمیل ڕەشید

مامۆستا عبدالمجید حسن / مامۆستا عزالدین فیضی / آنسە ... / مامۆستا مصطفی حسن — دەستەی نووسەران

مدیری ادارە: مامۆستا یوسف شێخ یحیی

نرخی ساڵانە:

بۆ ناوشار — ٦٠٠ فلسە

بۆ دەرەوە — ٧٥٠ فلسە

بۆ شەش مانگان:

بۆ ناوشار — ٣٠٠ فلسە

بۆ دەرەوە — ٤٠٠ فلسە

چاپخانەی — ئەم ئەربیل

## نووسینی کوردی بە لاتینی

[illegible]

## ڕۆیانە چییە؟

[illegible]

## دەنگ و باس

[illegible]

اعلان

[illegible]

شمە ٢١ ١٩٥٩ نیسان | ساڵی یەکەم | ژمارە : ١٩ | لاپەرە : ٢ | نقدە ٢٠ : یەك ترتی دانە

# هەولێر

مدیری مسؤول : مامۆستا جمیل رنجبە
خاوەنی : کۆمەڵی مامۆستایانی لقی هەولێر
هەستەی نووسیاران : مامۆستا عبدالحمید حسن / مامۆستا عزالدین فیضی / آنسە ئەستێر مجید / مامۆستا مصطفی حسن
مدیری اداره : مامۆستا یوسف شیخ یحیی

رۆژنامەیەکی ئەدبی کۆمەڵایەتییە
اعلانات گرێی بە ٢٥٠ فلسە

ئابونەی ساڵانە :
بۆ ناوشار — ٦٠٠ فلسە
بۆ دەرەوە — ٧٥٠ «
بۆ شەش مانگان :
بۆ ناوشار — ٣٠٠ فلسە
بۆ دەرەوە — ٤٠٠ «
چاپخانەی — ئەم الربیعین

## یاری

لە ئەستێرانی ڕەنگینی ئەم ساڵ زۆر شتی نایاب پێشانی دانیشتوان درا بە تایبەتی لایەن قوتابخانە کانی کچان کە ئەمە یەکەم جارە اشتراکی ئەم خولیە یان کردووە قوتابخانەی کچانی یەکەمی ابتدائی وە ابرزیه بە درێژی ساڵ خوێندن ماشو کردووە تا وایدو بەم وێنەیە بە جوانە ئەم ئاهەنگە خۆشە کرا لەم یاریانە دوو یاریان بە چەند زانی . لە خوارەوە ئەنووسینەوە . کە ماڵەستەکانی چی شێخ مەلایە .

ئەی چرەکەی جوان

هەندێک لە کچەکان کرابوون بە چرەکە وەهەندێکی تر لەوان زۆر بچوکتر کرابوون بە بیچووە ئەوان وە هەندێکی تر منداڵ لە دەوروبەر وەستابوون . جا منداڵەکان بە دەنگ ئەیانوت ئەڵێن

ئەی چرەکەی جوان    بفڕوبە    بۆ بوستان
بە واڵەی خوێن    وێکێن    بە مەران
جا چرەکە ئەڵێن —

بەواڵە ئەم گەلانە    جێی ماڵێتەی کوردانە
دوپاتەوە منداڵەکان دەور دەگەنەوە ( ئەی چرەکەی جوان ) .
چرەکە :—

من ئەمرێکی بەهار    ئەفڕم بەبێ    آزار
آزادی پێشانەی منە    دەبێ بوەن    دوژمنە
دەور ( ئەی چرەکەی جوان )

چرەکە :

من رەفیقی بلبل    جێی ئەشۆبێ سەر چڵ
ماشقی گوڵ دڵ    من رەفیقی بلبل
دەور ( ئەی چرەکەی جوان )

ئیرەدا منداڵەکان بیچووەکان ئەگرتن بوخویان بەڵن ئیتر چرەکەکان ئەڵێن .

سەکوانێ بیچووەکانم    بوبەت زۆر پەرێشانم
کێ خەڵاتێ روخانم    ئۆف بیچووەکانی جوانم
دەور ( ئەی چرەکەی جوان )

چرەکە :—

دوژمی چاڵە ئەماوە    هەر خرابەی باوە
هیلانەکەم روخاوە    هێزی ئازارم شکاوە
دەور (ئەی چرەکەی جوان)

چرەکە :—

خۆینەمن دڵ شادی ئەوێ    بیچووەکانی خەم ئەوێ
خەم لەبیلیم تاکەی    ئێوەش خۆشیتان ئەوێ
دەور (ئەی چرەکەی جوان)

چرەکە :—

ئۆف بیچووەکانی شیرینم    بچۆ ئێوە ببینم
بەحاڵ بۆخۆم ئەمرینم    ئۆف بیچووەکانی شیرینم
ئیرەدا چرەکەکان ئەگرین وە منداڵەکانیش ئەگریان ئیتر ئاسوودەی بیچووەکانیان بۆ ئەگێڕنەوە هیلانەکانیان .
منداڵەکان ئەڵێن .

ئەگری ئەی چرەکەی جوان    ئەوە خۆتو بیچووەکانت
پەشیمانین بە بەزانت    ناگری ئەی چرەکەی جوان
چرەکەکان زۆر بەخۆشیەوە ئەڵێن :

## هـــەولێر

ئەم هەڵبەستەی خوارەوە لە یەکێکی هەولێری کە لە قوتابخانەی رواندز دەخوێنێ بومان هاتوە .

هەولێر شاری ئەسرینم    بە دووری تۆ مەحزینم
لە ئاوت دەخۆینمەوە    دەستکوتێکەوە بریسنم
خوایە هەولێر ئاوا کەی    جێگاکەی حیاتم و ژینم
دعا بۆ بەرزیت دەکەم    بە بالایت مزگینم
هەولێر شاری دلیران    باوو باپیر ئەنیسنم
داتم لە خدا دەخوازم    بە باش کەونوت ئەبینم
دورگای کوردستانە کانی    رواندزو ســـەفینم
هەرگەلە ئەبێ بەهاتی    ئەت ئەعالیت نە بینم
جێگای خۆتەنەو زانستی    خاکە جوانەی زرینم
مامۆستایانی لاو چاك    هەر لە خدمت بۆ بینم
خوایە موفقیان کەی    رەبێ هەرگیان نەبینم

راغب صابر عزیز

## هەی گوڵ هەی گوڵ

کچەکان هەڵپەرکێ سە بیان ئەکرد . لە پێشا هەندێك کچ هاتن هەمویان بە جلی سوور ئەم گورانیەیان ئەوت .

هەی گوڵ هەی گوڵ    پروانـــە گـــوڵ
خوشیە بۆ دڵ    هەی گوڵ هەی گوڵ
گوڵی سووری گوڵە باخم    بۆ لە ری کوردەزوو بە داخم
هەی گوڵ هەی گوڵ (٢)
رەنگیانت سووری خوێنە    نیشانەی بەرزی ژینە
هەی گوڵ هەی گوڵ (٢)

ئینجا چەند کچێك هاتن هەمو جلیان سپی بو .

ئەیە گوڵی سپی بەفرین    لە گەڵ سوورەدا جوان و رەنگین
هەی گوڵ هەی گوڵ (٢)
رەنگیان نیشانەی پاکییە    سووریش دەستی لاو چاکە
هەی گوڵ هەی گوڵ (٢)

پاش ئەوان هەندێ کچی تر هاتن هەمویان جلیان سەوز بو .

ئیمەش هاتین سەوزو چیمەن    دەستی خوشیو سەوزی چمەن
هەی گوڵ هەی گوڵ (٢)
هەرمێشکمان بەك ئیترا بە گوڵ    هەمو بڵێن هەی گوڵ هەی گوڵ
هەی گوڵ هەی گوڵ (٢)
ئیمرو خوشیە خوشیو سەیران    گەشت بە جاری ئاوی گوڵان
هاوار بکەین بە یەك زبان    بۆ بەرزی خاکی نیشتمان
هەی گوڵ هەی گوڵ    پروانـــە گـــوڵ
خوشیە بۆ دڵ    هەی گوڵ هەی گوڵ
هەی گوڵ هەی گوڵ

دایکی رۆژ

گەو راستە پەشیمان    ئیماوەرت بزانی
هاوار تنها ئازارم    ئۆتماتی بیچووەکانم
دایکی رۆژ

## دەنگ و باس

لە ماوەی رابردوو هەردوو منفتشی مەعاریفی لوای هەولێر روویان کردووە قضای رواندز بۆ تفتیشی قوتابخانەکانی ئەو ناوە .

* * *

لە ماوەی پێشو جنابی دکتور انور یحیی رئیسی صحەی شرطە وە سید قاسم محمد مفتشی شرطەی موصل تشریفیان هاتبووە هەولێر و بووانی خاوەنی سعادت متصرف لوا بون .

* * *

لە رۆژی هەینی ١٣/٤/١٩٥٩ جنابی غضنفر بەگ ئاغای هەولێر دعوەتێکی زۆر گەورەی کرد لە دی ( شێخالان ) وزوو لە یادە بە رزەکانی شالی بانگ کردبو . لە هەولێرەوە خاوەنی سعادت شیخ نجم‌الدین بەگ متصرف لوا وە رئیسی بلدیه جنابی حسن آغا والستاذ عبدالحمید حسن مدیری معارف . وە لە حاکەکان عبدالحمید بەگ مدحت . وحیدر آغا عبدالرزاق آغا وعبدالرحمن بەگ رئیسی تسریه وە علی آغا وصدیق بەگ میران و فتاح هەرکی وە لە موصلە وە سعادتی محمد سعید بەگ قزاز متصرفی لوای موصل ومتصرفی لوای دلیم شیخ حسن بەگ طالبانی . وە لە کرکوکەوە سعادتی شیخ مصطفی بەگ قرەداغی وشامل بەگ رئیسی بلدیه . وفهمی بەگ مدیری شرطە . وە قادر آغا قائمقامی کرکوك . واسماعیل صفوة پاشا قائدی فرقەی دووەم . وکامل بەگ یعقوبی وصبحی یعقوبی ودکتور ابراهیم کشمولە ودکتور نصرة وصقر حیت وصقر سلراوت . بون .

لە رۆژی (١٥) نیسانی ١٩٥٩ آنسە ( کرلستانی ستون ) کە مشرفە لە سەر مکتبەکانی انتشاراتی امریکا هاتە هەولێر وچووە لای سعادتی متصرفی لوا ومدیری معارف وە زیارەتی مکتبەی عامە ومکتبەکانی قوتابخانەی ناوچەی هەولێری کرد وە لە پاشا هەندێك کتاب و نوسراوی جوانی بۆ مطالعە بەخشی بە مدیریەتی معارفی هەولێر .

* * *

لە دەستەیێك مامۆستایانی بومان هاتووە ئەڵێن : زۆر سپاسی مامۆستایانی قوتابخانەی عزیزیە کە لە دی عبداللە کوچیلانە وعلی عزیز آغا ئەکەین بەرامبەر ئەو یارمەتی کردو ماشو بوئەو مواتداریە کە بو ایعیان کردووە .

* * *

لە ماوەی پێشو متقاعدی عسکری جنابی مرحوم خلیل چیچو ئەمری خوای بەجێ هێناوە خوای لێ خوش بێت .

## بو زانین

هەر کەسێك ئەیەوێت هەرچی بووە رەقەیەك یە با شترین بوبە وە جوانترین خەت بنوسێت .

مراجعە بۆ ادارەی بریدی هەولێر بکات . فـــؤاد عزة آمادەیە بوپیك هێنانی آمانجی .

# سوپاسنامە

هیچ پەرتوکێک بەبێ هاوکاری هەڤاڵان و هاوڕێیانی ئامادەکار ناکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویست، بۆیە بە ئەرکی سەرشانم دەزانم سوپاس و پێزانینم ئاراستەی ئەم بەڕێزانە بکەم کە بەبێ ئەوان نەمدەتوانی ئەم بەرهەمە بخەمە بەردەست .

سوپاسی:

* زۆر بەڕێز هەڤاڵ ستران عەبدوڵڵا، کە هانیدام ئەم وتارەی لە ٢٠١٥ بەناوی مام جەلال و نووسین لە کوردستانی نوێ بڵاوم کردبوەوە، کاری لەسەر بکەم و بەرئەنجام ئەم بەرهەمەی لێهاتە ئەنجام و خۆشی پێشەکی بۆ نووسی.

* زۆر بەڕێز ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری مێژوویی مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە کە سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی خەباتی خستە بەردەستم.

* زۆر بەڕێز دکتۆر سەنگەر نازم دیوانە و مامۆستا رەمەزان حەمەدەمین لە پێداچوونەوەو ڕێنمایی پێدانیان.

* هەڤاڵانم لە بۆردی هۆشیاری - مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری - یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەتایبەت هاوڕێ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا و خاتوو ئەمیرە عومەر و هەرێم عوسمان.

سامی قادر